ئەم کتێبە سیدی لەگەڵە کە چەند
گۆرانییەکی عەلی مەردانی لەسەر تۆمارکراوە



عەلی مەردان

بیرەوەری گەڵاڕێزان

ئامادەکردنی
عەبدولقادر عەلی مەردان

ڕێکخستن و لێکۆڵینەوە
ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی

چاپی دووەم - هەولێر - ٢٠١٢

عەلی مەردان


وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: گەڵای پایز
نووسینی: عەلی مەردان
ئامادەکردنی: عەبدولقادر عەلی مەردان
رێکخستن و لێکۆڵینەوەو هەڵەچن: ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی
پیت چنین: تروسکە – تریفە ع. ع. مەردان
هەڵەچنی کۆمپیوتەر: ئاسۆ خالید
ئامادەکردنی لاپەڕەکان: هێمن حەساری
دەرهێنانی هونەری: ع. ع. مەردان
چاپی دووەم، چاپخانەی رۆشنبیری – هەولێر/ ٢٠١٢
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠٠٨
خۆشنووسی بەرگ: محەمەد زادە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٨٨٥) ساڵی (٢٠٠٨)ی پێی دراوە

عەلی مەردان

بیرەوەری



ئامادەکردنی

عەبدولقادر عەلی مەردان

ڕێکخستن و لێکۆڵینەوە

ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی

پێشکەشە :

"بەو بەچکە شێرانەی کەوا هان لەرێگا"





"بەناوی خوای گەورە و میهرەبان"

سەرەتا...

دەڵێن مۆسیقا و دەنگ و ئاوازی خۆش خۆراکی رۆحن، کە بوونی ئادەمیزادیش لە دوو لایەنی سەرەکی رۆحی و ماددی پێکهاتبێ، ئیدی هەرکامیان لە رێرەوو بردنەسەری ژیاندا دووچاری ماندوبی و هیلاکی دەبن و پەنا بۆ سێبەری فێنکی حەوانەوەو ئاسوودەیی دەبەن.

ئەنیابوونی بووەکان لە ژیانی مرۆڤدا مانای بوونی ئەو پەیوەندیە بەهێزە دەبەخشێ (جا ماددی بێ یان رۆحی) لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا، وەیا کاریگەریی پۆزەتیڤی یا نیگاتیڤییان لەسەر یەکتر.

کە قسەمان لەسەر دەنگ و ئاوازی خۆشە و بوونیەتی لە ژیانی ئادەمی و گیانداراندیدا، دەبێ بەرامبەرەکەشی بناسین کە دەنگ و ئاوازی ناسازو ناخۆشە... هەرکام لەم دوو لایەنە کە خوای گەورە هێناونیە بوون، بێ نهێنی و بێ حیکمەت نیە، چونکە هەرکام خاوەنی ریتم و کێشی خۆیەتی. کە خۆی بۆمان دیاری دەکات و دەفەرموێ (ان انکر الاصوات لصوت الحمیر) لقمان/ ١٩.

ئیدی هەر بەرامبەر ئەو دەنگەش دەنگی داوود پێغەمبەر و دەنگی بولبول و هاژەو خورەی ئاویشی بۆمان فەراهەم کردووە، کە دڵ دەکەنەوەو خۆشی و ئارامی بە گیان و جەستە دەبەخشن.

(ولقد اتینا داود فضلا یا جبال اوبی معه و الطیر.. سبأ/ ١٠)

یەك لە نیشانەو بەڵگەی پێغەمبەرێتی ئەو، چاکەو فەزڵی خـودایی بەسـەریەوە کە تەنیا بەوی دابوو، خۆشی و لەباریی دەنگی بـووە، کـە دەچـووە هـەردو سـرودو موناجاتە ئایینیەکانی دەوتنەوە، هێند ئەو دەنگە بە سۆزو کاریگـەربوو، خـودا بـە گەورەیی خۆی فەرماندەدات بە کێوو دونـدەکان کـە بـۆی بـستێننەوەو لـە تەکیـدا بیلێنەوە، سەدای ئەو دەنگەی ئەو بگەیەننە هەر لایەك و باڵندەکانیش بە ئاسمانـەوە لەمەدا بن. پێکهێنانی ئەم تابلۆ هونەریە مەزنە خواییە و ئەو (کۆرس)ەی بـۆ ئـەو دەنگە سازگارەی هەڵبژاردووە... تەنیا بۆ خاتری دەنگ و سازگاریی ئەو دەنگە بـووە کە سرود (مزامیر)ەکانی پێ وتوون.

(والله تعالى نادى الجبال وامرها بأن تؤوب معه، والـصدى لا تـؤمر الجبـال بـان تفعله، اذ ليس فعلا لها، و انما هو من اثار صـوت المـتكلم علـى مـا يقـوم عليـه البرهان)[1]

هەروەها: (حين انطلق صوت داود عليه السلام يرتل مزاميره ويمجد خالقه، رجّعت معه الجبال والطير، وتجاوب الكون بتلك الترانيم السارية فى كيانه الواحد، المتجهة الى بارئه الواحد.)[2]

تۆ بزانەو دیققەتدە، مرۆڤ لەو پەڕی ماندویی و شەکەتی جەستەیدا، یا گـرژی و هەڵچوونی دەروونی و شڵەژانی رۆحیدا، کە دەنگێکی بە سـۆزو و ئـاوازێکی خـۆش دەبیە، چۆن خاو دەبێتەوە وگشت ئەندامانی جەستەی ئارامی و ئاسودەیی دایاندەگرێ و بە رۆحەوە دەچنە بارو هەوایەکی گەلێ جیاواز لەوەی ببوو.

دەبیاشە ئەم دیاردەیە لـە خـۆڕاو بـێ هـوودە هاتۆتـە نێـو ژیـان و ژیـاری ئـەم ئادەمیزادەی خوا بە چەندەها چەشن و لەون ریزی لێ گرتووە؟

---

[1] ابو حيان محمد بن يوسف بن علي : تفسير البحر المحيط

[2] سيد قطب: في ظلال القرءان

جا بۆیە (گۆرانی وتن دیاردەیەکی مرۆییە، گشت میللەتان تێیدا هاوبەشن، میللەتێك نیە گۆرانی تایبەتی خۆی نەبێ، چونکە ئەمە لە تایبەتمەندیەکانی سروشتی ئادەمیزادە، هەر هەستێ لە کۆ ئەندامی هەستەوەرەکانیی چێژ لـذة-ی خۆی هەیە... گوێچکە چێژ لە دەنگی خۆش و سازدار دەبینێ.) [٣]

وەك زانار شارەزایانیش بۆی دەچن، سەرەتا گۆرانی و دەنگە خۆشەکانی مرۆڤ کە لە بۆنە جیاوازەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر دەری دەبڕین، مۆسیقا ژەنینی لە تەك دا نەبووە، لە گەڵ رەوتی بەرەوپێشەوەچوونی ژیانیشدا کەم کەم ئامێرە مۆسیقاییە ساکارە سەرەتاییەکانیش دەهاتنە کایەوەو بە پاڵ دەنگ و ئاوازەکانەوە ئەمانیش جوانی و چێژو لایەنێکی هونەریی پێشکەوتووتریان دەدا بە کارەکە.

ئایینە ئاسمانییەکان کە بە مەبەستی چاکەو ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان هاتوونەتە بوون، جێی باوەڕ نیە کە ئەم دەروازە فرەوانە گوشادەیان لە ئادەمی داخستبێ و حەرامیان کردبێ، دەروازەی ئاوازو گۆرانی و دەربڕینی ساتە خۆشەکانی خەڵکی، بەڵام کە ئەم بوارە لە لایەن کەسانی بێ پەرو بەرەڵڵاوە رەخسێنرا بۆ مەبەستی خراپەو تێکدانی شیرازەی بەها ئەخلاقیەکانی نێو کۆمەڵ... ئەوە تەنگژەکە ئا لە مەدایە و باری سەرنجەکە لە مەوە دەکەوێتەوە.

ئەگینا ئەوە محەممەد پێغەمبەرمان (د.خ) کوا فەرمانی داوە بە حەرامکردن و گوێنەگرتن لە گۆرانی و دەنگی خۆش و شایی گێران بە بۆنە خۆشی بەخشەکانەوە: جەژن، منداڵبوون، ژنهێنان، خۆشەرەبوونی نەخۆش و گەڕانەوەی ئازیزێکی دوورە دەست یا ونبوو... تد.

---

[٣] محمد عبد الرحمن المرعشلي: ألغناء المعازف في الاعلام المعاصر ... ص ٤٣

هەر پێغەمبەر نەبوو کە بە کولّ و دلّەوە گـوێی بـۆ دەنگـە خۆشـەکەی (ئـەبوو موسای ئەشعەری) راگرت و دوایی لە دەستخۆشییدا وتی: (لقد اوتيت مزمارا مـن مزامير ال داود)[1]

ئەبوبەکر (د.خ) چوو بۆ لای (عائیشە)ی کچی و دایکی موسـلّمانان، روانـی وا دوو کەنیزەك گۆرانی دەلّـێن و دەف لێـدەدەن، لەمـە تووڕەبـوو، لـەولاوە پێغەمبـەر (د.خ) راکشابوو، سەری هەلّبڕی و فەرمووی: وازیان لێ بهێنە، جەژنە.[2]

ئەم روداوانەو هی تریش گـەواهی ئـەوەن کـە گـۆرانی، دەنگـی خـۆش، ئـامێرە مۆسیقاییەکان کە هەماهەنگبن لە تەك دەنگ و ئاوازەکەدا، لـە ئیـسلامدا حـەرام نەکراون و قەدەغەنین.. بەلاّم ئەوەی کە هەیە ئیسلام وەك گشت پەیرەوو باوەڕێکی دی و باشترینیان، دەیەوێ دیاردەکە جلّەوگیر بکاو بەڕوکارێکدا بیبات کە خۆشی و خێری موسلّمانانی تێدابێ، نەك بەرەڵلاّیی و لە شیرازە دەرچوون و سنوری رەوشت بەزاندن.

هەر لە مەشدایە زانایانی موسلّمان لە سەردەمە جیاوازەکانەوە هەریەك بە پێـی لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەقەکان راو بۆچوونی جیاوازیـان بـووە، هەنـدێك رێگـەیان پێداوەو بە کارێکی ئاساییان زانیوە لە سنوری رێزو حورمـەت و چـێژ وەرگرتنێکـی شیاو بە پرەنسیپەکانی ئایین و عورفی کۆمەلاّیەتی و رەوشت، لە مانە: ابو الفـضل کمال الدين الشافعي کە لە ٧٤٩ ك کۆچی کردووە، محمد بن طاهر القيسراني کە لە ٥٠٧ ك کۆچی کردووە، احمد الغـزالي الـشافعي – ابـو الفتـوح – کـە لـە ٥٢٠ ك کۆچی کردووە، إبن الحجر الهيتمي کە لە ٩٧٤ ك کۆچی کردووە، القاضي الـشوکاني

---

[1] شهاب الدين محمد بن احمد الابشهي : المستطرف في كل فن مستظرف ص\ ٥٥

[2] د. محمد عبد الرحمن المرعشلي : الغناء و المعازف في الاعلام المعاصر وحكمها في الاسلام ص ٦١

الزبيدي كە لە ١٢٥٠ ك كۆچی كردووە وە لە تازەكانیش د. یوسف القرضاوي، كە ئەم دووانەی دوایی راوبۆچوونیان هێدی و میام ناوەندییە.

بەرامبەر ئەمانەش كۆمەڵێك زۆر بەتوندی هەر دیاردەو كارێكی هونەری گۆرانی و مۆسیقاو كۆری لەو چەشنە رەتدەكەنەوە و حەرامی دەكەن، لەوانە: ابن قدامە المقدسي الحنبلي كەلە ٦٤٣ك كۆچی كردووە، ابن تيمية كە لە ٧٢٨ ك كۆچی كردووە، ابن قيم الجوزية كە لە ٥٧١ ك كۆچی كردووە...تد[٣]

لە تەك بوونی ئەم راو بۆچوونە دژ بە یەك و جیاوازانەشدا، هێشتا دەبینین كە سەردەمەكانی ئیسلام و قۆناغە جیاجیاكانی بەدەر نەبوون لەو دیاردەیەو هونەری ئاواز و گۆرانی و مۆسیقا كۆرو كەسانی خۆی هەبووەو خەڵكی بە هەڵپەوە بۆی چوون و گۆێرادێری بوون و مەجلیسەكانیان گەرم كردووە بە جۆرێ مێژوونووسانی ئەم هونەرە سەردەمی دەوڵەتی عەبباسی بە چەرخی زێرینی دادەنێن... بەتایبەت كە بەشێكی باش لەو هونەری میللەتانی دراوسێ لە فارس و هیندو تورك و رۆم ئاوێتە بە هونەری گۆرانی و ئاوازی عەرەب بوون، ئەمە جگە لە گۆرانی بێژان و مۆسیقازانایانیان.

بۆیە لەم سەردەمەدا، وەك سەردەمی ئەمەوی، ناوی گەلێك هونەرمەندو مۆسیقازان و گۆرانی بێژانی دەرباری خەلیفەكانی وەك هارونە رەشید، هادی، مەهدی، مەئمون، متەوەككیل... دەبینین، كە لاپەرەی كتێب و دەستنووسەكانی ئەو ساتەوەختانەیان پڕكردۆتەوە، لەوانە: ئیسحاقی موصلی، ئەحمەدی بن یەحیای مەككی، عومەر بن بانە، عوبەیدەی تەنبورییە، دنانیری بەرمەكی و... تد. هەروەها زۆر لە كەڵە زانایانی عەرەب و موسڵمان بایەخیان بە زانستی ئاوازو مۆسیقا داوەو

---

[٣] بۆ زیاتر دەربارەی ئەم باسە : خوێنەری بەرێز دەگێرمەوە بۆ (د. محمد عبد الرحمن المرعشلي ، الغناء و المعازف في الاعلام المعاصر و...) بەتایبەت لە لاپەرەكانی ٧٧- ٨٦

کتێب و نووسراوی تایبەتیان لەمبارەیەوە دانراوە یان لە زمانەکانی فارسی و یۆنانییەوە وەریانگێڕاوە، لەوانە (خلیل بن احمد الفراهیدی ١٠٠-١٧٠ ك، اسحاق الموصلی) کە ١٩ کتێبی لەو بارەیەوە هەیە، کندی کە لە ٢٦٠ ك لە دنیا دەرچووە، احمد بن محمد بن مروان السرخسی کە لە ٢٨٦ ك لە دنیا دەرچووە محمد بن محمد گرخان الفارابی - ابو نصر- کە لە ٣٣٩ ك لە دنیا دەرچووە، خۆ ئەگەر کتێبی (الاغانی) یەکەی (ابو الفرج الاصفهانی) هەڵدەینەوە ناوی دەیان لە ئەهلی گۆرانی و مۆسیقا و رابواردن -گرب- بەرچاو دەکەون.

بەمجۆرە دەبینین دنیای ئیسلامی ئەو کاتەو دوای ئەویش بەدەرنەبووە لەم هونەرە جوانەی کە ئەمڕۆکانێ بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیاوە گۆرانی و مۆسیقا گەیشتۆتە پلەیەکی هەرە پێشکەوتوو، بە تایبەت لە رووی مۆسیقاو ئامێرە مۆسیقاییەکانەوە[1]... کە ئەمەش زۆر جار بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی هونەری بەرهەمەکە بە تایبەت لە شاردنەوە و بزرکردنی دەنگی ناسازی گۆرانی بێژەکەدا و داپۆشینی بە ئاواز و دەنگی ئامێرە مۆسیقاییە کارەباییەکان، لەم حاڵەتەشدا دەنگی

---

[1] - بێژەی (مۆسیقا) لە خۆیدا یۆنانییە نەك عەرەبی ، بە هونەرو لێزانینی ئامێرەکانی دەنگ و ئاواز دەوترێ کە هاوساتی وتنی گۆرانی بێژە .

بێژەکەش لە (مووسا) وە خوازراوە کە بە مانایی (ئیلهامبەخش) دێت و دوایی هەردوو پیتی (ق و ی) خراوەتە سەر و بۆتە (موسیقی) تا بە گشت هونەرێك لەو بوارەدا بگوترێت، بەلاَم دوایی ناوەکە تەنیا بۆ دەنگە کێشدارەکان (موزون) بەکار هات کە بریتییە لە ئیقاع و ئاواز ، ئاوازیش قسەی ژێر لێو و شارراوەیە ، یا دەنگێکی خۆش. (مفاتیح العلوم للخوارزمي ص ١٣٦، ابن منظور – لسان العرب ١٢\\٥٩١ مادە – النغم) ج زانایان لەسەر نووسین وشەی مۆسیقا هێشتا رێك نەکەوتوون، هەیە دەنووسێ : مۆسیقا هەشە دەنووسێ : (موسیقی).

(د. محمد عبد الرحمن المرعشلي : الغناء والمعارف ...ص٤٨).

ناسازو ناخۆش دزەکانەوە ناو بواری هونەرەوەو (رەسەنایەتی) لە بەرهەمەکەدا لەدەستدەدری[1]

* * *

کورد لەم نێوەندەدا بێ بەش نیە لەو رووکارە هونەرییەو خاوەنی کولتوور و سامانێکی میللی دەوڵەمەندە، ئەمەش زیاتر بە هۆی هەڵکەوتی شوێنە لە بارە جوگرافیەکەیەوە کە کەوتۆتە نێوەڕاستی کۆمەڵێك لە گەلان و نەتەوەی رۆژهەڵاتی جۆربەجۆری دەوڵەمەند بە کەلەپورو پاشماوەیەکی هونەرو فۆلکلۆری رەسەنی گۆرانی و مۆسیقا، نەتەوەکانی وڵاتی هیندو ترکمانستان و بانی ئێران و گەلانی سلاڤی و یۆنان و عەرەب، کارتێکردنی هونەری گۆرانی و مۆسیقای ئەم ئەتنە جیاجیایانە لە یەکترو یەکدیگیربوونیان لە گۆرەپانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین و بەولاتر لە وڵاتانی لێوارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، کارێکی کردووە کە ئەم بەشە پان وپۆڕە لە جیهان بەلانکی هونەری مرۆڤایەتی دانرێ، بە تایبەت لە گۆرانی و مۆسیقادا. خۆ جوانی سروشتی وڵاتانی ئەم نەتەوانەش هێندەی دی بۆتە پاڵنەرێکی راستەوخۆی

---

[1] - لەم سالانی دواییەدا دیاردیەکی نوێ ، کە پێشکەوتن لە بواری گەیاندن و کەنالە ئاسمانیەکان و ئامێرەکانی وێنەگرتندا هەرە هۆکاری بڕەوپێدانێتی، هاتۆتە کایەوە ، ئەویش (کلیپ) ە کە هاوساتی وتنی گۆرانیەکانە لە لایەن گۆرانیبێژەکەوە ، شارەزایان رایان وایە کە ئەو دیمەنانە جگە لەوەی کە زۆرجار سنوری عورف وبەها رەوشتیەکان دەبەزێنن و دەچنە ئەودیوی هەرزانیەوە؛ هۆکارێکی ترە بۆ بزرکردنی بایەخ و ئاستی هونەری (لە دەنگ و ئاوازەکەدا) وەڵ دەردەخسێنێ بۆ هەر کەس بیەوێ خۆی لە بواری هونەری گۆرانیدا هەڵقورتێنێ، جگە لەوەی بینەر زیاتر سەرقاڵی بینینی دیمەنەکانی کلیپەکە دەبێ وەك لەوەی هەست و هۆشی لای کارە هونەریەکەبێ و چێژی لێ ببینێ.

- .. رەخنەگری مۆسیقایی عێراقی (عادل الهاشمي) دەڵێ: تەلەفیزیۆن گۆرانی پیشان نادات، بەڵکو چەند دیمەنێك بەگۆرانیەکانەوە دەردەخات کە (غەریزە) دەجوڵێنێ!!

(کەنالی — الحرة- بەرنامەی- سیرة مبدع- شەوی هەینی ٢٠٠٧/٩/٢١/٢٠)

ئیلهامبەخش بۆ شاعیران و هونەرمەندان تا بەرهەمی بەرزو بە پێزتر پێشکەش بکەن.

جا مێژووی هونەری گۆرانی و ئاوازی کوردی، بەبێ هیچ دوودڵییەك، سەردەکێشێ بۆ بەرەبەیانی مێژووی بوونی نەتەوەکە لە سەر خاك و ئاوی خۆی و بە تێکەڵبوونی سامانی هونەری نەتەوە دراوسێکانی.

بۆیە کە یادداشت و بیرەوەریەکانی یەك لەو هونەرمەنداندەی کورد دەبینین و لە درێژەو رێرەوی بەدواداچوونەکانی رووداوەکانی ناویدا، گوێمان لە گەلێ پارچەو بەشی ئاوازومۆتیڤی (بەستەیەك یا مۆسیقایەك) دەبێ وبەزەینی بۆچوون یەکەوراست دەیبەینەوە سەر فلانە بەش لە گۆرانی هونەرمەندێکی دراوسێ یا پارچە مۆسیقایەکی ئاوازدانەری یەك لە نەتەوە نێزیکەکانمان.

خۆ کە خاوەنی بیرەوەریەکانیش گلەیی لە رۆژگارو بەختی سیای خۆی دەکات کە بەشی زۆر لە بەرهەمی ئەوە بە بەرۆکی کەسانی ترەوە، ئەمانە، گەر راستت دەوێ، مەگەر هەر لە لای خاوەنی قسەوگلەییەکە بینە جێی سەرنج و خەوش، چونکە وەك وتمان هونەری مۆسیقاو گۆرانی دەریایەکەو دەیان لك و جۆگە لە کانیاوو سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە دەرژێنە ناوی. بەو (گشت) ەش ئەو کولتورە مەزنە پێکدێنێ کە ئەمرۆ دەیبیستین و دەیبینین. کەواتە هونەری هەر نەتەوەیەك پێکهاتەیە لە زۆرێك پێکهێنەری رەنگاو رەنگ.

مامۆستا عەلی مەردان هونەرمەندێکی دیاری گۆرانی و مۆسیقای کوردییە، خاوەنی دەنگێکی زوڵاڵی کەم وێنەی پەسەندبوو کە بۆ بەشێکی دیاری ئاوازی کوردی رەخساندبووی و خزمەتی پێی کرد، ئەوەش (مەقام)ی کوردی بوو کە بەڕاستی لقێکی بەرچاوو کاریگەرە لە درەختی هونەرو ئاوازی رەسەنی کوردی...

هەڵقولاّوی ژیانی سەخت و پڕ ئەرکی دژواری کوردی دانیشتووی دەشتەکانی گەرمیانە تا دەچێتەوە ناو لوڕو وڵاتی ئیلام.

ئەمە حەقیقەتێکی حاشا لێنەکراوە، جا ئەگەر نەتەوە دراوسێکانی کورد بەهۆی ئەو لەیەکچوون و هاوگوزەرانیەی دەقەرەکانیانەوە، خۆیان لەو ئاواز و مەقامانەدا ببیننەوەو بینە هاوسۆزو لە لای خۆیانەوە بیلێنەوە، وەیا دەشێ لێشی زیاد بکەن و بیخەنە سەری، ئەوا هەر ئەو قسەیەمانە کە پێشتر وتمان و بەیەکاچوون و وەرگرتن و کارلێکی کولتورەکانە و هیچی دی.

مامۆستا لەم بیرەوەری و یادداشتانەیدا تارادەیەکی باش راستگۆیانەو چاوقایمانە دەدوێ، هەرچەندە هەرچی راستێکانیشە نەیوتون، بەلاّم ئەموستی بۆ زۆریشیان راکێشاوە، کۆلکەی هاوبەش لە گشت ئەو بەسەرهات و روداوانەی ژیانیدا: هەستێکی خۆرسکی پاکی شەففافی کوردبیەتی ئەم پیاوەیە، کە بە راستیەکی بێمنەتانەوە جاروبار لێی دەدوێ.

هەر لەو تەمەنە مێرد منالیەیەوە کە مالّی خالّۆی جێدێلێ و روودەکاتە (هەفتەغار) لێرە دیقەتی نووسینی سەر دەرگەی ئیستگەی شەمەندەفەرەکە دەدات کە نووسرابوو (افتخار)و ئەم بیر لەو (گۆڕینە) بە ئەنقەستەی حوکمەت دەکاتەوە لە ناوی شوێنە کوردیەکەدا!!

ئەمە لەو رۆژگارە زووەی ١٩١٨- ١٩١٩ دا رەنگبێ بەلای زۆربەوە جێی تێرامان و سەرنج نەبووبێ، بەلاّم لای مێرد منداڵێکی وەك عەلی مەردان نەك هەر جێی تێرامان و سەرنج بووە بەڵکو پرس و لێکدانەوەشی بەدوداهاتووە.

گەورە پیاوانی ناو مێژوو...هەتا ئەوانەی ئەودیو مێژووش کەوتوون، کە هاتوونە سەر گێڕانەوەی زنجیرە روداوەکانی رابوردویان، مەرج نیە هەموو راستیەکانیان بۆ

هەلّڕشتبین یا ددانیان پیا نابن ئەمەش هۆو دەرەنجامی خۆی هەیـە، لەوانەیـە نـەبا ببێتە دەرهاوێژەیەك و نهێنی دی وا ڕامالّێ كە لە قوژبنەكاندا خۆیان مت كردووە!!

خالّێكی دیارو بەرچاوی دی لەم بیرەوەریانەدا، بەردەوامی هەناسە درێژی و ڕیخۆلّە بەكێشی عەلیمەردانە لە تەواو كردنی ڕێڕەوی كاروانەكەدا هەتا مردن. بەردەوامی و درێژەپێدانی هونەرەكەی بەبۆچونی من هەندێ هۆكاری خۆی هەیە:

یەكەم: ئەو سەرەتاو بنەما پتەوەی كە بنـچینەی بونیـادی هونـەرییان دارشـت و بەجوانی زاخاوی ئەو بەهرە هونەریەیاندایەوە، لەناو تەكیەو بەردەسـتی ئـەو مـەلاو فەقێیانەو دیسان دەوروبەری ڕەخساو لە (لەیلان).

دووەم: نامۆیی زوو بەزووی خۆی لە سەرەتای مێردمندالّیەوەو هەروا دیـسان لـە باریی ئەو كەش و شۆێنەی لە (هنێدی) بۆی هاتـەگۆڕێ و دواجـار لـە (باقووبـە)و برادەرایەتیەكەی لە تەك (مورتەزاخانی ئیسفەهانی)... ئەو پیـاوە هـەلّێكبووەو بـۆ عەلیمەردان هاتەپێش.

سێ: دامەزراندن وكردنەوەی بەشی كوردی لە ئیزگەی بەغداو ئەو بوارە فرەوانەی بۆی هاتەپێش لە هەموو ڕوویەكەوە... بـوارێكی ڕاگەیانـدنی تـازەو دەگمـەنی ئـەو سەردەمە بوو.

چوار: پەیوەندی بە پەیمانگەی (حوزەیمە) بۆ فێركردنی نابینایان بە هونـەرەكانی مۆسیقاو بوونی بە مامۆستا لەو شـۆێنە زیـاتر و پتـەوتر پەیوەنـدییان بـە دنیـای هونەرەكەوە گرێدا. ڕۆژانە تیایدا دەژیا.

بۆیە سەرەنجام مامۆستا لە بواری هونەری مەقام و بەستەو گورانی كوردیدا بووە یەك لەو شارەزاو بەناوبانگانەی كـە مێـژووی ئـەم لایەنـە لـە لای كـورد زەحمەتـە فەرامۆشی بكاو ناوی لە پێشەوە نەهێنێ.

جگە لە مانە، مامۆستا لە هونەرەکەیدا رەگ وریشەیەکی بنج داکوتاوی سفتی هەبوو لە سەر بنەماو زەمینەی کولتورو فۆلکلۆریکی رەسەنی کوردی و هەمیشە ئیلهامبەخشی ئەو سەرچاوە دەوڵەمەندە لە بنەهاتووە بوو کە ئەمیش تاویتەیە بە رەگ و دەمارەکانی کولتورو سامانی رەسەنی گەلانی دەرو دراوسێوە... سامانێکی هونەری دەوڵەمەند. چونکە (ئەگاڵتەکردن بەرابردوو دەتوانێ خەرمانی خەیاڵەکان بەرین بکاو نەرەتکردنەوەشی دەتوانێ شوناسێکی تازە دروستبکات، بە دڵنیاییەوە رابردوو شوناسی ئەمرۆیەو شوناسی بێ رابردوو تەنیا گریمانەیەکەو بەس)[1]... ئەگینا ئێستاو لەمەوبەریش زۆرمانبینی بروسکە ئاسا هاتن و دەرکەوتن و نەمان، بەڵام مانەوە هەر بۆ ئەو رەسەنانەبوو.[2]

خوازیاریشم لەم ئاستەدا چ منیش وچ عەلیمەردانیش وەك (فەندەمینتالێك) تێمان نەروانرێ، تەنیا و تەنیا ئەوەی هەیە و نیە ئالوودەیی کۆنێکی رەسەن و نوێیەکی پوختە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی بونیادێکی پتەو.

مامۆستا لەم بیرەوەریانەشدا لە زۆر جێگەو هەر دەرفەت رێبدابێ ئەم راوبۆچوونەی پیشانداوەو پشتراستیکردۆتەوە.

❊ ❊ ❊

دواجار لەکاری ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی بابەتەکانی ئەم بیرەوەریانەدا دەمەوێ ئیشارە بەوە بدەم کە مامۆستا راستەخۆ روداوو بەسەرهاتەکانی لە دەفتەرێکدا نەنووسیبوونەوە تا ئامادەبێ بۆ چاوپیاگێرانەوەیەك، بەڵکو سەرچاوەی کارەکەی بریتی بوو لە نووسینی مامۆستا خۆی، ئەو شیعرانەی کە لەو بارەیەوە (خۆرسکی)

---

[1] مەسعود بابایی : تیل نیشان ، کوردستان ، رۆژنامە ، ژ ٤٥٦ رۆژی ٦ ی مارس ٢٠٠٧ ل٦ .

[2] رۆماننوسی میصری نەجیب مەحفوز لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ گۆڤاری الدستور بۆچوونێکی ئاوای هەیە.

هۆنیونیەتەوەو گەلێ کەرەت جیاوازیشیان لەگەڵ هەمان بەسەرهات و روداو کە نووسیویە، هەبووە وەك ئەو گەشتەی لە ئێرانەوە بۆ ترکیای کردووە، لەوێ ماوەیە خراوەتە زیندانەوە، دیسان پابەند نەبوونی مامۆستا بەریزکردنی مێژووی روداوەکان و خستنەڕوویان بەشێوەی زنجیرەیەکی مێژوویی یەك لەدوای یەك، کە ئەمە وای کردبوو سەر لە نووێ روداوەکان بەو پێیە رێکبخرێنەوە.

ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە گۆڤارو رۆژنامەکانیشدا کاتی خۆی لە تەك مامۆستادا ئەنجامدرابوون، سەرچاوەیەکی دی کارەکەمانبووە، بە پاڵ ئەو شریتی کاسێتانەی کە مابوون و بەردەستکەوتن، هەروا راو بۆچونێکی کاك (عەبدولقادر)ی کوڕیشی کەبووبێ و پێویستی کردبێ ئەوا بە پەراوێز هەر بە ناوی خۆیەوە دانراوە.

لە کۆتاییشدا نابێ سوپاس و ستایشی گیانی یارمەتیدانی ئەم برا بەڕێزانەشمان لە یادچێ کە هەر یەك لە ئاستی خۆیەوە بە رونکردنەوە و زانیاری و وێنەو هەرشێوەیەکیبێ دڵسۆزانە هاوکارییان کردین، خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوەو داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین لە ژیاندا: مامۆستا غەفور ئەمین حاجی عەبدوڵلا برازای رەشۆڵ عەبدوڵلا، کاکە چالاك شێخ حەسیب تاڵەبانی و شێخ یوسف شێخ عەلی تاڵەبانی، کاك مەحمود زێوەر، مامۆستا محەمەدی کەمانگەر (همایون)، مامۆستا محەمەد مستەفا (حەمە بۆر)، کاك فوئاد محەمەدی ئەمین سەراج و مامۆستا شێخ سەبری شێخ مەحمودی برای شاعیر (مەجید نەدیم) کە بەداخەوە لە ٢٠٠٨/٤/٥ کۆچی دوایی کردو هەر برایەکی دی کە بەکەمێك زانیاری یا رێنمایی کۆمەکی کردبین. هیواو ئامانجمان بەرزی نەتەوەکەمان وبەرەوپێشەوە چوونیتی لەتەك کاروانی گەلانی پێشکەوتوو و سەرفرازدا.

ئەحمەد

٢٠٠٧/٩/١٧

ئەم کتێبە یادداشت و بیرەوەریەکانی ژیانم نییە، چونکە ئەوکارە بە دەرەنجامێك دادەنرێ کە لە توانای مـن بـەدەرە، بەلاّم من وەك خاوەنی ئەم ڕووداوانە بەستەمم زانی هەر لـە پانتایی یادەوەریەکانمدا بیانهێڵمەوەو خەفەیانکەم.

عەلی مەردان

تارماییەکانی منالّیم

لە گەڕەکی بەرتەکیەی شێخ عەلی تالّەبانی ی شاری کەرکوك، سالّی ١٩٠٤ هاتوومەتە دنیاوە، باوو باپیرم (کانی سارد)ین لە شارباژێری پشت سلێمانی.

باوکم ناوی (قادر) بوو، لە بنەچەدا دەچینەوە سەر زنجیرە شێخەکانی (بەرزەنجە)، دایکیشم (شاناز)ی ناوبوو هەر لە کەرکوك هاتۆتە دنیاوە، لە عەشرەتی (زەنگنە)یە، لە تیرەی بیرایم غولامی)... دایکیشی - واتە نەنکم - گوڵنازی ناوبووە، باوکیشی (محەممەد) یان (حەمە سەیگوڵ)یان پێ وتووە، هەندێکیش (حەمە گوڵ) یان بانگدەکرد... خوشکێکیشی بووە بە ناوی (پیرۆز). لەو سەردەمەی من تێیدا فامم کردوە بە دەوروبەری خۆمدا دەمڕوانی، گەڕەکی تەکیە جێگەی گردبوونەوەی قورئان خۆێن و حافزەکانی شارەکەبوو[1]، کە بەدەنگە زولاڵەکانیانەوە

١- کەرکوك لەو رۆژگارەدا (١٩٠٤) سنجقێکبو سەر بە ولایەتی (موصل) کە قەزاکانی: هەولێر و رانیە ورەواندز و کۆی سنجق و کفری پێوە بەسترابوون. کە لە ئەنجامی یەکەم شەری جیهانیدا ١٩١٤ — ١٩١٨ دەولەتی گەندەلی عوسمانی فەوتبوو، ئینگلیز بە عیراقەوە کەرکوکیشی گرت و دوایی بووە یەك لە چواردە لیواکەی ئەو ولاتە، بەهۆی گرنگی شوێنەکەی شارەکە بە هێڵی شەمەندەفەر بەسترا بە بەغداوە، نووسین و کتێب زۆر لە سەر ئەم شارە و درووستبوونی و پێکهاتەی دانشتوانی هەن: کورتو پوخت ماموستا عەلی سیدۆ

قورئانیان دەخوێند، بۆیە پێنج شەموان و هەینی یا ڕۆژانی بۆنە ئاینییەکان بەلامانەوە لە دیارترین و خۆشترین ڕۆژانێك بوون و پیرۆزیان پێوە دیاربوو، تیایاندا گوێم لەو دەنگە خۆشانەبوو کە بە جۆش و خرۆشەوە قورئان خوێنەکان دەیانوتەوە دەنگیان لە ئاوازێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆری، ئەمە جگە لە (تەواشیح و هەڵبەستە ئاینییەکان) کە بە هەمان جۆش و خرۆشەوە دەوتران.

ئەو ڕۆژانە، من خۆم یەکێك بووم لە فەقییەکانی تەکیەو دەرسم تێدا دەخوێند، تەکیەکە ببوە قوتابخانەیەك بۆ لەبەرکردن و فێربوونی قورئان، بە پاڵ ئەمانەوە کتێبە ئاینییەکانی تریش دەخوێندران... ئەو کتێبە باوانەی لەو سەردەمانەدا لە مزگەوتەکانی کوردستاندا مامۆستا بە فەقێکانی دەوتەوە.

گۆرانی دەربارەی ئەم شارە لە ١٩٣١ دا دەڵێ : (ئەگەرەکو کەرکوك شارێکی کوردستانی باشوورە بەلام دانیشتوانەکانی تێکەڵێکن لە توخمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، هەروەك شارە بازرگانیە گەورەکانی تر، جا کوردو تورك و ئەرمەن و سوریان و جولەکەو عەرەبی تێدا دەبینین، بەگشتیش خەڵکەکەی بە کوردی یا ترکی یا عەرەبی دەدۆێن .ترکەکانی کەرکوك لە پاشماوەی لەشکرەکەی خەلیفە موعتەسەمی عەبباسیەو وان لە شارەکاندا، بە شێوەی ترکی ئازەری نەك ترکی عوسمانی دەدوێن، عەرەبیش لە بەشەکانی خوارو و ڕۆژاوان، یانی نزیك بەری ڕۆژهەڵاتی دیجلە لە نێوان سامەڕاو کەرکوك ، زۆربەیان لە هۆزی -عوبێد-ن کوردیش لە ناو شارەکە و بەشی ڕۆژهەڵاتی لیواکە نیشتەجێن .

ژمارەی دانیشتوانی شارەکە (لە ١٩٣١ دا) پانزە هەزار کەسن، جولەکەکان جڵەوی سەرەکی بازرگانی و ئابووری شاریان لەدەستدایە ، ئەمانە بەشێکن لە جولەکەکانی باشوری کوردستان و ڕۆژهەڵات ، ئەوەی ئەو جولەکانەن کاتی خۆی (نەبوکاد ناسر)ی بابلی بەدیل لە زەوی کەنعانەوە (فەلەستین) پەلکێشیکردون ، لە سەدەی شەش پ.ز. لە هەمو کوردستاندا بە زمانی عیبرانی کۆن دەدوێن -- مەبەستی جولەکەکانە . أ .ب — کۆمپانیای نەوتیش لە بابەگوڕگوڕ نەوت دەردەهێنێ و پاڵەفتەی دەکاو و بە نیازن بە بۆری لەم شارەوەبیگەێننە هەردوو بەندەری طرابلس و حەیفا .) ص٣٦ (علی سیدو گۆرانی : من عمان الی عمادیە، جوله فی کردستان الجنوبیه، دار البشیر، عمان ط ٢، ١٩٩٦).

بەجۆرە رۆژ بەرۆژ هامشۆو سەردانی تەکیەم لەلا شیرینتر دەبوو، بە تایبەت ماڵەکەشمان بە پاڵ تەکیەکەوە بوو، جا وەك فەقێیەك و دیسان وەك ئارەزوومەندێکیش کە سەرومڕ خووەدابووە گوێگرتن لە قورئان خۆێنەکان و ئەو دەنگ و ئاوازو شێوەی خۆێندنانە کە جێگەیەکی تایبەتیان لە دڵ و دەروونمدا گرتبوّوە، هێجگار کە لە قورئان خوێنەکانم دەبیست و دەیانوت: (ئەم سورەتە بە فلاّن مەقام دەوترێ و ئەوەی تر فیسارە مەقامی بۆ دەشێ و واباشترە بەو بوترێ...) بۆیە وردە وردە ئەم خۆێندنانەو ئەو ئاوازو مەقامانەی کە پێیان دەخوێندن رۆژ لە دوای رۆژ لە دڵمدا دەچەسپین و بەو مێشکە بچووکەو بە بیرێکی پاکی سافەوە جوان جوان دەلکان وگوێ دێریاندەبووم و زەینم دەدانێ، تا واملێهات لە چوون و هاتنەوەمدا بۆ تەکیە، بەدەم رێگەوەو لەبەر خۆمەوە دەموتنەوەو لاسایی ئەوانم دەکردەوە... هۆش و گۆشم دابوونێ و دەنگەکانیان کە بە مەقامەوە دەیانوت لە کەللەمدا دەزرنگانەوە.[1]

وەك منالانی گەڕەك نەبووم، خووبدەمە یاری و گەمە لە کۆڵان، گەمەو یاری من گوێگرتنبوو لە قورئان خۆێنەکان، هەر هەڵێکم بۆ بلوایە دەچوومە تەکیەو بەردرگەی ژووری مەلاو فەقێکانی تر تا ورد ورد لەسەرەخۆ دڵ و هۆش بدەمە ئەو دەنگ و ئاوازانەو فێریان ببم.. "لە شەش ساڵیدا خستمیانە حوجرە لای مامۆستا مەلا صالح یاخوا غەریقی رەحمەتبێ، وەختێ ئەو حازر نەبووایە من بە دەنگەوە قورئانم بۆ فەقێکانی تر دەخۆێند. رۆژێ یەکێ لە فەقێکان بە جەنابی مەلا صالحیان وت: قوربان هەرچەندە جەنابت حازر نەبی عەلی مەردان قورئانمان بۆ دەخۆێنێ، بە دەنگێکی بەرزو جوان، رەحمەتی مامۆستا بانگی کردم فەرمووی: عەلی مەردان قورئانەکەت بێنە، بێرە ئێرە بزانم قورئانت رەوانە؟...، ئا سورەتی (انا

---

[1] لە کاسێتێکی تۆمارکراودا مامۆستا خۆی ئەمە دەڵێ.

فتحنا...)مان بۆ بخۆێنە، منیش بەشەرمەوە دەستم کرد بەخۆێندن، پەڕەیەك زیاترم خۆێند، فەرمووی: بەسە خوا عەمرت درێژ کات.

بانگی کرد لە هەموو فەقێکان وتی: ئەبێ هەموو ئاوها بە دەنگی بەرز قورئان بخوێنن یا نەکو فەلاقەتان ئەکەم.

باقی مامۆستام هەموو رۆژ دای ئەنام عەشەرەیێ قورئانی پێ ئەخوێنم، جار جار گەلێ کەس ئەهاتن ئەوەستان گوێیان ئەگرت، منیش زۆر شەرمم ئەکرد تا کەم کەم شەرمم شکا و وای لێهات لە وەختی خۆێندن مامۆستا ئەیفەرموو: عەلی مەردان ئەمە چی مەقامێکە؟ ئەموت: بەخوا نازانم. ئەیفەرموو: هەرچەن خۆم دەنگم نیە بۆ خۆێندن، بەلاَم ئەمە فلان مەقامە.

ڕەحمەتی خوای لێبێ، بەو نەوعە شارەزای ناوی مەقامەکان بووم"[1]

لە لای (مەلا سالَح) خەتمی قورئانم کردو هەندێ وردە کتێبی ئاینی تریشم هەر لەلای ئەم خۆێند، وەك: ناگەهان، سمایلنامە، باغەبان و گولستان[2]. بێجگە لەمانە، (مەلا محەمەد یومە)ش لەسەر کتێبەکانی (الانشاء الکبیر و الانشاء الصغیر) و (گولَدەستە)[3] بەزمانی ترکی و عەرەبی، فێری نووسین و خوێندنەوەیەکی باشی کردم.

"قەدەر وای کرد مامۆستام (مەلا سالَح) نەخۆش کەوت، منیان برد بۆ محەللەی (بلاغ) بۆ لای مەلا(محەمەد یومە) کە لە مزگەوتی بەلاغ حوجرەی هەبوو و دەرسی بە مندالَ ئەدا، منیش لە لای مامەوەو دەستم کردبە خۆێندن و دەرس... لە پاش

---

[1] دەقی وتەو نووسینەوەکەی مامۆستا خۆی بەبێ دەستکاری .

٢ گولستان: یەك لە کتێبەکانی شاعیرو فەیلەسووفی بەناوبانگی فارسی (سەعدی شیرازی ١١٨٩ ــ ١٢٩٢)یە.

[3] دیارە مەبەستی لەکتێبی (گولَدەستەی شوعەرای هاوچەرخ)ی عەلی کەمال باپیر (کەمالی) شاعیر ١٨٧٧ - ١٩٧٤ نییە کە رێکی خستوودو چاپی کردووە.

چەند رۆژێ دەنگێکی خۆشم گوێ لێبوو، پێنج شەش فەقێ لە حوجرەیەك دانیشتوون و چاییان کردووە، بە ئەتراف سەماوەرەکەدا زۆر بە کەیف گۆرانی ئەڵێن، منیش دانیشتم... ئیتر هەرچەند دەرسم نەبووایە ئەچووم بۆلایان ورەفاقەتیم لە تەکیاندا بەست و ئەچووم بۆ بازاڕ بۆ چایی و شەکر سەنن بۆیان.

دووان لەوانە دەنگیان زۆر خۆشبوو، یەکێکیان عەبدولڕەحمان بوو خەڵك ناو جەباری، دووهەم عەلی بوو خەڵك ناو داودە.

عەبدولڕەحمان: ئەڵلاّ وەیسی، قەتار، خاوکەری باش ئەوت.

عەلی: خورشیدی، ئای ئای، هۆرەی باش ئەوت و بەستەی جوانیشی ئەوت... منیش مەراقم زۆر دایە مەقامەکان. بەلاّم رۆژانە پێم لە تەکیەش نەئەبڕی بۆ گوێ گرتن[1] لە تەکیەکەدا هەمیشە دەمویست لە هۆدەکەی شێخ عەلیەوە نێزیکبم، چونکە هەرچی قورئان خوێنە باشەکانە و پیاوانی شارەزابوون، رۆژانە سەردانی مەجلیسەکەیان دەکردو منیش خۆم لێدەگرتن و گوێرادێری ئەو باس و خواس و هەواڵانە دەبووم کە لە ولێکانێ باسدەکران، بەتایبەت رۆژانی هەینی کە مەجلیس تێیدا گەرمبوو، لێرەوە گەلێ شت فێر بووم و کەلکم لێ بینین، ناوی زۆریانم زانی و گەلێ کەسانم ناسی، بە تایبەت گەلێ شەیدای دەنگە بە سۆزەکانی مەلا محەممەدو ئەوڕەحمان جەباری و حەمە عەلی داوودی بووم[2] ببوومە ئاشناو هاوڕێیان...

لە لایەکی ترەوە ئەمانە جگەرەکێشبوون و لەو سەردەمەشدا جگەرەی پێچراوە (لف) بە گران چنگ دەکەوت، خۆ باوکی منیش کاروانچی بوو و لە شارباژێڕەوە بارەتوتنی دەهێنا بۆ فرۆتن، جا زوو زوو لە ماڵەو توتنم بۆ دەدزین و دەمدانێ، بەرامبەر ئەمە

[1] دەقی وتەو نووسینی مامۆستا خۆی بەبێ دەستکاری.

[2] ئەم دووانە لە فەقێکانی مەلا محەممەد بوومە بوون

ئەوانیش دەیانهێشت لە لایان دانیشم و گوێ راگرم، بۆیە هەتا توتنی زۆرترم بهێنایە بۆیان، زیاتر رێگەی دانیشتن و گوێگرتنیان دەدام.

ئا ئەم کەش و هەوای ئاینییە و قورئان خوێندن و ئاوازی تەواشیح و هەڵبەستە ئاینییەکانی ناو تەکیە[1]، بە دەنگی ئەو مەلا و فەقێ شارەزاو لێهاتوانە، جگە لەوەی کە لە بۆنە ئایینیەکاندا ئەو دەروێشانەی دەهاتن و بە تەپڵ و دەفەکانیان دەوروبەرەکەیان هێندەیتر سامدارو خۆشدەکرد.. هەموو ئەمانە کارێکی وایانکرد کە زیاتر پابەندی تەکیە ببم و زۆرتر هامشۆی بکەم و بۆ هەرچێك کە تێیدا دەوترا گوێ هەڵخەم.. تەکیە ببووە خولیاو جێگەی شەوو رۆژم.

لە کۆڕو دانیشتنەکانیدا، ئەو ساتانەم زیاتر پەلاوە خۆشتر بوو کە (مەلا رەوفی حافز)ی لێبوو، بەو دەنگە بە سۆزەی و ئەو رەوانیەی کە قورئانەکەی پێدەگوت، کە رەوتەکەی لە نێو مەقامەکاندا دەگۆڕی و گوێگرانی پەلکێش دەکرد بۆ لای خۆی... زۆرترین کاتەکانی رۆژم بە مانەوە دەڕۆی و لەگەڵ ئەو قورئان خوێنانەدا بە دڵ دەژیام... بەڵام بەو شێوەیەی کە خۆم دەمویست.

١- تەواشیح: جۆرە شیعرو هەڵبەستێکی تایبەتە، سەرەتا لەئەندەلوس ٩٢ ــ ٨٩٧ك کە دەوڵەتی ئەمەوی لەوێ دامەزرا(لەلایەن عەبدولڕەحمانی یەکەمەوە کە بە ــ صقر انقریش ــ ناوزەدکراوە، لە ١٧٢ك مردووە) سەری هەڵداوە، (د. محمد عبدالرحمن المرعشلي) لە (الغناء و المعازف..)دکەیدا دەق دەڵێ: (لقد تطور الغناء الاندلسي تطوراً عظيماً على مدى العصور في مواضيع الغزل و المدح و غيرها، و تلقى لدى الادباء و الشعراء و المغنين رواجاً حتى إشتهر مايسمى بـ ــ التواشيح الاندلسية ــ عندهم ذات الاسلوب و الكلمات و اللحن و الاداء الخاص). جا تەواشیح دیارە جۆرێکی پاڕانەوەو ستایشی خواو پێغەمبەرو پیاوچاکانەو تۆبەکردنەوە پەشیمانیە لە گوناه و خراپە، بەمە دەوترێ (تواشیح دینیە)، هەردوو جۆرەکەش سەرچاوەی پەیدابوونی ئەندەلوسی ئەوساو ئیسپانیای ئێستەیە.

بۆ زیاتر: (د. محمد عبدالرحمن المرعشلي: الغناء و المعازف في الاعلام المعاصر، دار المعرفة بيروت: ٢٠٠٦ ص ٧١).

لە گەڕەکی بەرتەکیەی خۆماندا، خزمانێکی زۆر دراوسێمانبوون، پێکەوە ژیانێکی خۆش و گوزەرانێکی باشمان دەبردەسەر، لە مانە دوو ئافرەتیان قورئان خۆێنبوون و هەر بە (مەلاش ناوماندەبردن)، دوو خوشکبوون: گەورەکەیان (مەلا شەوکەت)و گچەکەشیان (مەلا هەیبەت).

مەلا هەیبەت بەهۆی نەخۆشی تەراخومارە لە نیعمەتی چاو بێبەشبوو[1].. هەردووکیان مێردیانکردبوو،ماڵی مەلا هەیبەت لەپشتەوە بەپاڵ ماڵی ئێمەوە بوو... کۆلانەکەمان تەنگەبەربوو، ماڵی ئەوان لە کۆلانێکی پان و پۆڕدابوو کە سەردەکەوت بۆ درگەی تەکیە، بەڵام ماڵی مەلا شەوکەت لە خوار گردەکەوەبوو، یانی لەوێوە سەردەکەوتی بۆ بەرتەکیەو نێزیك ئەو باخەی کە دادەکشایە بەردەم ماڵەکەیان.

لە زۆربەی بۆنە ئاینی و جەژنەکاندا خۆم دەستی مەلا هەیبەتم دەگرت دەمبرد بۆ ئەو شۆێنانەی ئاهەنگ و مەولودەکانیان تێیدا دەگێڕرا.

ئەمەش هەلێکی تر بوو بۆ زیاتر نیزکبوونەوەم لە کۆڕی زیکرو گوێگرتن لە جۆرەها قورئان خوێندن و دەنگی جۆراو جۆرو ئاوازی هەمەچەشنە کە لەم جۆرە بۆنەو مونا‌سەباتانەدا بەکاردەهێنران و دەگوتران.

---

[1] — مامۆستا (عەلی سیدۆ گۆرانی) کە لەتەمەزی ۱۹۳۱دا سەردانی کوردستانی کردووەو لەبەغداوە هاتۆتە کەرکوك دەڵێ: نەخۆشی مەلاریا لەم شارەو بەردو خواری زۆر بلاوە، بەپێی ئەو راپۆرتەی کە فەریق (طه الهاشمي) لەراپۆرتەکەی (ولیم کورتر)ی وەرگرتووەو ساڵی ۱۹۲۳ ئەنجامی داوە: دەربارەی تەشەنەکردنی مەلاریا لەکەرکوکدا، دوای توێژینەوەیەکی ورد دەرکەوتووە کە ژمارەی تووشبووان بەم دەردە ٥٣٪ کەمە لەناو لیواکەدا بەگشتی، و نزیکەی ٥٥،٥٪ لەناو شارەکەدا، ئەو شوێنانەشی کە دەردەکەی زیاتر تیابلاوە بریتیە لەناوچە کشتوکاڵیەکان و جێگەی پەنگخواردنەوەی ئاوو زەلکاو: لەناحیەی قەرەتەپە ٢٣،٥٪ یان تووشبوون، لەناحیەی کفریش ٧٦،٥٪، وەرزی ئەم نەخۆشیەش لەمانگی حوزەیرانەوەیەو لەناوەڕاستی ئابدا نامێنێ. (علي سيدو گۆراني: من عمان إلى العمادية، دار لبشير: عمان ـ الاردن، ط ٢، ١٩٩٦ ص ٣٧)

به کورتی ببوومه گۆچانی مەلا هەیبەت، هەر کە دەچوو بەلایەکدا دەبوو من دەستی بگرم و بیگەیەنم، بۆیە هەر کە لە تەکیە دەگەڕامەوە، زۆرترین کاتەکانم لە خزمەتی ئەم دوو خوشکەدا دەبردە سەر، بە تایبەت مەلا هەیبەتیان، ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: چاوی نەبوو و موحتاجبوو.

دووەم: ماڵەکەیان — وەك وتم — لە دواوە بە پاڵ ماڵمانەوە بوو، بۆیە هەر بەسەرباندا دەچووم بۆ لای. ئەم هات وچۆو هەڵسوکەوتەم لە بەیانی تا شێوانی دەخایاند، بۆ نموونە: بەیانیان لە تەکی و دەرسخوێندن و گوێگرتن لە زوری مەلاکان و جار نا جاریش خزمەتکردنیان، لەمە دەبوومەوە دەچووم بەلای مەلاهەیبەتەوە، دەمبرد بۆ ئەو ماڵ و جێگەیانەی قورئانی بۆ دەخوێندن یا مەولودو بۆنەیەکی ئاینیان هەبوایە.

گشت ئەم چالاکیانەو ئەو دەنگەخۆشانەی کە ڕۆژانە بەرگوێم دەکەوتن و لە هەست و نەستمدا دەنگیان دەدایەوەو ئارەزوویەکیان لە دەروونمدا پێك دەهێنا بۆ هێنانە دی ئەو مەبەستەی لە مێشکمدا وردە وردە چەکەرەی دەکرد... هەوڵبدەم بیهێنمەدی و پێی بگەم.[1]

---

[1] کاکە (حەمەی حەمە باقی) لەم بارەیەوە لە کتێبی (سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی) دا دەڵێ: ئۆسکار مان سالی ۱۹۰۱- ۱۹۰۳ هاتۆتە کوردستان — لە سەر فرمانی خاوەن شکۆ ئیمپراتۆری ئالمان بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی و فارسی ...-، هەر ئەو ڕۆژگارەدا سەبارەت بە چۆنێتی فێربوون و پەرێپێدانی مۆسیقا و گۆرانی کوردی دەڵێ: لە پاڵ ئەوەدا کە لە هەموو جێگەیەکی کوردستاندا جۆرەی ئایینی بۆ فێربوونی ئاینی ئیسلامی هەبووە ، هەر بەو جۆرەش قوتابخانەی تایبەتی بۆ ئەوانە هەبووە کە ویستوویانە فێری گۆرانی وتن ومۆسیقا ژەندن بن ، ئەو جێگایانەش بەلای زۆرەوە هەر قاوەخانەو دیوەخانی گەورە ماڵان و دەردبەگبووە .

یەکەم شتێ لەو جووتە خوشکەوە بە مەبەستی گەیشتن بە کارەکەی ئەوان بۆم رەخساو موهەییایانکرد بۆم، (ناوێك) بوو کە بە هۆی وریایی و چالاکی خۆمەوە کردیانە نازناوم و بەسەریاندا دابڕیم، (مەردان) ئەو ناوە بوو کە لەو رۆژانەوە تا کۆتایی ژیانم وەك نازناوێ بە پاڵ ناوە ئەسڵیەکەی خۆمەوە هاوجووتبوون.

وەك شتێ مەلارەوفی حافز کاریگەریەکی لە سەرم هەبوو، ئەو لە رێگەی دوورودرێژی فێربوون و زاخاو دانەوەی بەهرەی هونەریم و پەرەپێدانی، یەکەم هەنگاوی بە مننا... دەنگە بە سۆزو پڕلە خۆشی و گەرمەکەی منی منالّی کەمەنکێش دەکرد، توانایەکی بێ سنووری هەبوو لە وتنی مەقامەکاندا و هەر بەوەش سەرنجی گوێگرانی بۆ لای خۆی رادەکێشا، باشترین و لە پێشترین گوێگرێکی لەمەدا منبووم، هەتا وام لێهات دەستم کردە لاسایی کردنەوەی، چی دەوت من دەموتەوە، ئاوازو کێشە جۆراوجۆرەکانی لە دووتوێی قورئان خوێندنەکانیەوە دەئاخنیە مێشکمەوەو لەبەرم دەکردن،... ئیتر لە دەرسەکانی قورئان خوێندندا – تجوید – بەردەوام ئامادەبووم و ورد ورد سەرنجمدەداو گوێمدەگرت ودەموتەوەو...فێردەبووم.

بەم چەشنە هەر رۆژەو شتێکی تازە دەهاتە ئاراوەو فێری دەبووم، خۆم دەگەیاندێ.

یەکێ لەوانە کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی رەسمی دەوڵەتبوو لە کەرکوکدا، ناویاننا (قوتابخانەی سوڵتانیە)و شوێنەکەی کەوتبووە جێگەی باخەکانی (مەجیدییە) کە

دیسان کاکە حەمە لە جێگەیەکی تری هەمان کتێبدا دەڵێ: ئەو کەسانەش گەشتێك سەبارەت بە سازدانی مەولودنامە و رەمەزان و معراجنامەی ئەو رۆژگارە دەزانن، یا بیستوویانە، دڵنیان کە ئەو دەنگخۆشانە جوانترین شیعری هەڵبژاردەی (کوردی) یان لەو بۆنەو یادانەدا، بە دەنگی خۆش و بە پێی شارەزایی تەواو بە مەقامگەلی جیاجیا خوێندووە... واتە زۆربەیان شارەزاییان لە مەقامبێژیدا هەبووە، کە هونەرمەندی گەورە عەلی مەردان سەبارەت بە دەنگی خۆشی سەیید ئەسغەر لە مونجاتدا لە بیرەوەریەکانی خۆیدا باسی دەکات. ل ٥٣،٥٢ (محەمەد حەمە باقی، سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی – چ (٢) دەزگەی ئاراس – هەولێر ٢٠٠٢).

دەیپروانی بەسەر روباری (خاسە)دا بەرامبەر قەلا.[1] لە تەك هاورێکانمدا لە بەرتەکیە، بە خۆمان و تورەکەی دەفتەرو قەڵەمەکانمانەوە کە دەمانکردە ملمان بە خۆشی و شادیەوە بەرەو قوتابخانە دەبووینەوە.

---

[1] کەرکوك : شارێکی کوردیی کوردستانییە، کاتی خۆی لە لایەن (لۆلۆییەکان)ەوە دروستکراوە، کە ئەوانە باووباپیرانی کوردن، بەپێی شارەزاو زانایان، لە نووسراوە کۆنەکانی سۆمەری و ئەکەدیەکاندا ناوی ئەم شارە براوە، ئەو کات (ئەربخا) یان پێوتووە، مێژوونووسە کۆنە عەرەبەکانی وەك: **الطبري**، **ياقوت الحموي**، **ابن فضل الله العمري**، القلقشندي و زۆری تر باس لە کوردییەتی ئەم شارە دەکەن، (شمس الدين سامي) کە مێژوو نووسێکی تورکی بەڕەگەز ئەلبانیەو لە ١٨٩٢ سەردانی شارەکەی کردووە نووسیویە: رێژەی سێ لەسەر چواری شارەکە کوردن : (٦٠٠ یەهودی ١٤٦١ مەسیحی و ئەوانی تر تورك وعەرەبن، بەڵام کورد ٢٢,٥٠٠ کەسن) .(عەبباس عەززاوی) مێژوونووسی رەگەز پەرستی عەرەب دەڵێ: لە کۆتایی سەدەی ١٩ خێلە عەرەبەکانی. **العبيد** والجبور وابو حمدان) بەزۆری رویانکردۆتە رۆژاوای کەرکوك و تێیدا نیشتەجێ بوون: (العشائر العراقيە ج-١) جگە لە گەڕیدەو رۆژهەڵاتناسانی ئەوروپایی وەك : لیۆنارد رادلف ئەڵمانی لە ١٥٧٤، تافرینیە – فەرەنسایی لە ١٥٦٣، کۆلۆدیوس ریچ – بەریتانی ١٨٢٠ وە زۆری تر کە دەیسەلمێنن زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارە کورد بوون.

سیاسەتی بە عەرەبکردنی کەرکوك لە پرۆژەی حەویجەی ١٩٢٧ەوە لە لایەن حکومەتە عەرەبییەکەی عیراقەوە کە دەستکردی ئینگلیز بوو، دەستی پێکرد، ئیتر رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی بەغدا بە جیاوازی بیرو بۆچونیانەوە لەسەر سیاسەتی بە عەرەبکردن و پاکردنەوەی کەرکوك لە کورد بەشداربوون و ساڵ بەساڵ شێوازەکەیان توندوتیژتر کردوە، بۆ نمونە لە سەردەمی مەلیکی ١٩٣٥ بەشێکی زۆر زەویوزاری کشتوکاڵی دابەشکرا بەسەر خێڵەکانی عبید، جبور، ابوحمد والتكارته والدوريين، لە کودەتای ١٩٦٣ی بەعسەوە ئیتر سیاسەتی کوشتن و راگواستن و راماڵینی کورد لە کەرکوك و دەوروبەری بە ئاشکراو بێ سڵکردنەوە پەیڕەو دەکرا.

بە پێی راپۆرتێکی (د. نووری تاڵەبانی) بۆ کۆنفرانسێکی تایبەت بە مەسەلەی کەرکوك کە لە ٢٠٠٢ لە بەرلین گیرا، (هەرچی لایەنی ناسیۆنالیستی عەرەبی عیراقە: ترکمانەکان بە لایەنە جۆراوجۆرەکانیانەوە، لایەن و گروپە ئیسلامیەکان بە ئیخوانەکانیشەوە، هەندێ لە ئاشوری و کلدانیەکانیش، گشتیان لەو ئاوانەدا یەکبوون و هەماهەنگ بوون) و هەریەك بە جۆرێ درۆو دەلەسەو ئیفاقێك پاساوی بۆ سیاسەتی بە عەربکردنی کەرکوك

ئیتر لێرەوە، ژیانم بڕیتیبوو لە هەڵگشان و داشکان، لەو خۆشییەی کە دەچوومە قوتابخانەو تێیدا فێربووم، ئەو خەم و پەژارەیەی کە لە تەکیەو مەلاکان و دەنگ و ئاوازی قورئان خوێندنیان دوورەدەکەوتبووم.
بەڵام لەمەلاشەوە وازم لەو جووتە خۆشکە نەهێنا کە لە تەکیاندا دەچوومە ئاهەنگە ئاینی و مەولوودەکان و ئەو مالانەی بۆیان دەخوێندن" لە مانگی حوزەیران پاش گرانی ماڵمان لە کەرکوك باری کرد چووین بۆ لەیلان، دێی شێخ حەسیبی رەحمەتی... قەزاو قەدەر باوکم نەخۆش کەوت و تەمەنی خوای کرد مابینەوە من و دایکم وخوشکم، بەلام ماڵ و داراییمان هەبوو."[1] لە پڕ و لە ناکاو ئەوەی بە بیرماندا نەدەهات و حیسابمان بۆ نەکردبوو ئامبازمانبوو بەرۆکی گرتین، رووداوێك وەك سیلاوێ هەرچی خەوو خەیالاتمە رایمالی و بردی... کت و پڕ باوکم مردو ئێمەش من و دایکم و گولیی خوشکم)ی دایە دەست رەحم و بەزەیی خاڵم، چونکە لەوە بەولاترمان شکنەدەبرد تا بمانگرێتە خۆی و چاوێرمان بکات.

و دەرکردنی کوردەکان هێناوەتەوە .. تا ئەمڕۆ کەوا چوارساڵ بەسەر روخانی رژێمە فاشیێکەی سەددام — بەعسدا تێدەپەرێ.. وەك دکتۆر تالەبانی بۆی دەچێ تەنیا: (لایەنی لیبراڵە عەرەبەکان و چەپەکان و هەندێ کەسایەتی رۆشەنبیری خاوەن فیکر بەرپەرچی ئەو سیاسەتە رەگەز پەرستانەیان داوەتەوەو رسوایان کردوە)، ئەگینا هەتا ئیخوان و ئیسلامیەکان و پاشکۆ زەلیلەکانیشیان بە هەر شێوەیە لە شێوەکان لایەنگیری و دەستخۆشیان لێکردوەو بگرە بە ئایەت و حەدیسی هەڵبەستر ریش پاساوی ئاینیان بۆ ئەم تاوانە نامرۆڤانەیە هێناوەتەوە.
بۆ زیاتر (د. نووری تالەبانی: هەڵوێستی لایەن و گروپە سیاسیەکانی...، باسەرە، هەفتەنامە، ژ۱۷، ۲۰ ئابی ۲۰۰۳ کەرکوك)
[1] – دەقی وتەو نووسینی خۆی . بەبێ دەستکاری .


زۆر زوو و کت و پڕ ئەو کەسە میهرەبان و دڵسۆزە جێــی هێشتین و داینیــە دەســت وەیشوومەو نەهامەتیەکانی ڕۆژگار... ئەو کاتــەی تەمــەنم هێــشتا نەگەیــشتبووە دە ساڵان.

خاڵوم، (عارف محەمەد شوان) لە لەیلان نێزیك بە کەرکوك دادەنیشت [1] لــەوێ زەوی و ماڵاتێکی باشی هەبوو، جگە لە ژن و ماڵ و کــوڕو کــچێکیش، هاوســەرەکەی تــا بڵێی ئــافرەتێکی دڵپــاك و خزمــەتگوزاربوو، بــەڵام خــۆی... کابرایــەکی دەســبڵاوو سەرەڕۆو هەڵەشە.

[1] عارفی حەمە شوان کە خاڵی عەلی مەردانبووە لە لەیلان دانیشتبوو، ئەوەندی ناحیەی (قەرە حەسەن)ە سەر بە کەرکوك.



مزگەوتی کۆنی بەرەتەکیە ـــ کەرکوک کە عەلی مەردان لە منداڵی لێی خوێندووە..



کتێبی گوڵستان.. یەکێکە لەو کتابانەی کە عەلی مەردان لە منداڵیدا خوێندویەتی..



عارف محەمەد شوان ـــ خاڵۆی عەلی مەردان

لەیلان و دیوەخانی شێخ

خاڵۆ عارفم پاش ئەوەی هەرچی باوکم جێی هێشت لە ماڵو پارەو خانوو، هات دەستی بەسەریدا گرت و ئێمەی لێ بێبەشکردو خۆی کردە گەورەو سەرپەرشتیکارمان... دوای ماوەیەکیش هەڵسوکەوت و مامەڵەی لە تەکماندا سەرانسەرو یەکەوڕاست گۆڕا بەتایبەت بەرامبەر بە من!

سەرەتا رانەمەڕەکەی دامێ تا بیلەوەڕێنم، درەوی پێدەکردم و دانەوێڵەی پێ دەگواستمەوە، زەوی پێ دەکێڵام و بژاری پێ دەکردم... بەکورتی هارێشتەیە ناوبەرگەی کارو فەرمانێکی سەختی پڕ زەحمەتی لادێوە کە سەبارەت بە منێکی مناڵێکی شاریی گشت ئەمانە ئەشکەنجەو ئازارداێکی زۆربوون، لە رادەبەدەر.

لەیلان گوندێك بو لە گوندەکانی عەشرەتی تاڵەبانی، (شێخ حەسیبی تاڵەبانی) کە کوڕی شێخ عەلی خاوەنی تەکیەی کەرکوك بوو،[1] لە گرەکانێ دادەنیشت و

---

[1] – کاك چالاك تاڵەبانی بۆی رونکردەوە کە شێخ عەلی تاڵەبانی ئەو کاتە سەرۆکاری تەکیەکەیانی دەکرد لە کەرکوك، چوار کوڕی هەبورە (حەسیب، حەبیب، رەئوف، و حەمەعەلی) کە تەمەی دوایی باوکی (شێخ جەمیل)ە.

سەرۆکاریی موڵك و زەوی و زارو کاروبارەکانیانی دەکرد، شێخ دیوەخانێکی باشی هەبووە. ڕۆژانە پیاوانی دێ هامشۆیان دەکرد، بە تایبەت ئێواران دوای نوێژ کە دەستیان لە کارو فرمان هەڵدەگرت و ئارامی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا دەکێشا... مەجلیسەکەی گەرمدەبوو[1].

لەم ئێوارە کۆڕانەدا دەست بە باس و خواسی کاروباری گوندەکەو ژیانی ڕۆژانەی ئەو خەڵکە دەکرا، خێرا خێرا شێخیش راوبۆچوونی خۆی دەهاویشتە نێو باسەکانەوەو دوایی دەنگوباسی دەوروبەرو دنیا دەگێڕایەوە، پاش هەموو ئەمانە دەستدەکرا بە گوێگرتن لە گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردی دەوروبەر.

لە دیوەخانەکەی شێخدا دوو دەنگخۆش هەبوون، بە ڕاستی لە گۆرانی وتندا ڕەستابوون، بە تایبەت ئاوازە ڕەسەنەکانی گەرمیان:

یەکیان (خدری بارام چاوش) کە خەڵکی هەر ئەو دەوروبەرە بوو، ئەوی تر (کامیلی تەپەلۆیی) کە خەڵکی ئاوایی (تەپەلۆ)ی ئەولای لەیلان بوو.

هەریەك لەم دووانە، جۆرێکی تایبەت لە ئاوازو گۆرانی خۆی دەوت و تێیدا شارەزابوو.

شێخ حەسیب کە باوکی کاك چالاکە لە لەیلان دادەنیشت و سەرۆکاری موڵك و ماڵەکانیانی دەکرد.
چاوپێکەوتنێ لە دووشەممە ۲۰۰۷\٨\١٢ – سلێمانی.

[1] شێخ حەسیب تاڵەبانی: (١٨٨٦ – ١٩٤٨) خاوەن موڵك و دیوەخان بووە لە لەیلان، کوڕی شێخ عەلی تاڵەبانیە، ماوەیە بەڕێوەبەری (تووین) بووە، دوایی بەڕێوەبەری ناحیەی (قەرەحەسەن، قەرە تەپە، مەخمەرو ئاڵتون کۆپری)و قایمقامی (دهۆك، ڕەواندز، چەمچەماڵ و سلێمانی) پیاوێکی لەسەرخۆو خۆش مەشرەب و ڕۆشنبیر بووە، حەزی زۆر لەگۆرانی و کۆڕی بەزم و هونەر بووە، لە ژیانیدا چوار ژنی هێناوەو لەمانە دە کوڕو نۆ کچی بووەو گشتیانی بەکوردی ناوناوە.
(زانیاریەکان لەلایەن کاك چالاکی کوڕیەوە... بەسوپاسەوە...، ٢٠٠٧/٨/١٢).

هەوری بارام چاوشی شارەزاییەکی چاکی هەبوو لە مەقامە رەسەنەکاندا، شارەزای ئێزانیاریشی پاشەوزانی، تەمبووریشی ئامێرێکی کۆنی کوردییە لە ناوچەکەدا.[1] جیا لەوەی هەروەها مەقام وتنەوە خۆی تەمبوورەکەشی لێدەدا... دەنگێکی خۆشی لە بەرەخۆی کاریگەری لە هێشتنی و دڵ.

بەڵام کامیلی تەیەلی، بە باشی مەقامی ئەڵڵاوەیسی دەزانی و لە دوو شێوەی ئەم مەقامەدا شارەزاییەکی چاکی هەبوو، دەنگیشی رێسەم و ئەوەیەکی بەرزی وای پێبوو کە لە تەواوی پلەکانی رێتمی مەقامە رەسەنەکەی ئەڵڵاوەیسیدا دەیگونجاند و هەماهەنگی دەکرد.

---

[1] – تەنبور یا تەنبوور: ئامێرێکی زۆر کۆنی بنچینەیی ناوازە کە جگە لە کورد گەلانی رۆژهەڵاتیش نا دەچێتە بین و مەنگۆل و گەلانی بەلکان بەکاری دێنن. بریتییە لە لەش یا تەباردیەکی خڕ دەستێکی درێژ، ژمارەی ژێکانی بەپێی ناوچەو وڵات دەگۆڕێ، بەڵای منەوە لە پاشاوەی ئامێرە ناوازە کۆنەکان کە مرۆڤ بە کاری هێناوە، هەروەها (عود)، بۆرێکی پێشکەوتووی ئەم ئامێرەو سەرچاوەکانیەتی.

کاک ئازاد عەبدولواحید رای وایە: مەقامی رەسەنی کوردەواری (ئەڵڵاوەیسی، حەوزە، سای ئەلای، خاوکەرو قەتار) بەدەم تەمبوورلێدانەوە وتراون. خۆ کە هونەرمەند (محەمەد عارف جەزیری) لە کتێبەکەی (ریبەرعەلمی ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی) دەڵێ: یەکەم کەس بووم ئامێری تەنبورم هێنایە عێراق... ئەم رایەدا نییە، چونکە تەوە ماموستا عەلی مەردانە کە باس لە ساڵانی ١٩١٥-١٩١٦ دەکات کە لە (ئەیلان)ی لای کەرکوکەوە ئامێری مۆسیقا(تەنبور) بەکارهاتووە. جگە لەوەی مێژووی لای گەلانی ناسیاو دەوروبەر زۆر کۆنە.

دەربارەی ئەم ئامێرە تکایە بروانە: ئەو باسەی کاک ئازاد عەبدولواحید دەربارەی تەنبورە بە بارو سەرچی خۆشییەوە، گۆڤاری سۆ کوردی: تەنبور – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦، چاپکراوەکانی (رامان).

هەروا ئەو خدری بارام چاوشە، بەپێی وتەی کاک جەلال ناڵەبانی بابایری گۆرانی بێژو هونەرمەند (سەلاح داودە) بوو، ئەم پیاوە (ناسکە زێرینە)یەکی لە زەنگیانەو مووری دروستکردبوو، بە شێوەیەکی تایبەت بە تەمبوورەکەیەوە بەستبوو، هەر کە دەستی بە لێدانیی کردووە ئەو ناسکەزێرینەیە سوڕ دەبەوە.

ئابەمجۆرە، شەوان لە دیوەخانەکەی شێخ حەسیبدا ساتە خۆشەکان بەسەردەبران و بەڕێدەکران.

منیش سەرباری ئەو هەموو کوێرەوەری و ماندوبوونەی ڕۆژانم[1] بەوە دڵخۆشی خۆمم دەدایەوە هەرکە ڕۆژئاوا دەبوو وشەو دادەهات، خۆم دەگەیاندە دیوەخانەکەی شێخ و هەلێکم دەستدەخست تا خۆمیان لێ نیزیك بخەمەوە.

ڕاستەوخۆ ماڵی شێخ بە پشت ماڵی خاڵۆمەوە بوو، بۆیە زۆربەی ئێواران و شەوان خۆم پیادەکردو وردە وردە کەوتمە گوێگرتن و وەرگرتن، هەتا جار ناجار شتی خۆیشم دەخستە سەر ئەوانەی بە گۆرانی و مەقام دەوترانەوە یا ئەو ئایەت و شیعرانەی بەدەنگەوە دەوتران.

جۆرەها مەقامم لە خدر بارامەوە دەبیست و لە کامیلی تەپەلۆییشەوە ئەڵڵاوەیسی... خۆیشم ئارەزویەکی بێ سنورم لە دووروندا بوو بۆ لەبەرکردنی هەرچی ئەوانەیە کە لەو دیوەخانەدا دەوتران و وتنەوەیان بەدویاندا، چونکە ئەوەی ئەوان دەیانچڕی و بەدنگە ساوز لەبارەکەیان دەیاندا بە گوێماندا، پەردەیەکی تەنکی خەموپەژارە دایپۆشیبوو، کت ومت لە گەڵ ئەو باری ژیانە پڕ لە داماوی و کوێرەوەریەی خۆم و خوشك و دایکەکەمی تێدابوو بەدەست جەورو بێ ڕەحمی خاڵمەوە، دەگونجاو هەماهەنگبوو.

بۆیە ئێوارانی دیوەخانەکەی شێخ حەسیب بۆم ببوە دەرویەك و لێم کرابوەوە، هەر ئێوارەو شتێکی تازەم لێ دەبیست و هەوڵمدەدا فێری ببم و لەبەری بکەم...

---

[1] - سەردتایی منالی مامۆستا عەلی مەردان کە عارفی حەمە شوانی خاڵی بەرخەکانی پێ دەلەوەڕان، لەتەك ئەمانەشدا بەرخەکانی ماڵی (شێخ حەسیب) یشی دەبردبۆ هەردو دەشت، جا ئەو منالەی ئاوا شوانییان پێدەکرد پێیاندەوت (ساوەڵەوان) .

(دانیشتنێ لەگەڵ کاك چالاك تاڵەبانی، دووشەمە ۲۰۰۷/۸/۱۲).

هەرچی هەست و هۆشمە خستبوومە سەر ئەم لایەنەو لەگەڵ ئەوانەشدا کە بەستە فۆلکلۆریەکانیان دەوتەوە خۆم تێهەڵکێش دەکردو دەوروبەریشم کەیفیان لێ دەهات بەرادەیەك هیلاکی و ماندوێتی و کەنەفتی رۆژمان بیر دەچۆوە... بەلاّم تەنیا من لە ناویاندا تێدەکۆشام بۆ لەبەرکردنی ئەوانەی دەمانوتنەوە.

زۆرجار خاڵۆم لە دیوەخانەوە دەیناردمەوە بۆ ماڵ تا قوتووە جگارەکەی بۆ بهێنم، قووتوویەك جگارەی پێ دەپێچرایەوە، وەیا بۆ کەمێ تووتن... خۆکە خاڵۆم لە دیوەخان دەبوو من شەرمم دەکردو عیجابم لێدەهات بەستەکانیان لە تەکدا بڵێمەوە، وەبیان... لێی دەترسام و سامی ئەوم دەکرد، جا نەمدەهێشت ئەو هەلەم لە دەست چێ، باشترو بە دیققەتتر گوێرادێریان دەبووم و مێشکم دەدانێ.

بەو خێراییەوە و لەو دیوەخانەدا، لەسەر دەستی ئەو دوو پیاوە چاکەدا مەقامەکانی (ئەڵلاّ وەیسی، ئای ئای، خاوکەرو خورشیدی) فێر بووم و دەموتنەوە، بە تایبەت خدری بارام چاوش کە بە دەنگە بەسۆزەکەی هەست و ناخمی دەجولاند، فەزڵ و چاکەش هەر بۆ ئەوە کە لێیەوە فێری مەقامبێژی ئەڵلاّوەیسی و باقی مەقامە رەسەنە کولتوریەکانی تری ناوچەی گەرمیان بووم و دەموتنەوە.[1]

---

[1] - دەربارەی زاراوەی (قەتارو ئەڵلاّوەیسی) کاکە حەمەی حەمە باقی لە کتێبی (مێژووی موسیقای کوردی) یەکەیدا تۆزێ بە درێژی لێی دەدوێ : پوختەی بۆچوونەکەشی ئەمەیە : بەداخەوە هەندێ نووسەر بە هەڵە مەقامی قەتار بە مەقامی ئەڵلاّوەیسی ناو دەبەن، جاری تریش بە مەقامی قەتار دەڵێن مەقامی ئەڵلاّ وەیسی، مەقامی قەتار مەقامێکی سەربەخۆ و تایبەتە، لە ئەدەبی نووسراوی کوردیشدا شاعیرانی شارەزای ئەدەب و فەرهەنگو زمانی کوردی کە ناوی مەقامی قەتارو گۆرانی کوردییان هێناوە هەر واژەی قەتاریان بە جیاو سەربەخۆ ناوبردووە.

لە شیعرێکی (مەجدی – ملك الكلام ١٨٥١ - ١٩٢٥) ی شاعیردا هاتووە کە کوڕانی پێژێکی دەنگخۆش هەبووە ناوی دەروێش ئەڵلاّوەیسی بووە مەقامزان و تایبەتیش قەتارزان وئاواز دانەرێکی بە توانا بووە، هەر ئەویش قەتاری باش زانیوە ، بۆیە ناوی لەگەڵ ناوی قەتاردا هاتووەو کە وتراوە : قەتاری ئەڵلاّوەیسی مەبەست

کە بەتەنیا شەوانە لەو دەشتانەی لەیلان ئێشکی خەرمانم دەگرت و بەلایەوە دەمامەوە، لە نیوەی شەودا شنەیەکی فێنك هەڵیدەکرد " شەوێکی مانگی ئاب، گەرمەی هاوین لەسەر خەرمان گێرەی جەنجەڕم ئەکرد...تەنیا خۆمبووم " بریسکەی ئەستێرەکان و تریفەی مانگەشەوی ئاسمانێکی سامالّی بێ گەرد، ئەو کپی و بێ دەنگیەی دەوروبەرمی بەخۆوە دەگرت...

لەو جۆرە قەتارە بەسۆزو دڵ نشینە بووە کە ئەو وتوویەتی، کە دوای مردنیشی ناوی هەربەم مەقامەوە لکاوەو بۆتە مۆرك و پێناسەی مەقامەکە .

(بۆ زیاتر و دەقی شیعرەکەی مەجدی بڕوانە: (محەممەد حەمە باقی: مێژوی مۆسیقای کوردی – دەزگای ئاراس هەولێر ۲۰۰۲- ل ۹۵، ۹۸) بەلاّم لە لایەکی ترەو حەسیب قەرەداغی شاعیریش ۱۹۲۹ - ۱۹۹۷ لە شیعرێکدا یادێك لەم دەروێش ئەڵلاّوەیسیە دەکات، کە لە دەشتی گەرمیاندا قەتاری وتووە ، کاکە حەمە باقی دەڵێ : وادیارە هەر هەمان کەسبێ و ڕۆژگاریّ چووبێتە گەرمیان لەوێش برەوی بە هەمان قەتار دابێت، بۆیە ئێستاش لەو ناوچەیەدا قەتار زۆر بلاّوو باوە (ل – ۹۸). لەگەڵ دوری ئەم ئەگەردی دوایی، تێدەچێ مەقامەکە بە ناوی کەسێکەوە بێ کە باسکراوە بەو ناوەوە، دوایی (هەر مەقامەکە) گەیشتبێتە گەرمیانیش ، وەك ناوچەکانی تری کوردەواری . بەلاّم مامۆستا جەلیل محەممەد شەریف لە سۆنگەیەکی ترەوە بۆیدەچێ و دەڵێ : (ئەم وشەیە زۆرجار لە گەڵ وشەی قەتاردا دەگوترێ، هەندێ پێیانوایە ئەمە ناوی دوو مەقامە بە یەکەوە ناودەبرێن ، لە راستیدا تەنیا – قەتار – ناوی مەقامە کە مەقامبێژانی عەرەبیش دەیڵێن – مقام قطر – هەرچی ئەڵلاّوەیسی یە ناوی کەسێکە بە جۆرێکی تایبەت قەتاری وتووە: ئەو کەسە – عەبدوڵلاّوەیسی – بووە بەرە بەرە بۆتە –ئەڵلاّوەیسی – ئەم مەقامی قەتارە جۆری تریشی هەیە پێی دەوترێ – قەتار خاوکەر (جەلیل محەممەد شەریف : لێکۆلینەوە لە بنەمای...

ئەوشەفەق – گۆفار، کەرکوك –ژمارە ۳۹ حوزەیرانی ۲۰۰٦ ، ل:۳۱)

پێشەنگانی ئەم ڕاوبۆچوونە جیاوازانەو یەکگرتنەوەیان لەسەر ناوی کەسێك کە ئەڵلاّوەیسی یا عەبدوڵلاّوەیسی ناربووەو مەقامەکەی وتووە ، ئەوە دەردەخات کە گشت ئەم راوبۆچوونانە (مەزەندە)ن وە لە بنەمایەکی (راستی- حەقیقی)یەوە نەهاتوون و پرسەکە دەهێڵنەوە بۆ داهاتوو و تەقەللای مۆسیقۆلۆژیەکانی کورد!.

ئەمانە لە ناخەوە دەیانهەژاندم و دەکەوتمە گێژاوی، منی منداڵێکی مێشمێلە و قسەزرنگ بەناقەت کپی و ماتی و بێ دەنگی دەروونەرێیسم لە بارەی خامۆشی زەمەردەنیای خۆدەم لەبیر دەکردو دەمچریکاند... ئەڵلاوەیسیم دەوت، هۆشم لە دەست دەداو تەنیاو تەنیا دەچوومە لای وتنی مەقامەکە.

سەرەتای هەنگاونانیان لە دنیای مەقام و نای نای رەبەدەنگێکی ناسکی تاوێتەیە بەزاری منداڵێکی بریندار بەرامبەر بێ باوکی و زۆر جەوڕێکی کەسێکی ستەمکار.

ئەو بوو هاوەڵ و هاوسۆزو هاوخەمم، ئەستێرەو مانگ و ئاسمانیش بەو هەوایەوە بۆیان دەسەنەمەوە. هەر ئەو کپی و ئارامیی شەوەبوو کە دەنگەکانی لە نیوەشەودا گەیاندە ناو ئاوایی، نەمدەزانی کە ئەم شەوو ئەم مەقامە دەبنە رووداوێک و سەرانسەر رێڕەوی ژیانم دەگۆڕن.

زیاتر ئەوەشی وایکرد کە بەرەشەوە خەڵکی ئاوایی گوێیان لێمبێ، ئەوە بوو کە خەوتن لە دەرەوە بوو، لەسەر بانی ماڵەکانیان یا لە حەوشە، "شێخ حەبیب لە بان خانوو بانگی کرد: بارەکەڵلا".

هەر بە دەنگەکەی خۆمەوە چوومە خەو، ئەو دەنگەی بۆ چەند ساتەوەختێک شەکەتی و ماندوویی رۆژی لەبیر خەڵکەکە بردەوە.

بۆ سبەی، لە ناو ئاوایی باس باسی دەنگ و مەقامەکەی منبوو... پرسی ئەوە بوو: داخوا کێ بوو بێ خاوەنی ئەو دەنگە؟... شێخ یەکێ بوو لەوانەی کە دەیپرسی،

وەڵامەکە بە شەرمێکەوە لای خاڵۆم دەدرایەوە کە "عەلی خوشکەزام بوو، ئەو بەلای خەرمانەوە دەیوت".

شێخ و خەڵکی باوام چاوش دەستخۆشیان بەوا لە من دەکردو رەحمەتیوویی لە باوکم دەکەن کە منی ئاوای خستۆتەوە... بۆ دەنگ و وتن و جوانی وریکیی.

لە خەرمانەکەوە، چێشتەنگاوێك دەگەڕامەوە، گشتیان لێیان دەڕوانیم و هەشبوو گەرم گەرم خۆشی و چۆنی لێ دەکردم، هەشبوو ستایشی دەنگ و گۆرانیەکەی دەکردم، ئەوکات زانیم کە ئاوایی گوێیان لێمبووە... عومریشم ببووە پانزە ساڵان. وام هەستکرد خوێنی جەستەم زایە دەم و چاوم و شەرمێك گرتمی... سەرم دادەخست، هەبوو داوای دەکرد بۆی بڵێم، بەڵام خاڵۆم، خاڵۆی دڵڕەق.

" فەقەت شێخ شەخسێ ئاقڵ و کەیفچی و سوعبەتچی و نوکتەباز بوو، شەخسێ عالی مەقامبوو، بەیانیان ئەهلی دێ کە ئەچوونە لای قاوەیان ئەخواردەوە، ئەو بەیانیە شێخ تەشریفی هات دانیشت، لە پاش قاوە خواردنەوە فەرمووی:

- قەومەکە، ئیمشەو گوێم لە دەنگێ غەریب و زۆر خۆشبوو، ئەڵلاوەیسی ئەوت، وەڵلاهی دڵمی تەزاند... ئەبێ کێ بێ؟

شەخسێ بەناو خاڵۆمراد لە عەشرەت رۆژبەیانی ئەڵێ:

- یاشێخ عەلی مەردانبووە".

شێخ حەسیب ئێوارە بانگی کردمە دیوەخان. چووم بەڵام بە شپرزەیی و پەشۆکاوی، ئەوێکانێ جمەی دەهات، خدری بارام چاوشیان تێدا بوو، بەخێرهاتن و پیا هەڵدانم لەملاولا دەبیسترا، ئەمە زیاتری پەشۆکانم، منێکی مێردمناڵی تازەپێگەیشتووی نامۆ بەم تەرحە مامەڵەو پیا هەڵدانە... زۆری نەبرد گشتی ئەمانە بوونە پاڵنەرو پەشۆکاویم کەم کەم پێیان ڕەویەوە، هێزو توانەیەکی ئەوتۆم تێدا پەیدابوو کە شتەکان بە ئاسایی وەرگرم، لەتەك دەوروبەرمدا رابێم.

ئێوارەیەکی تر، بە هۆی خاڵۆمەوە، بە تایبەت بانگکرام بۆ دیوەخان و بە پاڵ خدری بارام چاوەشەوە لە لای شێخەوە دانیشتین و شێخ لوتفی هەبوو و کەوتە دواندنم، دوایی داوای لە خدر کرد کە بکەوێتە تەمبور لێدان تا منیش مەقامی بۆ بڵێم. دروستی وتنەکەم و دەنگەکەشم کارێکی زۆریان کردە سەر ئامادەبووان... جوان جوان

پێ بەپێی تەمبورەکە دەرۆیشتم هەماهەنگیم لە تەکدا دەکرد، هێنند بە شۆخی و ناسکی پەنجەکانی خدر بەسەر ژێکانی پێی تەمبوردا[1] رەتدەبوون، شەپۆلی دەنگ و ئاوازەکان هەموانی مەستکرد، هاواری (دەستخۆش و دەخۆش)ی لەملاولا بەرزکردەوە. بەلآم هەر لەوێدا وام هەستکرد کە خدری مامۆستام بەرامبەرم گۆڕا... بەوەی وای دەزانی لە دیوەخاندا دەبمە مێملی و جێ بەر لێژەدەکەم لە لای شێخ جێی دەگرمەوە.

جا هەر بۆ ئەوەی دۆستایەتی و پەیوەندیە خۆشەکەمان نەپسێ و دڵیشم لێ نەیەشێ، بە بەهانەی کارو فرمانی خەلەو خەرمانی ئەو دەشتەوە، کەم کەم سەردانەکانی دیوەخانم کەمکردەوە خۆم لێ دەتەکاندەوە... تەنیا کات و شوێنێ کە گۆرانیم تێدا دەوت، شەوانی درێنەو سەر خەرمان بوو، ئەمەش وەك مەشقكردنێك بوو بۆم کە چاکترو رەوانتر فێری مەقامبێژی بم و لێی دانەبڕێم.

بۆ هەندێ کارو فەرمانی خالۆم، ناوبەناو دەچووینە کەرکوك، لەو سەردانانەمدا هەندێ لەوانەم دەبینی کە بەراستی مەقامبێژ بوون، وەك: محەمەد خەلیل، حاجی نوعمان قەسساب، سەید ئەحمەد حەدداد، خالۆ عەلی قەلآیی و عوسمان تەپلە سەرە،

---

[1] — تەنبور، تەمبور یا طنبور: وەیا هەر ناوێکی تر بۆ ئەم ئامێرە مۆسیقاییە، وەك لە پەراوێزێکی تردا باسکرا، بەلآم مامۆستا خۆی (تەمبور) ی بۆ بەکارهێناوە.

یەك لە وانەی لە تازەترین بەرهەمێکی دەنگ ئاواز و ئامێرە مۆسیقاییەکان دواوە، لە (دابەشکردنی ئامێرە مۆسیقاییەکان) دا دەیانکاتە سێ بەش: ئامێرە ژێ دارەکان، ئامێرە هەوایی فوویپێکەرەکان، ئامێری ئیقاع و کوتان. جا لە بەشی یەکەمدا ئەمانەی ریز کردووە: عوود و خێزانەکەی و ئەوانەی لەوە دەچن وەك: تەنبور، کەمان، گیتار، شاهرود، کیران، بەربەت و قیولا. بۆ زیاتر بڕوانە: (د. محمد عبد الرحمن المرعشلي: الغناء و المعازف في الاعلام المعاصر وحكمها في الاسلام، دار المعرفة، ط ۱ — ۲۰۰٦ بيروت ص ٤٩).

کە ئەمەی دواییان هەتا سالآنی ١٩٥٨یـش مـابوو، لـە کۆتـایی ئـەو سـالەدا لـە گەڕەکی (تل محمد)ی بەغدا سەردانێکی کردم.[1]

[1] — جگە لەمانە هەردەوێڵ کاکەیی لە وتارێکیدا ژمارەیەکی زۆر ناوی ئەو کەسانە دەبات کـە کـاتی خـۆی مەقامبێژی دەڤەری گەرمیان بوون، ئەوانە: (عەبدوڵلا سەعید عەربەتی، حەمەدەمین تاڵەبانی، مەلا حوسێنی مەلا غولام کاکەیی، حەمە خەلیل تەپۆلۆیی، حەمە عەلی داودی، رەحمەتوڵلاشـەئناغی کـوردە، ئـەوڕەحمانی جەباری، خەیروڵلا خەیات، حوسێن عەلی، مام شەوکەتی کاکەیی، شوکر جەبیرانی چـۆلمەکی، عارفـە دەلسۆی کاکەیی، حەمە پیرە، مەلا رەلی، حەمە درێژ، ئەحمەد فەرەج میلناسری بەرزنجی، سەیید رەئووف هـەناردیی، حەمە نینجەی زەنگەنە، مام غولامی، مام خۆرشید، دەرویش نادر، رەمەزان عەزیز چۆلمەکی، سـەیید کـەریم جەباری، شێخ عەولعەزیز شێخ سمائیل بەرزنجی، شوکر خەیات و ئەحمەدی عاسم و زۆری تر).
(ناسۆی فۆلکلۆر ، کۆڤار : ژ ١٦ — ردەوێل کاکەیی : دەینەوێ مەقەمەکانیشمان ...ل ٢٢) .



شێخ حەسیب تاڵەبانی

عاشقێکی هەلوەدا

سات و رۆژەکانی ژیان تێدەپەڕین و لەتەك خۆیاندا خۆشـی و ناخۆشـیان دەهێنـا... ناخۆشی و خەم لە مامەڵەو هەڵس وکەوتەکانی خاڵۆم بەرامبـەرمان، خۆشـی لـەو ساتە وەختانەی کە تەنیا دەبووم هەموو کەیفێکم دەهاتە سەر مەقام و گۆرانی وتـن، رۆژ بەرۆژ تیا قاڵتر دەبووم و قەریحـەم زیـاتر دەکرایـەوەو قـورگم پـاکتر دەبـوو، وەك گوڵێکی رەنگین، بەهرەم دەگەشایەوە.

بە پاڵ ئەو هەموو پەژارەو کوێرەوەریەی بەدەست خاڵۆمـەوە دەمانچەشت، کـە لێمـان ببووە دەردەسەریەکی بەردەوام، هێشتا حـەزو ئارەزوەکـانی مێردمنـاڵیی و لاوێکـی هەرزە نەیدەویست دەست بەردارمبێ و فەرامۆشکات، هەستم دەکرد کە رۆژ لە دوای رۆژ دەبەوێ توندتر لە خۆیەوەمپێچێ.

لە لەیلان، کابرایەك (سەمەدی باروتچی)یان پێدەوت، ئەو نازناوەشی لەوەوەبوو کـە خەریکی (بارود) دروستکردنبوو لـە شـیاکەو تەپپاڵـەو رێخـی ئـاژەڵ، لـە لـەیلان

باروتچیەکان ئەمانەیان لە مەنجەڵی گەورە گەورەدا دەناو ئاوی کوڵهاتوویان بەسەردا دەکرد، مەنجەڵ و قازانەکان بنەکانیان کونکونبوون، تەشتی گەورەیان لــە ژێردابــوو، ئەو ئاوە کوڵهاتووەی دەکرا بەسەر ڕیخەکەدا لە ژێــرەوە لــەو تەشــتانەدا کــۆ دەبــۆوەو، دەخرانە سەر ئاگرو خڵتەکاو شکدەکرایەوە.

دوای چەند کارێکی تایبەت بارودیان بەرهەمدەهێنا، ئەمەش کارێکبوو هەر خۆیان دەیانزانی، لە ناویاندا دەرنەدەچوو تا کەسی تر فێری نەبێ.

سەمەدی باروتچی ئەوکات دوو کچی بوو، ئامینــەو نەعیمــە)، خــاڵۆم لــە ژێــرەوە لەگەڵ نەعیمەدا خەریکبوو، زوو زوو دەست بە دیاری سەردانی دەکــردن، تــەمایاری ئەوەبوو نەعیمەی بۆ ببێ و بیخوازێ... جارو باری واشهەبوو دیاری و شتەکانی بەمنا دەنارد، لەم هاتوچۆیەمدا هەستمکرد جۆرە سۆزو پەیوەندیەکی سەیر لە نێــو مــن و کچە بچوکەکەیاندا (ئامینە) پەیدا ببوو، هەر کە دەرگەی لێدەکردمەوە، یا لــە دور دەمدی... دڵم دەکەوتە پەلەپەل و دەشڵەژام، کە بەرغەلەکەم دادەگێڕاو دەمبردەوە بــۆ ناو ئاوایی، لــە جۆگــە بــە گۆزەیــە ئــاوەوە چــاومدەکردو بــە بــەر مــاڵی خاڵۆمــدا تێدەپەڕی... ئیتر مــن دڵــم ســەردەکەوت و شــپرزە دەبــووم، ئــەمجۆرە هەســت و سـۆزە شاراوەیە بە بێدەنگ لە نێوان خۆم و ئامینەدا هاتبووەدی... ئەمــەش شــتێکی تــازەو بۆ یەکەمجارمبوو لە ژیانمدا... ئاوام بەسەربێ!!، بەڵام ئەم دڵە کوتێ و پەشۆکاویە بە درێژایی تەمەنم بووە هاوڕێ و لێم نەبۆوە، لە هەر بارو ڕوداوێکی هــاو شــێوەدا لــێم دەهاتەوەو بەهەمان دەستور دایدەگرتمەوە. هەرچــی جوانییــەکم بــدیبا ئــاوام بەســەر دەهات، ئەمەش ئەوە بوو کە لە قوڵایی دڵمەوە، لــە ناخمــەوە ئامینــەم دەویســت و دڵمدابوویە، ئەو ڕۆژەی نەمدیبایە بە ڕۆژێکم نەدەزانی لــە تەمــەنی پــڕ لــە خــەم و ئازارو هیلاکیم.

هەر ئەم دیاردەیەشبوو زیاتر هانیدام بۆ بیاهێنانی تەنانی و گوزەرانی ڕقی بە پیالای جوانییەکەیدا، بەرنەدرام.

ئەمەشیان بووە تاریکی ئەفسوناوی وا کە دەرگەی داخراوی دڵمی بەرگکاری خۆشیدا کردەوە، ئەمەشە ئەو دازناوەبوو کە خۆم بەسەر ئامێنەمدا دابڕیبوو.

ئەم پەیوەندییە دووقۆڵییەی من و خاڵۆم بە ئامێنەی نەعیمەوە جۆرێك ساردی و گرژی لە نێوان خاڵۆم و سەمەددا هێنابووەوە هەرچەندە ئەم پەیوەندییەمان پاك و دوور لە خواستی خراپەوە بوو، بەڵام شۆ لە سەردەمێکدا بوو کە ئەمجۆرە پەیوەندییانە بە خراپی و گومانێکی بێ سنوورەوە تێیاندەڕوانرا.

خاڵۆم هەستی بەم ساردی و گرژییە کردبوو، خوا خوای هەر هەلێکی بوو تا ئەم ساردی و گرژییە بڕەوێنێتەوە یا هیچنەبێ خاویکاتەوە... خۆی لە باوکی نەعیمە نزیکبکاتەوە، بەڵام بێسوودبوو.

ڕۆژێك پەنای پێگرتم و پێی وتم کە بچم هەندێ ژەهر تێکەڵ بە ئالیکی ئەسپەکەی سەمەد بکەم، ئەو ئەسپە ڕەسەنە بۆشناخەی کە هەمیشەو لە هەرجێیە خۆی پێوەبادەدا.

کە ئەسپی داماو لەو ئالیکەی خوارد بۆ سبەی لە تەویلەکەیاندا بووە لاکێکی تۆپیو!

هەر ئەو ڕۆژە سەمەد بە ناچاری، هات وداوای ئەسپێکی کرد لە خاڵۆم، تا مرداروەبوەکەی خۆی پێ ڕاکێشێ بۆ دوور لە ئاوایی.

خاڵۆم مەبەستی سەرەکی لەو کارەی ئالەمەدا بوو، گورج بانگی کردم و پێی وتم کە باشترین ئەسپی لە تەویلەکە بۆ دەربێنم و بۆیانبەرم، وە بشلێم کە ئەمە دیارییەکە لە خاڵۆ عارفەوە بۆ باوکی نەعیمە.

لـــەورۆژەوە هەمووشـــت وەك خـــۆی لێهاتـــەوەو دۆســـتایەتیەکەی جارانیـــان لەوســـا توندوتۆڵتر بۆوە. ئەوەش بەهۆی ئەو (جوامێری و پیاوەتیە باشەی) خاڵۆم کە لەگەڵیا کرد!!

خاڵۆم خاوەنی هاوسەرێکی چاکی خانـەدانی بـە حورمـەت و خزمـەتگوزاربوو، لـە خانەوادەیەکی باش و رێزدار، کەچی ئەو ئافرەتـە دامـاوەش گـیرۆدەی دەسـتی بـوو. خاڵۆژنم ناوی (مەحبوبەی عەزیز) بوو، بەلاّم ئەو بە (مەعبوب) بانگدەکرا، تا ئـەو کاتە سێ کچ و کوڕێکی لێی هەبوو، کچە گەورەکـەی (نەجیبـە) کـە هـەر زوو بـە کۆرپەیی مردبوو، جا تەسکەرەکەی ئەویان دابووە (نەجمـە) کـە بەدوایـدا هـاتبوو، ئەوی تر (شەکیبە)ی ناوبوو کورە بچووکەکەشی (کەریم)ی ناوبوو.

جگە لەمانە زەویەکی چاکیشی هەبوو سالاّنە دەیکردە گـەنم، بـێ لـە رانەمـەڕێکی گەورەو سەرباری ئەو میراتیانەی لە باوکمەوە دەستی بەسـەریاندا گـرت، لـە زەوی و ئاژەڵ، بەبیانووی ئەوەی کە گەورەمانەو سەرپەرشتیماندەکات و گرتووینەتـە خـۆی و بۆتە(وەلی ئەمر)مان.

کە لەگەڵ رۆژگاردا پێدەگەیشتم و فامم دەکردەوە، هۆشم بـە بـەر خۆمـدا دەهێنـا، زیاترو قوڵتر بیرم لە کاروباری دنیـا دەکـردەوەو گێروگرفتـەکانی ژیـانم ورد دەکـردەوە هەوڵی تێگەیشتنیانم دەدا، لەولاشەوە خۆشەویستی و هونەرەکەم وایانکردبوو لێم کە ببمە کەسێی ناسك و هەستیاری ئەوتۆ کە بـە لەرەیـەکی ئاسـتەم بتلێمـەوەو خـەم وبەژارە دامگرن... زوو زوو هەنـدێ خـەیالاّت راگوزارانـە بـە مێـشکمدا دەهـاتن و دەچوون، توڕیاندەدامە دەریایەك لێکدانەوەو ئەندێـشەی سـەیر سـەیر. جارێـك لـەو جارانەی کە لەسەر خەرمانەکە بەگازی پشتا راکـشابووم لەبـەر خۆمـەوە گـۆرانیم دەچڕی، ئەوەندەمزانی دەنگێکی ناسك دای بە گـوێم و سـلاّوی لێکـردم، لامکـردەوە بەلایدا... دەبینم نەعیمەی خوشکی ئامینەیە.

گورج هەستام و بەخێرهاتنم کرد، (بەر لەمە بیرم لەوە کردبۆوە کـە بـا بەڕاستـی و ئاشکرا خۆشەویستی خۆم بۆ ئامینە بدرکێنم)... کە ئەم هەلەم ئاوا بۆ هاتە پـێش و ئاوا نەعیمە هاتە بەردەستم، ئیتر حەزمکرد گرێی دڵی خۆمی لەلا بکەمـەوەو زیـاد لەمە باسی چۆنیەتی تۆپینی ئەسپەکەشیانی بۆ بکەم، دەمویـست بەمـە تۆڵـە لـە خاڵۆم بکەمەوە.

بەڵام دوای ئەو قسانەی بۆ نەعیمەمکردو ئەوەی پاشان رویدا، گشتی بە پێـچەوانەی ئەوەوەبوو کە من دەمویست ببێ!!

ئەو تەنیا ئەوەی بۆ باوکی گێڕابووەوە کە پەیوەندی بە مـن و ئامینـەوە بـوو، باسـی ئەسپەکەو تـۆپینی ئەسـپەکەیان، هەربەلایـدا نەچـووبوو و هیـچی نەدرکانـدبوو، ئەمەش بۆ؟ نەمدەزانی.

خۆ بۆ داپۆشینی هەچ گومانێك لە پەیوەندی خۆی بە خاڵۆمـەوە کـە هـەیبو... زۆر لەسەری نەڕۆیی. بەڵام سەمەدی باروتچی لە لای خـاڵۆم گلەییـەکی زۆری لـە مـن کردبـوو و سـەزەنشتی هەڵـسوکەوتی کردبـووم، بـە تایبـەت ئـەو گۆرانیـەی کـە شیعرەکەیم بەسەر (عەششە)دا هەڵداوەو لەناو ئاواییـدا بـووە بـە قـاوو زانیویانـەو دەیڵێنەوە... ئەمەش ناویانی زڕاندووەو بۆتە شوورەیی بۆیان.[1]

پاش رۆژێکی پڕ لە کاروفەرمان، مێلاك و ماندوی ئەو دەشتە، لە قرچەی هاوینێکی گەرمی ئەو گەرمیانەدا، ئێوارەکەی بەرەو ماڵ بوومەوە، تا پـشوویە بـدەم و کـەمێ

---

[1]- وەك دەوترێ ماموستا گۆرانیەکی هەیە بە ترکی (گوێزم لەیلانلی قزی- چاودکەم کچە لەیلانیی) کـە لـە ١٩٢٢ لە بەغداش لە سەر قەوان تۆماری کردووەو دیارە سەرچاوەی ئەمە دەبێ لەو عیشقەوە بێ کـە خـۆی باسی دەکات.

بۆ گۆرانیە ترکیەکە کاك چالاکی شێخ حەسیبی تالەبانی ئەوەی پشتڕاستکردەوە و هەروا (هەڵگورد) ناوێك لە (کاروان -- گۆڤار) ی ژ (٢) ی ١٩٨٤ -- ل(٨١) دا باسی لێوە دەکات.

بخەوێمەوەو نانێکیش بخۆم، خاڵۆژنە مەعبوبم نانەکەی بۆ دەولێمە چێشتە شلەکەوە، منیش چوارمەشقی بەتاسوقەوە بۆی دانیشتم و دەستمکردە خواردنی تریتەکە.

لەپڕ خاڵۆم خۆیکرد بەماڵاو کە چاوی پێم کەوت توڕەبی گرتی و چاوی پەڕیە پشتی سەری... دەستی کردە لۆمەو قسە پێوتنم، پیسترین جوێن و قیزەوەنترین قسەی دەدا بە گوێمدا.

دانم بە خۆمدا گرت و وامدەردەخست کە گوێ بە قسە ناشرینەکانی نادەم... خۆم بە تریت خواردنەکەوە خەریککرد، دوایی چوارمەشقی ئانیشکم خستە بان لەپی دەستەکەی ترم و لێم نەدەڕوانی... بەمە زیاتر خاڵوم شێتگیر بوو، پڕی دایە شەنەکەو ماڵی بەنەرماییەکەی باڵی چەپمداو بە قووڵی زاماریکرد، بە ئێشێکی زۆرەوە خوێن هاتەخوار، تا ئەژنۆو ڕانیشم خوێناوی بوون... جووڵەم نەکردو هەر بێدەنگ بووم، بەو پەڕی ساردیەوە شێوی خۆم کردو لێبووومەوە، بەدەر لە هەڵچوون خۆم لە خوێنەکە پاککردو بەرەو ڕووی چووم و دەستیم ماچ کرد... ئەوسا لە ماڵ چوومە دەر.

چاکەی خاڵ بۆ خوارزا

منداڵ بووم ماڵمان کە چوو بۆ لێلان\
فیکرتان لام بێ تو شاهی گەیلان\
لەوێ باوکم مرد ئەمن منداڵ بوم\
تێ نەگەیشتوو کەللە بەتاڵ بووم\
قەت خۆزگەم نەبێ بە وەخت منداڵی\
ڕەببی کەس وەك من نەکێشێ تاڵی\
خاڵۆ بووە سەرۆك سەرو سامانم\
ژینی لێم تاڵ کرد بڕی زوبانم:\
هەنیو گوێ بگرە لە قسەی خاڵت

خونچە و خونچەکەم و دایکە وەیاڵێت
خۆشک کارکەر، خۆزێ ببێتە جوتیار
گەریانی ئیتر نەکەی ئەتبەستمە دار
سەد دار لە بەرقی سەرتا ئەشکێنم
دەماری جەستەت گشتی دەردەهێنم
چاک گوێ بگرنە باسی مندالیم
چۆنم ئەنۆشی زاراو تاڵیم
تاڵەت و ژینم وەک زاری مار بوو
رۆژی روناکم لا شەوی تار بوو
هەرکەس ئەیبینیم بەزەیی پیام ئەهات،
سەیرەم هەڵئەبوو بۆ رای بەسەر هات [1]
ئەمووت ئەی خاڵۆ لە چاو زەلیلی بی،
بۆ گۆڕاو کەفن لە ژێر بەری بی
تۆزێ رەحمەت بێ ئەمن خوارزاتم
مندال و هەتیو داڵدە لە لاتم
لە جێی مەدرەسە سەگەڵەوان بم
بەشەو خزمەتکار بەردەستی میوان بم
ئەم کەم گەورە بووم تەرفیعی پێم کرد
کلاشە پەرۆی دزمی لەپێم کرد
زستانان جووتیار بە هاوین سەپان
بەبێ حەق حقوق تەنها وشکە نان

---

[1] سەیرەم : سیحری ئەم

سەرەڕای جنێوو تف و تیێ هەڵدان
خەوو خواردنی لیێ کردم بە ژان
بەعزە شەوێکیش ئەیکردمە شوان
بیێ قاپوت لە چۆڵ هەتاکو بەیان
وەك لەق لەق ددانم ئەدا بە یەکدا
خوا بە قوودرەتی سەبووریمی دا
لە جیاتی خۆشی خەمم ئەنۆشی
مەحرووم بووم لە گشت کەیفێکو خۆشی
سیێ مانگەی بەهار ئەمکێڵا بەهار
لە دەشتی چۆڵ و کەس لیێ نادیار
بە پێخاووسی و بە نانێکی جۆ
لە کیسە خامیێ سیێ چوار قومی دۆ
لە وەختی درەو ئەبووم بە پالاَ [2]
سەرو پیێ خاروس بیێ کلاَش و کالاَ
شەغرەشم ئەبەست خۆم کێشەم ئەکرد [3]
شەو تا دەم بەیان گێرەشم ئەکرد:
هەتیو چەند شومی ناگری قسەی کەس
ئەوا شەماڵ هات شەنت بگرە دەس
ساڵ هەڵگەڕاوە هەم تەرفیعم کرد
خوا شوکر ئەمساڵ دەشەقم زیاد کرد

---

[2] پالاَ: پالّە ، جوتیار

٣- شەغرەش : یان شەغرە: مەلۆ (گەنم یاجۆ پاش درۆینە بەستەی ددکەن بۆ خەرمان و دوایی کوتانی)

ناسۆرەکانی "هەفتەغار"

دەوروبەری هەژدەساڵانم پڕکردبۆوە کە ئەوەم بەسەر هات و بۆ دواجار لە لەیلان دەرچووم، لە ماڵی خاڵۆم دەرچووم و نەگەڕامەوە، ئەو ماڵەی ساڵانێکی لێوانلێو لە ئێش و داخ و کڵۆڵیم تێدا بردەسەر... جێم هێشت.
خۆ ئەوەی جار جار دڵی دەدامەوەو مایەی دڵنەوایی بوو بۆم، تەنیا و تەنیا چاکی و دڵ و دەروونی پاك و ڕەوشتی بەرزی خاڵۆژنم بوو، دەمزانی کە ئەویش وەك ئێمە بەدەست ناڵەباریی ئەوەوە دەیچەشت... بەڵام بەبێدەنگی.
دەنگانی، بەو ئێوارەی هاوینە سەری خۆم هەڵگرت، دنیا کش و مات، هاوڕێی ڕێگەم تەنیایی بوو، کەم کەم لە ئاوایی دوورەوە دەکەوتم، وامدەبینی خۆم وێستاوم و ئاوایی لێم دوورەوە دەکەوێ، بەرەو ڕۆژاوا ملمنا، ئەوەم بەبیردا نەدەهات کە دەشێ لەو دەشتەدا سەگ و گورگ و درندە بێنە سەرڕێم... ژانی رامەکەی باڵم و سوێی ڕەفتارەکانی خاڵۆم دابووی بەسەر گشت لایەکی بیرکردنەوەمدا، لە قەهردا مێشکم دەخولایەوەو هەستی دەبزواندم، بۆیە لە قووڵایی ناخمەوە دەنگێ سەری کردو بە (ئای ئای) یەك تێم چریکاند،، بە پاڵ شەپۆلی گورانیەکەشەوە تنۆکە فرمێسکی گەرم لە

دیدەکانمەوە دادەبارین، هەنسك و قوڵپی گریانم گۆرانیەکەیان پێ دەبڕیم، ئـەم حاڵـە بووە پاڵنەرێکی تر لە سەفەرەکەمدا...

بەرەو ئادیار، چارەنووسێك کە خۆشم نەمدەزانی چۆناهی دەبێ، دەستبەتاڵ لە هەموو شتێ.

هەنگاوەکانم گـورجتر کـرد، ڕووەو (هەفتـەغار) بوومـەوە، ڕۆژاوای لـەیلان و خـوار (توزخورماتوو).

لێرە خزم و خۆێشێکمان هەن... درەنگانێکی شەو گەیشتمێ، هەر لـە دوورەوە یـەکێ لەوانەی بەلای خەرمانەوە بوون دەنگی دام و ڕایگـرتم، کـە دڵنیـابوو لـەوەی تـەنیا ڕێبوارێکم سلاومکردو چـوومە بەرەوەوپرسـیاری مـاڵی (قـادر)م لێکـرد، (قـادری مێردی ڕابیعە) گورج ڕێگەی ماڵەکەیانی لە ناو ئاوایی پێ نیشاندام.

ماندوویی پەکی خستبووم، چەند سەعاتێکبوو پێم دەکـرد، بـەو هیوایـەی بگەمـە جێگەیەك و بحەوێمـەوە، لـەماڵی خـاڵۆم دورکەوتبوومـەوەو تـەمایاری گەڕانـەوەش نەبووم.

دوو کەڕەت لە درگە تەختەکەیانمدا، لـە سـێیەمدا دەنگـێ لـەو دیـوەوە دەیپرسـی: (کێیە) لەم شەوە درەنگەدا؟

وەلآمم دایەوەو خۆمم پێناساند، دەرگە کرایەوەو بـە گـەرمی بـەخێرهاتنکرام، قـادر خێزانەکەی بەخەبەر هێنا، تا شێوێکم بۆ بکات، بەلآم لـە ڕاسـتیدا برسـیم نـەبوو، ئەوەی دەمویست نوستنێکبوو تا لەشی ماندوو شـەکەتم بحەوێنمـەوە، بۆیـە ڕابیعـە نوێنی هێناو لە سەربان جێگەی بۆ ڕاخستم و ئەمەنـدەی یـەك و دوو چـاوم چـووە خەو... خەوێکی قورس و قووڵ... بێ ئاگاو بێ خوود تا ئەو کاتەی تیـشکی خۆرەکـە کەوتبووە سەرم و بە گەرمییەکەی بەخەبەرم هاتم...

چونکە خواردنی نانی بەیانیم بۆ دانرابوو، هەواڵی قادرم پرسی، وتیان وا لەسەر فەرمانە، هەردوو کوڕە بچکۆلەکەیان (حەمید و مەجید) بەرامبەرم دانیشتبوون، مەجید گەورەکەیانبوو دەچوونەوە سەر باوکیان، بە هەمان بزەیەک ڕەنگیان سوور هەڵدەگەڕا.

ئەوارا، ئەم خێزانە بچووکە باوەشی خۆیان بۆ کردمەوەو گرتمیانە خۆیان، دوو ڕۆژ مامەوە، لە ماوەیەدا کورتە و پوختە مەسەلەی خۆمم بۆ قادر گێڕایەوە، کە چۆن بڕیارمداوە جارێکی تر سەر بە ماڵی خاڵۆمدا نەکەمەوە، بەشکم کارێک بگرمە دەست و خۆمی پێ بژێنم و شوێنێکیش بێ تێیدا بحەوێم.

قادر ئیشێکی بۆ دۆزیەوە، لەگەڵ مەفرەزەیەکی چیاکردنەوەی پاراستنی هێڵی شەمەندەفەری کەرکوک - بەغدا کە بەناو ناوایەکەدا تێدەپەڕی وەک کرێکاری پاڵیانی (طرزینة)[1]، بەجۆرە بوومە کرێکاری هێڵی شەمەندەفەر لە ناوایی مەقتەنار بان وەک لەسەر لەوحەی ئیستگەکەیان نووسیبوو (المقتنار)!!

لێرەدا دەمەوێ ئیشارە بۆ ئەوە بدەم کە حکومەتە دروستکراوەکەی دەستی ئینگلیز لە عێراق[2] هەمیشە دەیویست ناوە کوردییەکان بگۆڕێ بۆ ناوی عەرەبی بەبێ هەرنەبێ ناوێک نزیکبێ لە عەرەبییەکەوە، ئەوان قەت ڕێزیان لە هەستی قەومایەتی کورد نەگرتووە.

---

[1] طرزینة: لە شێوەی عەرەبانەیەکدا چوار پێچکەیی دەخرایە سەر هێڵی ئاسنی شەمەندەفەرەکەو دوان پاڵیان پێوە دەنا، ئەمە وەک مەفرەزەی چاکردنەوە لە هەر کوێ هێڵی ئاسنەکە خراپبرایە یا شەمەندەفەرەکە پەکی بکەوتایە ئەمان دەچوون بە لای دا و چاکیاندەکردەوە.

٢- نەوکاتەی باسی دەکەن هێشتا حکومەتی عێراق دانەمەزرابوو بەڵام کاربەدەستانی ئەوکاتەش هەر بەو گیانی ڕەگەزپەرستییەوە مامەڵەیاندەکرد

مانەوەم لەسەر ئەو ئیشەو لە ئاوایەکەشدا کەمی خایاند، شەوانە لە ماڵی کاك قادر دەمامەوە، جاروباریش لە ئیستگەکە، لە ڕاستیشدا ڕۆژانێکی خۆش و ئاسودەمبوو، ماڵەکە هەمیشە ڕێزیان لێدەگرتم و بەڕووی خۆشەوە مامەڵەیان لەتەکدا دەکردم، وەك یەکێك لە خۆیایانیان دادەنام، برایەتی و برادەرایەتیشم لە تەك خەڵکی ئاواییەکەدا وردە وردە پەیدا کرد، کەم کەم ئەوانیش دەیانناسیم و شارەزای دەنگیشم بوون، جا شەوانە بۆم دەوتن.

لە تەك کاك قادریشدا ژیانێکی سادەو ساکارمان دەبردە سەرو زیاتر ئەوەی کۆی دەکردینەوە دەنگو ئاوازی گۆرانیەکانمانبوو کە زۆر جار پێکەوە دەمانوتن.

کەچی ئەم ڕەوتی ژیانە سادەو ئاسودەیە تا سەر نەبوو، چونکە بەدەستێکی ڕەش لە بەرەبەیانێکدا قادر کوژراو لە لای پۆلیسیش ڕوداوەکە وا درایە قەڵەم کە (بە دەستی نەناسراوێك) بووە!!

ئاوا خوێنی ئەو پیاوە گەنجە ڕۆح سووکە جوامێرە بە فیڕۆ ڕۆیشتو هاوسەرو دوومناڵە بەستەزمانەکانیشی بێکەس و کۆستکەوتوو مانەوە.

دیسانەوە ئەم ڕووداوەش کارێکی زۆری کردە سەر هەست و دەرونم، قەدەر ئەو ڕۆژە خۆشانەی پێ ڕەوا نەبینیم و بەزۆری زانی بۆم، بەو گورزەی تێی سرەواندم، ئەوەشی لێ بردمەوە بۆ خۆی، بەتەنیاو گۆشەگیر لە ئێستگەکە مامەوە، ئارەزوی کەسم نەدەکردو دنیام لێ بووە شەوەزەنگ.

بڕیارمدا واز لە کارەکەم بێنم و هەفتەغارو ئیستگەکەی جێبهێڵم.

لەم دنیایەدا چیم هەبوو لە بوخچەیەکم نان و دشداشەیەك، خاولیەك و کراسێك و تاقمی ریشتاشینەکەم.

ئێوارەیەك لە حەوشەکەدا لە تەك رابیعەو مناڵەکانیدا دانیشتم، کەوتینە قسەو بۆم دەرکەوت ئەویش تەمایارە ئاواییەکە جێبهێڵێ و بچێتە کەرکوك لای خزمەکانی


خۆی لە گەڕەکی شۆرجە. منیش لە لای خۆمەوە پێم ڕاگەیاند کە پاش ئەو ڕوداوە ناخۆشە ئیتر لێرەکانێ چاوم بەرایی نایە بمێنمەوە.
وەك یەك، هەردووکمان ئەو ئاواییەمان لەبەر چاوکەوتبوو، ئەو لە پەژارەو ئاسۆری مێردە بێگوناهو چاکەکەی و منیش بۆ لەدەستدانی ئەو کەسە دڵسۆزەم کە لە جێی برامبوو وەبەغەدر و نایناهەق کوشتیان.
دەستم لە کارەکەم کێشایەوەو چیم لە کرێی ئەو چەند ڕۆژە دەکەوت دایانپێم و ماڵئاواییم لە هەفتەغارکردوو سواری شەمەندەفەر بووم بەرەو بەغدا.

تا ئەهات چاکتر تێمی هەڵئەدا[1]
بە شەپی دەستی لە پشت ملمی ئەدا [2]
جگە لە جنێو بە گۆپاڵ لێدان
لێم ئەبوو بە پڵنگ شێرو پاڵەوان
جنێو، سەرباقی بە تفی زل زل
بەشەق ئەیبردم زۆر چاك تلاوتل
غەدرو تەعەددا، ئیشێکی وای کرد
شەوێ لەناکاو لە دەسی ڕام کرد
یەکسەر ڕێمگرتەبەر بۆ هەفتەغار
بومە عەمەلەی سەر سکەی قیتار
خاڵۆ وا نەبێ جا بۆ چی چاکە
خوارزا نیوە شەو لە دەستی ڕاکا

باستبۆ بکەم کردەوەی خاڵم
ئەوسا ئەزانی چۆن بووە حاڵم
بەم حاڵە وەختم لێ ڕائەبوری
سبەینان بە تف ئەو چاوم ئەشۆری
گیانەکەم نام چۆن خەلاَسکەم باسی [1]
بەغەیر خۆی قەتعەن نەیئەناسی
لەدێ ی هەفتەغار شەو هەتا بەیان
(قەتار)م ئەروت بە دڵ و بە گیان
من و (قادر) شەو تاکو دەم بەیان
بەستەمان ئەوت بە چەپڵە ڕێزان
نەمزانی (....) زۆر پێی گرانە
قادری بە کوشت دا لە دەم بەیانا
ئینجا یەکجاری من لانەوازبووم
دایم نەخۆش و دڵ پڕ ئازار بووم

[1] - مەبەستی خاڵۆ عارفێەتی کە چوون لە نەیلان گیرۆدە بوو بەدەستێوە

[2] - شەپ : شەپازلە، زللە





دوو دیمەنی دێی (حەفتە غار) دیاری ئەندازیار بورهان مەجید عەبدولا

بەرەو بەغدا

کە سەرکەوتم، ئەو لەشە لاوازەم تربجانە نزیکترین واگۆنی شەمەندەفەرەکە، جگە لە چەند کەسێك لێرەو لەوێ لە سەر کورسیەکان خۆیان مەلاسدابوو، ناو واگۆنەکە چۆڵبوو، کات کەمێ دوای مەغریب بوو، چەند گلۆپێکی زەرد باوی کز ناوەوەی روناك دەکردەوە... ئەو تیشکە لاوازە کە دەیدا بەو رەنگە سەوزە کپەی ناوەوە، دڵی دەگوشی و دیمەنەکەی هێندەی تر پەست و مەراقاوی دەکرد.

بە پەنا پەنجەرەکەدا هەڵکروشکام، تا لێیەوە بتوانم دەرەوە چاوکەم و ئەو ئیستگانەی دەهاتنە رێگەمان بیانبینم، بەڵام لەملاولای رێگە ئاسنەکە تەنیا ئەو زەویانە بەدیار بوون کە تا چاوبڕەکات کرابوونە گەنم... ئاسمان خاوێن و روناکایی مانگیش بریقەی بەو کێڵگانەی سەر رێگە دەدا، ئەستێرەکانیش دەجریسکانەوە، دوای ماوەیە شەمەندەفەرەکە لە ئێستگەی سلێمان بەگی نێزیك هەفتەغار وەستار زۆری نەبرد دەستی بە رۆیشتن کردەوە، هیچی وام پێ نەبوو تەنیا بوخچەکەم و نانێك و هێلکەیەکی کوڵاو و سەلکێ پیاز... ئەمە هەموو توێشوەکەمبوو بۆ رێگە،

بیرکردنـەوەو ئەندێـشەی کوێرەوەریـەکانی ژیـان مانـدویانکردم، بۆیـە لەرینـەوەی شەمەندەفەرەکە لەسەر هێڵە ئاسنەکە رایدەژەنم، جا وردە وردەخەو دیبردمەوە، گورگە خەوێکم لەسەر ئەو کورسیە تەختانە کرد، خۆ کە لە هەندێ شوێن ئێستێکی دەکرد یا کـەمێ رادەوەسـتا، گـورج بـە ئاگـا دەهـاتم و گـوێ قـولاّغ دەبـووم. لـە دەمـی نەفەرەکانەوە دەمبیـست کـە ئەمـە شـارەبانە و ئـەوەش قەرەتەپەیـە یـا جەلـەولاو خەرنابات و باقووبە...ئیتر ئەئاوا ساتێ بە ئاگا و ساتێ نیوە خەوو سـاتێکیش بـەدەم خەیالاّتی ژیان و بەسەرهاتەکانم و ئەو داهاتووە نادیارەی چاوەڕوانمە، وا لە پێشم.

بە شنەیەکی فێنکی بەرەبەیان کە لە پەنجەرەکەوە دەهـات بـە ئاگـا هـاتم، روانیمـە ئاسۆ، وەك دەزوولەیەکی سپی لـە ئاسمـانی رەشـدا بەدیارکـەوت، شـەمەندەفەرەکە نێزیك بەغدا ببۆوە، نەفەرەکان یەك ئەویتری بەخەبەر دەهێنا، تـاوێکی تـر دەگەینـە (باب الشیخ) یان وەك لەلەوحەی ئیستگەکە نووسرابوو (محگە شرقی بغداد).[1]

کەمێ جوولاّم و خۆم قیتکردەوە، لە پەنجەرەکەوە روانیمە دەرەوە، بـۆ دەوروبـەری ئـەم شارەی پێی دەڵێن (بەغدا)، کوورەی خشتەکانی ئەملاو لای هێلە ئاسنەکە، خانووی قوڕو کۆلیتەی بچووك بچووك و زەلکاوی ئاوو زۆنگاوی پـیس کـە گامێـشەکان بـە هاتووچۆیان گێریانـدەکرد، هـەروا دوکـەڵی رەشـی قـەترانی دوکەڵکێـشی کـوورە خشتەکان... گشت ئەمـانە دیمەنی دەوروبەری ئەوڕۆژەی بەغدابوون کە بـۆ یەکـەمجارە دەیبینم و دەچمەناوی. هێشتا هەستم بە هیچ نەدەکرد، هەتا شەمەندەفەرەکە نێزیکتر دەبۆوە من وام دەزانی دەچمە دنیایەکی تازەوە، گەلێ جیاواز لـەوەی لێـوەی هـاتووم... منێکی خەلکی ئاوایی کە هاتوومـەتە پایتەختەوە، هەرچـی تێدایـە لـەلام سـەیرو نامۆیە، تەنیا شتێ کە دلّی خۆشـدەکردم ئـەو نـاوەپیرۆزەی ئیـستگەکەیە و ئـەوەی بەناویەوە ناونراوە، (باب الشیخ) بەناوی (شـێخ عەبـدولقادری گـەیلانی)یـەوە کـە

[1] یان راستتر : محطة سکە حدید باب الشیخ — کرکوك) .

ئەو گەڕەكەی مەرقەدەكەی چەند هەنگاوێكە لێیەوە[1] تێكەڵ بەو خەڵكە موسافیرانە، منیش لە بینای ئێستگەكە چوومە دەر، عەرەبانەیەكی زۆر، زەوەندەی پەلە تەسكی وەستابوو، بەمیانەیاندەوت (ریڵ)... ئەمیانەم مەبەست نەبوو، كارم پێیانەبوو. پرسیاری مەرقەدی شێخم لە یەكێ لە عەرەبانچییەكان كرد، وتی چەند هەنگاوێكە لێرەوە، رۆیشتم تا گەیشتمێ.

زیارەتی مەرقەدی شێخم كردو دەرچووم، هەر لە لای دەرگەكەیەوە بە پلیكانە سەردەكەوتی بۆ سەرەتای گەڕەكێك، بەپاڵ ئەم پلیكانانەوە خەڵكانێك شتیان دەفرۆشت، لە ناویانا نانفرۆش، چوومە بەردەو لە یەكیانم پرسی ئاخۆ ماڵی (محەمەد شەریب عەزیز) نازانیێ؟

كابرای نانفرۆش گورج زانی كە كوردم، بە عەرەبیە خوارو خێچەكەم زەردە دەیگرت، بەخێر هاتنی كردم و پرسی:

- چ كارەیە، خێزانەكەی ناوی چیە؟

پێم وت كە ئەو لە من گەورەترەو خێزانەكەشی (شەمە)ی ناوە.

كابرا راستبۆوەو دیسانەوە بەگەرمی بەخێر هاتنی كردمەوە، وتی: درامكەوە.

سەركەوتین و خۆمان كرد بە یەكەم كۆڵانی لای چەپدا، چەند هەنگاوێكمانناو لەبەر دەرگەیەكی گەورەدا وەستاین، بردمیە ناو حەوشەیەكی فرەوانی گەورە، زۆرو ئۆدە بە

---

[1] زۆربەی خانەوادەو بنەماڵەكانی ئەم گەڕەكە نازناوی (شێخلی) یان ناوە بە خۆیانەوە، چونكە لە پەنا مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدان و بە خۆشی ئەم شێخە پیاو چاكەوە كە سۆفی و خاوەنی تەریقەتی (قادریە). بە تێپەڕینی رۆژگارو ئەو گۆڕانكاریە ئابووری و كۆمەڵایەتی وزانستیی و رۆشنبیریانەی بەسەر دانیشتوانی گەڕەكەكەدا هات و شێوەی ژیانیشیان گۆڕاو زۆر ماڵ وخێزان ئەو ناوەیان جێهێشت و گواستییانەوە بۆ گەڕەكی تازەتر، بەڵام خۆیان و وەچەو نەوەكانیشیان وازیان لەو نازناوەی (شێخلی) بە نەهێناوە و بگرە شانازیشی پێوە دەكەن.

چواردەوریدا، وەك قوتابخانەیەكبێ بەردو یەكێ لەو ئۆدانە چووین و كابرا هاواریكرد (شەمە، شەمە میوانتان هاتووە)... شەمە هاتە دەر.
بە خۆشی و گەرمیەوە بەخێرهاتنی كردم و بە پیرمانەوە هات و وتیشی حەمە غەریب وا لە ئیشە.
كە پیاوەكەی لە ماڵ نەبێ، پێم شەرمبوو بێنمەوەو دانیشم، بۆیە هەر لە تەك كابرادا گەڕامەوە.
دوایی زانیم ئەم پیاوە (فەتاح)ی ناوەو لە عەشرەتی ڕۆژبەیانیە، بە (فەتاحی نانەوا) ناسراوە، هەرچەندخۆی نانەكەی نەدەكرد، (ڕەحمە)ی خێزانی لە ماڵ دەیكردو ئەم دەیفرۆشت، هەردووكیان خەڵكی ناوچەی دوزخورماتوو بوون.
فەتاح سپیكەلەیەكی ناوشان پانی كورتەبنە بوو، دشداشەیەكی لەبەردا بوو و قایشێكی پانی لە كەمەری بەستبوو، جامانەیەكشی بەسەریەوە پێچابوو (چراویە).
بەڵام ڕەحمە، ئەسمەرێكی باڵا بەرز بوو، هەروەك ژنانی گەرمیان (فۆتە)یەكی ڕەشی لەسەرو ملیەوە ئاڵاندبوو، گورج و گۆڵ، هەر لە مەلا بانگدانەوە هەڵدەسوڕاو نانی دەكرد تا بانگی ئێوارە، دوو تەنووری لە حەوشەكەدا دانابوو، یەكیان لە لای دەرگەی دەرەوە، ئەوی تر لە ڕۆژهەڵاتی ماڵەكە... لە بابو شێخدا نانەكەیان بەناوێبوو.
خانووەكەیان سیانزە ئۆدەی گەورەو بچووكی تێدابوو، گشتیان بە كرێ دابوو، ناڵە كوردی خزمیان كە لە كەركوكەوە هاتبوون، فەتاح ئەو خانووەی لە ماڵی (نەقیب)[1]

---

[1]- ماڵی نەقیب : (عبدالرحمن النقیب) لە كەسایەتیە ناودارەكانی بەغدا بوو، یەك لەو سێ كەسە بوو كە دەسەڵاتی ئینگلیز دەستنیشانی كردبوون بۆ ئەوەی بیانكاتە مەلیكی عێراق ؛(مس بیل) لە كتێبەكەیدا باسی دەكا و باسی سەردانێكشی دەكا بۆ ماڵیان ، بەڵام بەهۆی بەساڵاچوونی وازیان لەوە هێنا بیكەنە مەلیك. وادیارە ئەو كاتەی مامۆستا باسی دەكات ماڵی نەقیب لەو ئەوە نەماون و خانووەكەیان داوە بە كرێ ... هەروا یەكەم سەرۆك وەزیرانی حكومەتەكەی بەغدابوو لە ١٩٢١ دا.

گرتبوو و بەدمانەی دابووەوە بەکری... هەر هەمور ئۆدەکان بەسەر حەوشەکەیاندا دەڕوانی، درگەی گەورەش لە ناوەڕستدا بوو، دەرگەیەکی تەختەی ئەستووری پان و پۆڕو قورس، بە بزماری گەورە گەورەی ئاسن کە سەرەکانیان لە شێوەی گۆدا بوون، رازێنرابۆوە.

کە دەچوویتە ژوورەوە تەنوورێك بەلای ڕاستدا بەقەدی دار خورما سەری گیرابوو گڵەبان کرابوو، هەر بەو رووکارەدا ریزێك ژوور بە پاڵ یەکەوە، بەلای چەپیشەوە بەولاتر تەنوورێکی گەورەترو بە دەستووری ئەوەی پێشوو سەری گیرابوو و دارێکی زۆری لە لاوە هەڵچنرابوو بۆ داخستن.

بەپاڵ ئەم تەنوورەوە ژوورێك کرابووە سەرشۆر یا حەمام، هەموان خۆیان تیا دەشت، بە پاڵیشیا یەکێکی بچووکتر کە پەردەیەکی گوێنی بەدەرگەکەیەوە بوو!

لە لای فەتاحی نانەوا دانیشتم، تا حەمە غەریب دەگەڕێتەوە، ورد ورد کەوتە پرسیار لێم: کێم، چ کارەم، لە کوێوە هاتووم، کەس و کارم کێن و لە چ عەشرەتێکم؟ کەمێ دوای نوێژی نیوەڕۆ حەمە غەریب پەیدا بوو، هەر لە دوورەوە چاوی کردم و ناسیمی، بە پیرمەوە هات و بەخێرهاتنی کردم و بردمی بۆ ئۆدەکەی خۆیان... سێ ڕۆژی تەواو میوانیان بووم، پاشان غەریبی و نەبوونی و زمانەنەزانین و نەشارەزاییم... گشتە ئەمان تەنگیان پێ هەڵچنیم و نارەحەتیان کردم، هەرچەندە حەمە غەریب و شەمەی ژنی خزمەتێکی باشیان کردم. بەلاَم خۆم لەدڵەوە حەزم بەو میانەوە حاڵە نەدەکرد لە لایان. لەو سێ ڕۆژەدا کەمێ بەو دەوروبەرەدا گەڕام و بڕە شارەزاییەکم پەیدا کرد. چونکە پێڵاوی غەریبیشم لێرە کرابوو،و دواییش لە تاقی لاوێتیما بوو، جێی تورگەو شوێنی دانیشتنم، یان بە مانایەکی تر بۆ ماوەی چڵ ساڵی داهاتوو لە ژیانمدا لە بابوشێخ ژیانم بردە سەر و تیا سوکنا بووم... بۆیە حەزدەکەم کەمێ باسی ئێرە بکەم و لەسەری بڕۆم.

بە کورتی و پوختی، من (زگورتی) بووم و بەلامەوە گەلێ قورس و گران بوو کە لە تاقە ئۆدەیەکدا لەگەڵ ئەو ژن و مێردەدا بژیم، هەرچی ئۆدەکانی تربوون گشتی خێزانی تێدا بوو، بۆیە دەبوو برۆشتمایە و لێیان جیاببومایەتەوە.

گەڕەکی بابوشێخ لە نێوان دوو شەقامی سەرەکی دا بوو، شەقامی (شێخ عومەر) کە بە ناوی (شێخ عومەری سەهرەوەردی)یەوە ناونرابوو، تائیستەش منارەکەی ماوەو بیناکەی هێند دانسقەیە، هەر کەس لە ژوورویا رۆژهەلاتەوە بهاتایە بەغدا، لێوەی دیاربوو و دیدەی... گۆڕستانی (غزالي)یش هەر لەسەر ئەم شەقامەوە بوو، بەلای راستی کۆتایی شەقامەکە دەچووە سەر مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، بەنزینخانەو ئیستگەی شەمەندەفەریشی لێبوو.

لەولا گۆڕستانەکەوە هیچ بیناو خانوویەکی تر نەبوو... لێرەوە تیتر بەغدا کۆتایی دەهات، جگە لە چۆڵەوانی و گۆماوو زۆنگ کە ببوونە قامیشەلان و زەل، عەرەبەکان پێیاندەوت (زور)، هیچی تر بەولاوە نەبوو.

شەقامەکەی تر، کە دەکەوتە رۆژاوای شێخ عەبدولقادرەوە، پێی دەوترا (جادەی غازی)[1]، بەرامبەر مەرقەدەکە پانتایی و ساحەیەك هەبوو، لێرەدا بەیانیان کرێکاران کۆدەبوونەوەو خاوەن ئیش دەهاتن دەیانبردن، یانی (مەیدانی کرێکاران) بوو، خەڵکی بەغدا بەو جێگەیەیان دەوت (مسطر)، ئەو کاتەش کرێی ئیشکردن بە (روپیە)ی هیندی بوو، کە پارەیەکبوو ئینگلیزەکان هێنابوویان.

منیش بەو وەزعەی کە هەمبوو، تەنیاو لەو ماڵە، دەرچووم و ماڵ ئاواییم لێکردن و خۆمکرد بە یەکێك لە کرێکارانی (مسطر)، تا بتوانم خۆم بژیەنم.

---

١ ئەو سەردەمەی مامۆستا باسی لێوەدەکات (سەرەتای بیستەکان) ئەو شەقامە ناودکەی لەناوی کوڕەکەی (فیصل)دوە نراوە، کە تازە ببوە مەلیکی عێراق، دوای ١٩٥٨/٧/١٤ ناوەکەی گۆڕرا بۆ شەقامی (کفاح).

لەوسەردا، یەکەم ئیشم تووێکاری بوو: سەرخستنی تووڕ، گڵەسووڕ بۆ سەربانی ماڵێکە، یانی گڵە بانکردن، گشت ماڵەکانی بەغدا، لەو رۆژگارەدا، سەربانەکانیان گڵبوو و بەفری دەواشەرابوون تا زستان دڵۆپە نەکەن.

بەم شێوەیە خۆم خەریککردو ئیشم بۆخۆم دۆزیەوە، تا پێی بژیم، دەیپاشە پاشەکەو جێبکەم و لە کوێ ستاریبگرم و بنادرم؟!

جیا بۆ ئەوەی لەو تارمەتییە دەروونییەی ناو تۆدەکەی مەدەنە خەریب خۆم قورتار کەم و لەو (خانە) دەرچم... هەر بەدەم ئیشەکەوە بیرم دەکردەوە، خراپش وابزانن کە ئەو ئیشە لەو رۆژەدا تەواو نەبوو، دوو رۆژی تاقەتێکی تری خواست، بۆیە لە خاوەن ماڵەکە پرسم کە شەو لیام بمێنمەوە، بە تایبەتی خانووەکە چۆڵبوو، کابرا رێگەی دام و بگرە پێشی خۆشبوو، بەجۆرە نووستنی دوو شەوم بۆ خۆم دابینکرد.

تا ئەمە سەرەتای سەفەرێکی دوور و درێژم بوو لە ناو ژیانمدا لە بەغدای کۆن، ئەو بەغدایەی ئەم نیسانە لاوازە بێ دەسەڵاتەی کە لە دەست ئاڵۆزی و خەمەری خاڵۆی هەڵاتبوو گرتە خۆی و لە باوەشی نا. ئەو سێ رۆژ دوو شەوە کە لەو ماڵەدا مامەوە سەرەتای رێگەیەکی دوور و درێژ بوو کە لە غەریبیدا بەسەرمبرد، لە لایەکەوە هیچم شکنەدەبرد جگە لە هەندێ پەڕۆ پاتاڵ، لە لایەکی تر خۆ کە دەستییشم لە ئیش هەڵدەگرت هیچ لایەکم نەبوو بۆی بچم جگە لە بابی شێخ، هەر کە دنیاش تاریک دا دەهات بەرەو ئەو (سیادە)یە دەبوومەوە کە شەمەندەفەرەکەی بەسەردا دەڕۆیی، کلاشەکانم دەنایە ژێر سەرم کەوت و مانەو تا بەیانی شەمەندەفەری لێی رادەکێشام و دەنووستم، بەر لەوەی چاوەکانیشم بچنە خەو، لەو ساتانەدا بێکەسی و تەنیایی و غەریبی دڵیان دەگوشیم و ئۆقرەیان لێدەبریم...

هەروەها سەرەتای هاتنم لە لەیلانەوە بۆ بەغدا، تووشی ناخۆشییەکی زۆر هاتم، مرۆڤێکی لادێیی سادە لە پایتەخت، گرنگترین ئەو ناخۆشییانەش کە رووبەڕووم

بووەوە، کێشەی نیشتەجێ بوو، کە بەڕۆژ زۆر بیرم لێی نەدەکردەوە، چونکە بەکارکردن خەریك بووم، بەڵام کە شەو دادەهات تارماییەك دایدەپۆشیم، تەنانەت هەندێك شەو کەسەرما ئازاری دەدام، پەنام دەبردە بەر یەکێك لە خانەکان کە چەند کەسێکی هەژاری وەکو من و چەند پیاوێکی غەریب و گوێدرێژەکانیانی بەخۆوە دەگرت.

خان وەکو میوانخانە وابوو، ژوورێك کە لەئەشکەوت دەچوو و بەفانۆس ڕووناك دەکرایەوەو لەملاو ئەولاشدا کووپەی ئاوو لەناوەڕاستی خانەکەشدا بیری ئاو هەبوو، لەنزیك بیرە ئاوەکەشەوە قۆرتێك لێدرابوو و بە دیوارێکی نزمی قوڕینی دەورە درابوو ئەمە (ئاودەستخانە)ی ئەو خانە گەورەیەبوو. بەم جۆرە گەشتی ژیانم دەستی پێکرد، گەشتێك زیاتر لە نیو سەدە لەبەغدا.

چاوم دەبڕیە ئەستێرەکان... جار جار بیرم دەکردەوە لەوەی کە زستان هات چی بکەم و چۆن بژیم؟! بەڵام گورج ئەو خەیاڵانەم لە مێشك دەردەکردو لە بیر خۆمم دەبردنەوە، خۆم بە خۆمم دەوت: ئەو خەمە بۆ ئەو دەمە.

نە دایك، نە باوك، نە خوشك و نەبرا... بێکەس و کەسم بەسەردا نەکەوتبوو، تاقە هاوڕێی تەنیاییم لەو شەوانەدا هەر مەقامبوو[١]، زۆرترین هۆشم دابوویەو هەر

---

[١] - (أبراهیم الزبیدی) کە لە سەرەتای شەستەکانەوە چۆتە نێوەندی نێزگەو تەلەفیزیۆن و وەك بێژەرێکی سەرکەوتوو و شارەزا بە پلەکانی وەزیفەکەیدا تا(بەڕێوەبەر و سەرۆکی بێژەرەکان) چووە، لە باسی (مەقام)دا زۆر شارەزایانە وەسفێکی ئەمجۆرە هونەرەی گۆرانیە دەکەو دەڵێ: (مۆسیقۆلۆژیە عێراقیەکان چاك دەزانن بەوەدەکەن کە ئەوەی پێی دەوترێ — مەقام — لە گرانترین و سەخترین جۆرێکی گۆرانی و ئاوازە کە لەولاتدا کەسانێك دەیبێژن" جگە لەوانە کە دەنگیان تەواوبوو کەسیدیکە نەیتوانیوە خۆی لەقەرەی بدات" مەقامبێژی تەواو دەبێ بتوانێ وا بۆی هەستێ تا بگاتە بەرزترین پلەی پەیژەی مۆسیقایی، وەیان بەوتەی ئەهلی مۆسیقازانان — مۆسیقۆلۆژیەکان — مەقامبێژ دەبێ بتوانێ وابۆی هەستێ تا دەگاتە — جەواب — و — جەوابی جەوابیش — ئەوسا دابەزێتە ئاستی — قەرار —.

دەموتەوە، بە ئەڵڵاوەیسی و ئای ئای و قۆریاتەوە[2] لەم دێر شیعری کوردیەوە بۆ ئەوی تر بازبازێنم بوو، پاشان دەمکردە تورکی و فارسی، جار جاریش ستایشە ئاییینیەکانم بەسەرەدەکردەوەو ڕووم لە خوادەکردو لێی دەلالآمەوە.

جا هەر مەقامێ لەمەقامەکان لە – تەحریر – ەوە دەستدەداتێ" لە نزمترین پلەی بەیژەی مۆسیقاییەوە تا وردە وردە بەرزی دەکاتەوە بۆ ئاستی چین –طبقات –ەکانی سەرەوە، بە مەرجێ ئەشازیی تێدا نەنوێنێ، لە هەستانەوەو دابەزینیشدا جوانی و پەسەندییەکەی بپارێزێ..... بۆ ئەوەی کارەکەی – مەقبوول –بێ.

(ابراهیم الزبیدي: دولة الاذاعة. دار الحكمة – لندن ۲۰۰۲ ص ۱٤٧).

[2] - قۆریات – خۆریات – قۆیرات: چوارینێکی پڕ مانایە بە (تەوریە وجیناس) ڕازاوەتەوە، خۆریاتی خۆشی و ناخۆشی یا بۆ ڕۆژانی ماوتەمیش هەیە، لەو خۆریات خوێنە ناشانەی کەرکوک (عبد الواحد کرزەچی، ڕەشە کوێو ردز)و لەناو ئافرەتیشدا (کەرکوک قیزی)، مامۆستا عەلی مەردانیش یەکێکبووە لەو هونەرمەندانەی کە مەقامی قۆریاتی بە باشی دەوتەوە، وە مامۆستا (یونس تۆفیق ئامان) ئامۆزای مامۆستا رەفیق حیلمی دەنگوئاوازێکی باشی هەبوو. (عطاالله طرزی باشی) قۆریاتی کەرکوکی لە دوو بەرگدا کۆکردۆتەوەو لە چاپی داون.

بڕوانە: (مستەفا نەریمان: بیرەوەریەکانم، دەزگای، ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی بەغدا ۱۹۹٤ – ل ۱۸٤).



شەقامی شێخ عەبدولقادر گەیلانی
لەبەغدای کۆندا..



دەرگای خۆرهەڵاتی بەغدای
کۆن کە ئەسراوەبە "باب
الشرجي"؛ کە ئێستا گۆڕەپانی
ئازادییە "ساحه التحرير"



یەکەم پرد کە لەبەغدا دامەزرا لەلای بازاری "سوق السرای" کە ڕەسافە بە هەردوولای بەغداوە دەلکێنێ و پێکهاتبوو لە چەند بەلەمێکی گەورە کە یەك بەویتری بە گوریس لەپاڵ یەکەوە بەسترابوو، لەسەرەوەش بەدار داپۆشرابوو بۆ هاتوچۆی خەلکی.

لەگەڵ خانمە شروگیەکە

ئێوارەیەك لەو ئێوارانەی هیلاك و ماندو هاتمەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی درێژ دەبووم، بۆسەر سەددەکە، کلاشەکانم کردە سەرین و لێی کەوتم، لەوەدابو چاوم دەچووە خەو کە شنەی شەماڵێکی فێنك دای لە جەستەم و بە ئاگای هێنام، گورج راپەڕیم و چوارمەشقی دانیشتم... دیسان راکشامەوەو هەردوو لەپی دەستم نایە ژێر سەرم و دەستم کردە گۆرانی، لە یادمە، بە ئەڵڵاوەیسی دەستمپێکرد... بێدەنگی دەورو بەرم و تەنیایی خۆم وایانکرد دەنگی زیاتر لێ هەڵبڕم و یادی لەیلان و دایکم و خوشکەکەم هەژاندمیان، ئاخۆ حاڵیان چیبێ بەدەست ئەو نالەبارەی خاڵۆمەوە؟!

بەلام کتوپڕ دەنگێکی گڕ کەمێ قایم، زنجیرەی بیرو رەوتی گۆرانیەکەی لێ پچڕاندم:

ــ (السلام عليكم).

بەلای ئەو دەنگەدا لامکردەوەو سلاوەکەم سەندەوە... کابرایەکی گردەلانەی رەشتاڵە بەسەر سەرمەوەیە و بە عەرەبییەکی ئەو خوارانە، کە بەغدایییەکان پێیان ئەلێن (شرگاوی)، دەیدواندم... جوان و ورد گوێم بۆ رادەدێرا، دەمویست تێی بگەم، تازەکی فێری عەرەبییەکی تاك و لۆ ببووم.

ئەوەی لێی حاڵی بووم ئەوەبوو کە: دەیویست لە تەکیدا بچم بۆ ماڵی خانمەکەی... ئەو منی دەوێ!

کلاشەکانم نابەنووکی پێمەوەو درای کەوتم، کەمێ ڕۆیشتین و بەلای ڕۆژهەلاتـا لای کردەوەو لە بەرزایی ڕێگەی شەمەندەفەرەکەدا گەڕاینە خوارەوە. بەیانیان کە دەڕۆیشتم و ئێواران کە دەگەڕامەوە، ئەو ناوەم دەدی، کۆمەڵێ خانوو و کۆلیتی قوڕو تەنەکە (صفائح)ی لێبوو. خۆمان بە یەکێ لەو خانورانەدا کرد، کابرا ئیشارەی دام کە بچمە ژوورەوە، کە چووم خۆم لەبەردەم خانمەکەیدا دیبەوە.
ئافرەتێکی تازە پێگەیشتووی گەنج، ئەسمەری جوانی خوێن گەرمی ئەو خوارانە، لەش و لار پڕ... قولپی دەدا. بەدەست ئیشارەی کرد کە دانیشم و دانیشتم. ئەویش لە لامەوە دانیشت و دەستی کردە قسەکردن لە تەکمدا!
زمانەکەم بە عەرەبی تەواو نەبوو، لێك گەیشتنمان گرانبوو، بەلام جوانی و لەباریی ئەم ئافرەتە هەچ ئاستەنگێك ببوایە لە نێوانماندا رایدەمالی، بۆیە لێك حالیبوون بەری فراوانبوو.
دوای ماوەیە هاتوچۆو یەکتر بینین ڕاستی باری ژیانی ئەم ئافرەتەو دانیشتوانی ئەم خانووە قوڕانەم بۆ دەرکەوت، گەڕەکێکی پۆخڵ، جۆگە ئاوی پیسی زێراب بەناو کۆلانە تەنگەبەرەکانیا دەڕۆی و ڕێگەکانی پڕ لە قوڕو پیسی و لیتاو، بەغدایییەکان بەم ناوەیان دەوت (میزرە). زۆربەی دانیشتوانەکەی ئەهلی ئەو خوارانەبوون، لەوانەی لەناو جەورو زوڵمی ئاغاو پیاوانی دەرەبەگەکانیان هەلاتبوون، ئەو پیاوانەی بە (سراکیل) ناودەبران (وشەکە بۆ جەمعەو موفرەدی دەکاتە -سرکال-) [1]، یانی ئەو پیاوەی ئاغا یا دەرەبەگ کە سەرۆکاری ئیشەکانی بۆ دەکات، بکوژو ببڕ لە ئاوایی و

[1]- سرکال، سرکر: هەر سەرکارەکەی لای خۆمانەو لەو خوارانە وای بەسەرهاتووە، ئەو کابرایەی لە بری ئاغا یا دەرەبەگ سەرۆکارو سەرپەرشتی کاروباری زرعات و زەویوزارو جوتیارەکانی پێ دەسپێرێ. جاری وابووە ئەمانە لە خاوەن زەوی و ئاغا و دەرەبەگەکان غەددارترو بێ بەزەیی تر بوون.

دێکانی جنوبدا، بیرونە قامیچی دەستی شێخ و دەرەبەگەکان بۆ لێدان و دارکاری جوتیارە داماو هەژارەکان.

خانم بە تەنیا لەم خانووەدابوو، مێردەکەی مردبوو و شتێکی لە ماڵی دنیا بۆ جێهێشتبوو. ئەم کابرایەش وەك خزمەتکارێ کاروباری ماڵ و بازاڕی بۆ دەکرد.

لەلای ئەم خانمە، تاماوەیەکی باش جێگەو رێگەیەکی چاکم هەبوو، خواردن و خواردنەوەو نوستن... بەهۆی ئەمەوە کەم کەم چاوم کرایەوەو بۆم لوا تێکەڵاوی جۆرە ژیانێکی بەغدایەکان ببم و لێیان شارەزابم، بەڵام لەمڵانشەوە هەر لەسەر کرێکاریەکەم بەردەوامبووم، بەیانیان زوو دەردەچوومە (مسطر) بۆ پەیداکردنی ئیشێ، بۆیە بارو گوزەرانی رۆژانەم بەرەو باشتر دەچوو. هەتا بەیانیەك کە لە (مسطر) وێستابووم، کابرایەك هات و داوای کرێکاری دەکرد بۆ ئیشکردن لە دەرەوەی بەغدا، لە ناوچەی (هنیدی) کە بە نیازبوون هۆڵی گەورە گەورەی لێدا دروستکەن بۆ سوپای بەریتانی و سەربازە هیندییەکان کە لەتەك خۆیاندا هێنابوویانن و پێیان دەوتن (گورگە). ئەم شوێنە دوایی ناونرا سەربازگەی رەشید (معسکر الرشید).

من یەکێکبوم لەو کرێکارانەی لەتەك کابرادا رۆیشتین، ناپانێن لە جۆرە عەرەبانەیەك، پێیاندەوت (ربل)، لە بابوشێخەوە تا ئەو جێیە رێگەکە خۆڵاوی و نارەحەتبوو، ناوە ناوە زەلکاوو قوراویشمان دەهاتە رێ، بەماتەیان دەوت (نزیز) کە پڕ بوو لە قامیشەڵان و بەردی[1]، هاتوچوو بەم رێگەیەدا مەترسیداربوو، چەتەو

---

[1] قامیشەڵان وزەل و بەردی: (بەردی) جۆرە قامیشێکی سفت و سەختە؛ میسریەکان سەردەمی فیرعەونەکان بۆ نووسین لەسەری، کە بە شێوەیەکی ستونی یەکالایان دەکردەوەو دەم یەکیان دەدا، بەکاریان هێناوەو ی وێنەیان لەسەر کێشاوە. نموونەی ئێستەش لە مۆزەخانەی قاهیرە هەیە. ئەو کاتە پێیان دەوت

روتکردنەوە هەبوو، لە بەغداشەوە دور بوو، جگە لە سەگی خوێڕی و گورگ، هەتا دەیانوت ناو بەناو بەرازیش لەو ناوە دەردەکەوێ.

ئەوەی کرێکارەکانی هەڵبژارد، هەندێ پرسیاری لێدەکردین:

- خەڵکی کوێی؟ لە کوێوە هاتووی؟

دوایی بیستم کە زیاتر ئەوانەیان بەلاوە پەسەندە کە کوردن یا ئاسوری و ئەرمەن، نەك عەرەبەکان، چونکە وەك دەیگوت: ئێوە ئەمینن و جێگەی بڕواو متمانەن بە دڵسۆزی کاری خۆتان دەکەن.

بۆیە من یەك لەوانەبووم کە پەسەندکرام، ئەم ئیشە تازەیەم بووە خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانمدا.

ماڵ ئاواییم لە خانم کردو سوپاسی ئەو رۆژە خۆشانەم کرد کە چەند خزمەتگوزارو دڵفراوانبوو لە تەکمداو پێکەوە بردمانە سەر... بیانوشم بۆ رۆیشتن و جیابونەوەکەم دووریی شوێنی ئیشەکەمبوو کە نەمدەتوانی هاتوچۆبکەم.

لەدوای نووستنی سەر رێگەی شەمەندەفەرەکە لە سەددەو دوایی مانەوەم لە لای خانم و دواتر لە هنێدییە، حاڵ و گوزەرانم باش و بەرەو باشتر دەڕۆی، رۆژانێکی نوێ و تازەترم بۆ هاتە پێش.

شارەزایی و تواناو سەبرێکی زۆرم لەم گۆڕانکاریانەی ئەم دواییەدا بەدەستهێنا، گرنگترینیان خۆڕاگرتنبوو لە بەرامبەر نەگەرەو پێشهاتە سەختەکانی لەمەولامدا، هەر بۆ نموونە: شێوە عەرەبیە بەغدابیەکەی قسەم پێدەکرد زۆر باشترو قالتر بووم تێیدا، کووچەو کۆڵانەکانی ناو بەغدا باشترو زیاتر شارەزابووم، زۆرباش ئەو خەڵکەم لێکتر جیا دەکردنەوە... باشیان لە خراپیان، هەروا هەندام و جل و پۆشاکیشم باشترو

(پاپیرۆس). بۆ زیاتر بڕوانە: (د. مەغدید سەپان: ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە... لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپی یەکەم ٢٠٠٥ هەولێر – ل: ١٩٤- ١٩٥).

ڕێك و پێك تر بوون... كەوتمە لەبەركردنی كراس و پانتۆل و سدارەی رەشی بەغدایی، هەروەك كوڕە بەغداییەك دەمتواند.

لە هنیدییش ناسیاویم لەگەڵ گەلێكدا پەیداكرد، لەوانە چەند كوردێكی شارەكانی سنەو سابلاغ و كرماشان و سەقز كە لە ئێرانەوە لە دەست زوڵم و جەوری حكومەت و بێكاری، هەروەك لای خۆمان، دا گەڕابوونە خوارو هەڵاتبوون بە دوی نان و ژیاندا. هەتا بەشێكیش لە ئاسوری و ئەرمەنیەكان، كە بە هۆی باری سیاسیەوە لە دەوڵەتی عوسمانی هەڵاتبوون[1]، وەك (بوغوص) ناوێك كە بووە برادەرم و لەلامان سەمونچی بوو، ژنەكەی مردبوو و كچێكی بچووكی بۆ جێهێشتبوو بە ناوی (مارگرێت)، لە كوردەكانی ئێرانیش دووبرا بەناوی (مەحموود و ئەحمەد)، لەتەك مەحمووددیاندا بەینمان زۆر خۆشبوو، (میرزا)یان پێدەوت، براكەشی جلی دەشت و ئوتووی دەدا.

---

[1] دەوڵەتی گەندەڵی عوسمانی، هەروەك سیاسەتی هەمیشەیی، دوای بیرێكی پۆخڵی رەگەزپەرستی كەوتبوو، سیاسەتی توركچێتی لە (كۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی)یەوە دانەهات و پەیڕەوكرێ بەر لەوان سوڵتانە داپێیسەكانیشیان هەر هەمان رێڕەویان هەبوو، جا شەڕە بێئەنجامە خوێنینەكانیشیان لەگەڵ روسیاو ئێران و دەوڵەتەكانی ئەوروپایان زوو زوو دەبوو بە شانەیە تا لە نەتەوە غەیرەتوركەكانی بێسلەمێن، بۆ ئەوەسە زۆرتر ئەو كوشت وكوشتارە گەورەیەی كە لە ئەرمەن و ئاسوریەكانیان دەكرد بە بەهانەی جوداخوازی و لایەنگیری روسیا بوو، بۆیە سەدان هەزار ئەرمەن و ئاسوریان قەلاچۆدەكرد، بە تایبەت لە سەردەمی سوڵتان = =(عبد الحميد)ی دووەم ١٨٧٦- ١٩٠٩، هەروا كوشتارو راگواستنی كوردەكان و سوتاندنی ماڵ و مەزرایان. ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستیە وایكرد لە هەزارا خێزانی ئەم نەتەوە ئەتنە جیاوازانە كە هەڵێن و بەرەو وڵاتانی عێراق و شام و میسر بینەوە... بەتایبەت لە ساڵەكانی شەڕی یەكەمی جیهانی كە ئیتر دەسەلاتی عوسمانی لەم وڵاتانەدا پوكاییەوەو ئەماو لەشكرەكانی ئینگلیزو فەرەنسا ئەم وڵاتانەیان گرت... بۆ زیاتر بڕوانە (د. كەمال مەزهەر — كوردستان لە ساڵەكانی شەڕی جیهانی یەكەمدا)و (جرجيس فتح الله - يقظة الكرد ١٩٠٠ - ١٩٢٥ ، دار ئاراس، هەولێر) و (محمد علي الصويركي — الاكراد الاردنيون... ، ط (٢) ٢٠٠٥).

کارەکەم، دوای ماوەیە، بووە دایمی، ئەوەش لەوەوەبوو کە بە کابرای سەرپەرشتیارمانم وت: دەمەوێ شەو لێرە بمێنمەوەو رۆژانە ئەم هاتوچۆیە بەمن ناکرێ، رێگەکەی گرانەو دورەو مەترسیشی هەیە.

کابرا قسەکەمی بەلاوە باشبوو، چونکە مەسەلەی پاسەوان و ئێشکگرتنی پرۆژەکەی لەکۆڵ دەکردنەوە... کۆمەڵێکبووین شەوانە هەرلەوێ دەماینەوە.

هەر لەو سەربازگەی هنێدییەدا، کە دوایی بووە (رەشید) نەخۆشخانەیەکی گەورەی تایبەت بەئەفسەرە ئینگلیزەکان کرابۆوە، ئەو رۆژە لە بەغدا نەخۆشخانەیەکی تری گەورەش لەسەر دیجلە هەبوو بەناوی (نەخۆشخانەی مەجیدییە) کە عوسمانییەکان بە ناوی سوڵتان (عبد المجيد)ەوە ناویاننابوو، ئەمیان لە(باب المعظم) بوو، یەکێکی تر هەر بۆ لەشکری عوسمانی، یانی لە سەردەمی ئەواندا دوو (خەستەخانە) هەبوو. بەمەی ئینگلیزەکانەوە بووە سێ.

دڵسۆزی و وریایشم لە ئیشەکەمدا کارێکی وایکرد کە زیاتر لێم دڵنیابن و ببمە جێی متمانەیان، هەر بە سەرنج و دیققەتدانی خۆم توانیم هەندێ وشەو رستەی ئینگلیزی و هیندی فێر ببم... لەمەش بەولاتر جارجار دەبوومە تەرجومانی ئەو کرێکارە تازانەی دەهاتن و سەرکارەئینگلیزو هیندیەکان بە پێی شارەزایی و توانایان دابەشیاندەکردن بەسەر بەشەکانی پرۆژەکەدا... ئیتر ئاوا وردە وردە بیناو پرۆژەکەش بەرزدەبۆوەو دەردەکەوت. کاروبارم روو لە باشی بوو و لەرووی دەروونیشەوە ئاسودەییەکی باشم بۆرەخسا، رۆژانەکەشم لە زۆربەی کرێکارەکانی هاوەڵم باشتربوو، رۆژی چوار روپیەم وەردەگرت[1]، یانی زیاتر لە کرێکارێکی ئاسایی، سەرەڕای خواردن و نوستنیش.

---

[1] روپیە: دراوێکی هیندی بووە، کە ئینگلیزەکان عیراقیان گرت لە باتی دراوی عوسمانی خستیانە بازاڕەوە و کاری پێدەکرا، لە کڕین و فرۆشتندا، بە [illegible] وردتر (عانەو پیسە) بوو دوایی کە حکومەتە عەرەبییەکەی

هەفتەی جارێك یا دوو داده‌بەزیمە بەغدا، هەر لەو ڕۆژانەشدا برادەرێکی منالّیشم (حەمە غەریبی بەرتەکیە) هاتە بابوشێخ و تیا دانیشت، بەهۆی ئەمەوە زیاتر هاتوچۆی ئەو ناوەم دەکردو سەردانیم دەکرد، حەمە غەریب لاوازێکی ڕەشتاڵەی کورتە بالآبوو، ژنەکەی (شەمە)ی ناوبوو، سەرەتا هەر لەو خانەی مالّی رەحمەی لێبوو ئۆدەیەکیان گرت، دوایی چوونە خانێکی تر لەلای قوتابخانە سەرەتاییەکەی بابوشێخ.

تا ئەم خەلکانەی تێکەلّیان دەبووم و لە ئەکیاندا دەژیام، بوونە هۆی سارێژکردنی زامی غەریبی و هەست بەتەنیاییم، بگرە زیاترو زوو زوو بچمەوە سەر خونەری مەقام و ئەو گۆرانیانەی ببونە بەشێك لەبیرو هۆشم و چاوم تێیان بریبوو.

شتێك لێرەدا هەیە کە دەبێ بیلّێم، ئەویش ئەو خوو و عادەتەمە کە بە درێژایی ژیانم (هەر لەو کاتەی فامم کردۆتەوە) گوێم بە ژمارەو ڕۆژو مێژووی ڕوداوەکان نەداوەو بایەخێکی ئەوتۆم نەداونەتێ، ئەوانەم بۆ ڕۆژگار جێهێشتووە تا خۆیان خۆیان دەرخەن و ئاشکرابن، یانی داوەمنە دەست زەمانەوە... ئەمەش لە ڕاستیدا لایەنێکی سەلبی و کەمتەرخەمیەکی بەرچاوە لە ژیانمدا کە هێندەی پێویست گوێم پێنەدەدا، فەرامۆشمکردبوو.

عێراقیان دامەزراند ئەم جۆرە دراوەیان گۆڕی بە دینار (لە ١ ی نیسانی ١٩٣١) کە بریتیبوو لە (١٠٠٠ فلس)، درهەم کە ٥٠ فلسبوو بەرامبەر روپیەیەکبوو بەلآم لە بازاڕدا دەیکردە دەعانە، یانی روپیەیەك دە عانە بوو، یەك عانەش دە پیسە بوو، یانی بەوپێیە یەك پیسە دەیکردە یەك فلس.

مامۆستا جەرجیس فتح الله، خوالێی خۆشبێ، لە (یقظة الکرد) دا (ل: ٩١٣) ناوا ئەو دراوە لێکدەداتەوە: چاپی دەزگای ئاراس -- هەولێر ٢٠٠٢ ، بەو پێیە مامۆستا لەو ڕۆژەدا موچەکەی ٢٠٠ فلسی عێراقی بووە لە ڕۆژێکدا، کە ئەمە بۆ ئەو سەردەمە بڕێکی خراپ نەبوو.


ئەمڕۆ هەست بە هەندێ روداوو بەسەرهاتی خۆم دەکەم کە پەشیمانم لەوەی بەتەواوی لە کات و رۆژو ساڵی خۆیدا تۆمارم نەکردون، هەرچەندە زۆریانیشم کردون بە ژێر تەپ و تۆزی رۆژگاری ژیانمەوە.

نزیکەی شەش ساڵی رەبەق، لەسەر ئەم رەوتەی ژیانم (کە باسمکرد)، مامەوە... بەڕووی بەغدادا کرامەوەو بەغداش دەرگەو کووچە و کۆڵان و شەقام و بازاڕەکانی خۆی بەڕوومدا خستە سەرپشت، لەو سەردەمەدا بەهۆی بچووکی شارەکەوە کۆڵانی وا هەبوو لە رۆژێکدا دوو یا سێ جار پێیدا رەتدەبووم، بە پاڵ ئەمەوە زیاتر ئۆگری هونەرەکەشم دەبووم و خووم دابوویە، ئێواران لە کەمپەکە لە تەك برادەرەکانم کە دادەنیشتین... دەستم پێدەکردو دەمچریکاند، ناوم کەوتە ناو ناوانەوە گوایە (دەنگخۆش و مەقامبێژم) ئەو دانیشتنی ئێوارانە وا پەرەی سەند کە سەرکارو سەرۆك بەش و گەورەکانی پرۆژەکەمان لە رۆژانی هەینی دا دەعوەتیان دەکردم و سووکە ئاهەنگمان دەگێڕا.

لەلای خۆشمەوە، کە دادەبەزیمە بەغدا، بەدوی شارەزاو مەقامبێژەکانی ئەو شارەدا وێڵبووم و دەسوڕامەوە، زۆریانم لە چایخانەو مەقهاکانی بەغدا ناسی و دەچوومە لایان، هەندێکیشیان لە بۆنەو موناسەبە ئایینیەکاندا.



لەراستەوە: (عەلی مەردان، فەقێ محەمەد زەنگەنە، محەمەد رەزا مەحموود زەنگەنە، محەمەد غەریب عەزیز زەنگەنە)
ساڵی ١٩٣٥ لە باخچەی مەلیک غازی لەبەغدا کە ئێستا ناسراوە بە (حدیقە الامە) لەگۆڕەپانی (التحریر)



پارەی ئەو سەردەمەی کە عەلی مەردان هاتۆتە بەغدا سە رووپیەی کانزایی ســ بوو.. بەڕێکەوت مێژووی دەرچوونی ئەم رووپییەیە لەگەڵ مێژووی لەدایکبوونی عەلی مەردان یەکە "١٩٠٤"..



ئەم پاردیە کە پێی دەگوترا "قروش"، وردەی رووپییەکەیە لەکاغەز دروستکراوە..

ئەم دوو پارەیە لە ئەنتیکەخانەی قەلآ وەرگیراوە کە خاوەنەکەی "خاتص یونس"ە.

ڕۆژەوەبوونێك

٧

شەوانە لە کەمپەکەماندا لە هەنێدی گەشت شەوێ کردبوومانە عادەت، کۆڕی گۆرانی و مەقاممان دەگێڕا، برادەرانی کرێکارو هاوەڵانی کوردمان گرد دەکردەوە تا شەوانێکی دێر بەردەوام لەو بەزم و ڕەزمەدا بووین.

لە نێو ئەوانەدا ئەندازیارێکی ئینگلیزی بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە بەشداری دەکردین، شەوێك لەو شەوانەدا هاتە لامەوەو هەواڵی ئەوەی دامێ کە: بەمزوانە کۆمپانیایەکی تۆمارکردنی قەوان دێتە بەغداو نوێنەرەکەیان برادەرمەو ئەگەر مەیلت لێیە باهەندێ لەم مەقام و گۆرانیانەی دەیانڵێیت، لەسەر قەوان بۆت تۆمار بکەن.

بەڕاستی کەبیم لەم پێشنیارەی ئەندازیارە ئینگلیزەکە هات، زۆرم لا باشبوو و ئارەزوم پیشاندا.

سەرەتای ساڵی ١٩٢١ بوو، ڕێك مانگی کانوونی دوو، لە وەرگرتنی مووچەی هەفتانەماندا کە (٢٥) ڕووپیە بوو، برادەرە ئینگلیزەکەم هاتە لامەوەو بیری خستمەوە کە سبەی هەینییەو قەرارە کە کابرای نوێنەری کۆمپانیاکە ببینین.

لە خۆشی دا نەمزانی ئەو ڕۆژەم چۆن لێ ڕۆی، گەلێ خۆشحاڵبووم بەوەی دەنگم تۆماردەکرێ و دەچێتە سەر قەوان.

بەسواری جۆرە عەرەبانەیەك چووین کە پێیاندەوت (گاری)، گەیشتینە ئاستی (شەقامی ئەمین)ی ئیستاو لە نێزیك یا نێوان (حیدرخانە) و (میدان)دا... لەوێ چووینە ئوتێلێك بەناوی (الهلال)و برادەرەکەم هەواڵی کەسێکی پرسی بەناوی (حلیم حقی) کە نوێنەری کۆمپانیاکەبوو و چووینەلای.

بەخێرهاتنێکی گەرم کراین و برادەرەکەم منی وەك هونەرمەندێکی دەنگخۆش پێشکەش کرد، ئەویش گەلێ لە خۆی بۆوەو باسی ئەوەیکرد کە چۆن وێڵی هونەرمەندی چاك و دەنگی خۆشن، دیسان خۆشهاتنی کردین و داوای لێکردم کە شتێکی بۆ بڵێم.

شتێکم لە ئەلڵاوەیسی و ئای ئای بۆ وت، کابرا زۆر لە دەنگ و شێوەی وتنەکەم کەیفخۆشبوو و گەشایەوە... ئیتر ئەوەبوو کە مەقامی (ئای ئای) بەشێوەی باجەلانییان بۆ تۆماکردم، بەدوایدا (ئەلڵاوەیسی)ش.

تۆمارکردن لەو رۆژگارەدا لەسەر تەلێك دەکرا کە (سیم) یان پێدەوت، لەسەر لوولەیەك دەپێچراو دەخرایە ئامێرەکەوە، لە کاتی تۆمارکردنیشدا، ئەو سیمە دەچووە سەر لوولەیەکی ترو دەنێردرا بۆ دەرەوەی وڵات تا دەنگەکە لەسەر قەوان چاپکرێ، سەرەتا تەنیا لە بەریتانیا ئەم کاری چاپکردنە دەکرا، کۆمپانیاکەش لە بەغدا بەناوی (His Masters Voice) کە لەناو خەڵکیدا بە (ابو الکلب) ناسرابوو[1].

١- لە ١٨/ نیسانی/ ١٨٧٧ زاناو شاعیری ئینگلیزی (شارل کروس) داوایەکی پێشکەش بە ئەکادیمیای زانستی بەریتانی کرد، دەربارەی ڕێگەیەکی نوێ بۆ تۆمارکردن و پاراستنی ئەو دەنگانەی بە گوێ دەبیسترێن... بەناوی خۆیەوە.

ئا ئەمە سەرەتای پەیدابوونی (فۆنۆگراف) بوو.

هەر لەم حەلانەشدابوو کە (تۆماس ئیدسۆن) ١٨٤٧- ١٩٣١، کە زانایەکی فیزیایی ئەمریکایی بوو، ئەویش هەمان داوای دایە هەر ئەو دامەزراوە زانستیەی لەندەن تا داهێنراوێکی هەر لەو چەشنەی کروس (فۆنۆگراف) بە ناوییەوە تۆمارکرێ. =

ئەوەی دەشێ لێرەدا بیڵێم و فەرامۆشی نەکەم، ئەوەیە کە لە کاتی گۆرانی و مەقام وتنەکاندا، ئەندامانی تیپی مۆسیقاکە گشتیان جوولەکە بوون، دەورو بەری پێنج کەس دەبوون، لێهاتوو شارەزا، چاپووك و وریا، بەو ئاواز و مەقامانەی دەمووتن ئەوان

= جۆرێ تۆمارکردنی دەنگەکەنیش بریتی بوو لە (سیم)ی پێچراو لەسەر لوولەیەك دوایی ئەم فۆنۆگرافە پەرەی پێدراو (گرامافۆن یان داهێنا بۆ لێدانەوەی ئەو قەوانانەی (دەنگ)ەکانیان لەسەر تۆمار دەکرا... لە کات و شوێنی خۆیدا داهێنانێکی گەورەو کاریگەر بوو لە رەوتی شارستانییەتدا، وەرچەرخانێکبوو لە دنیای هونەرو مۆسیقاشدا، خەلکی بە پەرۆشەوە هەوڵی کڕین و دەستخستنیان دەدا تا ساتەکانی بە خۆشی پێ بەرنەسەر. =

=ئەدیبان و شاعیران سەدان بابەت و شیعریان لەسەر نووسیوەو پیایاندا هەڵداوە، لای خۆشمان مامۆستا شاکیر فەتتاح لە سییەکانی سەدەی پێشوودا چیرۆکێکی دەربارەی نووسیوە (گرامافۆنەکەم چۆن کڕی). مامۆستا مستەفا نەریمانیش لە بیرەوەرییەکانیدا باس لە داهاتنی ئەم داهێنراوە دەکات لە شاری کفری و دەڵێ: (وابزانم ساڵی ١٩٣٤ بوو نەکبەری چایچی گرامافۆنێکی هێنا، شار خرۆشا، گەورە و بچووك روویانکردە چایخانەکە: لە دەرەوە تەختی دانابوو، تەروانین سندوقێك دانراوەو دەمێکی گەورەی پێوەیە. رووی لە خەڵکەکە کردووە، لە ناویەوە بە دەنگێکی فڕناسك -- لۆلۆ لێ لۆ ئەبێژێ... ئیمەی منداڵ دەستمان کردە چەپڵە لێدان و هەڵپەڕین، پیاوەکانیش واقیان وڕمابوو، ئەوانەی سەر بە مزگەوتبوون بە دژی موسوڵمانێتییان دانابوو!!

(بیرەوەرییەکانی ژیانم – مستەفا نەریمان .. ل ٢٨ \ ).

لەتازەترین دەنگوباسی مێژووی گرامافۆن ئەوەیەکە:

بەر لە (فۆنۆگراف)ەکەی کروس و ئێدسون بەحەفتە ساڵ، زانایانی ئامریکایی لەپاریس ئامێرێکی تۆمارکردنی دەنگیان دۆزیوەتەوە، کەلە ١٨٧٧/١١/٢١ واتە ٣٠ ساڵ بەر لە (تێلگراف)ەکەی ئێدسون دەنگێکی دەچرکەیی دۆزراوەتەوە کە لە ١٨٦٠/٩/٩ تۆمارکراوە. ئەم ئامێرە توانیویە دەنگەکە تۆمار بکات بێ ئەوەی بتوانێ بڵاویکاتەوە، بەڵام ئەوەکەی کروس و ئێدسون دەیتوانی تۆماریش بکات و بڵاویشی بکاتەوە..

ئەو ئامێرە (ئیدوارد لیۆن سکات دومارتین ڤیل) دایهێناوە، لە زورنایەك پێك هاتووە کە بەقەڵەمێکی کانزاییەوە بەستراوە، ئەو قەڵەمە شەپۆلە دەنگییەکان لەسەر کاغەزێك کە بەدوکەڵی چرای زۆن رەشکراوە دیاریدەکات، شارەزاکانی ئامێر توانیویانە قەڵەمە مەجازییەکەی ئەو سیستمە بەشێوەی دیجیتاڵی دروستبکەنەوە.

(بڕوانە: هاوولاتی هەفتەنامە ـ ژ ٤١٠، ٢٠٠٨/٤/٢، ل ١١ سلێمانی).

سەرسامبوون، خێرا خێرا پرسیاریان لە پلەی ئاوازەکان وئەو ناوچانەی لێی دەوتری دەکرد.

بەجۆرە وردە وردە هونەر، بەتایبەت مەقامبێژی، دەستی دەگرتم و لە کاریاندەکردم... بازاڕی مەقام لەوڕۆژەدا گەرمەیبوو، (بەستە) هێندەی مەقام باوی نەبوو، شوێنی مەقامبێژیش لەو سەردەمەدا لە بەغدا چایخانەکانبوو، کە بە (المقاهی البغدادیە) ناو دەبران... ئەم شوێنانە جگە لە مەقام شوێنی کولتوورو فۆلکلۆری میللیشبوون وەك هەقایەتگێڕانەوە کە هەقایەتخوان بە بەرزەوە بەرامبەر خەڵکەکە دادەنیشت، بەزمانێکی تەڕو پاراوو سەرنج ڕاکێش چیرۆك و هەقایەتە ئەفسانەیی و کۆنەکانی بۆ دەگێڕانەوە، بەشێوازێك سەرنجی هەموانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا.

هەرچەند لەو ڕۆژانەدا بەغدا شارێکی ئەمەندە گەورە نەبوو، بەلاّم گەلێك لەم چایخانانەی تێدابوو، زۆربەشیان کەوتبوونە نێوان (حیدرخانە و میدان)ەوە، ئەو ناوە سەنتەری شارەکەبوو و چڕوپڕترین ناوچەی بوو. بۆ گوێگرتن لە مەقام و شارەزابوون لێی، بەتایبەت دوای تۆمارکردنەکەی ئەم دواییەم، کەوتمە هامشۆکردنی ئەو چایخانانەی باسمکردن، کەمێکبوون ئەوانەی بە باشی دەیانزانی و شارەزاییی باشیان تێدا هەبوو، منیش خۆم پێدەناساندن و وردە وردە دەبوومە ناسیاوو هەتا برادەریشیان... ئەوانیش (وەك دەرکەوت) حەزیان بە بیستنی من دەکردو باش باش گوێیان بۆ ڕادەگرتم، کار بەوە گەیشت کە ئەوان زۆریان لێدەکردم تا سەردانیان بکەم و بۆیان بلێم!!

بەتایبەت هەندێ مەقام کە دەموت ئەوان نەیانبیستبوو یان بە باشی نەیاندەزانی.

بەجۆرە ساڵانێکی پڕ لە خۆشی و ناخۆشیم لە نێوان هنێدی و چایخانەکانی مەقامدا لە بەغدا ڕاگوزەراندو گڕەی کڵپەی تەنووری داخراوی دووری و غەریبایەتی زوو زوو

ئەو شتەی شەماڵە فینکەی مەقام وتن و چاپخانەکانی لێ دەکردمە دوزەخ.[1] ئێستان هەمووەدەم هەر چاوێکی لەلای سەرچاوەی یەکەمە لە ئالوودەیی و کەس و ناسیاو و ئازیزانی، عەرەب دەڵێ: (وما الحب الا للحبيب الاول).

---

[1]- ئەو کاتەی ئاوا لە بەغدا ماموستا بە (مقامي البغدادية)وە دەگەڕاو عەودالی هونەری مەقامات و ئاواز و مۆسیقا بوو، دەبینین لە سلێمانیش بزوتنەوەیەکی هونەری گۆرانی و مۆسیقا لە سەردنایدا بوودو لاوانی ئەو کاتە خەریکی پێکەوەنانی تیپی مۆسیقا بوون. (یەکەم تیپی مۆسیقا لە سلێمانی لە ١٩٢٦ دامەزرا، ئالەتەکان ١٦ پارچە بوون، قوتابیانی مەکتەبی یەکەم تەمسیلیەیەکیان لە ماڵی شێخ بابە عەلی پیشاندا، بە پارەکەی ئالەتەکنیان کڕی، ئەمەش ناوی بەشدارانی ئەو تیپەن لەگەڵ ئالەتەکانیان:

ا- شاکیر فەتتاح: کلارنێت.

ب- سالح عەلی: ترامپێت.

ج- فۆاد قەفتان: دەهۆڵ.

د- ئەحمەدی میرزا عارف: هۆرن... هتد

بۆ زیاتر بڕوانە: (ئەکرەمی مەحموودی سالحی رەشە: شاری سلێمانی، بەرگی دوو ١٩٨٩ بەغدا. ل ٤٣٦) . لە لایەکی دی ماموستا (عوسمان شارباژێری) دەربارەی جولانەوەی هونەری مۆسیقا لە سلێمانی چاوپێکەوتنێکی کردووە... باسەکەی دەڵێ: (عەبدولواحید کوڕی حاجی مستەفا ١٨٨٦- ١٩٧٣ کە لە سلێمانی لەدایك بووە، ئەفسەرێکی مۆسیقای عوسمانیەکان بووە، دوایی هاتەوە سلێمانی تیپێکی لەسەر نۆتەی تازە دامەزراند، لەماڵی خواجەفەنی نیزیك مزگوتی گەورە، پەنجا قوتابیەکی هەبووە، لەوانە شاکر فەتتاح، رەفیق چالاك... ئینگلیزەکان تێکیاندا، ماموستا شاکر فەتتاح دەڵێ: ئەو تیپە ساڵی ١٩٢٦- ١٩٢٧ بوو، کە شانۆگەری - نیرۆن - پێشکەش کرا، بڕێ پارە کۆکرایەوە، چەن ئامێرێکی هەوایی مۆسیقایی پێ کڕا، ماموستا عەبدولواحید حاجی مستەفا فێری دەکردین، کە لەو رۆژەدا مۆسیقا لێدان عەیببوو، بەلام من یەکەم کەسێکبووم چوومە تیپی مۆسیقاوەو ئالەتی - کۆرنێت قرنەتە -م دەستدایە کە فێری ببم، ئەندامانی ئەو تیپە: رەحیم کەریم، رەمزی قەزاز، جەمال و جەلال مەجید، فایەق زێوەر - بەختیار-، پرسیم: ئەی رەفیق چالاك؟ وتی ئەخێر ئەو هاوتەمەنی ئێمە نەبوو. ل: ١٤٠-١٤١ (کاروانی ١٧٨٤ ١٩٨٤ی مۆسیقاو گۆرانی لە سلێمانی - عوسمان شارباژێری - رۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٦ ساڵی ١٩٨٥ بەغدا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی).

عەیامێکبوو لە کەس و کارم ببوم، هەندێ شتم لەیاد نەمابوو، وەیشوومەی رووداوو بەسەرهاتە تفت و تاڵەکان لەسەر لاپەڕەی بیروهۆشمیان سڕیبۆوە یا... ڕەشیانکردبۆوە، ئادەمی ئاوایە، خۆ جاروبار ئەو سڕینەوەو لەبیر چوونەوەیە نیعمەتێکەو بێ ئەو ژیـان شکستدێنێ.

ئارەزووی بینین و سەردانی کەس و کارو وڵات لە مێشك و دڵمدا ورووژاو بڕیارمدا کە چاوو دڵم ڕۆشنکەمەوە بە دیداریان.

* * *

سەر خۆم هەڵگرت و ڕاست چوومە بەغداد

بێ کەس بێ پارە بێ قەوم و ئیمداد

بەبێ پارەو پوول گیرفان چۆڵ و هۆڵ

سەر لە گریان وحەزین و کولۆڵ

بێ ئیش و بێ کار ئەسوڕامەوە

بە سکی برسی ئەگەڕامەوە

ڕۆژێ ڕێم گرتە بەر بۆ هنێدی


بوومە ئیشکەری ئینگلیزو هیندی


زۆر چاك دەستم کرد من بە ئیش کردن

بە ژینێکی خۆش وەخت ڕابواردن

بۆ خۆم مامەوە ئەم پێنج شەش ساڵە

ئیسراحەتم کرد لە شەقی خاڵە





قەوانە تورکیەکانی دەنگی عەلی مەردان..

قۆریات لەگەڵ ئەمان عەشەو گوێزم ئەیلانلی قزی

جارێکی تر لەیلان

هەر کە گەیشتمە کەرکوك چوومە سەردانی خزم و خوێشانم، لێرەوە چوومە لەیلان. دایکە خۆشەویست و میهرەبانەکەم و تاقە خوشکە ئازیزەکەم، عەیامێکبوو شەیدای باوەشی گەرمی دایکم بووم و ئارەزوومەندی سۆزو خۆشەویستی خوشکەکەم دەکرد... هەمیشە لەبەر چاوو دڵم بوون، وێنەو روخساریان لە خەیاڵم دەرنەدەچوو، تەمی تەنیایی بەغدایان بۆ دەڕەواندمەوە، لەهەر داماوی و قۆرتێکدا کە رێگەی سەختی ژیانمیان لێدەگرت، پاڵپشتم بوون و تارماییەکانیان لەبەر چاوم هانیاندەدام بۆ خۆڕاگرتن لە دوورەوڵات.

لەم سەردانەمدا، لەمانە گرنگ تر ئەوەبوو کە بە گیرفانێکی پڕو دەستێکی سەنگینەوە هاتمەوە لایان، بڕە پارەیەکی باشم بۆ گردکردبوونەوە... روپیەکان گیرفانمیان هەلاوساندبوو.

لەپاش ئەمان، ماڵی (عەلەی موراد) یەکەم ماڵبوو پێم تێنناو تێیدا بەخزمو ناسیاوو برادەرانم شادو شوکور بوومەوە، نازانم چۆن باسی ئەو پێشوازییانەکەم کە چۆن باوەشیان بۆ گرتمەوەو بەدەورمدا بازنەیانبەست، هەروەك من لە ئاسمانەوە بۆیان داباریبم.

بەر لە خۆم، هەواڵی هاتنەوەکەمیان پێ گەیبوو، بەلای منەوە بڵاوبوونەوەی قەوانەکانم لەناو خەڵکیدا، کاری خۆی هەبوو لەمەدا، گەلێ دۆستانی تریشم هاتنە سەردانم، لەوانە: مەجیدی مەلاو قادر سەعدون.
لە زۆر بابەتەوە باس و خواسەکانمان دادەمەزراند، بەغداو ژیان لەو شارەدا، چۆن دەژیم و چ کارەم؟ گەلێ پرسیاریان لێدەکردم وزۆر شتیشم لێ دەبیستن.
خاڵۆ ژنیشم وەك هەموان گەشایەوە بە بینینم و خۆشحاڵبوو بەوەی لە وەزعێکی باشدا دەیبینیم. ئەوەی تازەبوو بەلامەوە ئەو هەواڵەبوو کە شێخ عیززەدین تاڵەبانیەك لە لەیلاندا بوو، دەیویست خوشکەکەم بخوازێ، ناردبوویە داخوازی... بەڵام جارێ من لەم کارە بێدەنگبووم.

چووم بۆ سەردانی خوشکم و دایکم
گیرفان پڕ پارە بەرچاو رووناکم
شاد بووم وەل خوشك و دایکی فەقیرم
لاوێکی گەنج و چاپۆك و ژیرم
لە پڕ منداڵێ لە دەرگای دا هات
کاك عەلی مەردان دوو میوانت هات
مەجیدی مەلاو قادر سەعدوونە:
بەخێر بێیتەوە ئەحواڵت چۆنە
یاخوا بەخێر بێن ماصی شیرینم
زۆر چاك ئەزانن چەند دڵ برینم
خوا دەرگای خێرت لێ بکاتەوە
عەزابی خاڵت لەبیر باتەوە

ئێمە هاتووین بۆ داخوازی خوشکت
قسەی راسست... پێم بڵێ فکرت
داوای خوشکت ئەکا کاك (شێخ عزەدین)
پیاوێکی باش و بە نوێژو بەدین
ئەو شێخ من مسکێن قەت بە یەك ناگەین
باشە لە پاشا پرسیارێك ئەکەین
هەڵسام چوومە لای (محبوب) رەحمەتی
ووتی بەخێر بێ ی چۆن بوو وا هاتی
هاتن داخوازی ئەکەن خوشکەکەم
منیش وا هاتم پرس بە تۆ ئەکەم
خاڵم لەولاوە ووتی رێ نادەم
هیچ وەختێ من کچ بە شێخێ نادەم
ووتی خوشکەکەت بۆ ئەدەم بە ژن
تۆش بە خۆڕایی تۆراوی لە من
ئەمەم بیست ووتم: خاڵم گۆڕراوە
تف و تێ هەڵدان ئیتر براوە
خواحافیزیم کرد دەرچوومە دەرێ
تۆخوا برا لە باش فیکرم دەرێ

لە وەڵامی داخوازیەکەی شێخدا وتم: ماوەیەك لێم گەڕێن تا بیری لێ بکەمەوە، پرس و رایەك لە تەك دایکمدا بکەم ئەوسا بڕیار بدەین.

سەردانی ماڵی خاڵۆمکرد، تایبەتبۆ لای (مەعبوبە)ی خاڵۆژنم، ئەو ئافرەتە دڵپاکە هەستناسکە ڕەفتار شیرینە، تا پرسێك لە بارەی داخوازیەکەوە بەویش بکەم... بەلاّم لێرە لەتەك خاڵۆمدا ڕووبەڕوو بووینەوە، هەر کە بە باسەکەی زانی گورج وتی کە ئەو بەم کارە ڕازی نیەو بڕیاری داوە کە کچ بەو شێخانە نەدات، چونکە ئەو کچەکەی داناوە بۆ (مارەیی) بۆ من، ئەگەر ژنم هێنا.

جا وا پێکهاتین کە باشتروایە چاو هەڵخەم و کچێکی لەبار و شیاو بدۆزینەوە تا بیخوازم و خوشکەکەم لە مارەییدا بدەم.

ماوەیە لە لەیلان لە ناو خزم و کەسدا مامەوە، ناو بەناو سەردانی کەرکوکیشم دەکرد، بۆلای برادەرو ناسیاوان، کۆمپانیای (ابـو الکلـب)یش لە بەغدا هەرچی قەوانێکی من هەبووە گشتی دابەشکردبوو و لە بازاڕدا نەمابوون، بۆیە بەپەرۆشەوە لەدومدەگەڕان تا هەندێکی تریان بۆ تۆمارکەم.

ڕۆژێك دەمەو عەسر بوو، لە لەیلانبووم، ئەوەندەمزانی دەنگ و هەرایە داکەوت، منالآنی ئاوایی بەیەکا دەهاتن و ڕایاندەکردو هەموان ڕووەو ڕێگەی کەرکوکیان دەڕوانی.

یەکەمجاربوو ئوتۆمبیلێ ڕوەو ئاوایی لەیلان لە دوورەوە دەهات، خەڵکی زۆریان لەلا سەیر بوو... تومەز نێرراوێکی کۆمپانیاکەی منە، کابرایەکی ئەرمەنی ناوی (همبەرسۆمیان) بوو، لە دومهاتبوو کە بەپەلە لە تەکیا بچمەوە بەغدا بۆ تۆمارکردن.

بۆ سبەی، ماڵ ئاواییم لە لەیلان و خەڵکە خۆشەویستەکەی کردو گەڕاینەوە بۆ بەغدا.

* * *

نزیکەی دوو هەفتە دەبوو کە هاتبوومەوە، بەرێکەوت لە بابوشێخ بەهەندێ ناسیاو گەیشتم، هەواڵی لەیلام لێپرسین... بەلاّم هەواڵ و وەلاّمیان وەك بروسکە ماڵی بەتەپڵی سەرمدا، ورو کاسیانکردم !!

ـ "خاڵۆت خوشکەکەتی داوە بە شێخ عیزەدین !! "

هەروەك عادەتی خۆی، کابرا مارەیی خوشکەکەمی نابووە باخەڵی و بۆخۆیی بردبوو، ئەوەی بیرم لێنەدەکردەوە ئەمە بوو، چۆن کابرا ئەمەیکرد؟! خۆ ئەو بڕیاریدابوو کچ بەو شێخانە نەدات و کچەی دانابوو بۆمارەیی من؟!... سەرباری گشت ئەمەش خوشکە بەستەزمانەکەم خۆی حەزی بەم شووە نەدەکرد، لووتەلا بوو لێی،... رۆژانێکی زۆرم بە قەهرو خەمەوە بردەسەر، داخم بۆ سپلەیی و ناپیاوی خاڵۆم دەخوارد کە بە هیچ چاوی تێر نابێ، مەراقیشم بوو بۆ بەدبەختی و چارەڕەشی خوشکەکەم، کە بەبێ حەزوئارەزووی خۆی بەشوویانداوە.

بەیانیەکی هاوینبوو، پاش دووساڵ لەمە، کت وپڕ کاتێکم زانی خاڵۆم لێ پەیدابوو و بووە میوانم، پاش سلاّوو هەواڵپرسین، جارێکی تر وردە وردە مەبەستی خراپی خۆی پیشاندامەوە، کەوتەوە کروزاندنەوە لالاّنەوە، هەرچێکی شکردووە لە دەستی داوەو مایەپووچ دەرچووە. لەم دنیای رۆشنەدا خاوەنی رووپیەیەك نیە... ئێستەش بە نەمەای هەندێ پارە هاتووەو دەبێ من دەستی خاڵۆی خۆم بگرم و لە پاداشتی ئەمەشدا (نەجمە)ی کچیم لێ مارە دەکاو دەمداتێ... ئەو پارەیەش کە دەیدەمێ (مارەییەکەیێ).

دیسانەوە منیش بڕوام بە کروزانەوەو زمانلووسی خاڵۆم کردەوە، کەوتمە کۆکردنەوەی بڕێکی باش لەم و لەو، لە کرێکارەکانی هاوەڵم و هەندێکیش کە خۆم پاشکەوتم خستبوو گشتی کردبە سێ سەد رووپیە، کردمە دەستیەوەو دامێێ و گەڕایەوە، بەو هیوایەی کە دوای سێ رۆژی کە بە بووکی کچەکەیم بۆ بهێنێتە بەغدا... ئەو

گەڕایەوەو منیشی لە دەریایە بیرو خەیالاتی ڕەنگاو ڕەنگدا جێهێشت، بەو گفتەی (هەر سێ ڕۆژو لەتەك خۆمدا بۆتی دەهێنم) مەستببووم.

سێ ڕۆژ تەواو بوو، هەرچاوەڕوانبووم، ئەمجارە خۆم بە (زاوا) دەزانی، ئامادەو موهەییا، ڕۆژان تێدەپەڕی... دوو مانگی تەواوی بەسەرداچوو، بێ ئەوەی خاڵۆم لە کونێکەوە دیاربێ، کەوتمە گومانەوە لە کردەوەو بەڵێنە درۆیینەکانی، لەولاشەوە عەلەی موراد نامەیەکی بۆ نووسیبووم و دەیوت: خاڵۆت نەجمەی کچی داوە بە (جەبار) و لێی مارە کردووە!! وەك گەردەلوولێکی هاوینە ئەم هەواڵە بەخۆیەوەی پێچام و لوولیدام، هەرچی لە هۆش و خەیاڵمدا سەریەکم خستبوو رایماڵی و تەفرو توونایکرد... کەم کەمیش لەسەر تەختی مێشکم کاڵی دەکردەوە، بەڵکو دەیسڕیەوە، لەولاشەوە لە قووڵایی دەروونمدا بە حوجحەتی ئەم ناسۆرە تالانەی ڕێگەیان پێدەگرتم، خشتێك دەنرایە سەر بناغەی ئەو تەلارە هونەریەی کە لە دامەزراندنیدا بووم... ئاوایە، لە ژان و ئازارەکاندا شتی زیندو دێتەدی.

هاتمەوە بەغدا بۆ سەر ئیشی خۆم
جێ ی تر شك نابەم من بۆ کوێ بڕۆم
دوو هەفتەبەدوا خەبەرم زانی
لە ...لە دوو کەسی خەڵکی لێلانی
لەو هەفتە خاڵۆت خوشکتی دایە شو
ئالدم هەفتەشا بە بووکێنی چوو
خاڵم بێ پرسی خوشك و دایك و من
بە شیربایی خوشك کە بۆم بێنێ ژن
دوو ساڵ بەسەری ئەم ئیشا رابورد

قاری دڵ[1] کەم کەم لەجێی خۆی دامرد
وەختە هاتی بانگە چوو مەنیش تەریب ئەبەر
زۆر چاك گوێم شۆڕ کرد عەیبی وەکوو کەر
تۆمەس خاڵۆمان ئیفلاسی کردووە
هانای بۆ دۆست و دوژمن بردووە؛
هەستم بچمەوە گیانی خوارزاکەم
بەشکوو هەوڵ دەم فیلێکی لێ بکەم
هەستم بڕۆمە لای عەلی مەردان
جارێ تر ودلیا ببەستم پەیمان[2]
خەبەریان دامێ ڕۆژێ لە ناکات
کاك عەلی مەردان:تەشریف خاڵۆت هات
وای ڕت ڕاپەڕیم سەعاتەن ناوکم کەوت
بەرچاوم ڕەش بوو شەشم بوو بە حەوت
بزانە ئەمجارە چۆن مخانە هاوەن[3]
هەردوو پێم زۆر چاك بدا لە پێوەن
پێم بلێ ئێستا چۆنە گوزەران
قەت ئیحتیاج نەبی بە داو دەرمان
دیارە لێم عیێجزی گوڵێم دایە شوو
ئەو چوو بۆ ماڵ خۆی ئێستا نۆرەی تۆ
هاتووم بۆ پارە چێشتی پێ بکرم

[1] قاری دڵ: قەهری دڵ، پەژاردوخەمی دڵ.
[2] ودلیا : لەتەکیا، لەگەڵیا.
[3] هاوەن: دەسکەوان، شتی ڕەق یا وشکی تێدا دەکوترێ

تاکوو مارەی کچ خۆمت لێ ببڕم
منیش هەستام بانگ پوورە ڕەعنام کرد
ئەمەی کە بیستتان باسم لەلای کرد
دایە ڕەعنا هات زۆر بە گەرمەوە
کە خالۆمی دی کەوتە شەرمەوە
پێی وتم مەردان خالۆت پیاوچاکە
داناو ئاقڵ و لە فیکرا تاکە
چۆن دەڵێی خالۆم ئاوا غەدری کرد
بە تەعەداو لێدان دەربەدەرمی کرد
مادامێك کچ خۆی بۆ تۆ ئەهێنێ
هەر قسەیەکی سەد لیرە دێنێ
هەڵسە ئازا بە پارە پەیداکە
مەردایەتی وا هیچ خزمێ نایکا
هەستام چوومە لای برادەرەکان
عەمەلەو ڕەفیق باخەوانەکان
دەرویێ لەم، ئا سێ ڕۆپێ لەو
لێم حەرامکردن چ خواردن چ خەو
بیست لە میم ڕەعنا و پەنجاش لە مێردەکەی
شیربابیم ئەبێ هەمووم بۆ جەمکەی
سێ سەدم جەم کرد دامە میم ڕەعنا
ئەویش زۆر جوان لە جزدانی نا
دایە ڕەعنام و خالۆیی نازدار
ڕێیان گرتەبەر یەکسەر بۆ بازار

ئێوارە دایکە رەعنا هاتەوە
منی دی کەنی جوان گەشایەوە[١]
لە پێشان مان و نەبوونیم لێ کرد
دوو جار لێم پرسی دایە گیان چیت کرد:
بەرگی نایاب و جوانم سەن بۆ بووك
دامە دەس خالێت بردی بۆ کەرکووك
وەلحاسڵ خالۆ پارەو بەرگی برد
وەعدەی سێ شەوەی سەری مانگی کرد
قەوڵ وایە کەوا سەری مانگ بووك بێ
بەسواری ولاخ یاخود هەر بە پێ
ولاخ نەك ماین بەشەرتێ کەر بێ
لەجێی سەیارەو شەمەندەفەر بێ
نەك بە پاسی شڕ یاخود بە لۆری
من هەوەڵ سەعات دەستم لێ شۆری
سێ شەو خەلاس و دوو مانگ بەسەرچوو[٢]
ئای دایە رەعنا ئەمەیش لەدەس چوو
من زانیم کلاو ئەنێتە سەرم
بەرگی قەرزاری ئەکاتە بەرم
من خالۆی خۆمەو زۆر باش ئەیناسم
گێتی ئەزانێ گشت قسەو باسم

---

[١]- کەنی: خەنی، پێکەنی.

[٢]- خەلاس و: خەلاسبوو، تەواوبوو.

لە پەوڕوو کەوتم لە لقی زەوی
بەیداخی شادیم بەم تەرحە نەوی
رەفیقێ نامەی بۆم هات زدرم گرت
مەتالەعەم کرد خۆشی مەرگم گرت
یارەبی چی بوو چیم کرد لە دەرگات
چیبوو خراپەم ئاوام بەسەر هات
بانگم کرد رەعنا دایکی شیرینم
بێ بگە هاوار شین و برینم
برادەری خۆم وا نامەی بۆم نارد
ناوی عەلی بوو کوڕ خالۆ مراد
خالەت بەم نەوعە تەعەددای کردی
شیرینی لە تۆ، یەکێ تر بردی
خالۆ بە حیلە و زمان لووسی پان
ئەم کردەوەیەی وا بە من نوان
کەسێ دوشمنی باوەکوشتە بێ
ئەگەر ئیسلام بێ رەحمی پێ ئەبێ
ئەو چی بوو لە خۆڵ دزو چاوی گەشی
ئێمەش لە دنیا ماین بۆ ڕووڕەشی
گەردنی ئازاد بێ خوا عەفوی بکا
ئیشی وا غەدر کەسێ تر نەیکا...

عەلی مەردان



کچ خاڵۆزی عەلی مەردان کە ناوی 'ئەنجەمە'بوو، کە
بڕیاربوو باوکی بیداتە عەلی مەردان؛
بەلام دوایی لەو بڕیارە پەشیمان بووەوە..



ئەو ئۆتۆمبێلەی
کە جۆری ئەلمانی
بەخشرا بە عەلی
مەردان

مورتەزاخانی ئەسفەهانی

٩

بەو کارەی عەرزمکردن، خالۆم بۆ چەندبارە سەلماندیەوە کە نە وەعدی هەیەو نەویژدان و نەئایین، پارەو ماڵ و تەماعی دنیا لای ئەو هەموو شتێکبوو.

لەوەتەی لە سەفەرەکەی لەیلانم گەرابوومەوە، جگە لە ئیش و کارەکەم، لایەکی ترم لە ژیان تەرخانکردبوو بۆ هونەرو گۆرانیەکانم، تا بگرە زۆر کەرەت گشت ساتەکانی رۆژم بەو هونەرەوە گرێ دەداو بۆی دەژیام، ناسۆرو مەراقەکانی رۆژگاریش کە دەهاتنە پێش زیاتر دەبوونە هەوێنی ئەم پێکهاتەیە لە هونەرێکی ئاوێتە بە تەمی ناسۆرو خەم.

لەملاشەوە پرۆژەی کارکردنەکەمان لە هێندی بەرەو تەواوبوون دەچوو، دەبوو بیر لە کارێکی تر بکەمەوە، لەو رۆژگارەدا بەغدا هەلمەتێکی بەرچاوی لە بیناکردن و بنیاتنان بەخۆوە دەدی، لە گشت لایەکەوە بەغدا فراواندەبوو، لە بازنەی دۆست و برادەرانیشمدا ژمارەیان رۆژ لە دوای رۆژ زۆرتر دەبوو، زیاتر خەلکانی دەوروبەر بۆکاروخۆژیاندن دەهاتنە بەغدا لە تەقەللادابوون، بەلام نیشتەجێی و شوێنی حەوانەوەیان تەنیا بابوشێخ بوو و هەر ئەو دەوروبەرە، بێئەوەی بەلایەکی تردا بچن...

منیش هامشۆمدەکردن و پێم لێنەدەبرین.

بەو نزیکانە خزمێکم هاتبووە بەغدا، لەبەری کەرخ، لەلای (صالحیە) کە دامەزراوێکی هێلی شەمەندەفەری لێبوو، ببوە پاسەوان، رێك و راست لەو جێیەی ئێستە ئوتێلی (میلیا منصور)ی لێیە.. جێیەکی سەوزی گوشادو دڵگیر، گەلێ خانووی فەرمانبەرە ئینگلیزەکانی تێدابوو، ساحەی تەنس و یاریگەی تر... راستەوخۆ بەسەر دیجلەدا دەیڕوانی.

(حەمە سەعید)، کە ئەمە ناوەکەیبوو، ناو بەناو سەردانم دەکرد، بەتایبەت رۆژانی هەینی، زۆر کەرەت شەوانیش لەلای دەمامەوە، کەرەتێکیان جگە لە خۆم میوانێکی تریشی هەبوو و بەیەکتری ناساندین، ئەو ئەندازیارێکبوو لە فەرمانگەی (ئیشغال)، گەلێ کەیفخۆشبوو بەناسینم، چونکە وەك خۆی دەیوت، دوراو دور بەهۆی قەوانەکانمەوە منی ناسیبوو. سندوقی قەوان (گرامافۆن) لەو رۆژانەدا ببووە شتێکی باو یا پێویستیەکی ژیانی سەردەمەکە، زۆر کەس و مالآن دەیانکڕی و قەوانیان پێ لێدەدا، چاخانەو گازینۆکانی بەغدا هەریەك سنوقێك یا دووانیان دانابوو، خەلکی بەهۆیانەوە گوێیان لە گۆرانیەکان دەگرت. ئالەم رێگەیەوە وردە وردە ناوی منیش (عەلی مەردان) کەوتبووە ناوناوان و دەناسرا.

کاك (حمید شاکر)ی ئەندازیاری ئیشغال، لە پرۆژەیەکی بیناسازی کاریدەکرد لە (باقوبە)، خەستەخانەو بەندیخانەیەکیان بە دەستەوە بوو بنیاتی بنێن.

جا کاك حەمید رووی لێنام کە بۆچ نەچم لەلای ئەوان کاربکەم و ببمە سەرپەرشتیاری گەنجینەی پرۆژەکەیان (بە مانا ببمە مەئمور مەخزەن) یان، بە مووچەیەکیش کە لەوەی لە هنێدی پێم دەدەن زیاتر بێت.

داواکەیم گەرج پەسەندکردو بڕیارم دا بچمە ئەوێ، سەرەڕای ئەوەی کە گۆڕانێکیشبوو لە رەوتی ئیش و ژیانمدا، چ لە شوێنەکەو چ لە چەندێتی مووچەکەمدا.

لەتەك ئەو کاڵی ئەوسەیدا چووینە بازاڕیـە، ماوەیـەکی بـاش پێکەوە لـەوێ مـاینـەوەو کارمانلێدەکرد.

بەڕۆژ لە چرۆژەکەدا بەسەرمان دەبرد و سەرقاڵی کاروباری خۆمـانبووین، شەوانەش کـە دەگەڕاینەوە کۆڕی گۆرانی و بەزم و ڕەزمان دەگێڕا.

ڕۆژێك هەر وەك ڕۆژانی تر چوومە ناو بازاڕ، بەلای جگەر فرۆشێکدا ڕەتبووم، بۆنی جگەری گۆشتی برژاو وای لێکردم، دەبێ بیخۆم، سووزەکەی ئارەزووەکانی جووڵاندم، بە کابرام وت بایی (دە فلس) گۆشتم بۆ لێبدا.

کابرا دەستی کرد بەلێنانی شیشەکان و یەك یەك دەیخستنە سەر ئاگرەکە، لەبەر خۆشییەوە هەر بەدەم شیشەکەیەوە گۆرانییەکی دەوت، منیش گوێم بۆ ڕاگرتبوو، تێکەڵێك بوو لە فارسی و کوردی، بە ئاوازی بیاتی سۆز هەڵگرتنەوە خۆم زیاتر لێی نزیك خستەوە، دەستم دایە ناخی و تەڕوا گوێم ڕاگرتبوو گۆرانییەکەی، جیاوازی لێی حاڵی بووم... لەبەر خۆیەوە مەقامێکی دەوت، جۆراو و وردە گۆتینەکانی گەڕشووە کار بۆ فرۆشتنەوەی ئاواز و شیشەکان، بێ ئەوەی بەخۆم بزانم کاتێك دونیاکەی ئەووەوە بەرامبەر، مەقامێکی تایبەتی دەچڕی، مەشخەڵی لەبەردەم ئامادەبووەکانی بێ ئاشنا نەبووم، شیشە گۆشتە برژاوەکانی بۆ ڕاگرتبووم، بەڵام ئاگای مـن هـەر لـەلای دەنگ و مەقام و ئاوازەکەی ئەو بوو، هەموو بیستە ئیتر هەوە سەیر مەقامەکەی بیا بیبیستەوە سەر بەڵی لیمۆنەوەی کـە پێیـان ئاشـنا بـووم و دەمـزانی، لێکدەدایەوەی شیشەکەی کردەوە، بە پەلە خواردنەکەم تەواو کرد، جا بۆ ئەوەی زیاتری لێ ببیستم تیەیبارە بایی دەفلسی تر (دڵ)م داواکرد، دیسان بەدەم لێدانی شیشەکانی دڵە کەرە گەوشەوە سەقام بێژییەکەی... بەجۆرە ویستم جاری سێیەم بای دە فلسی تر داوا کەمەوە، هەستمکرد کابرا کەوتە گومانەوە لێم و بە تەماشاییەکەوە لێمی دەڕوانی... دیارە سەختەری وا زۆر خۆری بەخۆوە نەدیبوو...

مەچەکی گرتم و وتی:

- بەشەرەفم تۆ بۆ خواردن نەهاتووی. بۆ شتێکی تر هاتووی.

ئارامم کردەوەو تێم گەیاند کە ئەوەی دەیوت منی ڕاگرتووە، ئەو مەقامەیشی کە دەیڵێ شتێکی تازەیە بەلامەوەو زۆرم پێخۆشە کە دەیبیستم.

قسەکەی پێ بڕیم و وتی:

- ئابەم ڕادەیە حەزت لە گۆرانیە؟ جاتۆ لەوە دەگەیت کە من دەموت؟

وتم منیش جاروبار گۆرانی دەڵێم و هەندێ قەوانیشم هەن،... کابرا بەمە کرایەوەو ڕووی گەشایەوە، خۆی لێ هێنامە بەرەوەو چرپاندی:

- دەمناسی... نەتبیستووە من کێم؟

وتم نەخێر بە خزمەتی جەنابت نەگەیشتووم و لەم شارەشدا غەریبم.

ئیتر پێی وتم کە:

من (مورتەزا خانی ئەسفەهانی)م، لە ئێراندا بە دەنگخۆش و گۆرانی بێژ ناسراوم، بەئەسلیش کوردم و ماڵە باوانم لە سابلاخ بوون.

منیش خۆم پێناساندو بەمجۆرە بووینە برادەرو ناسیاو، بەڵێنیشی دامێ کە لەمەودوا یەکتر ببینین و ئەو مەقامانەی کە شارەزایانە فێرمبکات.

کە گەڕامەوە کاك حەمید پرسی: بۆ ئەوەندەت پێچوو؟

منیش حاڵ لەمەو حیکایەت لەوەم بۆ گێڕایەوە، بەتایبەت ئەو هونەرەجوان و دەنگە خۆشەی لەو جگەرچیەم بیست، گورج ئەویش پێی وتم کە بچمە لای و پێی بڵێم گەر مەیلی لێیە با بێت و لە لای ئێمە کار بکات... دایدەمەزرێنین، بە مووچەیەکی باش دەیکەینە پاسەوان. درێژەی نەدەینێ، مورتەزاخانی ئەسفەهانی هونەرمەند هاتە لامان، بەهاتنی ئەو قۆناغێکی تازەو جیاواز لە ژیانم دەستی پێکرد، قۆناغی گەشتی هونەریم بەمەقام و گۆرانی کوردیدا.

شەوەکانمان گشتی بووە گۆرانی و خۆشی، بە دڵنیاییەوە هەرسێکمان حەزمانـدەکرد شەو دابێت، مورتەزاخان بووە ماموستام و گەلێ مـەقامی فێرکـردم، کـە لەوەوبـەر نەدەزانراو نەبیسترا بوون... نزیکەی ساڵ و نیوێك ئا بەم چەشنە ماینەوە.

لەو ماوەیەدا وەك برا وابووین، کە مـەقامـەکانی بـۆ دەوتم و فێـری دەکـردم، منـیش گورج و وریا وەرمدەگرتن و دەموتنەوە، زۆر جار لە پرسیارە زۆرەکانم وەڕەسنەبوو، من شتێ نەمزانیبایە یان باش لێی حاڵی نەبوومایە لێم دەپرسی، نەغمەو ئاوازەکانی ناو مەقامـەکە: پلە و بەرزی و نزمی دەنـگ تێیـدا، زوو زوو داوای دووبارەکردنـەوەیانم دەکرد... بگرە سێ بارەو دەبارەشی دەکردەوە، لەسەرخۆو جوان شی دەکردەوەو لێزانانـە دەیدان بە گوێمدا، گەلێ خۆشحاڵدەبوو کە بە بارە راسـتیەکەیداو وەك خـۆی منـیش دەموتنەوە.

پاش نیوەڕۆیە لە مورتەزا خانم پرسی:

- ماموستا مەقاماتی کوردی عومری چەندە؟

ماموسـتا پێکـەنی و فـەرمووی: پرسـیارەکەت جوانـە، فەقـەت منـیش بـۆ خـۆم خوێندەواریم کەمە، کاتی خۆی منیش هەر ئەم سـوئالەم لـە (رەحیمـی سـولتانی) ماموستام کرد، فەرمووی: کوڕم بەخودا منیش ئەوەندەم نەخوێندووە بەڵام هونەرمەندی مەزن ماموستام (مۆشەنگ نادری) فەرمووی ڕۆژێ لە کتێبێ چاوم پێکەوتووە لە ۱۳۸۹ لاوێ بەناو (تەیمور حورادی) کە ۹۴ ساڵ عومری بوو، شێت یان عاشق بوو، لە کەمەی دار دەفێکی دروستکردووە بە دار لێی داوەو سۆزی کردووە... هەر جارەی بە لەونێ، جارێ سۆزی گریان دەمێ پێکەنین... دەمێ سۆزی ئاوازی بەرز دەمێ خەندە، دەمێ سۆزی ماتەمینی.

ئیتر ئەمە حاڵی بووە، لەتەک کەسدا ڕەفاقەتی نەبووە، تەنیا (خوسرەو فەیروزخان)ی کە بەقسەو سەلام ڕەفاقەتی کردووە، لە ۱۴۱۷/۹/۲۲ تەیمور ناساغ دەبێ و دەمرێ

لە دێیەك نزیك سیروان كە (برایم غولامی)یان پێدەوت لەناو زەنگەنە بەخاك سپێررا، لەوە بەدوا گەنجان لە خوسرەو فەیروز خان كۆ دەبوونەوەو لەوەوە فێری ئەو نەوعە ئاوازەی دێوانە دەیوت، فێر بوون... دوایی خوسرەو فەیروزخان چوو بۆ شارەزوورو لەوێ ساكنبوو."[1]

بەچەند رۆژێ بەر لە تەواوبوونی پرۆژەكەمان، مورتەزاخان مالاوایی لێكردین و گەڕایەوە بۆ شارەكەی خۆی لە ئێران، غەریبی زۆری كەسوكاری دەكردو ئارەزوی چونەوە ناویانی بوو... مالاوایییەكی گران وپڕ لە خەمبوو، بە چاوی تەڕەوە باوەشمان بە یەكتردا كردو بەخوامان سپارد... ئیتر لەوساوە یەكترمان بیڕای بڕ نەدییەوە.
پاش ماوەیەك ئێمەش گەڕاینەوە بەغدا.

---

[1] دەقی وتەو نووسینی مامۆستا خۆی ، بەبێ دەستكاری.

[illegible] ماموستای [illegible] ؟

[illegible] ماموستام [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] ؟

[illegible] کردم [illegible]


[illegible]

[illegible] ماموستام [illegible]

[illegible]

[illegible] ماموستام [illegible]

[illegible]


نوسەی منیش ڕۆ قاڵەیە کەم دەرکرد ماموستام
لەکن بە کەس دوولایەنە دەرهاتن عەرەبی کوڕم
ڕەحیمی لە ساڵی ٨٩ ٣ لاوی بە ناوی تەیموور مرادی
تەیموور مرادی گوایە ئەم گەنجە ٢٤ ساڵ عومری بووە
گوایە شێت وە یا عاشق بووە ئەم لاوە لەگەڵ دایکی دەژی کە

دەستخەتی مامۆستا عەلی مەردان کە باسی مورتەزاخانی ئەسفەهانی دەکات..

سپڵەیی ئەوان

١٠

وەك لەوەبەر باسمکرد، کـە لـە هێندێ کارمـەدەکرد رۆژانـی هـەینی و پـشووەکان دادەبەزیمە ناو بەغدا، سەرم لەو چایخانانە دەدا کە مەقامبێژەکانی تێدا کۆدەبوونەوەو گۆرانیان دەوت، وەیا هەقایەتخوانەکان شـەوانە هەقایـەتیان بـۆ خەڵکەکـە دەکـرد، لەتەك ئەمانەدا ناسیاوی و پەیوەندیـەکی هونـەری تـەواوم پێکهێنـا بـوو، ببوونـە برادەرم، چونکە ئەوەی لەمنەوە لـە مـەقامی رەسـەن و گـۆرانی دەیانبیـست، ئـاوا بەدروستی و تەواوی لەکەسی تریان نەدەبیست، لەو مەقامە باوانـەی کـە لـە نـاو بەغدایەکاندا دەبیستران مەقامی (قەتار، حیجازکارکرد)ی گەلێکی تر.

راستە ئەوانەی ئەو چایخانانە مەقامبێژ بوون، بەلام بەمنیاندەوت: (تۆ هەقی خۆیان دەدەیتێ)و بەدروستی دەیانڵێی، لەوانە: (رشید قندرچی، محمود مجار-کە ناسراوبوو بە محمود خشالي- و محمد القبانچی)، رەشید قۆندەرچی کە یەکێکبوو لە ناسراوەکانیان، بەردەوام دەیوت: تۆ مامۆستامی و لە تۆوە مەقامی رەسەن و راست فێر بووم ئەمەی زۆر جار لای ئەوانی تر دەوتەوە. مەحمود نەججاریش هەندێ مەقام لەمنەوە فێر بوو، کە سەردانم دەکردو دەچوومە لای، دەیوت: ئەمـە هەڵێکـە و نابێتەوە، بۆ فێر بوونی ئەو مەقامانە تۆ خوا ناردوتی.

زۆر جار لە دوکانەکەیدا لە گەڕەکی (صدریە) کە خەریکی دارتاشین (خراط خشب) بوو، سەردانم دەکرد، چەند سەعاتێك دەمامەوە تا (حسینی و منصوری و ئورفە)م فێر دەکرد.

هەتا (محمد قبانچی)ش زۆر شتی لێم وەرگرت و لێم سودمەند بوو، حەرف حەرفی مەقامەکەو وتنەکەیم فێر دەکرد، دەتوانن گوێگرن لە قەوانە کۆنەکانی (ئەوانەی یەکەجار بۆی تۆمارکراوە) لەو سەردەمەی کە من فێرمدەکرد، دیققەتدە هەتا هەر ئەو وشانەش دەڵێتەوە کە لە منی بیستبوو، خۆم لە مەقامەکانمدا بەکارمدەهێنان... خۆزگە رۆژێك بۆم بلوێ و لە کۆڕێکدا بەرامبەر یەکتر دانیشین و خەڵکی لەم رووکارەوە ببنە شایەدیحاڵ.

بەڵام بەداخەوە، هەر ئەوەندەی چەند قەوانێکی بۆ تۆمارکراو ناویاننا (گۆرانی بێژی عەرەب لە مەقامدا)، ئیتر رووی لێ وەرگێڕام و پشتی تێکردم... چۆندەبێ منێکی (کورد) ببمە مامۆستای ئەوێکی (عەرەب)!!... ئیتر ئەو بەتەنیا کەوتە رێ و سەفەرەکەی خۆی تەواوکرد.

بەڵام مێژوو ئەو شایەدیە دەدات کە کاتێ ئەو لە سەرەتادا بوو چۆنچۆنی دەستودامانم دەبوو و بەرینەدەدام، خۆکە لێشم دورەوەکەوت چۆنبوو. گشت ئەو مەقامانەی دەیوتن لە یەك دوویە تێنەدەپەرین، چونکە سەرچاوەکانی وشکبوو، ئاستێکی نزم و خێرا خێراش دەگەڕایەوە بۆ ئەو بەستە کۆنانەی پیاوی پەستدەکرد.

هیوادارم، وەك وتم، تەمەن مۆڵەتی ئەوەم بدات کە رۆژێك بەرەورووی یەکتر ببینەوەو گشت ئەمانە بدەمەوە بە چاویدا، تا راستی لە ناڕاستی جیا ببێتەوە، هەر بۆ هەڵماڵینی ئەم راستیانەش من لەلای خۆمەوە گەلێ لەو قەوانە (کۆنانە)یم لەسەر کاسێت پاراستوون و دامناون...

دەڵێم (کۆن) چونکە لەوەتەی ئەوانەی بۆ تۆمارکراوە شتێکی تازەی ئەوتۆی بەدەستەوە نەداوە تا پێیدا بەگوێی گوێگراندا.

لێرەدا دەمەوێ کەمێ خۆم لە قەرەی سیاسەت بدەم، ئەگەر بە سیاسەتە حسێبکرێ... چونکە مەسەلەی (کورد بوونم) و (عەرەب نەبوونم) کارێکی زۆری کردە سەر بەشداریکردنم لە (کۆنگرەی یەکەمی مۆسیقای عەرەبی) لە قاهیرە، ساڵی ١٩٣٢ کە رووکاری شۆڤێنیەتی عەرەبی بەسەرسیمای کارەکانی ئەو کۆنگرەیەوە زاڵبوو.

ئەمە یەکێکە لەو باسە دیارو کاریگەرانەی کە لە دڵمدان و حەزیش بە باسکردنیان ناکەم و نامەوێ برینەکانی پێ بکولێنمەوە، بەڵام وادەزانم کە ئێستە بۆتە بەشێك لە مێژوو، منیش کە هاتوومەتە سەر نووسینەوەی ئەم بیرەوەریانە پێویستە فەرامۆشی نەکەم و نەیبوێرم و هەروا بەبێ بایەخانە پێیدا رانەبوورم، جگە لەوەی کە کەمێ بەر لە ئێستە سەرەقەڵەمێکی تریم خستەڕوو، بەڵام وابزانم هێنانە پێشەوەی ئەم باسە سودو کەڵکی خۆی هەیەو لە ئایندەدا دەیشیبێ.

وەك وتم، کە بریاری گرتنی کۆنگرەی مۆسیقای عەرەبی درا، منیش وەك هونەرمەندێکی بواری گۆرانی و ئاواز خرامە نێو ئەندامانی ئەو وەفدەی کە بە ناوی عێراقەوە بەشداردەبین، دیارە عێراقیش هەر تەنیا عەرەبی تێدانیە.

شانازیبوو بۆم کە لەو کۆنگریەدا بتوانم بە زمانە رەسەنە زگماکەکەی خۆم گۆرانی بڵێم و ئاوازو مەقامی کوردی جوان و دڵگیر بدەم بە گوێی کەسانێکی هونەرمەند کە ئەسڵەن وشەی (کورد) یشیان نەبیستبوو و بەلایانەوە نامۆ بوو... من تەنیا کوردێکبووم لەناو دەیان هونەرمەندی عەرەبی وڵاتەکانی عەرەبدا، وەك وتیشم کۆنگرەکە بەقەدەر ئەوەی سیاسی بوو ئەوەندەش لە هونەرەوە دوور بوو، فری بەسەر هونەری مۆسیقا و گۆرانیەوە نەبوو.

سەرپەرشتیاران و کارگێڕەکانی کۆنگرەکە دەیانویست بمخەنە پەراوێزەوەو وەلامـنـێن، چالاکی و دەورم تێیدا ئیفلیج کەن، هەتا زوربـەی دەنگوباسـەکانی کـۆنگرە بـەهیچ کلۆجێ نەدەچوو بەلای بەشـداری وەیـا ئامـادەبوونی (هونەرمەنـدێکی کـورد) لـە کارەکانیدا. نەك هەر بۆ من، نا بەڵکو بەهیچ زمان و هونەرێکی تـری نـاو وڵاتـانی عەرەب جگە لە هی خۆیاننەبێ.

زۆر تەقەللایاندا کە: با چالاکی و گۆرانیەکانم، مەقام وبەستەکانم، بەعـەرەبی بـن، چونکە ئەمە (مؤتمر الموسیقی العربی الاول)ەو لەژێر ئەم چادرەدایە، بەلاّم مـن رووم پیـشاننەداو رازی نـەبووم، جـا ئـەوانیش ئەندامەتیەکـەی منیـان بـەتاڵ کـردەوە ویستیشیان بمخەنەلاوە.

لەو ماوەیەدا کە لە قاهیرە مامەوە، بە هەوڵ و کۆششی زۆری خۆم توانیم بوونی خۆم بسەلمێنم و خۆم بە زۆرێك لە هونەرمەندو شاعیرو نووسەرە (بـە ئەسـڵ کوردانـە)ی میسر بناسێنم و (کورد بوونە)ەکەی ئـەوان دەمـە زەرد بکەمـەوە یـان هـیچ نـەبێ زاخاوێکی مێشك و دەروونیان بدەمەوە، لەوانەی مەبەستم بـوون: (أحمـد شـوقی)ی شاعیری بەناوبانگ [1] (عباس محمود العقاد)ی نووسەرو رەخنەگر، کە ناتوانم وەسـفی

---

[1] احمد شوقی ١٨٦٨ - ١٩٣٢ لە شاعیرە بەناوبانگەکانی میسرو عەرەبە، لە قاهیرە هاتۆتە دنیاوە، هەر بـە بنەماڵە لە کۆشکی خدێویەوە نێزیکبوون، (حقوق)ی لە فەرەنسا تەواو کـرد، دانـرا بـە یـەکێك لـە یـاودرانی خدێوی توفیق ١٨٧٩-١٨٩٢، لە فەرەنسا گەلێ ولاّتی ئـەوروپا گـەڕا، شـیعرەکانی لامـارتین و لاڤـۆنتێنی گۆڕیە سەر عەرەبی، دوایی کرایە سەرۆکی بەشـی وەرگێـڕان لـە کۆشـکی خـدێوی، ماودیـە دورخرایـەوە بـۆ ئیسپانیا، ئەو سەردەمەی تیا پێگەیی پڕبوو لە پشێوی سیاسـی و جـەنجاڵی لـە میـسردا: شۆرشـی ئەحمـەد عورابی ١٨٨٢، داگیرکردنی میسر لە لایەن بەریتانیاوەو جیابوونەوەی لە تورکیا ١٩١٤، رێکەوتنی سـایکس ـپیکۆو بەرەسمی ئینتدابی میسر ١٩٢٢، پەیدابوونی حیزبە سیاسیەکانی (الوطنی ، ألأمـة: الوفـد والاحـرار الدستوریون؛ و هەندێکی تر) شۆرشی ١٩١٩، ئینتخابات و پەرلەمان و دەستوری ١٩٢٣.

خۆشحاڵی و هەستی بەرزیان لێرەدا بکەم کە زانیان من هونەرمەندێکی کوردم و بە دیقەتەوە گوێیان رادەگرت بۆ ئەو مەقام و بەستانەی بۆم دەوتن... هەر ئەو شەوەش هونەرمەندی بە توانا (محمد عبدالوهاب)م تیاناسی و بۆ یەکەمجار گۆرانی (اللیل لماخلی)ی پێشکەشکرد... شەوقی پێی وتم کە شیعری ئەو گۆرانییە هی خۆیەتی، بەڵێنی دامێ کە لە پاش تەواو بوونی گۆنگرەکە شتێ دەربارەی (ئەم کوردەی ناو کۆنگرەی مۆسیقای عەرەبی)یە لە رۆژنامەیەکی قاهیرەدا دەنووسێ، بەلاَم جێی داخبوو کە دوای ئەم پێك گەیشتنەمان بەچەند مانگێك کۆچی دوایی کرد.

ئەحمەد شەوقی زیافەتێکی چاکی کردم بۆ ماڵەکەی خۆی کە پێیاندەوت (کرمە ابن هانی) لە ناوچەی (الجیزە)، پێی وتم کە کوردەو لە کوردەکانی تورکیایە، باوو باپیرانی لە گەورە پاشاکانی میسرن و لە بنەماڵەی پاشای ئێستای میسرەوە گەلێ

گشت ئەوانە هەوێنی ئەو گۆڕانکاریە فیکریانەبوون لە بوارەکانی: رۆژنامەوانی و نووسین و شانۆ و سینەما و داهێنانی چیرۆك و رۆمان وسەربەستی ئافرەت و گەلێکی دی.

ئەحمەد شەوقی نزیکەی ٥٠ ساڵ شیعری ووتوە، لە ١٨٩٨ەوە تا ئەکتۆبەری ١٩٣٢ کە کۆچی دوایی کرد، بەردەوام لە بوارەکانی شیعری سیاسی و شانۆنامەی شیعری و وتار دەینووسی لە ٢٩ ئەپریلی ١٩٢٧ لە (دار الاوبرا) نازناوی (امیر الشعراء یان دایە.

شاعیرێکی راستگۆو بە ئەخلاقبوو، هەر ئەو بوو کە وتوویە:

وانما الامم الأخلاق ما بقیت   فان همو ذهبت أخلاقهم ذهبوا

دیوانێکی هەیە (الشوقیات) و چەند شانۆ گەریەك، وەك (مصرع کلیوپترا)، (مجنون لیلی)، (قمبیز)، و(علی بك الکبیر) و چەپکێ لە شیعروگۆرانی بۆ منالاَن.

باوکی پێی وتووە کە بەئەسڵ کوردن و لە کوردستانی باکوورەوە هاتوونەتە میسر، ئەمە بەپێی (تاریخ الادب العربي — احمد حسن الزيات: دار المعرفة — بیروت ط ١٠، ٢٠٠٦ ص ٣٦٩).

نێزیکن... هەر لەوماڵە دیسان عەبدولوەهابم بینی[1] و بە (أم کلثوم)ی هونەرمەندی ناساندم[2] کە هێشتا لە هەرەتی جوانی و جەهێڵیدا بوو، عەبدولوەهاب داوای هەندێ لە قەوانەکانی کردم تا لە ئاوازدانانەکانیدا کەڵکیان لێ وەرگرێ[3]!!

١- محمد عبد الوهاب: ١٩١٠- ١٩٩١ گۆرانی بێژو ئاوازدانەرێکی بەناوی میسرییە، لە قاهیرە لە دایک بووە، سەرەتای کاری هونەری بە گۆرانی دەستدایەو دوایی دەستی دایە ئاوازدانان و لەمەدا داهێنان و گۆڕانکارییەکی لە هونەری مۆسیقای میسردا بەرپاکرد، لە ئاوازەکانی: (موکب النور، یوم سعید، عاشقە اللیل) هەروا گۆرانییەکانی (یاجارة الوادي، الجندول، قیس و لیلی، الهوی و الشباب) لەگەڵێ فیلمی میسریشدا وەك ئەکتەر بەشداری کردووە، گەلێ ئاوازی بۆ گۆرانییەکانی ئوممو کەلسووم داناوە.

٢- أم کلثوم ١٨٩٨ - ١٩٧٥: گۆرانی بێژێکی بەناوبانگی میسرییە، ئەم ئافرەتە ئەو کاتەی مامۆستا دیویە سەرەتای دەرکەوتنی بووە ، لە لادێی میسر (صعید)ەوە دەستی دایە قورئان خوێندن و مەولودو دوایی گۆرانی و نیتر هاتنە قاهیرەو بووە جێی سەرنجی شاعیران و ئاوازدانەرانی گۆرانی و مۆسیقا، هەتا نازناوی (کوکب الشرق) یان بەسەردا بڕی و ئەمیش لە سەرەتادا بەشداری چەند فیلمێکی کردووە.
لەوانەی شیعری گۆرانییەکانیان بۆ دادەنا : احمد شوقی ، احمد رامي ، الأخطل الصغیر، محمود احمد السید... و لە ئاوازدانەری گۆرانییەکانی: محمد عبد الوهاب ، ریاض السنباطي ، بلیغ حمدي.
لە ساڵانی پەنجا بۆ حەفتاکانی سەدەی پێشوو، ئاهەنگی شەوانی گۆرانییەکانی ئەم ئافرەتە هونەرمەندە لە ئێزگەی رادیۆکاندا باوێکی سەیری هەبووە، ملیۆنەها خەڵك بەدیار رادیۆو تەلەفیزیۆنەوە دادەنیشتن بۆ بینین و گوێگرتن لێی.
جەمال عەبدولناصر، میدالیای نیلی دەرەجە یەکی پێ بەخشی... سەردانی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی کردو ئاهەنگی تیایاندا گێڕاوە، جگە لە پاریس و لەندەن و بەرلین، کەلسووم لەم دواییانەدا ببووە رەمزی میسر و سامانێکی نیشتمانی بۆ ئەو وڵاتە ، بۆیە نازناوی (سیدة الغناء العربي) پێ درا.

٣- هەر ئەم (ئەحمەد شەوقی)یەشبووە کە بەر لە ساڵێ لەمە (لە ١٩٣١) دا شیعرێکی بەسەر مەلیك فەیسەڵی یەکەمدا هەڵداو (عبد الوهاب)یش ئاوازێکی کاریگەری بۆ داناو لە ئاهەنگێکدا لە بەغدا، لەبەردەمی مەلیکدا وتی:

یا شراعا وراء دجلة یجري — فی دموعي تجنبتك العوادي
سر علی الماء کالمسیح رویدا — واجر فی الیم کالشعاع الهادي

جگە لەمانە هونەرمەندی میسری (عبد الحلیم الحمید) بەشم ناسی و بۆ زیافەتێ بانگی کردم بۆ ماڵەکەی خۆی، لەوێ چەند گۆرانییەکم تۆمارکرد کە هاوسەرەکەی و کچەکەی بۆیان بیرونە کوردی، بەزەحمەتێکی زۆر هەتا چەند وشەیەکی کوردییم فێرکردن تا لە گۆرانییەکەدا بەدواماندا بیڵێنەوە.

هەر لەوێ نزیکەی شەش قەوانم تۆمارکرد. لە دیوێکیاندا شەش مەقامی تێدابوو، دیوەکەی تری گشتی بەستەبوو، ئەمە لەلایەن کۆمپانیای (سودا وای)یەوە جێبەجێکرا، دەمەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە بکێشم کە هەتا ئەو قەوانانەش دەستی بیستی رەگەزپەرستی عەرەبی گەیشتبووییە، ناوەکەی منیان لەسەر لابردبوو، ناوی گۆرانیبێژێکی عەرەبیان لەسەر نووسیبوو.... دوایی بیستم کە هەر باشیشبووە کە هێشتوویانە ئاواش تۆمارکرێ و بڵاوکرێتەوە، چونکە لەژێرەوە هەوڵێکی زۆردرابوو کە ئەو کارە هەر نەکرێ، چونکە بە زمانێکی خەیرە عەرەبییە بە پێچەوانەی ئامانج و هەتا ناوی کۆنگرەکەشە، کە دیارە ئەم قەوانانەش لە پەراوێزو بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەکەوە دەردەچن.

بەڵام بە زۆرو تەقەلالای خۆم، دوای شەشەوو شتێ، پارچە کاغەزێکی بچووکیان چاپکرد، بەقەدەر پوولێکی پۆستە، ناوەکەی خۆمیان لەسەر داناو لکاندیان بەسەر قەوانەکەوە، بەو جێگەیەی ناوی کابرای عەرەبییان لێ نووسیبوو.[1]

لە ئەیلولی ١٩٣٢، یانی ساڵێ دوای کۆنگرەکەی قاهیرە، فەیسەڵ لە (برن)ی سویسرا کۆچی دوایی کرد...
ئەو گۆرانییەی (عبد الوهاب) خرایە سەر قەوان و بەرۆر وڵاتی عەرەبیدا بڵاوبۆوە.

[1] لە یەکێ لەو کۆلانانەی کە لە (شارع البنوك)ی بەغدا دەبنەوە، راستەوخۆ پشت (البنك المركزي العراقي) لەسەر شەقامی رەشید. لەدوای کۆچی دوایی باوکم، ساڵی ١٩٨١، چووم بۆ لای مەقامبێژی عێراقی محەمەد قەبیانچی.

لە کابرای میوەفرۆشی سەرکۆلانەکەم پرسی، دەستی درێژکرد بۆ بناکەی تەنیشتی و وتی: لە نهۆمی دووەمی ئەو بینایەدایە.

بیناکە لەو موڵکانە بوون کە (الاموال الجمدة)یان پێدەوت، یانی موڵکی ئەو جولەکانە بوو کە ڕۆیشتوون و دەستیان بەسەردا گیراوە، تهۆمی یەکەم سیخناخبوو لە فەردە گوێنی پڕ لە پیازی وشک، چونکە قەبانچی ساڵانێك بوو وازی لە هونەرەکەی هێنابوو، خەریکی کاسبی بوو، هەتا وشەی (قەبانچی) لە قەپانی کێشانەوە هاتووە، کە کاتی خۆی باوکی لە عەلوەی بەغدا بە پارە شتی بۆ بازرگان و دوکاندارەکان دەکێشا. **

لە دووەم تهۆم چوومە ژورێك، قەبانچی لەسەر تەختێك دانیشتبوو، یەکێکی قەڵەو کاری سەر روتاوە (أصلع) لە پشت مێزێکەوە سەر کورسیەکی گرتبوو. دوایی زانیم کە ئەمە (عبد الرزاق القبانچی یەو برازایەتی.

خۆم پێناساندن و پێشم وت کە باوکم ئەمری خوای کردووە.

ئەویش هەر بەم شێوەیە وتی: (اهلا ابن اخوي).

هۆی سەردانەکەشم تەنیا بۆ هەندێ زانیاری بوو دەربارەی (کۆنگرەی یەکەمی مۆسیقای عەرەبی لە قاهیرە)و نووسینەوەی بەراستی.

بەر لەوەی وەڵامم بداتەوە هەستمکرد کە کە خەو بردیەوەو دوایی بەئاگا بۆوە، وتی: (چان ویانا و بدع)، بەمانای لەگەڵماندابوو و داهێنانی کرد، یا نیشی چاکی کرد.

لێرەدا عبد الرزاقی برازای بە کەمێ گرژیەوە قسەکەی بڕی و وتی:

کەس بەشداری نەکردووە جگە لە قەبانچی.

بە پەنجەش ئیشارەی بۆ کردم کە با وەڕسی نەکەم و پێی لەسەر دانەگرم، وازیبێنم باشترە.

هەستام و ئەو بەدوامدا هات و لە پلیکانەکاندا وتی: (قەبانچی نازانێ چی دەڵێ، تووشی لەبیرچوونەوە بووەو مێشکی لاواز بووە).

ماڵاوایم لێکردو چوومە خوارەوە، بەڵام ئەوەی وترا لەسەر شریتێ تۆمارم کرد...

ئەو شریتە لە یادەوەری ساڵی ١٩٩٤ لە سلێمانی کە بۆ عەلی مەردان سازدرا لێم بزر بوو، لەگەڵ دوو کاسێتی بەنرخی تر، ئەمەش لە نێوان (ئەحمەد بێکەس و جەلیل زەنگەنە دا... بەنان هاتن و بە ناو خوران!!

... ئەو دوانە لە ستافی ئامادەکاری یادەوەریەکەدا بوون، خوا بە گوناه لێیاننەگرێ.

دوای ئەمە بەماوەیەك لە هەولێر هاتنەلام، پاش هەوڵ و عوزر خواهی و بەڵێنێکی زۆرو (وەعدی شەرەف !!) گفتیاندامێ کە شریتەکانم بە سەلامەتی بۆ بگێڕنەوە (وەك خۆیان)... بەڵام ئەوەشیان نەکرد.

نووسەرو هونەرمەند (عوسمان شارباژێری) لە (برایەتی) ژمارە (٢٣٧٩)ی پێنج شەممەی ٢٤ / ٧ / ١٩٩٧ دا دەقێکی لە ڕۆژنامەی (ناسۆ)ی ١٩ / ٨ / ١٩٨٩وە وەر گرتووە دەڵێ: (پرسیارمان لە خوالێخۆشبوو محەمەد قەبانچی کرد: مامۆستا عەلی مەردان دەناسی؟ گوتی: هونەرمەندێکە گەورەیەو مەقامزانێکی ڕەسەنە،

زۆریشم خۆشدەوێ. وتم شارەزایی چیە لە مەقامەکاندا؟، وتی: گوێگرە کوڕم، عەلی مەردان بەڕاستی لەمن (زۆر) شارەزاترە و مەقامزانترە / بەڕاستی هونەرمەندە، بارەکەڵڵا.

(عبد القادر عەلی مەردان)

** بەیانی ئەم بۆچوونەی کاك عەبدولقادرەوە ، ئەوەش هەیە کە تایەفەیەکی جولەکە لە تورکیا هەن بە ناوی (جولەکەی دۆنمە)، ئەمانە بەزۆری لە کەنارەکانی رۆژاوای ئەم وڵاتەن، بەتایبەت لە شاری (ئیزمیر)، دەستڕۆیشتوو لە نێوەندەکانی بازرگانی و ڕاگەیاندن و سیاسی دا، سیاسەتوان و بازرگان و زاناو ئەدیب و هونەرمەندی دەرکەوتووی زۆریان تێدا پەیدا بووە. ئەم دۆنمانە بنەماڵەو خانەوادەی بەناویشیان هەیە، وەك : (قبانچی، کبار، ئیبیکچی ...)، جا دەشێ (محەمەد قبانچی)ش بەئەسڵ لەوانەبێ.

بڕوانە: (العربي — مجلة : ع ٢٥٥ شباط ١٩٨٠، محمد حرب عبد الحميد: يهود الدونمة . ص ٤٣) .

*

هونەرمەندی شاری هەولێر (مشکۆ هەولێری) بۆی گێڕامەوە کە لەساڵی ١٩٣١دا هونەرمەندی بەناوبانگ مامۆستا (عەلی مەردان) لەگەڵ هونەرمەندی عێراقی (محەمەد گوبانچی) هاتنە شاری هەولێرو لە(قەسری باداوە) لای (مەلا ئەفەندی) میوان بوون. یەکەمجار مامۆستا محەمەد گوبانچی دەستی پێکردو مەقامێکی (مەنسووری) خوێند، پاشان مامۆستا عەلی مەردان بە مەقامی (نای.. نای) بۆی هەستا. دوای تەواوبوونیان مەلا ئەفەندی گوتی:

(ئێستاش تۆرەی مەقامزانی ئێمەیە). ئاوڕێکی لە (شەهابەی هەولێری) دایەوە، ئەمیش بە مەقامی (دەشت) بۆی هەستاو بووە مایەی سەرسوڕمانی ئامادەبووان.

سەبارەت بە کۆنگرەی جیهانی، ساڵی ١٩٣٢ کە لەشاری (قاهیرە)ی پایتەختی وڵاتی (میسر)دا سازکرا، بڕیاردرابوو هەر سێ هونەرمەند محەمەد گوبانچی لەبەغداو عەلی مەردان لە کەرکوك و شەهابەی هەولێریش لەهەولێر بەشداری بکەن، ئەوەبوو مامۆستا عەلی مەردان و گوبانچی بەشدارییان لەکۆنگرەکەدا کرد، بەڵام بەداخەوە شەهابەی هونەرمەند نەیتوانی بەشداری تێدا بکات، چونکە مەلا ئەفەندی ڕێگەی پێنەداو بچێت، لەم بارەیەوە مێژوونووسی خوالێخۆشبوو (زوبێر بیلال ئیسماعیل) لەدەستنووسێکی خۆیدا بەم جۆرە باسی ئەمە دەکات:

(وفي سفراته الى بغداد ، إتفق على أن يرافق قارئ المقام العراقي الشهير محمد القبانجي و الاستاذ علي مردان الى القاهرة لتسجيل مقاماتهم على الاسطوانات، ولكن ملا أفندي استدعاه ليتفرغ لمسجده، ولم تسنح له مثل هذه الفرصة بعد ذلك).

ئەم قسانەم ئاراستەی ئەوانە دەکەم کە هاواردەکەن (کردو عرب فد حزام)!! کە چۆن ئەو (حزام)ە دەئاڵێنن لە گەردنمانەوەو گیانمان دەسێنن و هەزارانمان دەکوژن.

وابزانم کەمێ داچوومە ناو زەلکاوی سیاسەتەوە، ئەمەش بۆمن ناشێ، چونکە من سیاسی نیم.

مام حاجی عەبدوڵڵا سەوزەچی، خوالێی خۆشبێت بۆی گێرامەوەو گوتی: ساڵی ١٩٣٥ کۆمپانیای (بایزەفۆن) بۆ تۆمارکردنی قەوان داوای لەگۆرانیبێژی بەناوبانگ مامۆستا عەلی مەردان کرد کە بێتە شاری هەولێرو داوا لە دەنگخۆشەکانی ئەو شارە بکات بۆ ئەوەی دەنگیان لەسەر قەوان تۆمار بکەن.. مامۆستا عەلی مەردان هاتە مزگەوتی قەڵات و شەویش لەقەسری باداوە لای مەلا نەفەندی میوان بوو.. لەهەمان کاتیشدا داوای لە سەید مەردان و شەهابەو حاجی وەلی چایچی و عەلی کۆرو مەلا نادری سەعاتچی و دەروێش رەمەزانی سلێمان و حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن و چەند دەنگخۆشێکی دیکە کرد، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە بەپێی بۆچوونی ئەوکات گۆرانی گوتن عەیب بوو و هونەرمەندیش بەچاوێکی سووك تەماشا دەکرا.

ئێوارەیەکیش بە میوانی هاتە تەکیەی شێخ محیەدین لەگەڕەکی عارەبان و لای ئەو میوان بوو.

شێخ پێی گوت: کاك عەلی چیت کرد؟

ئەویش لەوەڵامدا گوتی: قوربان تا ئێستا کەس رازی نەبووە دەنگی خۆی لەسەر قەوان تۆمار بکات.

ئەویش پێی گوت: کاك عەلی کامێکت بەدڵە؟

گوتی: لەهەموویان دەنگخۆشتر شەهابەم بەدڵە، بەڕاستی مەقامزان و قورئان خوێنێکی زۆر چاکی دیوەخانی مەلا نەفەندییە، مامۆستای مەقاماتەو هەموو نوسوولێك دەزانێ و ئینکار ناکرێ، بەڵام ماڵوێران و ناخێرشەرە.

جەلال خدر

علي مردان



محمد القبانچي

رشيد القندرچي





ئەو قەوانەی کەوا بەناوی گۆرانیبێژێکی عەرەبە، دەنگەکەی عەلی مەردانە..

سەیید ئەسغەری هەمەدانی

جارێکیان لە بەغدا (أصغر همداني)م چاوێکەوت، ئەمە یەکێکبوو لە مەقامبێژە چاکە ناسراوەکان و هەر لەو بینینەدا ئەوەی دابەگوێمدا کە کوردەو سەربە هۆزەکەی شاعیری گەورەی کورد (بابە تایەری هەمەدانی)یە، ئەوەی دەبێ بوترێ ئەم هونەرمەندە لووتکەیەکی دیاری مەقامی (ماهورو شوشتەرو دەشت)ە، جا بۆیە بە دەنگە خۆشەکەی گشت سووچێکی کوردستانی ئاوەدان کردۆتەوە، ناو هێنانی ئەم مامۆستا هونەرمەندە گەورانە لەلام تەنیا سارێژکردنێکە بۆ گشت ئەو برینانەی وان بە دڵ و دەروونمەوەو زوو زوو بەدەست بێگانەوە دەکولێنەوە[1].

---

[1]- سەیید عەلی ئەسغەر: لە ١٨٨٢ ز لە گوندی سەڵەواتئاوا (سەولاوا) لە کوردستانی رۆژهەلات هاتۆتە دنیاوە، کوری یەك لە سەییدە بەنێوبانگەکانی ئەو گوندە دڵگیرەیە، باوکی سەیید نیزامەددین کوری سەیید جامی... دەچنەوە سەر سەیید عەلی حەمەدانی برای شاعیری ناسراو باباتاهیری هەمەدانی.

لە دوای تۆمارکردنی گۆرانییەکانی لەسەر قەوان نیتر ناوو شوورەتی بووەبە (سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی) یان (سەیید عەسکەر – ئەسکەر -) .

سەیید عەبدولسەمەدی توودار لە (مێژووی چەکێکی هەورامان و مەریوان)دا دەڵێ: سەییدەکانی سەڵەواتئاوا دووبەشن: بەشی هەرە زۆریان وەچەی مەلابراین و لەگەڵ بەرزنجەییەکاندا لە پشتێکن، چونکە دەچنەوە سەر بابا عەلی هەمەدانی.

سەييد هەر لەو گونددا گەورە دەبێ باوكى دەينێرێتە بەرخوێندن لاى مەلا، بەر لە ساڵى ١٩٠٥ز سەييد ژنى هێناوە، واتە لە نزيك بيست ساڵانێكدا، سێ كورو دوو كچى بووە (عەبدولئەحەد، مەسيح، عەلى ئەشرەف، زەهرا و شەرافەت).

لە شارى سنە زۆرتر لە مزگەوتى (دار الاحسان) خوێندويە، بەدەم خوێندنەوە، بەدەنگەوە خوێندن — تجويد — ى قورئانى پيرۆزيش دەبوو بخوێنرێ... ليرەدا دەنگخۆشيى دەركەوت ، جا خۆى بە موناجاتى خوا پەروەردە دەكات، بەر لەوەش دەنگى لەسەر قەوان تۆماربكرێ وەك مرۆڤێكى هێژاو رێزدار، لە هەمانكاتدا وەك گۆرانيبێژێكى دەنگخۆش ناسراوە. هەروا كەسێكى پسپۆڕيش بووە لە زانستى مۆسيقادا، يان مامۆستايەكى مۆسيقازان رينوێنى و پەروەردەيى مۆسيقايى كردبێ.

(بۆ زياتر دەربارەى ئەم هونەرمەندە بروانە — محەمەد حەمە باقى : سەييد عەلى ئەسغەرى كوردستانى، چ-٢- دەزگاى ئاراس هەولێر ٢٠٠٢).

مامۆستا (غەفور رەشيد داراغا) دەڵێ: سەى ئەسكەر لەسەر خواست وداواى كومپانياى بەيزافون روويكردە تاران كە دەنگ و هونەرەكەى تۆماربكات، مەقامە بەناوبانگەكانى ئەو دەورە كە زوربەى بەفارسى ئەوتران هەموى وەرگێرانە سەر كوردى لە زۆريا شيعرە بە سۆزەكانى تايەربەگى جافى بەكارهێناوە، وەكو: همايون، حجاز، شور، بەياتى ترك، دەشت، قەتارى سنەو خەمەنگيز... لەگەڵ ئەمانەدا گەلێ بەستەى ئەو دەورەى تۆماركردووە. (رۆژى نوێ: گۆڤار — ژ٩ ساڵى ١- ١٩٦٠ سلێمانى).=

=هەر لەو نووسينەدا هاتووە كە ساڵى ١٩٣٦ لە رێگەى قەسرى شيرينەوە هاتۆتە بەغدا بۆ بينينى شێخ مەحمودى حەفيد كە ئەوكات دەستبەسەردەبێ . دوايى لە كاتى گەرانەوەيدا لە كەركوك دەگيرێ و لە پينجوينەوە رەوانەى ئەوديو دەكرێتەوە... ولە تەمەنى ٦١ ساڵيدا ساڵى ١٩٣٧ كۆچى دوايى دەكاو لە گۆرستانى چواباخى سنە نێژراوە.

بەلام لەو رووەوەى كە سەييد چۆن مۆسيقاى ئێرانى ناسيوە؟، ئەمە جێى رامان و ليوردبوونەوەيە ، بەپێى نووسراوەكانى عەبباسى كەمەندى : عارف قەزوينى شاعيرو گۆرانى بێژى ناسراوى ئێران كە دورخراوەتەوە بۆ سنە ، دەبێ لەوێ بەسەييد ئاشنا بووبێ و سەييد لێى سودمەند بووبێ.

(بروانە: سەييد عەلى ئەسغەرى كوردستانى = داودى دوودم : ئاوارە جەلالى، كوردستان، هەفتەنامە، ئورگانى حيزبى ديموكراتى ئێران ، ژ ٤٥٧ — ٢٠ مارس ٢٠٠٧).

لەم ماوەیەدا جم و جۆڵ و چالاکی هونەریم زۆر لە بەرەودا بوو و پەرەی سەندبوو، بەردەوام لە ئاهەنگەکاندا ئامادەبووم، تۆمارکردنی گۆرانی و مەقامەکانم لەسەر قەوان بوو کارێکی ئاسایی و خێرا خێرا بەهۆی فرۆشتن و گەرمیی بازاڕیانەوە، دووبارە تۆماردەکرانەوە... ئاهەنگەکان زۆربەیان لە لایەن کەسایەتیی گەورەو دەسەڵاتدارەکانی ناو حکومەت لە بەغدا دەگێڕان، یا لە ماڵەکانی خۆیاندا بووایە یان لە هۆڵی ئوتێلە گەورەکان، ئەو ئاهەنگانە تا شەوگارێکی درەنگ یا تا بەرەبەیان درێژەیان دەکێشا.

کەڕەتێکیان وارێکەوت بۆ یەکێك لەو ئاهەنگانە بانگکرابووم، دەبوو بەر لەوە سەرێکی (ئوتێل ئومەرا)م بدایە لەسەر شەقامی رەشید تا ناسیاوێك ببینم، کە هەواڵێم پرسی ئاگاداریانکردم کە دەرچووە، کارمەندەکە ناسیمی و پێی وتم کە ئەویش لە کوردی ئێرانە، هونەرمەندێکی ئەودیو کە (سەیید عەلی ئەسغەر)ە واڵە بەغدایەو حەز بە بینینتدەکات.

بەو جۆرە بوو کە بەو هونەرمەندە گەورەو ناوادارە گەیشتم و یەکترمان ناسی، پیاوێکی لەڕی بچکۆلەی لەسەرخۆو سەنگین، کە قسەی دەکرد یا دەتدوانە دەبوو لێی بچوویتایە بەرەوە تا گوێت لێی بووایە، شەرمن و بەویقار، دەنگێکی ناسکی وای پێوەبوو کە بەرودوا نەمبیستبوو.[1]

١- بەپێی نووسینەکەی مامۆستا غەفور رەشید داراغا لە (رۆژی نوێ)دا، سەیید عەلی زۆر جیاوازترە لەم وەسفەی مامۆستا باسی دەکات، ئەو دەڵێ: پیاوێکی تا بڵێی زۆر کەڵەگەتبوو، چوارشانەو گەنم رەنگ، دەموچاوی ئاوڵە کونجی کردبوو بەڵام زۆر لێی نەکردبوو بە عەیب. (رۆژی نوێ، ژ -٩- ساڵی یەك ١٩٦٠ سلێمانی).

بەڵام زۆرتر ئەوەی مامۆستا عەلی مەردان لە راستیەوە نزیکە.

لە قسەماندا پرسیاری ئەسڵ و خانەوادەمی کرد، پێم وت دەچمەوە سەر سەییدەکانی بەرزنجە، گورج ئەویش وتی: هەروەها منیش باوو باپیرم لە سەییدەکانی ئەوێن، بنەچەشمان دەچێتەوە سەر (بابە عەلی هەمەدانی) کە برای بابە تایەری هەمەدانیە، شاعیری گەورە، بەڵام بەهۆی خۆشەویستییەوە بۆ کوردستان نازناوی (کوردستانی) بۆخۆی هەڵبژاردووە.

ئەم یەکترناسین و پێکگەیشتنەمان لە ساڵی ١٩٣٦ بوو، ئەو کارمەندەی لە ئوتێلەکەش هەواڵەکەی دامێ کوڕی خۆیبوو.

لەو ماوەیەی پێکەوە بووین، مەقام شتێکی هاوبەشی نێوانمانبوو و کۆیکردبووینەوە، هەر لە سەیید ئەسغەرەوە مەقامەکانی ماهورو دەشت و شوستەرم وەرگرت و بەچاکی فێریانبووم، ئەویش گەلێ دڵشاد بوو بە بیستنی مەقامەکانی ئەڵڵاوەیسی و ئای ئای و خورشیدی و قەتارو خاوکەر، هەر کە ئەمانەم بۆ دەوت شاگەشکەدەبوو و دەستخۆشی لێدەکردم و کەیفی لێیانبوو، دوای من دەیوتنەوە، فرمێسك دەزایە چاوەکانی و دەیوت: دەنگت نەرزێ، تۆ ئەمانە لە فەوتان و لەناوچوون رزگار دەکەیت، بەم وتنە جوان و پاراوە راست و رەوانە لە مێژوودا دەمێنێتەوەو بۆ داهاتوو دەبنە سامانێك.

لەلایەکی ترەوە، هەر لەم حەلانەدا، ئارەزووی سەردانێکی کەس و کار، خوشك و دایك و خاڵۆژن و خزمان دایەوە لە کەللەم و سۆزو غوربەتیان وروژاندمیەوە تا بوخچە بپێچمەوەو سەرەو ژوور بەرەو کەرکوك و لەیلان ببمەوە.

ئەو لەیلانەی بۆ یەکەمینجار دەروازەی دڵم تێیدا بەرووی خۆشەویستیەکی پاکدا کەمێك کەوتە سەر پشت، ئەو ئاواییەی ناسۆرو ئازارەکانی ژیان، بەو منالیەم دەیانپیروکاندم و، گەر لێی هەڵنەهاتمایە لەوانەبوو وەك نەمامێکی بەر قرچەی گەرمای هاوین لە بێخەوە وشکببوومایە.

لە ساتە ڕەختەکانی ژان و ئازاردا، پیری و چوونە ساڵەوە، وا هەستدەکەم کە هێشتا وام لە سەرەتای ڕێگەدا، ڕێگەی دوورو درێژی هونەرەکەم، حەزدەکەم گشت ساتەوەختێك، گوێرادێری ئەو مەقامانەی خۆمبم کە لەوەبەر دەموتن، چونکە ئەمە لەناخەوە دەمهەژێنێ و شپرزەم دەکات، بەتایبەت کە دەبینم هونەرمەندێکی تر هەر ئەو مەقامانە بەجوانی و ڕاستی و ڕەوانی دەڵێتەوەو بگرە لێیشیان زیاد دەکات... ئەمە مژدەی نەمری و بەردەوامی هونەرێکی پاکی ڕەسەنم پێ دەدا، دڵنیامدەکاتەوە کە پاشخۆم کاروانەکە بەردەوامە.

بۆ چەند ساتێك فرمێسك لە چاوەکانمدا قەتیس دەمێنێ دەچمەوە ناو ڕۆژانی ڕابردوو... ئەوەی قەتا و قەت ناتوانم لەیادیکەم، چونکە من خۆم بەو یادەوەری و ڕابوردوانەوە دەژیم... ڕۆژانی منداڵیم و فێربوونی قورئانی پیرۆز لەناو تەکیەدا، تەجویدکردنی ئەم کتێبە موبارەکە لە بەردەستی مامۆستا ئازیزەکانمدا، کۆڕی زیکرو مەولودی و بۆنە ئایینییەکانی تر، ئیمان فێربوون خوێندنی ڕۆژانی مەیەیی و ئەو دەنگە ناسك و زوڵاڵەی ئایەتەکانیان بە تەجویدێکی ڕەوان و بەرزەوە دەدا بە تاقی دڵمدا و پێیان ئەچووینە دنیایەکی لە پاکی و ڕووناکی و [illegible] ... ئەوکە ڕۆژەکانی حاجی [illegible] مەلا ڕەوفی [illegible] ... گوێرایی و [illegible] ئایینییە [illegible] ... [illegible] ... [illegible] ... ئەو [illegible]

[illegible] لە یاد ناچن، چونکە [illegible]

سەرەتای [illegible] ... [illegible] ... [illegible] کەرەتەکان لە دووکانی دارتاشێکی ناسیاوەمان لە گەڕەکی دارتاشەکان، بە [illegible]

دەدی، ئەو دارتاشە ناسیاوە سنەیی بوو خزمایەتیشی لەتەک سەیید ئەسغەردا ئەبوو، هەر لای ئەو باس و خواستی گۆرانی و مەقامەکانمان گەرمدەکردو وا دەچووینە ناو بابەتە بەتام وبەلەزەتەکانی هونەری گۆرانی و مەقامی کوردییەوە، کە کاتێکمان دەزانی دەوری بەرمان و ناو دوکانەکە پڕ بووە لە خەڵکانێکی زۆر لە دراوسێی دوکان و ئەهلی گوزەرەکەو ڕێبوارانی شەیدای گۆرانی و مەقامی کوردی، ئەوانە گشتیان لێمان کۆدەبوونەوەو دەوریاندەداین و بە گوێگرتن و سەرنجدان مەتەقیان لە خۆیان بڕیبوو.

هەر لێرەدا، لە گەڕەکی تەکیەش و لەناو تەکیەشدا کە یەکەم نزرگەمبوو هەریەکێرمان ئەدی و ئەدەمەتەقێ و وتوێژمان گەرم دەکرد، زۆر کەڕەت شێخ شۆڕبەشی بەشداری دەکردو گوێڕادێری وتنی مەقامەکان دەبوو و بەسۆزەوە سەری بۆیان دەلەقاند، (مونامباتەکان) دڵی هەموانی کێش دەکردو لە سوچی قوژبنەکانی تەکیەدا دەنگیاندەدایەوە... بەڕاستی ئەو کاتانە، ئەو شەوانە سانەوەختێک بوون کە دووبارە بوونەوەیان مەحاڵبوو یا لەیاد دەرچن.


کە ڕۆژانیش تێدەپەڕین و هەرچێک بوو چووە سەر لاپەڕەی یادگاریەکان و ڕەنە زەنگێکی لێهات، بەدیواری بیرەوەریەکانەوە شۆڕبۆوە، ناو بەناو لە دنیای یادگاریدا زرنگەی دەهات و برینەکانی دەهێنایەوە سوێ... قەتماغەی هەڵدەکەن، تا بە درێژایی و سەرانسەری ژیان خۆشنەبنەوەو ئازاری ڕوح و جەستەم هەر بەردەوامبێ.


ئابەمشێوەیە هەوێنی هونەر ئازارو ژانە، بە درێژایی ڕۆژانی بەرقەرار بوون لەم گوزەرانەی سەردەمی ئێمەدا.





[illegible] کوردستانی





هۆڵی خاوینەی گەل لەبەغدا لەناوچەی
"باب المعظم" بەبۆنەی جەژنی نەورۆز

لەچەپی مامۆست عەلی مەردان مۆسیقاژەن جەمیل بەشیر ،
لەراستیەوە مۆسیقاژەن مونیر بەشیر

بەخۆداهاتن

١٢

لەو سالأنەی دوای شەڕی جیهانی یەکەمداو دوای دەستکردن بە دۆزینەوەی نەوت و دەرهێنانیی لە شوێنە جیا جیاکانی عێراقدا، گۆڕانێکی گەورەو دیار لە ژیان و رواڵەتی گوزەرانی عێراقیەکان و بەغداییەکاندا هاتە دی... گوزەرانی خەلکی بەرەو باشتر دەچوو، کۆمپانیاکانی نەوت (لە پشکنین و دەرهێنان) ببوونە هۆیەکی بەهێز بۆ باشترکردنی لایەنەکانی ژیانی خەلکی و بەتوانایی دەوڵەت... بەغدا فرەوانتربوو، لە گشت لایەکەوە پان و پۆڕ دەبوو، گەڕەك و نارچەی تازە تازەی تێدا پەیدا دەبوو، خانوو بینای جوانی پۆشتەو پۆشناخ (قەسر، وەك دەڵێن)، شەقامی پاك و قیرکراوو باخچەو سەیرانگەی پوخت و سەردەمییانە.

نابێ ئەوەشمان لە بیاد چێ کە هەردوابەدوای کۆتایی هاتنی شەڕە نەگریسە جیهانیەکە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی بەزۆر پەلکێش کرابوون، وەك سەرباز، بۆناو کوورەی شەڕەکان، گەڕانەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان، ئەو دیاردە ناخۆشە بە (سەفەر بەلك) ناودەبرا... کوردستانیش بەشێکی باشی لەم رەشبگیریە پێ بڕا، رۆڵەی زۆر کەس هەر نەگەڕانەوە، کوژران یان لە شەڕەکاندا بێ سەروشوێنبوون وەیان لەو

شوێنانەی بۆی تێرەرابوون دوای شەڕ نیشتەجێ بوون و ئەوێ بووە وڵات و نیشتمانیان!!

کۆمەڵێکی تر وەك دورخراوە دەنێرانە جێگە دورەکانی خاکی دەوڵەتی عوسمانی، یا بەشێك لە نەوەی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووەکان کە بۆ خوێندن چوو بوونە ئەستەمبوڵ، زۆرێك لەمانەپاش ئەوەی ژیانیان بۆ نووسرایەوە یا خوێندنەکەیان تەواوکرد یا پلەی وەزیفەی بەرزیان لە دەوڵەتدا هەبوو، دوای کاولبوون و ڕووخانی دەوڵەتی زۆردارو گەندەڵی عوسمانی، گەڕانەوە وڵات وزۆربیان لە بەغدا مانەوەو نیشتەجێ بوون، لە ئیدارەی تازەو حکومەتی عێراقی تازەدا پلەو پایەی بەرزو باشیان پێ سپێردراو هەتا بوونە پەناگەیەکیش بۆ خزم و کەشیرەتە هەژارە کەمدەستەکانیان کە لە شارەکانی ترەوە پەنایان بۆ دەهێنان و هەوڵی دامەزراندنیان دەدا لە بەغدا... دیارە لەناو ئەمانەدا تێکەڵەیەکیش لە ئەهلی وڵاتی خۆمان، کوردەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، هەتا کوردەکانی ئێرانیش ڕوویان لە بەغدا کردو یا لە دەورو بەری دانیشتن.

لەمانە خەڵکێکی زۆری گەرمیان و دەورو بەری کەرکوك، لەناو ئەمانەدا ناسیاو خزم و برادەری منداڵیمی تێدا بوو، دەمەویست هەر لە بابوشێخ دا جێگە پێیەك بۆ خۆم بکەمەوە، چونکە زۆربەیان لەم دەوروبەرە کۆبیوونەوەو سەرکنا بیوون.

جێگەو پێگەی من لەو سەردەمەدا لەناو ئەمانەدا بوو، لە لایەکی ترەوە کە ئینگلیزەکان لە عێراق جێگیر بوون و خۆیان چەسپاند، ناوچەی (سن الذبان)یان کردە بنکەیەکی سەربازی گەورەو هێزی ئاسمانی خۆیان تیا ڕاگیرکرد، ئەمە هۆیەکی تربوو بۆ هوروژمی ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانەی دوی ئیش و کارو نان پەیدا کردن کەوتبوون، ئێرە، وەك لە پاشا ناونرا (حبانیە) بە دەیان بگرە سەدان کوردی ناوچە

جیا بوونەوەتە سوێندی کە بە دەسەڵاتی چەوت ئەبە لە لەشکری (الکفار) بە سەرچاوەی دونیا
کرێکارو کارمەندە بوون لە لەشکرگەی داگیرکەرانی تری ئینگلیزەکاندا.
ئیسماعیل و چارەنووسی خێڵی وای بۆ هێنام کە لە ئەوە هاوڕێکانی مەسیحی پاشماوە
بیجگە لەوانەی ئەوانی . زۆرتریشیان بەهۆی ئەوەوە بوو کە بەرپەرچیارانی بۆ زۆرترین هێرشی
لە بەغدا زۆر وڵاتان چوونەوە بە ئاسوودەیی و دەسەڵاتی و لەشکرگەی کرێکارەکانی کوێت و
ئێرانی و ئاسیاوییەکاندا ، هەر لە سەرەوە لە (دەسی الملحدان) یشدا هەموو ئەوانەی
لەگەڵیان تەوای ئەوروپیەکان.

ئەم بوونە کە کەوتبووە نێوان فەڵەستین و ژیانەوە، لە ١٩٢٤ دا ئەبە خرۆشە ...
ئەوێ، وڵات و ئەم هێزانەی سەرچاوەیا لەشکرگەکانی گەردوون ...
بیانەبڕی، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بەدەر هێزەکانی ئیستعماری فەرمانبەران و
کرمانج . کرێکارانی ئەوانی ئێستا، چونکە لە ناوخۆ و ژیان و ماڵە و بازرگانی ...
و شوێنی وێرانکردن و هەڵدانەوە.

لە لایەنەکەی تری کارەکانی کرێکاراندا، جۆری بینەکانی ژیاندا و ئەدارەدانی و ئینگلیزی
هەوڵی هەبوو، ئەمانە هەر کەسێک بە گوێرەی خۆی و ئەوەی باشترە... ئیشی دەکرایە.
لە شوێنەکانی کوردستانی ئێرانەوە کرێکارانی زۆری تێ بڕابوو، لە کرماشان، سنە،
سەقز، بۆکان و سابڵاخ، چونکە لەو ئەرمەنیانەی لە ژێرەوە کوژیەکانی عێراقیان
هەڵیان کێشابوون، کە سوڵتانی عوسمانی دەسکەوتی جەنگی ساحەی
(ئازادی) سەرسەختییانە و بیستی پاشماوەی گشتی ناوچە کوردنشینی و گوندەکان
تێکدان و قەڵاچۆی دەکردن، لە ژێر پەردەی ئیسلام و موسڵمانیەتیدا!!
ئەمانە خاوەن ئیش کارپێکەرن، چونکە لە پاشماوەی لەشکری (گورگەکانی خێڵی
کە کەسانی خۆی، لەنێوان ئینگلیزەکاندا جێگیربوون بۆ گرتنی هێزی عێراقی دوایی،
بە گەرانەوە، هەرکامیان بەپێی شارەزایی دادەمەزران).

(سن الذبان)یا (حبانیة) بنکەیەکی تەمیزو پاکو خاوێن بوو، جوانبوو، شوورەیەکی بەدەوردا کرابوو، ریزە خانووبەرەی رێکو پێکبوو، بەمانە دەوترا (لاین)، سەربانی ئەم خانووانە جەمەلۆنبوو رەنگی سەوزیان لێدابوو، هەرچی رووبەری شەقام و عەمودو پەرژینە رێکوپێکەکانی دەوری باخەکانی ئەمناوە هەر بەو رەنگە بوون.

لە کۆتایی هەر (لاین)ێك ریزە دەسشۆرێکی خاوێن و جوان کرابوو، ئەمانە دووبەشبوون، بۆ پیاوان و ئەویتر بۆ ژنان، لەپەناو قوژبنەکاندا تەنەکەی خاوێنی بۆیەکراو بەسەوز دانرابوو بۆ زبڵ و خۆڵ... بەیانیان شەبەقی زوو کرێکاری تایبەت دەگەڕان و ئەو زبلانەیان گرد دەکردەوەو دور لە خانووەکان فڕێیاندەدا، بەمانەیاندەوت (الترتچیه).

بەگشتی ئەم (سن الذبان)ە دابەشکرابوو بەچەند گەڕەکێکەوە، ئەوەی بێتە بیرم: (سی سی، گولی کامپ و سیم)، هاتنە ژوورەوەش بەهۆی کارتی تایبەت و پێناسەوە بوو کە بریتی بوو لە دەفتەرێکی بچکۆلە، وێنەی خاوەنەکەی پێوەبوو بەپاڵ زانیاری گشتی دەربارەی ئەو کەسە.

ئالێرە ژمارەیەکی زۆر ناسیاوو برادەرم بۆ پەیدابوو، پەیوەندی و دۆستایەتیمان ئەوەندە پاك و درستبوو، خۆمانم وەك خێزانێك دەهاتە بەرچاو، لەوانە (دەرویش عەلی) کورو کچێکی هەبوو (جەمیلە و مەجید) ئیشەکەی (جوغەدار) بوو. (عەلی قەویلەیی) گردەلانەیەکی پتەوی ئێسقان پان، (ئەفسەر محەمەد) پلەکەی لە لەشکردا دەرەجەدار بوو، (محەممەد سەعید) کە برادەرێکی خۆشەویستم بوو بەلاّم سەد داخ زوو وەفاتی کرد، (نەزیرەو سەعیدو مەولود)ی لەپاش جێما.

کرێکارەکان بەشێکیان کاتی بوون یانی (موەققەت)، بە مووچەی رۆژانە کاریان دەکرد، ئەمانە لە دەرەوەی کەمپەکە دەژیان، پێیان دەوتن (سیم).

لەم سەردەمەدابوو، لە کانوونی دووەمی ١٩٣٨دا کە ئیزگەی رادیۆی بێتەلی عێراق سەرەتا لەسەر شەپۆلێکی ناوەند بەرنامەکانی خۆی بە عەرەبی بڵاودەکردەوەو دوایی چووە سەر شەپۆلێکی کورت.
(الاذاعة اللاسلكية العراقية) وەك سەرەتا پێی ناودەبرا، بریتیبوو لەماڵێکی بچووك لە شوێنێکی چۆڵەوانی ئەوبەر دیجلە، رێك و راست دوایی ئەو شوێنە بە (صالحیە) ناوبرا [1]، پەخش و بڵاوکردنەوەکەی راستەوخۆبوو، بەبێ تۆمارکردن، ئاهەنگ و پرۆگرامەکان لە ژێر چادرێکەوە ئەنجامدەدران کە لە سەربانی ماڵەکەدا هەڵدرابوو.
بە هاورێی منداڵیم کاك (حەمە غەریب و شەمە)ی خێزانیم گوت: حەز دەکەم ژن بهێنم، ئەوانیش پێیان گوت: (تۆ هێشتا هیچت نییە، نە ماڵ نە حاڵ).. بەهەرحاڵ لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٧دا کچێکی ئاسیاومان خواست و بووە هاوسەرم، بگرە بووە هاورێی دوورو درێژی ژیانم دایکی کچ و کورەکانم. لەو ژنهێنانەمدا کاك (حەمە غەریب و شەمە)ی خێزانی زۆر یارمەتییان دام بە (شتومەکی ناو ماڵ و قاپ و قاچاغ و...). زەینەبی خێزانم تەمەنی (١٦) ساڵ تێنەپەریبوو لەتەمەنێك بوو کە بتوانم لەرۆژانی پشوودان بیخەمە پشت پایسکلەکەم و هەندێ شوێنی نزیکی پیشان بدەم..
(زینب) ئەو مرۆڤە بوو کە بەهەموو بارێکدا لە تەکما ژیاو تاسەر رێگەی ژیانمان پێکەوە بردەسەر.
هەر دوای ئەم ژنهێنانەم ویستم رەوتی ژیانی خۆم بگۆرم، بەتایبەت هەستمکرد کە لەمەولا ئەرك و بارێکی تازەو گرانتر کەوتوە بەملما، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە

---

[1] لەو شوێنەدا (ساحة الملك فيصل الاول) هەبوو کە پەیکەرێکی مەلیك فەیسەڵی یەکەم بە جلی عەرەبییەوەو بەسواری ئەسپێکەوە ناوەراستی ئەو گۆرەپانەیان دەرازاندەوە، لەو لاشەوە مەلهای (ليالي الصفا) بەریزی پردی مەلیك فەیسەڵی یەکەمەوەبوو کە بە (جسر المود) یش ناودەبرا.

سەختی و گرانی هاتوچۆی ڕۆژانەم لە (سن الذبان)ەوە بۆ بەغدا، بۆ ئاهەنگێڕانی ڕادیۆی بەغدا وەیا ئاهەنگە تایبەتەکان، ئەو سەردەمە ئوتۆمبیل و هۆی گواستنەوە ئاوا زۆر لەبەردەستدا نەبوو، جا لە ساڵی ۱۹۳۹ادا هاتمە سەر ئەوەی، دیسان دوای پرس و ڕاکردن بە خزم و کەس، کە بچمە کۆمپانیای نەوتی عێراق[1] لە کەرکوك و دابمەزرێم.

برادەرو هاوڕێی منداڵیم کاکە (محەمەد غەریب عەزیز) زیاد لە هەموان ئامۆژگاری کردم و هەڵینام تا بچمەوە کەرکوك و لە کۆمپانیای نەوت خۆم دامەزرێنم، چونکە شاری خۆمەو، ناو کەسوکارو ناسیاوەکانمە، لەوانەیە گوزەرانیشم باشتر ببێ.

هەرچیاریەکانیم بەلاوە باشبوون و پەسەندمکردن و زۆری پێنەچوو وەکو وەرگێڕ (مترجم)ێك دامەزرام... بەڵام ماوەیەکی کەم لەسەر ئەم ئیشەم مامەوە، بیرو هۆشم هەر لەلای هونەرەکەمبوو، ئەو خولیایە وای هانـدەدام کە لەم کارە تازەیەمدا بەردەوام نەبم و دیسانەوە بگەڕێمەوە (بەغدا)... نەك هەر ئەمە، هۆیەکی تریش هەبوو تا بچمەوە ئەوێ، ئەویش کردنەوەی بەشی کوردی بوو لەو ئێزگەیە.

---

[1] - کۆمپانیای نەوتی عێراق I.P.C : هەر لە کۆتایی چەرخی نۆزدەوە، لە ١٨٧١ دوو عوسمانیەکان شارەزایانی ئاڵمانیان نارده کوردستان بۆ گەڕان و پەیبوردنی ئەو ناوچانەی کە مەزندە دەکرا نەوتی تێدابێ، ئەمە پاش ئەوەی لە خوزستان و (میدان نفط و چیای سرخ) توانیان نەوت بدۆزنەوە، دیسان لە ١٨٩٢ شاندێکی شارەزایانی نەوت هاتنەوە بۆ ناوچەی کەرکوك و لە ١٩١٤ (کۆمپانیای نەوتی ترکی سنوردار) کەوتەکار بەمەبەستی دەرهێنانی نەوتی کەرکوك، بەڵام ڕووداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهان کارەکانیانی وەستان، دوای دامەزرانی حوکمەتە عەرەبیەکەی عێراقیش کەوتنەوە کارکردن بۆ دەرهێنانی نەوت و لە ١٩٢٧ توانرا بیری بابە گوڕگوڕ نەوتی لێ دەربهێنرێ و لە ٥/ ٤/ ١٩٢٧ بە ئامادەبوونی مەلیك فەیسەڵی یەکەم لە نزیك خورماتو یەکەم بیریان هەڵکەند، لە ١٩٢٩ ناوی کۆمپانیەکە گۆڕا بۆ کۆمپانیای نەوتی عێراق I.P.Cو بەجۆرەها گرێبەست ئەم کۆمپانیایە لەناوچەی کەرکوك نەوتی دەرهێناوەو لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ڕێکەوتنی جۆراوجۆریان مۆرکردووە.

لە کۆتایی سییەکاندا ، لەسەر داوای خۆشەویستم کامیلی کاکەمین بڕیاردرا (کە گەشتێک بەناو ئاوابیەکانی گەرمیاندا بکەین ، سەرزارەکی بۆ کۆکردنەوەی ئاواز و گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکانی تا کەرکووک ، لیژنەی بەغدای بۆ دەوڵەمەندبکەین و ئەو تەوانە کۆنانەش کە هەمان رزگاریانکەین لەفەوتاندن. بەڵام لەلایەکی تریشەوە مەبەستی سەرەکی ئێمە هانانی خەڵکی و خوای ئەو گوندەو ئاوابیانەبوو تا (عبدالله ... داواکاری) بەڕێوەبەر و بەرزکەنەوە بۆ (مدیریة الصحافة في وزارة الداخلیة) لە بەغدادا ، تا بەشێکی سەربەخۆی کوردی لە وێستگەی بەغدا دامەزرێنن ، وەیا ئەو ماوەیەی تەرخانکراوی بۆ پەخشی کوردی ، زیادی بکەن.
لەو گەشتەماندا زیاتر سەرمان دەدا لەمالان و دیوەخانی پیاوە ماقوولان و ئاغاکان بەگی ئەو ئاوابیە . لەوێکانی خەڵکەکەمان کۆدەکردەوە.
لەلایەکی ترەوە ، بەشێوەیەکی ناڕەسمی و هەروا بۆ هەمان مەبەست (نووسینی نامەی ، جەلال بابان ئیش خەریکبووین ، تا لەسەروەختی ئەوماندا بەشێکی سەربەخۆی بۆ پەخشی کوردی دامەزرێنرا ، ماوەکەشی لە ١٩٣٩ زیادکرا.
لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣٩ ، بەشی کوردی لەو وێستگەیە کرایەوە[2] منیش و (کامیلی کاکەمین) کە فەرمانبەرێکی وەزارەتی ناوخۆبوو لە بەغدا ، چووینە

---


١ لەچواری تەمووزی ٢٠٠٧ لەکاتێکدا بۆ کارێک چووبوومە (بەڕێوەبەرایەتی تەکنیکی - وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر) بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە کاک (عومەر خدر محەمەد)یش : کە زانی من کوڕی عەلی مەردانم ، ئێرەدە ریزێکی لێگرتم و وتی : باوکت کارێکی چاکی بۆ مەڵبەندەکەی کرد ، سەر کەرە سازکی (خضر محەمەد دەرویش کەلالی ١٩٢٤ - ٢٠٠٥)یش ، کاتی خۆی پێی وتووم کە کەوتانی پێش سەدار مەردان و هاوڕێیەکەی بەو ئاوابیانەی گەرمیان و دەشتی هەولێردا دەسووڕانەوە تا خەڵکی ئامادەبن بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ کردنەوەی بنکەی کوردی.

عەبدولقادر عەلی مەردان

٢ - ئەوێش بەو بێنێکی ... نووری ئالەبانی ، لەدوای کردنەوەی دامەزراندنی وێستگەی رادیۆی عێراق ، بەشی عەرەبی ، مامۆستایان تەوفیق وەهبی بەگ و محەمەد ئەمین زەکی بەگ کۆششیان کرد بۆ دامەزراندن و

ئێزگەی رادێوی عێراق بەشی کوردی، ئەو کاتە وەزارەتێکی تایبەت بە پەخش و راگەیاندنەوە نەبوو، تەنیا ژوورێکبوو لە نهۆمی دووەمی وەزارەتی ناوەخۆ بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی دیعایە و پەخشی گشتی — مديرية الدعاية و النشر العامة).
من یەکەم کوردێکبووم کە لەو ئێزگەیەدا گۆرانیم وت، لەسەرەتای کاردا گوێگران پەست و قالسی ئەم زمانەو ئەم گۆرانیانە بوون، ئەمە ساردی نەکردمەوە، نەیگێڕامەوە دواوە، بەو زمانە شیرینە و بەو ئاوازو مەقامە دڵگیرانە هەنگاو بە هەنگاو دەچووە بەرەوە، بەهیممەتێکی بەهێزترەوە ڕێگەکەم دەبڕی، دەنگی خۆم و نەتەوەکەم دەگەیاندە هەر جێیەك کە پەخشی ئەو ئێزگەیە بیگەیشتایە.


کردنەوەی ئێزگەی کوردی لە بەغدا. بڕوانە : (ئاوێنە ، هەفتەنامە، ژمارە — ١٥ - سێ‌شەممە ١٨/ ٤/ ٢٠٠٦
د. نوری تاڵەبانی: لە بیرەوەریەکانم لەگەڵ زانای گەورەی ... ل — ١٠).




زەینەب محەممەد عەلی
لە دایکبووی ١٩٢٥ کەرکووک
لە ساڵی ١٩٨٦ لە بەغدا
کۆچی دوایی کردووە




زەینەب محەممەد عەلی هاوسەری عەلی مەردان کە هەموو کات پێی دەگوت ئامۆزا .
کە بە درێژایی ژیانی هاوسەرێتیان بە خۆشی و ناخۆشییەوە بردە سەر




عەلی مەردان و هاوسەرەکەی ، لە ناوەڕاست [illegible] لە [illegible]
[illegible] [illegible] ، عەلی مەردان ، [illegible] مەردان




یەکەم لاپەڕەی : [illegible] لە کۆمپانیای نەوت



نموونەی لاپەڕەی دەفتەری کارکردن "زانیاری" لە کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکوک



یەکەم لاپەڕەی دەفتەری کارکردن لە "سن الذبان"



PARTICULARS OF ALI MARDEN

NATIONALITY KURD

RELIGION MOSLEM

NEXT OF KIN (UNCLE) ARIF MOHAMED

ADDRESS KIRKUK.

HEIGHT 5 - 4.

AGE 25

LANGUAGES SPOKEN KURDISH ARABIC TURKISH.

No. 5044

A.P.M.

دووەم لاپەڕەی دەفتەری کارکردنی "زانیاری" لە "سی ئای دی"



عەلی مەردان لە باخچە بچکۆلانەکەی ماڵەوە بەکامیرای عەبدولقادر - ساڵی ١٩٧١

کوشتنی مەلیکێك

هەر بەبۆنەی هێنانە پێشی یادی کردنەوەی بەشی کوردی لە ئێزگەی بەغدا، واچاکە لایەك بکەمەوە بەلای رووداوێکی گەورەو ترسناکی بەدەر لە هونەر کە بۆ ئەورۆژە شتێکی سامناکو سەیربوو.

دوابەدوای دەستبەکاربوونی ئەو بەشە بەسێ مانگ، یانی لە نیسانی ١٩٣٩، عێراق بەگشتی و بەغدای پایتەختیشی بەتایبەتی، رووداوێکی کوتوپڕو چاوەڕوان نەکراو هەژاندی، ئەو رووداوە مردنی مەلیك غازی بوو یان راستتر (کوژرانی) ئەو مەلیکە بەهۆی رووداوێکی ئوتۆمبێلەوە.

لەراستیدا رووداوەکە ناخۆشبوو وبووە مایەی خەم و پەژارە بۆ خەڵکی، بەتایبەت مەلیك غازی وەك گەنجێکی تازە پێگەیشتوو لەلای میللەت ناوو ناوبانگێکی خراپی نەبووە. خۆ کە جاروبار لە ئێزگەی رادیۆ تایبەتییەکەیەوە لە کۆشکی پاشایی (زهور) کە ئەبەری (کەرخ)ی بەغدا بوو، بێزاری و هەڵوێستی دژبە داگیرکاریی ئینگلیزی

پێشانددەداو بەمەش لە خواست و ویستی خەڵکی عەرەبی وڵاتەکە نێزیکدەبۆوەو خۆی دەهاوێشتە دڵیانەوە[١]

بۆیە هەر دوابەدوای بڵاوبونەوەی ئەم هەواڵە دەنگودویەکی ئەوتۆ لە ناواندا بڵاوبۆوە کە گوایە مەلیك لەسەر ئەو وتارانەی کوژراوە کە لە ئێزگەکەیەوە دەیدان و بڵاوی دەکردنەوە، داوای گێڕانەوەی کوێتی دەکرد بۆ سەر خاکی عێراق، چونکە وەك دەیوت کوێت بەشێکە لە عێراق و دەبێ بخرێتەوە سەر ئەسڵەکەی کە عێراقە[١].

---

[١] - لە (سن الذبان) ناسیاوێکمان هەبوو ناوی (مەجید دەرویش عەلی) بوو، لەنێوان حەبیبانیەو بەغدا تەکسی دەگێڕا، خزمێکی خێزانەکەی کە لە کوردەکانی ئێرانبوو، لە کۆشکی پاشایی (زهور) بوو، لە ١٩٥٦. =

= جارێکیان کاك مەجید لەتەك خۆیدا بردمی بۆ (سن الذبان)، ئەو کاتە لە پۆلی چواری سەرەتایی بووم، سەفەرەکەمان لە گەڕەکی (سنك)ی سەر شەقامی ردشید، بەرامبەر کەنیسەی (مریم العذراء)ەوە دەستی پێکردو کە گەیشتینەوە سەر پردی (جسر الحر) لەو بەرەی بەلای راستدا دەیپرانی بەسەر کۆشکی زهور، کاك مەجید پێی وتم کە لە کۆتایی ئەم شەقامە پێچێك هەیە، تا لەوێدا مەلیك غازی بە ئوتۆمبێلە خێراکەیەوە خۆی دا بە عەمودێکی کارەباداو دواجار عەمودەکە شکایەوە بەسەر سەریداو کوشتی! کە لە (سن الذبان)یش گەڕاینەوە، سەرێکمان لەو خزمەی دا کە لە کۆشکی زهور بوو، بەهۆی ئەوەوە کە مۆڵەتی چوونەژوورەوەی بۆ وەرگرتین لەناو چێشتخانەی کۆشکدا پێی وتین کە شوێنی ئەم چێشخانەیە ئێزگەکەی مەلیك بوو، گەورەو فراوان دەیپروانی بەسەر باخێکی گەورەی ڕازاوە بەگوڵی جوانی هەمەرەنگ.

"عەبدولقادر عەلی مەردان"

[١] - تا ئێستە هەچ حاکمێکی عێراق ئەم مەسەلەیەی هێنابێتە ئاراوەو داوای کوێتی کردبێتەوە، بەسەلامەتی سەری نەهێناوەتەدواوە، لێرە مەلیك غازی تاوا کۆتایی هات، یەك لەو هۆکارانەی ئەو کوشتنە ئەو تێدەیعایەبوو، لە هاوینی ١٩٦١ عەبدولکەریم قاسم دیسان هەمان مەسەلەی زیندوکردەوە و داوای گەڕانەوەی کوێتی کردو سەرەنجام حیزبی بەعسیان بە شەمەندەفەرێکی ئەنگلو- ئەمریکی هێنایە سەر، خۆ لە ١٩٨٩ کە صەددام — بەعس هەمیسان ئەم مەسەلەیەیان وروژاندەوە لە ٢ /٨/ ١٩٩٠ کوێتی داگیرکرد، ئەمە بووە مایەی کارەسات و ماڵوێرانی نەتەنیا بۆ شەخسی صەددام، بەڵکو بۆ گەلانی عێراق و دوایی تێکڕوونی خۆیشی و حیزبەکەیشی و کاولبوونی عێراقیش.

هەر لەو دەنگو دوەی کە لەناو خەڵکیدا بەم کارەساتەوەیان دەناو بڵاوبوو، ئەوەبوو کە مەلیك ئەوشەوە ئوتۆمبیلەکەی بەخێراییەکی زۆر لێخوڕیوەو ئیتر دەسەڵاتی بەسەریدا نەماوەو داویە بەو عەمودە کارەبایەداو عەمودەکەش شکاوەتەوە بەسەر کەللەی سەریداو ئەمە بۆتە هۆی مردنەکەی... پزیشکەکانیش کاتی خۆی هەروایان راگەیاندبوو.

هەشبوو دەیوت: کوشتنەکەی مەلیك بەدەستی ئەنقەست بووەو لەوەپێش پیلانی بۆ داتراوە، پەیوەندی هەیە بەوەی کە مەلیك غازی پشتی (عیزەو راجیحە)ی خوشکی دەگرت، کە ئەمەش بۆ خۆی نەقڵێکی خراپ نیە ئەگەر بیگێڕینەوە:

لەناوەڕاستی ١٩٣٦دا منیش و خەڵکیش لەڕێی چرپە چرپ و نووسینی هەندێ ڕۆژنامەوە ئەوەمان بەرگوێ کەوت کەوا (عیزە) کە کچە گەورەی مەلیك فەیصەلی یەکەمبوو لەگەڵ (راجیحە) کە خوشکی بچووکی بوو، بەمەبەستی گەشت وگوزار چوونەتە یۆنان، لەوێ خۆی لە کابرایەکی یۆنانی مارەکردووە، کە کاتی خۆی لە کۆشکی پاشاییدا ئەو کابرایە خزمەتکاریانبووە بەشێوەی (سفرچی)[1].

جا وادیارە هەر لە کۆنەوە ئەم کچە شازادەیەی بەغدا زێر بەژێر پەیوەندی بەو کابرا یۆنانییەوە بووەو بەو شێوەیە نەخشەیان بۆ شوکردنەکەی کێشاوە، چونکە لە بەغدا زۆر ستەم بوو ئەم کارەیان بۆ بچێتە سەر... خزمەتکارە یۆنانیەکە ناوی (ئەنستاس خارلمبوس) بوو، دوای مارەکردنەکە لە کەنیسەیەکی ئەسینای پایتەخت، کچە ببووە مەسیحی و ناوەکەشی ببووە (ئەنستاسیا)، ماوەی زەماوەندو گواستنەوەکەیان لە دورگەی (ڕۆدس) بەسەربرد، راجیحەی خوشکیشی لە گشت ئەم کارانەدا ئامادەبووە.

جا ئەم باس و خواسە، پاش سێ ساڵ کە بەسەریدا ڕۆیبوو، ئیستە دەهێنرێتە ناوناوانەوە و زیندو دەکرێتەوە، چونکە کابرای یۆنانی سپلەو بێ وەفا دەرچوو، هەرچی زێڕو پارەو خشڵی بەنرخی ئەو شازادەیەی ژێتی لێی دزیووەو رایکردووە بۆ جێیەکی

---

[1] سفرجی : دەبێ (سفرەچی) بێ کە بە عەرەبییەکەی (خادم او عامل المطبخ)ی پێ دەڵێن ئێستە (گرسۆن)ی پێدەڵێن.

نادیارو ئەو دوو زەعیفە کلۆڵەشی بە بێکەس و مایە پووچ جێهێشتووە، گێڕۆدەی خەم و پەژارەو نەبوونی کردوون.

لێرە مەلیک بەزەیی بەخوشکەکانیدا دەهاتەوە، پشتی دەگرتن و دەیویست دەستی یارمەتیان بۆ درێژکات، ئەمە بەپێچەوانەی هەڵوێستی کەس و کارەکانی تریانەوە لە بنەماڵەی پاشایەتی (هاشمی) بەغدا!!

دیسان لە لایەکی ترەوە، ریتە ویتێکی تریش بووە بنێشتە خۆشەی سەر زمانی خەڵکی، ئەویش ئەوە بوو کە گوایە مەلیک غازی پاڵپشت و پشتگیریی کودەتاکەی (بەکر صدقی) کردبوو و لایەنی دەگرت و ئەوەش لە ۱۹۳۶دا بەرپا بوو وەلە ئەنجامیدا (جەعفەر عەسکەری) کە هاوەڵزاوای (نووری سەعید) بوو تیاچوو و کوژرا. جا کاری لەناو بردنی مەلیک دەسیسەیەکبووە کە نووری سەعیدی لە پشتەوە بووە، لەمەشدا پیاوان و خزمەتکارانی کۆشکی پاشایی دەستیان تێدا بووەو یارمەتیان داوە، لەوانە (عبید سعید) و (علی عبدالله) ناوێکبوون، دووەمیان لەسەر بێتەلەکەی کۆشك بووەو هەرچی دەنگوباسی تهێنی ببوایە گورج دەیگەیاندە نووری سەعید.

دەنگو دو رایاندەگەیاند کە کاتی رووداوەکە ئەو دووانە لە ئوتۆمبیلەکەی مەلیکدا بوون لە پشتەوە دانیشتوون، هەتا (عبد)یان کەمێکیش بریندارببوو.

---

[1] هەر دەربارەی ئەم رووداوە کە لێکۆڵەردوان و مێژوونووسانی تازەی عێراق زۆر بەکەمی بەلایدا دەچن و خۆیانی لێ لادەدەن، (حسن العلوي) زۆر بەراگوزاریەکی خێرا پیا تێدەپەڕێ کە گوایە: لە دوای روخانی حوکمی پاشایی عێراق هیچ باس و خواستێکی ئەوتۆ دەربارەی کەتن و رووداوی تابڕوبەرانەی بنەماڵەی پاشایی عێراق نەهاتە ئاراوە ، وەك ئەوانەی دەربارەی فاروقی مەلیکی میسصر باسیان لێسوە دەکرا ، تەنیا رووداوی هەڵاتنی یەك لە خوشکەکانی مەلیك غازی نەبێ کە لە تەك شوفێرەکەیدا ، دوای خۆشەویستیەك و ئینز ماردی کرد. (حسن العلوي : عبد الكريم قاسم، دار الكتاب الاسلامي ۲۰۰۵) .

دیارە ئەم باسە کورتە لەچاو ئەوەی مامۆستا جیاوازیان زۆرە، بەڵام باری راستی رووداوەکە بەلای ئەوەی مامۆستادا دەشکێتەوە.

دەیانەوێ زیاتر بۆ ئەو دەمی کە گوایە ئەو دووانە، لەبەباشی ڕووداوەکە بەدەستەوە گیان
لەدوو ڕێکخستنیان داوە بە کاڵای مەلیکەکان لەلایان کراوە، ئەوسا عەمودەکەیان
بەسەردا شکاندبوو تا وا بزانرێ کە ئەو عەمودە کاڵای داڵیکی بەوەحەزایە کراوە
کە بۆتە هۆی کوشتنی.

دوای ڕووداوەکەی ئەو دووانە بەناوی مەلیک و بەناوی خەسرەوان... لەهەیچ لایەکەوە
سەرسوڕمانێکی نەبوو، ڕێکەوتن... تەنیا قورئانی داو و ناویان مەلی لە وێشیان.

ئەمە هەندێکە لەو قسە و باس و بۆچوونانەی خەڵکی دەربارەی کوشتنەکەی مەلیک
غازی، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە باشی ماردینەکان لەم ڕووداوە ناخۆشەدا، دکتۆر
(صائب شوکت)ام بینی کە برادەرێکی خۆمبوو[1]، ئەویش ئەوەی بۆ ڕاستکردمەوە کە
مەلیکی بەهۆی ئەو برینە کاریگەرەی پشتی سەریەوە گیانی دەرچووە، واتە ماکەری
بەهۆی جیمەنی شتێکی ڕەقی بەرکەوتبێ، وەیا بیاکێشانێکی بەهێز بە ئامێرێکی تیژ
کە بۆتە هۆی وردوخاشبوونی ئێسقانی پشتی سەری و برینێکی قووڵ و کاریگەر.
هەروا وتیشی کە خۆی بەشداربوو لەو لیژنە پزیشکییەی کە تەشریحی لاشەکەیان
کردووە، ڕاپۆرتەکەیان ئیمزا کردووە، تیایدا هۆی مردنەکەی ڕوونکراوەتەوە.


---

[1] ئەمانە سێ برا بوون: (صائب، سامی و ناجی شوکت) هەریەک لەو ڕۆژەدا پلە و ناوەی خۆی هەبوو لە دەوڵەتدا، صائب پزیشکێکی ناودار و شارەزای تایبەتی ... بوو، یەکێک لە ئەندامانی ئەو دەستەیە بوو کە دوای کوشتنەکەی مەلیک ڕاپۆرتی کۆتایی ئیمزا کردووە و تا ئێستەش ئەو ڕاپۆرتە لە ئەرشیفی ... مەلیکی لە بەغدایە. هەروەها لایەنێکی سیاسی نەبوو. (سامی شوکت) وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بوو لە ١٩٤١، بانگەشەی کە هاوڕای ئاڵمان و نازییەکان و ... لە عێراقدا ... وایکرد کە دوای ڕووخانی حکومەتی ئاڵمان بە دەستی ئینگلیزەکان لە عێراق هەڵات. بەڵام (ناجی شوکت) ئەوە لە ١٩٣٢ کە ئینتدابی بەریتانی لەسەر عێراق نەماو سەربەخۆبوو، بووە سەرۆک وەزیران.
"عبد القادر عەلی مەردان"

تەرمەکەی مەلیك دوای دوو رۆژ بەخاك سپێردرا، کەمێ ئاڵۆزی و گرژی کەوتە بارو وەزعی بەغداو شارەکانی ترەوە، لە هەندێکیاندا خۆپیشاندانیش کرا، خەڵك ماتەمینیەکی زۆریان دەربڕی.

هەر ئەو ڕۆژە سەرمدا لە ئێزگەی رادیۆ، بۆ وەرگرتنی هەفتانەکەم، بەڕێوەبەری دیعایەو پەخش هەواڵی ئەوەی دامێ کە لە موصل هەندێ خۆپیشاندەر کۆنسولی بەریتانیایان کوشتووە.


ئا بەمجۆرە دەبینین دنیا وا لەهەڵچوون و راچووندا بەردەوامە.



مەلیك غازی پێش ئەوەی بکوژرێ



ئەو رووداوە ئۆتۆمبیلەی کە مەلیك غازی پێی کوژرا کە دەڵێن داویە لە عەمودی کارەبا، کە لەوێنەکە لەلای راستی ئۆتۆمبیلەکەوە دیارە



ئەو ئۆتۆمبیلەی کەوا مەلیك غازی تێیدا کوژرا،

لەوێنەکەدا دیارە کە عەمودەکە کەوتۆتە سەر ئۆتۆمبێلەکە لەلای چەپەوە، نەك لەلای راستەوە..



ئەم وێنەیەش راستی رووداوەکە بەدیار دەخات.. ئەم وێنانە بەکامێرای یاوەری و فڕۆکەوانی تایبەتی مەلیك غازی گیراوە کە ناوی (حفظي عزيز) کە بەڕێکەوت کامێرای پێ بوو ئەو وێنانەی گرتووە.. تۆبڵێی راست بێ؟!!

لە گەرمەی شەڕی دووەمدا
ژیان و گوزەران لە بەغدا

لەو کوردانەی لە بەغدا بوونە هاوڕێ و برادەرم، بەتایبەتی لە (حەیدەرخانە)ی سەر شەقامی ڕەشید کاک (حەکیمی تووتنچی) بوو کە پێیان دەوت (ابو جمال)، دووکانەکەی بەپاڵ قوتابخانەی ئێرانییەکانەوەبوو، وە کاک (محەمەد ئەمین یومنی)ی خۆشنووس[1]، کە دوکانێکی بچووکی هەبوو خۆشنووسی تێدا دەکرد، لەو سەردەمەدا

[1] محەمەد ئەمین یومنی – خطاط (١٨٨٨ – ١٩٧٤) لە گەورە خۆشنووسەکانی عێراقە. لە کۆیە لەدایکبووە هەر بە منداڵی حەزی لە خۆشنووسی بووە، لای مەلا عەبدولڕەحمانی دیبوکری فێری خەتخۆشی بووە، لە ١٩١٦ دێتە بەغداو دەستدەداتە کاری خەت لەسەر شەقامی (مستنصر) ڕایەحوێ ئاوەها کارەکانی، گەلێ شەیدای کارەکانی خۆشنووسی تورکی (یومنی) دەبێ بۆیە هەر ئەو نازناوەش بۆ خۆی دادەنێ.

ئەوییسە و ناونیشانی زۆربەی ڕۆژنامەکانی بەغدا ئەو دەینووسین، لە ١٩٣٥ سەردانی سوریا دەکات جارێکی بە خۆشنووسی گەورە (ممدوح) دەکەوێ و ماوەیەک لەلای دەمێنێتەوە، دوایی دەچێتە لوبنان و لەوێ (شێخ نسیب مکارم)ی خۆشنووس دەبینێ و گەلێ شتی لێ وەردەگرێ، وەک هونەر هەڵکەندن لەسەر لاستیک. هەر ئەمیش بوو کە دراوی عێراقی (ملك غازی) نووسیبوو بە نەخشاندنیەتی، دادگاکان وەک شارەزایەک پرس و ڕایان پێدەکرد لە ناسینەوەی بەراوردکردنی خەت و ئیمزای ساختەو ئەسڵی.

یەکێکبوو لە باشترین و چاکترین خۆشنووسەکانی بەغدا، هەرچی مۆری موختارەکانی ناو بەغداو دەوروبەربوو ئەو بۆیانی دەکرد. بەداخەوە لە ساڵی ١٩٧٤دا ئەم هونەرمەندە بەهرەوەرە وەفاتی کردو تا ماوەیەکی زۆریش دوکانەکەی هەرمایەوەو لەوحەکەشی بەسەریەوە مابوو، دوایی بووە جێگەی فرۆتنی پەنیری کوردی!!

لەم کاتانەدابووکە نیشانەکانی نەهامەتیەکی گەورە دیاردەیان دەداو خەڵکی هەستیان وا دەکرد کە کوێرەوەری و قوڕبەسەریەکی تر بەڕێوەیە، بۆیە هەر زوو هێزە بەریتانیەکانی ناو عێراق دەستیان بە خۆئامادەکردن و تەیارکردن بۆی کرد، کەوتنە جموجۆڵێکی چاوەڕوان نەکراو، خۆ کەشەڕەکەش هەڵگیرسا (شەڕی دووەمی جیهانی).

ئیتر بەلای بەریتانیەکانەوە زۆرشت بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئامادەکراو بوو، ئەو پەناگەو حەشارگە زۆرانەی بۆ پاراستنی گیانی مەدەنیەکانیان کرد بوو وپێیان دەوت

(دەلیلی عێراقی ١٩٣٦) ئیشارە بە محەممەد یومنی خۆشنووس دەکات کە لە خەتخۆشیدا یەکەمە لە وڵاتداو وێنەی تا ئەو کاتە نەبۆتەوە.

پیاوێکی خوانas و دەستپاك و بەدینبووە، زۆر تێکەڵی خەڵکی نەدەبوو و حەزی بە گێروگرفت نەدەکردو دنیای هێندە بە گران نەگرتبوو... تا مردنیش هەر لەسەر ڕانی دەینووسی و مێزوکورسی بەکارنەدەهێنا، چوار مەشقی. دوای خۆی چەند کوڕو کچێکی لە پاش جێما، لەوانە عەبدولڕەحمان کە لەسەر شەقامی ڕشید (أختام الرشید)ی هەبوو ئەمیش وەك باوکی وریاو لێزانبوو بەتایبەت لە نووسینی ئینگلیزیدا.

بۆ زیاتر: (جەمال بابان: اعلام کورد العراق، مدیریة الطباعة و النشر ، سلیمانیة ٢٠٠٦ ص٩٧٠). هەر مامۆستا جەمال بابان لە کتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەکە)دا لە لاپەڕە (٢٧)دا ناوی چەند شاعیرو ڕۆشنبیرێکی ئەو شارە دەبات کە لە سەردەمی عوسمانیاندا بەردو ئەستانە بوونەتەوە بە مەبەستی خوێندن و خۆ پێگەیاندن، لەوانە (ئەمین یومنی ١٨٤٩- ١٩٢٠) ناوێك، کە پێدەچێ باوکی ئەم (محەمەد ئەمین یومنی)یەی لەمەڕ خۆمانبێ و خواش بۆخۆی دەزانێ.

بڕوانە (جەمال بابان : سلێمانی شارە گەشاوەکە، دەزگای ڕۆشەنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٨، بەرگی دووەم).

(سۆبەر)، پڕیان کردن لە ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەو نەخۆش، ئەو کاتە ئێمە هێشتا لە (سن الذبان) بووین.

منیش لە عەزرەت ترسی فڕۆکە ئاڵمانیەکان و هێرشیان، خۆم کردە نەخۆش و سەرو گوێلاکی خۆم بە (یشماغ)ێك پێچابوو و لەتەك ئەوانەدا خۆم دەکرد بە ناو پەناگەو حەشارگەکانەوە، زەینەبی هاوسەرم قەت ئەو دیمەنانەی لەبیر نەدەچۆوە کە چۆن لە ترسی شەڕ خۆم تێکەڵ بەو ژن و پیرو نەخۆشانە کردبوو، ئەویش دووگیانبوو، لەمڕۆو سبەیەکدا بوو کە منالّی ببێ، دواجار هەر لە یەکێ لەو (سوبەر - ملجأ)انەدا خوا کچێکی داینێ و ناومانا (مائدە).

ئەوەی ڕاستیشبێ من خۆم دژی شەڕ بووم، بەهەر شێوەو لەهەر شوێنێکبووایە، نەخوازەلاّ شەڕێکی بەرفراوانی ئاوا کە هەموو دنیا بگرێتەوە، جگە لە کوشت و کوشتارو ماڵ کاولی هیچی تری بۆ ئینسان لێ نەکەوتەوە... ئەمە دەبێ چ خێرو فەڕێکبێ کە ئاوقەیی میللەتان دەبێ و چ چاکەو باشیەکی لێ دەستگیر ببێ؟ تا ئێمەمانان (بەشێوەیە لە شێوەکان) هەوڵمان بدایە بۆ بەشداری کردن تێیدا یا هاندانی خەڵك بۆ ئەمە؟!

لەملاشەوە لەناو کۆمەڵگەی بەغداو ژیانی کۆمەلاّیەتی دانیشتوانەکەیدا، وەك دەڵێن لە کەیف و بەزمی خۆیان نەدەکەوتن، ژیان نەدەوەستا، ڕاستە شەڕەکە لە گەرمەیدا بوو و کاریشی کردبووە سەر زۆر لە لایەنەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکە، بەلاّم وەك سروشتێکی ئادەمی، ئینسان لە جەهەننەمیشدا ڕادێ (وەك دەڵێن)... لەو ساڵانەدا ناوو ناوبانگم لەناو بەغداو کۆمەڵی کوردەواریدا تەشەنەی کردبوو، خەڵك وەك سەقامبێژو دەنگخۆشێك دەیانناسیم، بەچاوێکی ڕێزو بەرزەوە تێیان دەڕوانیم، زۆربەی پیاوە گەورەکانی کوردی بەغدا ئەوانەی دەستڕۆیشتوو و خاوەن پلەو پایەیەکبوون لە ناو دەوڵەتدا، بەشەوقەوە لەدوم دەگەڕان و بۆ ئاهەنگ و

بۆنە تایبەتەکانیان بانگیان دەکردم، تاکو شەوانی ناو کۆشك و خانووەکانیان بەدەنگ و ئاوازەکانمان ئاوەدانکەنەوە، بەمجۆرەش پەیوەندیەکی باش و پتەوم لەتەك زۆربەیاندا پەیدا کردبوو و ببوونە براو دۆست و خۆشەویستم.
لێرەدا دەشێ ئەمە تۆمارکەم و با بۆ مێژوو بمێنێ کە: لەبەرامبەر هیچکام لەو ئاهەنگ و بۆنە تایبەتیانەدا تەنیا فلسەسورێکم وەرنەدەگرت و گشتی بەبێ بەرامبەر بوون، ئەمەش هۆیەکی تربوو کەوەك براو خۆشەویستێ چووبوومە دڵی پیاوانی کوردی بەغداوە.
هەروەك لەوەبەریش وتوومە، هونەری مەقام و گۆرانی وتن بەتوندی بەخۆیانەوە گوشیم و تەوژمەکەیان راپێچیانکردم و منیش هەر بەهەمان شێوەو توندیی لە گڕو تینی خۆشەویستیم بۆیان بەپیریانەوە چووم.
ئەمەبوو هۆکاری ئەو هات وچۆ بەردەوامەم (کە دەتوت جاو دەنێمەوە) لەنێوان بەغداو (سن الذبان)دا... پێیەکم لەسەر ئیشەکەمبوو و پێیەکی تریشم لەبەغداو ئاهەنگ و بەزم و رەزمەکانی و ئیزگە کوردیەکەیبوو... لەئێزگەو لەژێر چادری سەربانەکەیدا، بەگەرمای هاوین و سەرمای زستان پەیتا پەیتا گۆرانی و ئاهەنگی راستەوخۆم ئاراستەی گوێگری کورد دەکرد، بەرامبەر هەر ئاهەنگێکی هەفتانە تەنیا دینارو روبعێکم پێ دەدرا، هەریەك لەو ئاهەنگی گۆرانیانەش کە راستەوخۆ (بە زیندویی وەك دەڵێن) پەخشدەکرا ماوەی سەعات و نیوێکی دەخایاند، ئەمەش هۆی دورو درێژیی مەقامبێژیەکەمبوو لە رادیۆدا، چونکە لەو وتنەدا دەبوو لە پلەی مۆسیقاییەکەوە بچمە سەر پلەیەکی تر، پەناشبەرم بۆ شیعری یەکێ لە شاعیرە کۆنە کلاسیکیە بەناوبانگەکانمان (چونکە چامەو شیعرەکانیان - رەحمەت لە گۆڕیان - جوان و شیاو دەگونجان بۆ ئەو مەقام وپلەو هەستان و دابەزینانە).

ئەمانە وایانکرد، کە گوێگرەکان مەقام و مەقامبێژەکەمیان لەلا چێژێکی بەرزبێ و وزە ورەی بەیاتی و زایەڵەی بەدەنێ و گەرێی لێ راگرن... دواجار عەلی مەردان بێتە هونەرمەندێکی جیاکی و بەناوبانگ.

ئاوا رۆژانم لێ دەڕۆی، تا کارگەیشتە رادەیەک کە لە گۆرانی وتن زیاتر هیچی تر بەدەستەوە نەما، دەڵێم (گۆرانی) نەک (هونەر)، چونکە ئەم زاراوەیە لەم ساڵانەی دواییدا هاتە ناو ناوانەوە، خەڵکی هەر وشەی (گۆرانی و گۆرانیبێژ)یان بۆ ئەم مانان بەکار دەهێنا و دەیانزانی.

دەمەوێ لێرەدا شتێ هەیە بیڵێم، ئەویش ئەوەیە کە (ئەوساکە) کۆمەڵی کوردەواری و عێراقیش بەگشتی بەچاوێکی سووکەوە دەیانڕوانییە پیشەی (گۆرانی بێژی)[1] و بەلایانەوە ئەنگبوو بۆیە ئەو دەستگاو ئامادەی کە لێیەوە دەستگیر دەبوو کەم و هیچ بوون، جا دەمانبینی کە زۆربەی گۆرانی بێژەکانی ناو بەغدا جگە لە پیشەکەیان لەملاولا ئیشی و کاری تریان دەگرتە دەست و پێیەوە سەرقاڵبوون تا بتوانن ژیانی پێ

---

[1] مامۆستا جەلیل محەممەد شەریف سەبارەت بە وشەی (گۆرانی) دەڵێ: ئەم بەکارهێنانەی ئەمڕۆی ئەم وشەیە لە زۆربەی ناوچە کوردییەکان: شتێکی تازەیە، لە ئەنجامی پەیدا بوونی رادیۆی کوردی بەغداوە هاتووە، خەڵکی بەر لەمە بەم بابەتەیان دەوت — بەستە، لاوژە —: خەڵکانی ناوچەی سلێمانی بەو بابەتەیان وتووە (گۆرانی)، واتە ئەمە جۆرە وتنێکە تایبەتە بە — گۆران — کەرادیۆکەش دەستی پێکرد بەخشەرەکان و کارمەندەکانی زۆربەیان خەڵکی سلێمانی بوون بۆیە کە ئاماژەیان دەکرد — بە نووسین و بەقسە — بۆ ئەم شتە، دەیانوت: گۆرانی، بەرە بەرە خەڵکیش وشەی گۆرانی یان لابوو ئاسایی.

لەبنەمادا گۆرانی جۆرە ئاوازو وتنێکی خێرا رەزم و هەر لە کۆنەوە لە ناوچەکانی گۆران هەبووە ... هەورامان بەشێکی گرنگە لەوناوچانەی بەشێوەی گۆران دەئاخاڤن.

(جەلیل محەممەد شەریف : لێکۆلینەوە لەبنەمای... ئەوشەفەق — گۆڤار، کەرکوک، ژ ٣٩ حوزەیرانی ٢٠٠٦، ل ٣١).

بگوزەرێنن و گوزەرانی ماڵ و منداڵیشیان بەڕێوەبەرن... بەکوردی و پوختی ئەو کارە دەردی عەرەبەکە دەڵێ (ماچان یوکل خبز!).

هەر بۆ نموونە: هەیانبوو دارتاشی دەکرد، یا دوکانێکی دانابوو، وەیا بەقاڵبوو، محەمەد قەبیانچی پیازی دەفرۆشت و دوایی کردی بە بازرگانی (لەنگە) فرۆشتن.

کەچی من لەلای خۆمەوە هەر بەتەواوی و سەرومڕ خۆم بۆ (ئەم پیشەیە) تەرخانکردو هیچ کارێکی ترم نەدەکرد، دەستسپی (وەك دەڵێن) هیچ کارێکی ترم نەدەزانی، جگە لە مەقام و گۆرانی وتن نەبێ، لەمەشدا وابزانم بەرەوپێش دەچووم.

کە ئێزگەی رادیۆی بەغداش کرایەوەو دوایی بەشە کوردیەکەشی دانراو وردە وردە خۆی جێگیرکردو چەسپا، ئیێ لەسەرەنجامی بارودۆخی شەڕە گەورەکەی دووەمیشەوە... بڕیارمدا بەیەکجاری بێمە بەغداو (سن الذبان) جێهێڵم.

هەروەك چۆن لەسەرەتادا پێلاوی غەریبیم لە بابوشێخ کرایەوە، ئەمجارەشیان بەهەمان دەستور هەروا بووەوە، ئەمە بووە دووەمجار کە لەم ناوچەیەدا جێگیربم و بژیم.

لەساڵی ١٩٤٢ تاقە ژوورێکی نهۆمی دووەمی ماڵی (ئەحمەدی تووتنچی)م بەکرێ گرت و تیادانیشتین.

ئەم خانووە کەوتبووە سەر شەقامی (شێخ عومەر)[١] نیزیك گەراجی باقووبەو بەرامبەر (گۆرستانی غەزالی) لە کۆتایی ئەو کۆڵانەی درگە گەورەکەی مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لێیە، کە ماڵی نەقیب، مەبەستم (عبد الرحمن النقیب)ە کە هەر لە دێر زەمانەوە بنەماڵەکەیان زێوانی مەرقەدی شێخ بوون و لەلای خەڵکی بەغدا ڕێزو حورمەتیان هەبوو[٢]، ئەو کۆڵانەش هەردوو شەقامی (غازی و شێخ عومەر)ی لێکدەدا.

---

[١]- بەناوی کەسایەتی بەناوبانگی ئایینی (شیخ عمر السهروردی)یەوە.

[٢]- پێشتر دەربارەی ئەم کەسایەتیە بە پەراوێزێك دواوین.

دایبنێ کە ئەوانیش خوا کچێکی پێ بەخشیون و ناویانناوە (سوهەیلە)و گفتی دابێ کە لە ئێستاوە سوهەیلەی داوەبە عەبدولقادری ئێمەو هەر بۆ ئەو دەبێ... چارەنووسیش وایهێنا کە لە ئایندەدا هەروابوو...

رۆژ لە دوای رۆژ کاروبارم بەرەو باشتر دەچوو، هەستم کرد کە باری ئابووریم وایلێهاتووە کە بتوانم خانوویەکی سەربەخۆ بگرین و لەم ئاقە ئۆدەیەی نهۆمی دووەمە رزگارمانبێ، چونکە خێزانەکەم لەلایەک نەیدەتوانی لە کارو فرمانی ماڵدا تێیدا هەڵسورێ و لە لایەکی تریش منداڵەکان پێویستیان بە جێگەو رێگەیەکی فرەوانتر هەبوو تا بە ئاسودەیی تیا یەلوبۆ بهاوێن و بحەوێنەوە.

سەربارەی ئەمانە گشتی، دەمبینی و دیقەتم دەدا ماڵەکەمان بۆتە پەناگەو شوێنی حەوانەوەو مانەوەی هەر خزم و کەس و ناسیاوێك کە لە دەوروبەری کەرکوك و ئەبیلان و بگرە گەرمیانەوە بۆ کارو ئیشی هەمەجۆرەیان روو لە بەغدا دەکەن... تەنەنانەت و نەدەکرا گشتمان لەتەنیا ئۆدەیەکدا شەوانە بەسەربەرین و بحەوێین.

ئەوە بوو کەوتمە گەڕان بەدوای خانوویەکی چۆڵدا بۆ کرێ، لەماڵاو لەولا تا گەیشتمە گەڕەکی (قهوە شکر) نزیك بابوشێخ لە پشتە (فضوة عرب)[1] لەسەر شەقامی

وەستاوە وەك ئەمڕۆی خۆمانی لێ هاتبوو کە لەرێی وەکیلەکانەوە باسی وەردەگرین لە چوارچێوەی رێککەوتنی نەوت بەرامبەر خۆراك کە گەندەڵی وا تەشەنەیکردووە هەر لە کارمەندی (UN)ەوە نیبی دەخوا تا دەگاتە وەکیلەکان!! بەلام ئەو سەردەمە کارەکە حکومەت خۆی دەیکرد و (نەوت بەرامبەر خۆراك) لە ئارادانەبوو. جا ئەم کاك جەبارەی مامۆستا باسی دەکات یەکێکبوو لەو بایعانەی ئەو سەردەمە لە ئەربیل.

[1] فهمی محمود شکری لە کتێبێکیدا دەربارەی بەغداو گەڕەکەکانی دەڵێ: کەتی خۆی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ئەم گەڕەکی (فضوة عرب)ە پڕ بوو لە کارخانەی دەستیی قوماش چنین و رستن، بەتایبەتی قوماشی حەریر کە لە چاکی و نایابیدا شانی دەدا لە شانی حەریری دیمەشق و حەلەب. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای بیستدا کە بە کۆڵانەکانی (فضوة عرب)دا پیادەدەبوویت شەوگار گوێت لە دەنگی شەو کەرگەی

[illegible]
خانوویەکم پەیدا کرد.

[illegible]

[illegible]
کوشتی.

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

---

[1] [illegible] تاریخ العرب [illegible]

[illegible]

پاڵ یەکتر و لەیەك بەسترابوون و لەوحی تەختەی گەورەیان لەسەر دانابوو، لەمبەرو ئەوبەر بە میٚخی ئاسنی گەورە گەورە بەسترابوون و چەسپکرابوون، بەلاٌم لە ئاخرو ئۆخرەی زستاندا کە ئاو هەڵدەسا مەترسی شکان و راماڵینی ئەم پردە پەیدا دەبوو، نەك پردەکە بەڵکو بەغدا خۆیشی دەکەوتە بەرمەترسی ئاوبردن و غەرقبوونەوە، حەبلەکانی پردەکە دەپچران و بەلەمەکان ئاو دەیبردن و میٚخە ئاسنە گەورەکان هەڵدەکەندران... کە ئاوەکە دەنیشتەوە هەمدیسان دەستدەکرایەوە بە رێکخستن و دامەزراندنەوەی جۆرە پردە.

بەم بۆنەیەوە (دامەزراندن و کردنەوەی پردەکە) بەهاران ئاهەنگ و بەزم دەگێـڕرار (مزیقە) لەمبەرو ئەوبەری پردەکە دەنگی دەدایەوە !!!



گەورەیەی کە خاڵۆم لێی کرد کە بەزۆرو بێ پرسی ئێمە دایە ئەو کابرایە هەتا گوزەرانی پڕ لە ئێش و ئاسۆری بەدەست ماڵ و مێردو منداڵەوە.

واچاکتریشە ئێتر لەمەولا هیچ دەربارەی خراپە و ناڵەبارییەکانی خاڵۆم نەڵێم و نەنووسم، خودالەی خوای دەکەم و مەگەر بە رەحم و میهرەبانی خۆی لێی خۆشبێ.

لە نەخۆشخانە خوشکەکەم پیشانی دوکتۆرەکاندا، بەڵام رۆژ بە رۆژ باری تەندروستی خراپتر دەبوو بەیدایە دواوە، دەرکەوت کە تووشی (سیل)بووە، ئەو نەخۆشییە نەگریسە کوشندەیەی لەو سەردەمەدا لەناو خەڵکی ئاوایی و هەژاردا باو و بڵاو بوو، چارەشی زەحمەت.

لە پێنج شەممەی ۲۰ / ۱۲ / ۱۹۶۶ ئەو تاقە خوشکە کلۆڵەم کۆچی دوایی کرد و بووە مایەی خەم و مەراقێکی ئێجگار گەورە بۆم، لە گۆڕستانی غەزالی بەیارمەتی خزم و دراوسێ و برادەرەکانم، بەیانییەکەی بەخاکمان سپارد.

منداڵەکانیشی (ئەنوەرو تازەو قادر) کە پێیاندەوت (قالان) چونکەیان کە دیاری (فەریدە)خان بوو کە خوشکی باوکیانبوو، گرتنیە خۆی و بەخێوی و رێگای و پێدەکسی بەختێوی کردن و ژنی گەیاندن، خوا لەو دنیا پاداشتی خێری بداتەوەو بەهەشتی نسیبی بێ.

سواڵی تەزیەمان دا بە (شێخ قازیلی شێخ وەهابی تاڵەبانی) و تازیەتی دیا بە (شێخ قانیعی شێخ وەهابی)ی مراو، قالانیش ئەوزیادەکی کچی شێخ عازیلی هەتا لە ژێر یەکەمی بەگۆمساڵ لە حەشیمەتی ئەمێرویا بوو.

ئەم شێتەڵە لەدەوبەڵە مەتۆڕیەشەکانی رۆژانی جوانیبوو، شێخ وەهابی قەدرەمی بەرانەمانی خێزانی، دیاڵی و ئاوارەکانیان لە کەوی و جەماوەلا بوون.

من لەمەر باسی ئەم شتەیەلا ئەمەیە ئیمروکی بڵێم، کە ساڵانە لە باوچەکانی رۆژ بەرەخەوە و فاوشی و جەوانی ساردێلی بەکۆمەن و مەدەرم لێمدانی، ریچ تێکی ب ... بان

دەگوتم: لە گەڕانەوەمدا نابێ بە دەستی خاڵی بچمەوە، وەک دیاری شتێکیان بۆ
بەرم [illegible]، لەبەرەوە چەند دانە [illegible] (قالە قەرەج)ای برادەرم لە (ڕەنجێنە) کە
کەوتبووە سەرەتای (ئەرزە داخڵ)ای ئێستە، دەمهێنا.

ئەو هەواڵی گۆڕانەکانم بە وڵات و کوردەواریدا بڵاوبووەوە، ئەوەش شێوەیەکیان پێیانەوە
بڵاوبووەوە [illegible] لە گەشتە چین و تورکیا دەیانناسیم.

هاوڕێ و دۆستی زۆرم پەیداکرد، بەر لەوەی سەرنجی ئەوانەم لەبیر بەرێتەوە، سەرەتاکەیم
باسێکیان ئێوە بکەم؛

وەک ئەو ئەو ناساوە برادەرانەم لەچین و تورکیا جیاجیاکانی ئەو کۆمەڵی ئەو ڕۆژگارە
بوون: سیاسی، ڕۆشنبیر، کاسبکار، هەژار و دەوڵەمەند... ئەوانە بریتی بوون پەروەردەییم
کاکە [illegible] کە [illegible] بەرپرسیاری [illegible]
[illegible] لە [illegible] ئەو [illegible]
بە (باب المعظم)، [illegible]
[illegible]، [illegible] کە [illegible] لە [illegible]
[illegible]
[illegible]
ئەو ساڵە ١٩٣٢ بوو.[1]

---

[1] [illegible]

بەداخەوە لە ١٩٦٣دا مارفی جوانەمەرگ بەدەستی ئینقیلابچییەکانی بەعس لەتەك زۆری تر لە رۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم گەلە بەپەتا کران.

شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفیدیش یەك لەو کەسانە بوون کە حورمەت و خۆشەویستیم بۆیانبوو، گەلێ جار لە سیتەك سەردانم دەکرد، لە هاوینی ١٩٣٨دا سەردانێکم کرد، قسە هات و قسەچوو، باسی سیاسەت دەکرا، فەرمووی بۆ نایەیت لە تەکماندا کاربکەیت، (کۆمەڵەی برایەتی)مان دامەزراندووە.

پێموت: قوربان من لە هونەری گۆرانیدا کاردەکەم ئەمەش هەر جۆرێکە لە کارو خزمەت بەم میللەتی کوردە، خۆ ئەگەر لەبەر هەرهۆیەکبێ و خوانەکردە ئەم حیزب و کۆمەلانە لەکار کەوتن، ئەوا من لە خزمەتی خۆم ناوەستم و لەکارناکەوم.

مامۆستا (رەفیق حیلمی)ش یەکێکبوو لەو دۆستە عەزیزانەم کە ناسیمن، سیاسەتزان و ئەدیب و روناکبیرێکی دەگمەنی میللەتەکەمبوو، هەرکات بلوایە سەردانی مالیانم دەکرد، جارێکیان ئەمیش وەك شێخ لەتیف، داوای لێم کرد کە لە حیزبەکەیدا (هیوا) کاربکەم، وەلامەکەم بۆ ئەمیش هەر هەمان وەلامبوو کە کاتی خۆی عەرزی شێخم کرد.

لە ١٩٣٥دا لە کەرکوك، ئاهەنگێك دەگێرا، لەمەدا (ملازم عمر علی)م ناسی.

=ناکرێ، چەسپەماڵ و قادر کەرەم ئەمەی کردووە، لە دوای هەفتاکانی سەدەی بیستەمیش ئەو بلاوکراوانەی یەك یەك بەجیا لەچاپدان و بلاوی کردنەوە.

نموەی قادر کەرەم ناوی (پاسەرد) بوو، مارف بەرزنجی نەهەید، کە هاوینان دەهاتەوە یارمەتیدەرێکی سەردەکی بوو لە نووسین و ئامادەکردنی بابەتەکانیدا، هەتا مامۆستا شاکیر بەرێوەبەری ناحیەبوو (٢٤) ژمارەی لەو بلاوکراوەیە دەرکرد.

بەراستی بابەتەکانی ئەو رۆژنامە دیواریانە وەك ئاوێنەیەکی باری کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و ئابووری ئەو قەزاو ناحیانە وایەو نرخی تایبەتی خۆیان هەیە.

ئەو کاتە، سالی ١٩٤٢، مارف بەرزنجی قوتابی ئامادەیی بووە لە کەرکوك.

[illegible]
[illegible]
[illegible]

[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]

[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]

[illegible]
[illegible]

[illegible]
[illegible]
[illegible]

داڵانبارانەی بە ئیستام حوکمدەدران، چونکە زۆر لەلای مەرجەکانی و گۆرانیبێژانی مۆسیقی بەغدا قسەی مەزنی. ئەم قۆناغەدا کە چوارچێوە سالۆنی شێوەی بە (ئەلماس حزالی) موحەریفیان گرت، سالۆنەکانیان لە زەلیوەکانی بەغدا بوو لە شاموریەکانی قەدیم جولەکانەی بەغدایان جێهێشتبوو و حکومەت ماڵ و سامانیانی دەستی گرتبوو و بە (الاموال المجمدة) دەناسران، خانووەکە بەرامبەر گۆڕستانی سەربازی بەریتانی بوو، پشتی دەخۆیندانەوە (سەلام) هەر لە ماڵیەوە، ئەو جێگەیەی کە راستەوخۆ لە نێوان (ساحة الاندلس) و (ساحة الواثق) دایە، هەر لەو خانووەشدا بوو کە ناظم غەزالی مەرد لە کاتی تەرانشکردنی بەیانیدا لە پڕ دڵی وەستا و مرد.

تاقیەتیکی گۆرانیبێژی جولەکەی تریش هەبوو، (سلطانة یوسف) بیسوزە عراقیم و گەلێ داوکاری بەگڵۆماقی دەکرد، بێجگە لەو هونەرمەندە هەرەبابەی دەبێتە بەغدای دەیانویست لە تیزگە کاریکەن، وەک (سامی الشوا) کە کەمانی لێدەدا، (عبد الحلیم الرومی)[1] گۆرانیبێژ... ئەم دووانە ئەهلی شام بوون، (حلیم الرومی) خاوەنی سروودێکی بەسۆز و خۆشبوو بەناوی (بغداد یا بلد الرشید) کە بەراستی بە بەرهەمێکی جوان و بەرکەوتووی ئەو پیاوە دادەنرێ، چ لە رووی ئاواز و چ لە رووی دەنگ و وتەوە بۆیە بادشاکانی لەیاد ناچێ.

هەر لەم باسەدا حەز دەکەم رووداوێک بگێڕمەوە کە ساردەهاتنەکانی بەرزا شکاندەوە، لەنەڵی شامییێ بەناوی (معروف الرصافی) بوو بە برادەری دۆستم، وەک وتم (سامی الشوا و حلیم الرومی) دوو برادەربوون شەوانە زۆر کەمەوەنە پێکەوە دادەنیشتین، رۆژێک سامی چاری بە رەسسامی دەکەوێ و پێی دەڵێ کە خوێندەرمەندێکی کوردی شارەزا لە مەقامەکاندا برادەرمانە، هێندە دەنگخۆشی و لێزانە بوراناکەم لە

---

١ (حلیم الرومی) کچێکی دوایی بووە یەکێک لە گۆرانیبێژە هەرە ناودارەکانی عەرەب... بەدەنگێکی ناسک و رەوان، وتنێکی ساکارو بێ زۆر لە خۆکردن.

عەرەبەکاندا لەو بابەتە هەبێ، لەم دواییەدا بەینیان لەگەڵ (حافظ مهدي) تێکچووە لەسەر ئەوەی کە حافز مەهدی ئەندامی دەستەی چاودێری تۆمارکردنە لەسەر تەلی سیم، جا بە عەلی مەردان دەڵێ کە دەیەوێ شتێ لە مەقامبێژی و دەنگی ببیستێ، تا بزانێ ئاخۆ بۆ تۆمارکردن دەستدەدا یان نا!!

عەلی مەردان لەمە توورە دەبێ و پیاهەڵدەشاخێ دەڵێ: تۆ چیت و کێی تا دەنگی من و شارەزاییم تاقیکەیتەوەو هەڵیانسەنگێنی؟

ستۆدیۆکە جێدێڵێ و دەچێتە دەرەوە.

سامی ئەم روداوە بۆ رەسسافی دەگێڕێتەوە ئەویش پڕ بەدڵ چاوقایمی و ئازایی عەلی مەردانی دەچێ بەدڵدا... حەزدەکات بیناسێ، جا لەرێی سامی یەوە زیافەتێك رێکدەخات و عەلی مەردان بانگدەکات و ئیتر دەبنە برادەر.

زۆر جار دەچوومە لای رەسسافی، لە ئەعزەمیە گەڕەکی (السفینە)، ژورێکی سادەی تەنیا، تا درەنگانێکی شەو لەلای دەمامەوە... هەتا جارێك پێی وتم کە دایکی کوردە! لەپێك گەیشتنێکی خۆم و رەسسافیدا شەوێکیان پێی راگەیاندم کە بابەتێکی دەربارەی "کەسایەتی محەمەد ـــ الشخصیة المحمدیة" و یا "یەکالاکردنەوەی مەتەڵی پیرۆز ـــ حل اللغز المقدس"، وەك خۆی ناوی لێناوە، نووسیوەو دەسخەتی بابەتەکەو هەندێ دەفتەری تریش خستە بەردەستم و پیشانیدام[1].

هەفتانەش کە سەرم لە (مدیریة الدعایة) دەدا، کە دوو ئۆدەبوو لەناو وەزارەتی ناوخۆدا، دوایی بووە (وزارة الثقافة و الارشاد)، چاوم بە رەسسافی دەکەوت، ئێ

---

١ ـــ ئەم کتێبە دەسنووسەی رەسسافی (حل اللغز المقدس) کە مامۆستا باسی لێوە دەکات، زستانی ٢٠٠٨ لەماڵی مامۆستا مەلا یاسین بەچاپکراوی و لەقەبارەیەکی گەورەی (٥٠٠) لاپەڕەیی و زیاتریشدا، چاوم پێی کەوت کە لەئەڵمانیا چاپکراوەو چەند دانەیەکی هاتۆتە عێراقەوە. بەداخەوە ماوەی ئەوەدم نەبوو چاوێکی سەرێپێشی پێدا بگێڕم.

نازبەناویش لە (مقهی الزهاوي) سەر شەقامی رەشید نزیك بە مەیدان هەر یەکترمان دەدی، ئەم شوێنە جێگەی یەکگەیشتنی شاعیران و رۆشنبیران و گەورە پیاوانی بەغدا بوو دوای ئەوەی خانەنشینی و بێکاری رووی تێدەکردن، چایخانەکەش بەناوی (جمیل صدقي الزهاوي)ی شاعیری بەناوبانگی بەرەگەز کوردەوە ناونرابوو.

هەر بەم بۆنەیەشەوە دێمە سەر ئەو ساردی و لێك دابڕانەی رەسافی و زەهاوی[٢]، کە گەلێ جار بەهۆی قسەی بەدگۆیانەوە ساردییەکەی نێوانیان دەبووە شێوەتیر لەیەکبوون و دانوویان پێکەوە نەدەکولا، دوایی بەهۆی هەوڵی پیاوچاکان و خێرومەندانەوە کە رێکیان خستەوەو کۆتاییەکەی بە ئاهەنگێکی قەشەنگ هات کە منیش بەچەند مەقام و بەستەیەك تێیدا بەشداربووم.

---

[٢] - جمیل صدقي الزهاوي : لە ١٨٦٣ لە بەغدا لە دایکبووە، لە دایکو باوکێکی کوردی بەرێز، لە خێزانێکی ئاینی خاوێن، باوکی (محمد فیضي الزهاوي) موفتی بەغدابووە، لەبیست و پێنج ساڵییەوە بڕیەی پشتی تووشی نەخۆشی دەبێ و تا مردن لێی نابێتەوە، کرابە ئەندامی ئەنجومەنی معارفی بەغداو بەرێوەبەری چاپخانەی حوکمەت و ئەندامی دادگەی تێهەڵچوونەوە، سوڵتانی عوسمانی داوەتی دەکات بۆ ئەستانە، دەبێتە مامۆستای ئەدەبی عەرەبی لە (دار الفنون) و دوایی لە (مدرسة الحقوق) لەبەغداو نوێنەری عێراق لە (مەجلیسان)ی عوسمانی، لەناو جەنجاڵی ئەم کارانەشیدا بەردەوام شیعرەکانی بڵاودەکردەوە، خۆ کە حوکمی عوسمانی دارماو فەیصەڵی یەکەم بووە مەلیك ئەم لە پەراوێزنرا، جگە لە ماوەیەکی کورت کە کرایە ئەندامی (تەعیانی عێراق) و دوایی بەهۆی راستگۆیی و شیعرە رەخنەئامێزەکانییەوە لاخرا، تا لە کۆتایی فەبرایەری ١٩٣٦ کۆچی دوایی دەکات.

زەهاوی جگە لە زمانەکەی خۆی (کوردی) عەرەبی و فارسی و ترکیشی زانیوە ، کتێبی (کائنات)ی لە فەلسەفەدا داناوە، وە (الجاذبیة و تعلیلها) کە بە پێچەوانەی بۆچوونی زانایانی سروشتەوە دیاردەکە لێکدەداتەوە: (ان علة الجاذبیة لیست جذب المادة للمادة وانما هي دفعها ایاها بسبب ما تشعه من الاکترونیات...) زەهاوی شاعیری فیکرە، فیکرەی رەخنەو جیاوەتری ودك (شەوقی) لەگەڵ سەردەمدا دەڕۆی و پێ بە پێی گۆڕانکاریەکانی رۆژگار دەچوو بەرێوە، ئەمەش لە شیعرەکانیدا رەنگدەدەنەوە و دیارن.

بۆ زیاتر : (تاریخ الادب العربي : احمد حسن الزیات، دار المعرفة، بیروت – ط ١٠ ، ٢٠٠٦ ص ٣٧٥).

دیسان جاروبار لە (مقهی البرلمان)ی سەر شەقامی رەشید بەرامبەر (الحیدر خانە)، لەسەر ئەو کۆلانەی دەچووە ناو گەڕەکی (جدیدة حسن پاشا)... هەر لەم ئاستەشدا یەکەم دوکان بۆ دروستکردن و چاککردنەوەی عوود لەلایەن (محمد فاضل)ەوە کرابۆوە، جا لە پەرلەمان (وەك وتم) جاروبار رەسسافیم دەبینی.
رەسسافی لە هەردوو چاخانەی (زەهاوی و پەرلەمان) دادەنیشت، زیاتر بۆ ئەوەی شتێکی دەستکەوێ، چونکە نەدارار دەستکورتبوو، لەم شوێنانە جگەرەی دەفرۆشت و چاویشی بە نووسەران و شاعیران و سیاسیە کۆن و تازەکان دەکەوت، هەروا ئەندامانی پەرلەمان و ئەعیانی عێراق و قسەوباسی لەتەکیاندا ئاڵوگۆڕ دەکرد.
هەتا رۆژێك بیستمان کە رەسسافی کۆچی دوایی کردووە، ١٦/ ٣ / ١٩٤٥بوو، لەمەراسیمی سەر قەبران و ناشتنیدا لە گۆڕستانی ئەعزەمیە، خەڵکانێکی زۆر بەشداریانکرد، منیش یەکێکبوم لەوانە.

* * *

ماوەیە لەمەوپێش باسی شێوەیەك لە شێوەکانی رابواردنی خەڵکی بەغدام کرد، ئەویش هەقایەتخوانی بوو لە چایخانەکاندا، بەغدایییەکان بەمەیاندەوت (قصه خون)[1] ئەم جۆرە کاتە بردنەسەرە لە گەڕەك و گەلێ شوێنی تردا باوبوو، یەك لەو شوێنانە (مقهی المميز) بوو لە مەیدان، لەنێوان دیواری وەزارەتی دیفاع و مەیدان خۆیدا کە پاشان ئەو جێیە بووە (مدیرية الحسابات العسكرية)... ئەو چایخانەیە جێی هونەریی

---

[1] مامۆستای بەهەشتی مستەفا سەید ئەحمەد (نەریمان) لە (بیرەوەریەکانی ژیانم)دا باس ئەم تەختە خوانە دەکات لە شاری کەری و دەفەرمەێ: (پێش ئەوەی کارەباو رادیۆ لەناو دابێت لە چایخانەکاندا شەوان کتێبی — رۆستەمزاڵ — ئەخوێنرایەوە: لەم بوارەدا شاعیر خەلیل منەوەر ١٨٦٣ - ١٩٢٣ ناوبانگی دەرکردبوو، دوای ئەو شێخ جەباری شێخ قادر جێگەی گرتەوە، ئەم زاتە شانامەی فیردەوسی کردبوو کوردی بەدەنگ و ئاوازێکی تایبەت ئەیخوێندەوە. (مستەفا نەریمان : بیرەوەریەکانی ژیانم — دەزگای رۆشەنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی بەغدا ١٩٩٤ لاپەڕە: ١٤).

[illegible]

[illegible]

[illegible]

هەر بۆ نموونە، مامۆستاو مێژوو نووس و ئەفسەری شارەزا (محەمەد ئەمین زەکـی) [1] کەرەتێکیان داوەتێکی بۆ کردم لە ماڵەکەی خۆیان، لەیادمە لەو قسەوباسانەی بۆی دەگێڕامەوە، لـەو دانیشتنەماندا، کـاتێ لـە ١٩٢٩ لـە وەزارەتەکـەی یەکـەمجاری (تەوفیق سویدی)دا ئەم وەزیری دیفاع دەبێ و لە کوردستانیش (حـەرەکاتی بـارزان) بەرپابوو، فەرمانێکی لە راوێژکاری بەرگری بەریتانیاوە کە ناوی (لوك) بووە، بۆ دێ تا ناوچەی بارزان بدرێتە بەر تۆپ و لێی بدرێ، ئەمیش نە ئەو فەرمانەی ئیمزاکردو نە جێبەجێشکرا... وەزارەتەکـەی سـویدی هێنـدەی نەخایانـد لـەوەی دوای ئـەمان (الفریق جعفر العسکری) بووە وەزیر، سەرکردەی سەربازی لە موسڵ (عقیـد برقـی) دەبێ، ئامۆزای (فریق بکر صدقي)، بەو ئەمکارە جێبەجێ دەکاو بارزان دەدرێتە بەر تۆپ و هێزی ئاسمانی بەریتانیاش بەشدار دەبێ، بەڵام سوپاکە شکستێکی گەورەی کوشندە دەخوات، لەسەر ئەمە وەزیری ناوخۆ (ناجی شەوکەت) دەست لەکار دەکێشێتەوە، ئەو کاتە ١٩٣٢ا نووری سەعید سەرۆکی وەزیران دەبێ.

هەر لەم ساڵانەشدابوو لە نێوان جەنگزەوەدانی ١٩٣٢ بۆ ١٩٣٣ کـە لـە کوردستان روداوی کارەساتی خەمبارمان دەبینەوە، ئینگلیزەکان و هێزە ئاسمانییەکەیان بە پاڵپشتی سوپای عێراق هێرشێکی وەحشیانەیان کردە سەر بارزان و فڕۆکە جەنگییەکانی بەریتانیا زۆربەی گوندە ئاوایییەکانی ئەوناوەیان وێران و کاولکردو

---

[1] محەمەد ئەمین زەکی: ١٨٨٠ لە گەڕەکی گۆیژەی سلێمانی لەدایکبووە، لە ١٨٩٦ چووتە ئامادەیی عەسکەری بەغداو دوایی (حربیە)ی ئەستەمبوڵ و (ئەرکان)ی حەربی تەواوکردووە، لە ١٩٢٤ گەڕایەوە بەغداد، وەزارەتەکانی زنگاوبان، مەعاریف، بەرگری و ناوخۆی پێ سپێرراوە، ١٩٢٦ ئەندامی پەرلەمانی بووە لە ساڵی تەمموزی ١٩٤٨ لە بەغدا گیانی سپاردو لە گردی سەیوان بە خاک سپێرراوە، لە ژیانیدا لە کۆڕی ... سەروبەندا بە تورکی چاپکراوە، ١٩٣١ بەرگی یەکەمی (خولاسەی تەئریخی کوردو کوردستان)ی چاپکردو لە ١٩٣٧ بەرگی دووەمی، لە ١٩٣٩ لە قاهیرە کرا بە عەرەبی، جگە لە (مشاهیر الکرد) و (تاریخ السلیمانیة) و ئەوانی تر کە ... تری هەیە.

[illegible]

[illegible] (بەکر سدقی) بوو، [illegible] لە [illegible]/ئابی/ ١٩٣٧ لە مووسڵ کە [illegible] مەلا مستەفای بارزانیش [illegible]

[illegible]

[illegible]

خۆی بە تورکی دەیخوێندم و دەستخۆشی ئەو مەقامانەی لێدەکردم، پاشان [illegible] داودەکە، جەلال بابان، بانگی کردم تا سڵاو لە مەلیک بکەم و بەخێر هاتنی بکەم. لەو ڕووداوانەش کە دێتەوە یادم، سەردانی مەلیک فەیسەڵی یەکەمە کە [illegible] لە شاری [illegible] لە سەردانی [illegible] ١٩٣٢ [illegible] دەنگی [illegible] گۆرانی [illegible] [illegible] [illegible] کۆبۆتەوە.

[illegible]

[illegible]





یەکەم لەچەپەوە: عەلی مەردان کە ڕەشاشێکی (پۆر سەعید)ی بەدەستەوەیە

یەکەم لەڕاستەوە: هونەرمەند حسێن عەبدوڵلا، هەمان چەکی بەدەستەوەیە.. فەلەستین ساڵی ١٩٤٨



دانیشتوان لەچەپەوە یەکەم: عەلی مەردان.. لەڕاستەوە یەکەم: داخل حەسەن ، دووەم لەڕاوەستاوەکان: حسێن عەبدوڵلا ، پێنجەمین لەڕاوەستاوەکان: اخضری ابو عزیز ، فەلەستین ١٩٤٨

لەو سەردەمەدا....

دەنگی ئافرەتی کورد

گرامافۆن یان وەک خەڵکی دەیانوت (سندوق - قەوان)، رۆژی خۆی داهاتو ئامێرێکی سەیرو عەجایب بوو، لەویش سەیرتر کە رادیۆ هاتە ئارئاوانەوە" ئەو سندوقە تەختەیەی قسەدەکار گۆرانی و مۆزیقای لێوە دەبیستری!! تۆ بڵێی جنۆکە خۆی تێیدا حەشارنەدابی؟!!

پێشخۆری ئەم دوو ئالەتە جگە لە نووسین و بێژەر، گۆرانیبێژو مۆسیقازەنبوو، لەو رۆژگارەشدا لە وڵاتانی رۆژهەڵات هەر پیاو بەم کارانە هەڵدەستا، بەتایبەت لایەنە هونەرییەکەی" چونکە ئافرەت و دەنگی ئافرەت، بە پێی داب و نەریت و قۆناغەکەی سەردەم (عەیبە و شوورەیی) بوو خۆی لەجۆرە کارانە هەڵسوڕێ، نەک ئەمە بگرە کوفریشبوو گەر دەنگ و قاقای پێکەنینی لەودیو دیواری حەوشەوە بیبیستری......

دەنگی ئافرەت جاروبار لە بۆنە ئاینییەکاندا یا مەولودیەکاندا دەبیسترا یا لە پرسەو شیوەنی ماڵاندا بۆ لاواندنەوەی مردووەکان یا قورئان خوێندن...... جاروبار دەفیش دەبووە هاورێی ئەو دەنگە.

ئەو ئافرەتانە(مەلا)یان پێدەوتن و ئەوانەش لەتەکیدابوون(رادودات).

لە ساڵەکانی سەرەتای چەرخی بیست و پێشتریش، حاڵ و وەزعی ئافرەت زۆر نالەباربوو، لە سەرانسەری ولاتدا دەنگێك نەبوو کە لەسەر قەوان بۆ ئافرەتێ تۆمار کرابێ، داب و نەریتی کۆمەلایەتی هەتا چوونە دەرەوەشی لێ حەرامکرابوو، نەدەبوو سەروڕووی بەدیار بکەوتایە یا لە ڕێگەوبان دەنگی ببیسترایە، ئافرەت جگە لە(عەبای رەش) کە لە خۆیەوە دەپێچا(پەچە – البوشی – البرقع)یش هەبوو دەبوایە ڕووی خۆی پێداپۆشێ، هەتا زۆر خێزان و خانەوادەی وابووە کە بڕوایان وابووە ئافرەت دەبێ دووکەڕەت لە ماڵ دەرچێ: کە شوودەکاو دەگوازرێتەوە بۆ ماڵی مێردەکەی، کاتێ دەمرێ و جەستەکەی بێگیانەو دەبرێ بۆ ناشتن!!

دیارە ئەم مامەلەو تێڕوانینە(شەوەزەنگیە) زیاتر لە شارەکاندا بووە، ئەگینا لە گوندو ئاواییەکاندا ئافرەت لە گشت کارو بارو فرمانەکاندا نیوەکەی تری ناوکۆمەلەکەیبووەو ئاوا مامەلەی عەبدێکی زەلیلی دەسەپاچەی لەتەکدا نەکراوە کە گشت جەستەی عەورەتبێ و حەرامبێ!!، جا هەر ئەمەشبووە بە هۆی ئەوەی کە دەنگی ئافرەت لە بواری هونەری گۆرانیدا کپ بووە، ئەگەر بووبێتیش زۆر دەگمەن و لاوازو ئاوێتە بەترس و بیم بووە.

لەتەك ئەمەشدا دەبینین ئەو حاڵەتە لە کوردستانی عێراقدا زوتر رەویەوە لە چاو ناوەڕاست و خواروی عێراق، دیارە ئەمەش هۆ و هۆکاری خۆی بووە، باری سیاسی و ئابووری ناوچەکە، بوونی گەلێ بزوتنەوەو کۆمەلی نەتەوەیی وا کە داواکاریە رەواکانیان بۆ سەندنەوەی مافی میللەتەکەو کۆششکردن بۆی کارێکی وایانکردبوو هاوکاری و تێکەلیەك بێتە دی لەنیو هەردو رەگەزەکەداو ئافرەتی وا بێتە پێشەوە کە بە ئاشکرا داوای ماف و سەربەستی و ڕێگەپێدان بکات بۆ هاورەگەزەکەی بەپاڵ پیاوەوە.

هەروا باری شپرزەی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمای چەرخی بیستەم و نەفرۆبوونی دەوڵەتە گەندەڵە بەناو ئیسلامیەکەی عوسمانی و ئەو زوڵم و زۆرەی دەرهەق بە نەتەوە غەیرە تورکەکانی دەنواند و ئەو کوشت و کوشتارەی بە دڕندانە لە کورد و ئەرمەنی کرد.... وای لە سەدان هەزار کورد و ئەرمەن و ئاسووری کرد کە خاکی باوباپیریان بەجێبهێڵن و سەرەو خوار ببنەوە بۆ کوردستانی عێراق و سووریاو ئوردن و هەتا فەلەستین و میسریش.

ئەوانەی دەهاتنە کوردستانی عێراق بە گوندو لادێکان و شارەکاندا بلاو دەبوونەوەو بەدوای گوزەران و ژیاندا دەکەوتنە هەوڵ و تەقەللا.

لێرە بۆیانهەبوو بەزمانی خۆیان بدوێن، بنووسن، لە کاتێکدا تورکە عوسمانییەکان قسەکردنی بەزمانی خۆیان لێ قەدەغە کردبوون.

خۆکە شەڕی جیهانیەکەش دامرکایەوە، هەلێکی چاک بۆ ئەم ئاوارانە رەخسا تا سوود لەو بارە ئابووریەی دوای هاتنی ئینگلیز وەرگرن و بکەونە کارو کەمێ بوژێنەوە، لە ناو ئەمانەدا دەنگخۆش و گۆرانیبێژی چاکی تێدابوو، چ پیاو چ ئافرەت، سەرپەرستیەکی ئەرتۆیان دەوی کە بتوانن لەو قاوغەی ئەوسا بێنە دەرو بایەکی باڵی خۆیان بدەن، بەتایبەت کە کارە هونەریەکەیان ببوە هۆی نان پەیداکردن و دەستکەوتنی مادەی بۆیان.... سەبارەت بە ئافرەتی کوردو هاتنە ناوەوەی بەدەنگ و ئاوازیەوە، شارەکانی موسڵ و بەغداو کەرکوک بوونە سەرچاوەی ئەو دەنگانە.

بۆ ئەم باسە دەمەوێ شتێ لەسەر هەریەک لەو ئافرەتانە بدوێم کە من لە لای خۆمەوە بە سەرەتاکانی دەنگی هونەریی ئافرەتی کوردیان دادەنێم لە کوردستانی عێراقدا.

١ ـ فرحە ابراهیم یعقوب: کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم هاتە بەغداو دوای ماوەیەکە بۆم رێکەوت ئەوانیەک تۆمارکەم (وەک لەوبەر باسم لێوەکرد) هەر سێ ساڵ

دوای ئەو عەیامە دەنگی ئافرەتێکی کوردیش لەسەر قەوان دەبیسترا، ئەو ئافرەتە فرحە ابراهیم بوو[1]، کە لە ١٩٠٨ هاتبووە دنیاوە.

ئەم ئافرەتە کە(أم جمال — دایکی جەمال)یشیان پێدەوت، لە جوولەکە کوردەکانی کەرکوکبوو،(فرحە)ش لە ناوە جوولەکەکانی رۆژهەڵاتدا ناوێکی پیرۆزبوو. لەو سەردەمەدا لە یەکێ لە ماڵەکانی(صالحیە) کە هەر دەهەنگاوێ لە مەلهای(لیالی الصفا)وە دووربوو یەکترمانناسی، گەلێ لە پیاوە گەورەو لێپرسراوانی ئەو رۆژە ناوبەناو سەردانی ئەم ماڵەیاندەکرد، دەیانوت کە مەلیك غازی بۆ خۆی یەکێکبووە لەوانەو هەر ئەویش ناوەکەی لە(فرحە)وە گۆڕیوە بۆ(بهیجە) چونکە ئەوەی دوایی ئاوازدارترو بەدەم خۆشە، لە زمانی عەرەبیشدا هەر مانایەك دەبەخشن.

(فرحە بهیجە) یەکەم ئافرەتی کوردە کە بە شێوەی سۆرانی گۆرانی خۆی لەسەر قەوان تۆمارکردووە، بەمەش رێگەی بۆ زۆر ئافرەتی تر کردەوە.

ئەم ئافرەتە لە سەرەتادا شوو بە ئەندازیارێکی ئیشغالی بەغدا دەکات بەڵام ئەم هاوسەرێتیەی زۆری نەخایان، هەروا لە ١٩٣٤یشەوە بەتەواوی وازی لە گۆرانیش هێناو کەم نەبێ گۆرانی نەدەوت، دەڵێن دوایی شوویکردووە بە

---

[1] یەکەم قەوان کە مامۆستا تۆماریکردووە لە ساڵی ١٩٢١ بووە، کەواتە قەوانەکەی ئەم ئافرەتە لە ١٩٢٤ دا تۆمارکراوە.

[2] لە دووشەممەی ٢٠٠٦/٥/١٥ کاك سامی رەواندزی شاعیرم بینی، هاتبووە گۆڤاری(هەنگ)، دەربارەی(أم جمال) پرسیارم لێکرد، پێی وتم کە: کاتی خۆی دایکم بۆی باسکردووم کە ئەو ئافرەتە گۆرانیبێژە لە رەواندز دراوسێمانبووە، لە(گەڕەکی خواری)، مێردەکەی ئەفسەری ئەجنید بوو، هەمیشە شەڕو ئاژاوە لە نێوانیاندا بوو، مێردەکەی پێی دەوت: هەرچەند دەڵێن ئەمە دەنگی ژنەکەتە گۆرانی دەڵێ...... من لە شەرما دەمرم.......

ئەویش پێی دەوت: دەیبۆ ئەتدەزانی من گۆرانیبێژ بووم؟!.

پاش ماوەیە رۆیشتن و ئیتر دەنگوباسیان بڕا.

(عبد القادر علی مەردان)

ئەندامێکی (ئەنجومەن) لە [illegible][7]، لە [illegible]، هەروەها لە [illegible] لە
[illegible] سلێمانی [illegible] دوایی [illegible] بەغدا
لە [illegible] ساڵی ١٩٧٩ لە بەغدا کۆچی دوایی [illegible] لە گۆڕستانی (شێخ معروف
الکرخی) لە لایەن (أمانة العاصمة)وە [illegible]
ئەوەی ڕاستی بێ، زۆر کەم [illegible]، بەڵام [illegible]......
[illegible] شتێکی [illegible] دەربارەی ژیانی [illegible].
٢- [illegible] خان [illegible] ژیان و گوزەران لە کوردستانی عێراقدا [illegible]
بەشەکانی تری کوردستاندا، بەتایبەت ئەوەی ژێر [illegible] عوسمانییەکان، [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] کوردستانی [illegible]
بوو بەناوی ([illegible] خان)ەوە.
ساڵی ١٨٩٤ لە گوندی ([illegible])ی [illegible] لە دایک بووە، دایکی ([illegible])ی
ناوە [illegible] لە ساڵی ١٨٩٥ [illegible] لە
[illegible] لەدایکبووە، لە [illegible] کوردستانی
عێراق و دوایی [illegible]
[illegible] بڵاوبێتەوە.
[illegible] دوایی [illegible]
ئینگلیزەکاندا [illegible] لە
[illegible].

لەم ئەفسەرە کچێکی هەبوو بەناوی(حەسیبە)، ئینگلیزیەکی باش فێر ببوو، کە ماوەی کارکردنی مێردەکەشی لە عێراق تەواو بوو، ویستی لەتەك خۆیدا بیبات بۆ بەریتانیا، بەڵام ئەڵماسخان پێی باشنەبوو کە هێندەی تر لە کەس و کارو وڵات دوورەوەکەوێ، ئیتر کابرای مێردی هەرچی ناو ماڵ و کەل و پەلە دایەوە بڕێ پارەی بۆ جێهێشت و گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی.

بەو پارەیە لە گەڕەکی(دووریین)ی نێزیك(صالحیە)ی بەغدا خانوویەکی کڕی و پاش ماوەیە شوویکرد بە کابرایەکی عەرەب بەناوی(عبد اسماعیل) و دۆست و ئەحباب بە(حجی عبد) بانگیاندەکرد. ئەم ماڵەیان وردە وردە بووە جێگەی کۆبوونەوەی ئاسیاوو برادەرانی گۆرانیبێژو هونەردۆست، تا وایلێهات وەك نیمچە (یانە)یەك، نووسەرو ئەدیب و ناوداران هاتوچۆیاندەکرد...... کە من ئەو ئافرەتەم بینی ژنێکی تەواو بوو، سەروزمان شیرین و رووخۆش و بەماریفەت، تەمەنی دەوروبەری سی ساڵاندەبوو، جوانە بوو، بەڵام گفت ولفت و هەڵس و کەوتی جوانیان کردبوو، جێگە و پاشماوەی ئاوڵە بەدەم و چاویەوە دیار بوو، رەشتاڵەیەکی قژ رەشی لەش پڕ...... جگە لەوانەی دەهاتنە ماڵەکەی لە کوردستانیشەوە میوانێکی زۆر روویان تێدەکرد.

منیش واملێهات زۆر ئێواران سەردانیم دەکردو شەوانە تا یەك و دوو دەمامەوە، تایەر تۆفیق، رەسول گەردی، نەسرین شیروان، مەریەم خان، فەوزیە محەمەدو سەعید ئاغای گۆرانیبێژو لاوکژان و گەلێکی تر کۆدەبووینەوە، زۆرجار کە عەسران دەردەچووم بە دایکی منداڵەکانم دەوت: شەو درەنگ دەکەوم، سەرێك لە ماڵی(خالاتی) دەدەم!!

ئەویش دەیوت: ماشا اللە!

لە نەورۆزی ١٩٥٤ ئەڵماس خان بە چەند گۆرانیەك بەشداریکردو بەراستی دەنگێکی زوڵاڵی وای هەبوو کە مایەی خۆشی هەموانبوو، کاتی خۆی گەلێ شریتی

تۆمارکراوی هەبوو[1]، بەڵام بەداخەوە، ئەمەی و پیریی و ڕۆژگار وایانهێنابە پێش کە لە ١٩٧٢دا پێی لە ئێزگە بپچڕێ و لە ماڵ گۆشەگیر بێ....... ناوبەناو سەردانم دەکرد و پێم لێنەدەبڕی، بەڵام ئەو خەم و پەژارەو تەنیایی ڕۆژبەڕۆژ دەیانپووکاندەوە، هەناسەی ساردی هەڵدەکێشاو جارجار فرمێسکیشی بۆ ڕۆژانی رابردوو دەڕشت، دەستکورتی و نەبوونی سەرباری هەموو تەنگی پێ هەڵچنیبوو، تا لە ١٩٧٤دا دڵی لە لێدان کەوت و لە گۆڕستانی مزگەوتی (مقام الامام علي) کە بە(المنطكە)[1] ناودەبرێ لە بەری کەرخ نێژرا[2].

٣- مریەم خان: لە ئەنجامی ئەو کوشتن و کوشتارەی تورکە عوسمانیەکان لە کوردیان ئەرمەنیانکرد، ژمارەیەکی زۆریان ڕوویان لە عێراق کردبووەوە، مریەمخانیش یەکێ بوو لەوانە کە بەرەو شاری زاخۆ بۆوە.

ئەم ئافرەتە لە گوندی (دێرکول)ی ناوچەی جەزیرە ساڵی ١٩٠٤ هاتۆتە دنیاوە، ناوەکەی (مریەم محمد ئەحمەد)ە، سەرەتا ڕادەکاتە شاری قامیشلو لە کوردستانی سوریا، لێرە بەشداری شایی و زەماوەندەکان دەکات و دەنگی خۆی تاقیدەکاتەوە

---

[1] پێشتریش لە کۆمپانیای His Masters Voice کە بە(أبو الكلب) ناسرابوو، وە لە کۆمپانیای(کۆلۆمبیا) گۆرانیەکانی لەسەر قەوان بۆ تۆمار کرابوو

[1] وشەی (براثا) وەکو وتراوە بەزمانی سریانی مانای کۆن "ان العجائب" و تراوشة "بيت مريم" و "ارض عيسى". ئەم مزگەوتەش (براثا) لەمەزارگە پیرۆزەکانی مەسیحی و موسڵمانان لەسەر یەک دانت لە کۆنترین شوێنەواری مێژوویی ئیسلامی لەبەغدادایە، هەروەها بە "مشهد المنطقة" ناسراوە

عەبدولقادر عەلی مەردان

[2] بەڵام بە پێی کات حەمەی حەمەباقی، ئەڵماس خان لە ١٨٩٤ لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە (مەریەم عەلی شەسفەری کوردستانی؛ محەمەد حەمە باقی، دەزگای ئاراس — هەولێر ٢٠٠٢، ل ٥٩).

سەرەتای دەنگخۆشی بەدیاردەکەوێ، هەر لێرە شوو دەکا، بەلاَم زۆر نافایەنێ لە مێردەکەی جیادەبێتەوە و دێتە زاخۆ.

وەك کارەکەرێك لە ماڵی هەندێ ئاغای ئەو شارە کاردەکات، دوایی دێتە موصل و لێرەشەوە بۆ بەغدا..... لەو سەردەمەدا جسم و جۆڵ و چالاکی هونەری لەبەغدا بەرچاوتر بوو، بۆیە پیلاَوی عەریبی لە ماڵێ لە ماڵەکانی گەڕەکی (الفناهرە) ساڵی ١٩٣٥ دەکرێتەوە.

پاش ماوەیە دێتە لای (ئەلماس خان) و لە ماڵی ئەماندا دەژی، لێرە تێکەڵ بە کۆمەڵێ هونەرو گۆرانیبێژان دەبێ و چاوی دەکرێتەوە.

کە لە ماڵی ئەلماس خان یەکترمانناسی زۆر یارمەتیدا بۆ پەرەپێدانی هونەرەکەی و ناساندنی بە ئێزگەی کوردی و تۆمارکردنی گۆرانیەکانی، هەتا هەندێ گۆرانیشم بۆ ئامادەکردو لەسەر قەوان تۆماریش کران.

مریەم خان لە هەموو ئافرەتە کوردە گۆرانیبێژەکانی ماوەڵی زیاتر گۆرانی تۆمارکراوی سەرقەوانی هەیە.

سەرەتا وایاندەزانی ئەم ئافرەتە ئاسوریە، چونکە گوندی (دێرکول) خەڵکەکەی تێکەڵن لە کوردی موسلمان و ئاسوری، بەلاَم کە ناوەکەی لە ئەوراقە رەسمیەکانیدا (مریم محمد احمد) بوو، ئیتر ئەو گومانە رەویەوە.

ئافرەتێکی ناسکی جوانبوو، دەنگخۆش و خەمناك، مات و دڵتەنگ، ئەم ماتیی و خەمەی لەوەوەنەبوو کە قژی سەری تەنك و کەمبوو، چونکە هەمیشە بە فۆتەیەك کە بەغدایەکان پێیاندەوت (چەرغد) سەری دەبەست...... بەڵکو لەوەوەبوو، وەك دەیوت، کاتی خۆی لە گوندەکەیان دڵخوازی لاوێکبووە بەناوی (محمد) و بۆیەکنەبوون. چونکە محمد دەکوژرێ ئەویش لە خەفەتا سەری دەپۆشی.

ئاشنابوونی ئەمڕۆیان زیاتر و زۆر شێوازی گۆرانی نوێ هاتە بەرچاو، بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٤٦ کە بازاڕی تەختەڕەشی تێکچووە، جگە لەمە ساڵی ئەلماس خانی حێوێشت و دەوروبەرە گەڕانەکی (سەیدانی)ای بەغدا، ئەو گۆرانیانە بەرەو بەرزی ئەچن دەتوانن لە شارە ئاوازی ژیانی لەهەرزانی و دڵڕفێنیەی ئەو سەردەمەی بەغدا.

لە حاڵێکی وەکوو شێوازی ناوبانگی ژیانی بچووکی بوو لە ئەو پەروەردەیی دەگیری و ئاواز دەستکەوتی گرتووە، ئەمەوی دەخولقێنێ بۆ ناوبانگی بەشێوەکەو دوای هەڵوێستی ئەمڕۆ و لەهەموو بواری بەکارهێنانی و بەئاوازێکی سادە لەسەر ئەمڕۆشەکانەی (حسین البیاتی)، لێرە ئەتوانین گەڕانەکی بۆ دەکرێ، بەڵام لێرە ڕاستەوخۆ و گۆرانی دوایی دەکاتەوە.

بەجۆرە ئەو ئافرەتەی جێگەی دەستی خۆی دەدا بە گۆرانی کوردییەوە، هەر لە سەرەتاکانەوە تا ناوەڕاستی چلەکانی بەشی بەستە، جێی خۆی بە کەسانی و ئاوازی ئەمڕۆ نایەوە سێ گۆرانی لە دوای خۆی جێهێشت (ئەقامە، کیبە، زەهر) کە ئەمەی دوایی هەر بەم بکەن.

٤- ... لە گوندی (قەرەداغ)ی کوردستانی زۆر ... جگە لە دایک و باوکی خوشکێکی و دوو براشی لەگەڵدا بوون (سادق، ئەلبێل و سالح)، سەرەتا دێتە (دار سەرزانی) لە (قادر)، کە گوندی ... ڕەشید ئاغا دەبێ، دوایی لە ١٩٣٤ دێتە بەغدا. ئەو کاتە تەمەنی سیانزە ساڵان بووە.

ڕۆژێک لە ماڵی یەکێ لە کوردەکانی بەغدا بۆ ئاهەنگێ بانگکرام، لەو گەرمەی گۆرانی و هەڵپەڕکێ و خۆشیدا، کچێکی سیانزە چواردە ساڵانم دی، وەک ئاوێنە ئیشی دەکرد و پاشان دەستی کرد گۆرانی بە دەنگێکی ناسکی خۆش، بانگم کرد لای خۆم و چەند پرسیارێکم لێکرد، زانیم کە ئیشکەری ئەم ماڵەیە و جاروبار بۆ خۆی

گۆرانی دەڵێ...... داوامکرد کە بێتە ئێزگەو با پرۆڤە بکات و گۆرانی بۆ تۆمارکەین.

لە یادمە یەکەمجار کە هاتە ئێزگە زۆر ترسی لێنیشت، لە ڕارەوەکەدا گەڕایەوەو رایکرد، منیش دویکەوتم و لە پشتەوە یەخەی کراسەکەیم گرت و گێڕامەوە بۆ ناو ئێزگە.

وەك ئەندامێکی کۆرسی ئێزگە دامانناو هەرچەندە نەخوێندەوار بوو بەڵام بەڕاستی هونەرمەند بوو" حەزی بە کارەکەی دەکردو گورج شیعر و وشەی گۆرانیەکانی لەبەردەکرد، خوا مێشکێکی سافی پێ بەخشیبوو، هێندەی بەلای گۆرانی و هونەرەکەیدا دەچوو ئەوەندە بیری بەلای شتی تردا نەدەچوو..... بۆ نموونە شووی هەرنەکرد، ناومانابوو (کچی ئێزگە).

گەلێ گۆرانی تۆمارکردو بۆ خۆشم بەشداری زۆریانم کردووە لە تەکیدا، هەروا لە سەرەتای پەنجاکاندا لە ١٩٥١ کۆمپانیای (چەقماقچی) زۆر لە بەرهەمەکانی بۆ تۆمارکرد.

لە دوای ١٩٧٤ەوە کە باری سیاسی بەرەو خراپی دەڕۆی و کاروباری ئێزگەش بەدەست هەلپەرست و نەزان و خەڵکانی گەندەڵەوەبوو، ئەویش پشتگوێ خراو لە ئێزگە دورکەوتەوە، لەم دواییانەدا رۆژێك لەتەك شاعیرو هونەرمەند (عوسمان شارباژێری)دا هاتنە سەردانم لە ماڵەوە لە (تل محمد)و کاك عوسمان ئەو دانیشتنەی تۆمارکرد. ئەوە دواجاربوو کە ئەو ئافرەتە هونەرمەندەی تێدا ببینمەوە[1].

---

[1] ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ نووسەر و رۆژنامەنووس (احلام منصور) سەردانێکی ئەم هونەرمەندەمان کرد، بەڕاستی زۆر دڵگرانبووین بۆ ئەو حاڵ و ژیانەی کە تێیدا بوو، ماڵێکی داڕوخاوی کۆنی تاریك، حەوشەکەی ببوە سەردلوێنك(مزبلە)ی ماڵەکانی دراوسێی، ماڵەکە لە کۆلانی یەکەمدابوو کە دەچووە سەر(ساحة التحرير)و بەودیوی(ابو نؤاس)دا.

لە جێیە کێکەی ئەم بیرەوەریانەمدا کەمێك باسم لێوەکردووە.

بێجگە لەم ئافرەتانەی کە بە پێشەنگی گۆرانیبێژانی کوردیان دادەنێم ئەبێ دوو دەستە خوشکی تریشم لەیادبێ کە لە شوێنی خۆیدا بەدرێژی باسم لێوەکردوون و حەقی خۆیانم داونەتێ،(نازدارو ئەسمەر فەرهاد)، دوو کچە جوولەکەی دەوروبەری(ئاکرێ) کە(خۆخە و ماری) یاننابوو زۆربەیە یارمەتی ئاپایان بەشێوەی سۆزانی تۆمارکرد.... ئەمانەی سەرەوە من بزانم سەرەتا و پێشەنگی دەنگی ئافرەتی کورد بوون کە قەوان و شریتی تۆماریان لە ئێزگەی کوردی بەغدا هەبوو، دیارە لەبەشەکانی تری کوردستاندا ئافرەتی کورد(دوای ئەمانە) بۆ خۆی جێگەیەکی لە مێژووی هونەرەکەیدا هەیە.

* * *

جگە لەو ئافرەتانە، هەزدەکەم باسی ئەو دەستە گۆرانیبێژە پیاوانەش بکەمەوە پشتگوێ کە لە سالانی پەنجاکانەوە بەرەو ژوور هاتنە ناو گۆری هونەری گۆرانیبەدی بەشێوەیە لە شێوەکانی خۆیان دەرخست، ئەمانە وەك(ئەوەی دووەمی هونەرەکە) لە چەرخی پەنجادا دەوری خۆیان بینی، هەریەکەیان بەبەردەوامی لەسەر کارەکە نەوەستانەوە و ناوبەناو بەرهەمێکیان پێشکەش دەکرد، بۆ سەرقالی کاری پیشەی

بەرامبەر ئەم کەلاوەیە ریزە دوکانێکی سەرتاشخانە هەبوو، یەك لەو سەرتاشانە کە کورد بوو، ناوبەناو دەچوو بەلایەوە و هاواری بۆ دەبرد یا یارمەتییەدا... هەر لەو سەردانەمدا ئەسرین شیروان پێی وتم کە سەرەتا ناوی(نصرت عمر عثمان) بووە، کە دێتە زاسوو دەچنە فەرمانگەی نفوس تا(تەسکەرە)یان بۆ دەربێنن، کاتێ کە دەیکاتە(نەسرین) و دوایی دەیسوێ لە ناوناویان، ئەمان دەڵێن لە(شیرواز)، دیسان کاتێ کاتبی نفوس دەیکاتە(شیروان)و بەمجۆرە بەردەمی لە لای حرکات دەبێ بە(نەسرین شیروان)

ئەسرین لەو سەردانەدا گەلێ گریاو گلەیی لە دەوروزەمانە کرد کە ناوای بەسەر هێناو رادامایەوە، هەر ئەو ساڵەش لەو ژوورەدا کۆچی دوایی کرد

عبد القادر علي مەردان

نان پەیداکردنی خۆیانبوون" یانی وەك ئارەزومەندیّ(هاوی) دەوروخولی هونەرەکەیان دابوو..... لەم دەستەیە مامۆستا و کاسب و فەرمانبەر و کرێکاریشی تیدابوو.
سەردەستەی ئەمانە(خداداد علی)یە کە لە دواسالّەکانی ژیانیدا دەستیدایە گۆرانیبیێژی، هەندیّ گۆرانی سوکەڵە(خفیفه)ی تۆمارکرد بە پالّ چەند مەقامیکەوە کە هەر بەبیستن فیریانببوو.
خەڵك خانەقین بوو، بۆ تۆمارکردن دەهاتە ئیزگەو ئیتر دیارنەدەما، گۆرانیەکانیشی بەشیوەی لوڕی بوون..... لەپڕ دیارنەما و نەمزانی چی بەسەرهات.
(مەحموود وەندی) و(عەلی عەزیز)یش هەر لەمانەبوون کە وەك دوو لار پیش ئەو دەستەیە کەوتبوون کە من بە(الجیل الضائع)یان دادەنیم...... ئەوانەی تەنیا لاسایی گۆرانی و ئاوازە بیانیەکانیان دەکردەوە، بەناوی نوێخوازی و تازەبوونەوە!!
ئەو دەستەیەی کە لە پڕ پەیدادەبوون و زۆری نەدەبرد کپ دەبوونەوە، هەروا زۆر لاوو هەرزەکاری تر هەبوو کە ئارەزومەندیی هونەرەکە بوون بەلاّم بەداخەوە دەنگیان یارمەتی ئەوەی نەدەدان، ئەمانە زۆرجار دەهاتنە مالّەوەو بۆ خۆم ئامۆژگاریم دەکردن و ڕێنمایم دەکردن......
بێجگە لەمە، لەو گۆرانی بیژە لاوە هونەرمەندانەی کە خاوەنی دەنگێکی جوان و ناسك بوو، خاوەنی ڕەوشتێکی بەرزو گوێڕایەڵ بۆ ئامۆژگاریەکانم، کاك(جەلال کۆچەر) بوو کە وەك یەکیّ لە کوڕەکانی خۆم لیم دەڕوانی، بەردەوام دەهاتە لام و پیی لیّ نەدەبڕیم، بەرهەمی کەم بەلاّم ئەوەی هەیبوو گشت لایەنە هونەریەکانی گرتبووە خۆ، بە دەنگێکی ڕەوان و پەسەند لای گوێگر.
هەروا لەو گۆرانی بیژە لاوانەی بەهرەیەکی هونەری چاکیان پیوە دیاربوو، (خەلیل موراد وەندی) کە دەنگێکی لەباری هەبوو، سالّی ١٩٤٧ لەخانەقین لەدایك بووە، ئەو کاتەی سەردانی دەکردم قوتابی کۆلیژی ئاداب بەشی کوردی بوو لە بەغدا،

لەدوای ڕێکخراوتنەکەی پیانۆی قازاری ١٩٧٠ ئاوازی سێ گۆرانیم بۆ دانا: (خۆزگەم بەتەکەم، ئاڵەبازم بۆ قەرارە، سەدای مەرتیبان) بەجوانی و دڵسۆزی خۆی جێبەجێیکردن.

(حسێن عەلی)ش هونەرمەندێکی میللی دەنگخۆشبوو، گوێگری دەشمەزان، ئەویش هەر لە(هەفتەخان)دەبوو کە خۆم لێرەی هاتە بەشدا بەڵام بەداخەوە سەوادی نەبوو و ئاوازەکانی بە گران وەردەگرت، بەڵام جۆش و خرۆشێکی بەرچاوی تێدابوو بۆ هونەرو ئاوازی گەرمیان.



مەریەم خان

بۆیە هەمیشە سەری دەبەست، چونکە دەیانگوت کراپە پرچی کەمە، یاخود کەچەڵە.. بەڵام هەرچەندە ئەو کاتوساتە زیاتر هونەرمەندە ئافرەتە میسرییەکان بەهەمان شێوە سەریان دەبەستا..







ئەڵماس خان



نەسرین شێروانی




لەڕاستەوە: محەممود وەندی، عەلی مەردان، عیسا عەزیز لە ستۆدیۆی تیڤی کوردی



ئەوانەی وەستاون لەڕاستەوە: موسیقاژەنی عەرەبی عوبێد، محەمەد بابان، عەلی مەردان، موسیقاژەن عەبدولئەحەد جەرجیس..
دانیشتوان: موسیقاژەن فوئاد عوسمان، ئەلفرێد جۆرج
لەباخچەی تێژگەی بەغدا
١٩٧٣/٤/١٢



خەلیل وەندی
عەلی مەردان



حسین عەلی
عەلی مەردان

ئێوارە وەختەی ژیان

-٣-

وتم هەڵقەی پەیوەندی و دۆست و برادەرانم بەرە بەرە تەسکتر بوونەوە مەجلیسەکانم، لەو کەسە کەمانەی کە دەمبینی و سەردانی ئەیدەدام: (ئەحمەد شاناز)ی باوکی (شەمام)ە و وەهاب و عەبدولقادر) بوو کە ئەوەبەی لە بارەشێخ بوون بە باڵ جیاخانەکەی خۆیەوە نزیکە مەرقەدی شێخ، ئەم پیاوە باشە کەسایەتیەکی هەڵسوڕاوی زەنگنەیە بوو... دیوانی لە (تۆلی شەمە) ئاش بۆوە هاوڕێیەتیان، فەلم زۆر بەخێر دەکرایەوە

برادەرێکی ترم (مەلا محەمەدی گیلانی) باوکی (نەزەلەم و لەتیفە) کە ئەفسەرێکی پۆلیسی خانەنشینکراو بوو، ئەویش لە عەشرەتی زەنگنە بوو لە (گیلانی)یەکان... دۆست و خۆشەویستم بوو،

حەزم بە شیعر و باسە خۆشەکانی ئەم دووانە دەکرد، بە تایبەتی کە بەیتی باسەکانی کوردستانیان بۆ دەخوێندم و لە نهێنییەکانی پێشمەرگەو شۆڕش و تێکۆشانەکانی سەربازی عێراقی ئاگاداریان دەکردم،

زۆری پەیوەند هەواڵی مردنی کیانی ئەحمەد شانازم پێگەیشت و دواتر مردنی مەلا محەمەد... کە ئەوانیش لە دونیا دەرچوون، ئەو دوو برادەرەم خاکێکی زێڕینیان لە بە

گیان و جەستەم و وەك دوو بزماری گەورە چەقینە سەردڵم، لێرەوە باری تەندروستیم ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی دەچوو.

ڕاستە لە ژیانمدا نەچوومەتە ناو هیچ کۆڕو ڕێکخراوێکی سیاسییەوە تا بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا ڕووکارێکی سیاسی مەعلومم تیا دروستبێ..... بەڵام وەك حەزی ئارەزوو خۆشەویستییەکی خۆرسکی خوایی، کوردستان و کورد لە لام لەپێش هەموو شتەکانی ژیانەوە بووە؛ هەمیشە حەزم بە خۆشی و سەرفرازی و بەختەوەریی ئەو خاك و خەڵکە بووە، ئەم هەستەش لە خوێنمدا بووە؛ پاڵنەرێکبوو بۆ هەرکارێکی هونەری و کۆمەڵایەتی یا ڕۆشنبیریم..... بەڵگەی بۆ (ژیانم) لەم سەر رووی زەمینەدا، (کوردایەتی) بەمانا فراوانەکەی تەنیا تارە دەزوویەکبووە کە لەوەتەی فامم کردۆتەوە بە ژیان و هەڵسوکەوتەوەم گرێداوە.

بە فیکری من ئەوەی کوردبێ دەبێ ئەم بۆچوونە خورسکیە پاکەی تێدابێ و لەمەوە کردەوەو هەڵوێستی سەرچاوە بگرێ، ئیتر بەچ ڕێگەو شێوازێکدا بۆی دەچێ کەیفی خۆیەتی، نابێ لە پێناوی تاقم و دەستەکەدا هەقی نەتەوەکەت ژێرپێبخەی..... کەواتکرد مانای خراپەو خیانەتە بە خاك و نەتەوەت.

بەمەبەستی دەسکەوت و پلە و پایەو ڕاکێشانی خۆشەویستی خەڵکیش، ئەمە نالێم، چونکە سوپاس بۆ خوای گەورەو تەنیا پێویستیم بەمانە هیچی نیەو ناشمەوێن، تەنیا ئەوەم بەسە کە ماوەیەکی دوورو درێژ لەناو ئەو گەلە خۆشەویستەمدا، ئەو گەلە عەزیزە فەقیرە داماوەدا بەسەربەرزی ژیام و ڕەزامەندی بەڵێ بەپێی گیانم بەدەستهێنا، گۆرانی و هونەرەکەشم بووە مایەی ڕەزامەندی زۆری ئەوان، منیش پێیم دەوێ لە ڕەزامەندی ئەوان زیاترو ژیان بە سەربەرزی لەسەر ئەو خاکەی کە وەك کڵی چاوەی پێ ئەڕێژم و سۆمای چاوەی پێ دەهێنمەوە.

[illegible] هەندێ سال [illegible] ئێمە [illegible] مەلاکانی [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] .

جا [illegible] .
[illegible] لە [illegible] بەرپابوون .

[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] بەرپەرچ [illegible] دەکرد ، لە هەر کوێیەکی [illegible] بووبێ .

[illegible] "الله اکبر" خوای گەورەمان [illegible]
[illegible] لە [illegible]
[illegible] نەکرد .

[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] (ولقد ذرأنا لجهنم كثيراً من الجن والانس لهم قلوب لا يفقهون بها

ولهم أعين لا يبصرون بها ولهم آذان لا يسمعون بها أولئك كالأنعام بل هم أضل أولئك هم الغافلون) الأعراف- ١٧٩.

بەم شێوەیە و بەم بڕوایەوە خزمەتی کوردو کوردستانم کردووە، گشت ئەوانەشم خۆشویستووەو ڕێزمگرتوون کە بەو بیرو بڕوایەوە لە خزمەتی گەلە خێرنەدیوەکەمدا بوون، گشت ئەو لایەنانەی تێکۆشاون بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانمان لە ژیانێکی ئازادو سەرفراز، هەر ئەم ڕێبازەشبوو بەستبوومیەوە پێیانەوە و بەسەرکردەکانیانەوە، پەیوەندیەکی دۆستانەی دڵسۆزانە.

ئەو برا کوردانەی لە دەوروبەری بابوشێخ دۆستو ئاسیاو و دراوسێمبوون لە کرێکار و فەرمانبەرو کاسبکار، گشتیانم وەك بینایی چاوم خۆشدەویستن و هەموودەم هاوخەم و خۆشیانبووم و حەزم بە بەختەوەریان کردووە..... جگە لە کوردە دڵسۆزە کاربەدەستەکانی بەغدا کە پلەو پایەکەی خۆیان لە دەوڵەتدا کردبووە هۆیەك بۆ خزمەتی کوردی هەژارو موحتاج" لەوانە(سەعید قەززاز)ی دڵسۆزو جوامێرو بێدەنگ کە دەستگیرۆیی سەدان کوردی کرد، جێگەی بەهەشتبێ، هەروا(عەبدولقادر قەززاز) کە چاوساغی زۆر لەو کوردانە بوو کە بۆ ئیش دەهاتنە بەغدا.

ماموٚستا(ڕەفیق حیلمی) کە بە شێوازی تایبەتی خۆی دەیویست خزمەتی کورد بکات، هۆمێکی ناو شەوەزەنگی ئەوکاتەی کورد بوو و بەدڵ خۆشم دەویست و ڕێزم دەگرت. (تۆفیق وەهبی بەگ)[1]ی زانای دڵسۆزو ڕۆشنبیر و شاویسەرە

---

[1] د. نوری تالەبانی دەربارەی ژیان و بەرهەمی ماموٚستا(تۆفیق وەهبی بەگ) دەنووسێ: لە بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانییە ناوی تۆفیق ناسراو بە وەهبی کوڕی عارفی محەممەد، لە چوارتا لە ١٨٩٠/١٢/٣١ هاتۆتە دنیاوە.

بەرێزەکەی(ئاسیا خان) کە لە بنەماڵەی(حسین الریزلی) بوو خوشکی(عبد الجبار الریزلی)... دوو خوشکبوون، یەکێکیان ئاسیا خان و ئەوەیتر هاوسەری(سامی خوێندە)ی برای هونەرمەندو ئاواز دانەر(وەدیع خوێندە) کە کاتی خۆی گەلێ گۆرانی بە ئاوازی خۆیەوە بۆ تیپرگەی بەغدا تۆمارکرد بە ناوی(سمیر بغدادی)یەوەو مێردی گۆرانیبێژی عەرەب(مائدە نزهت).

ئاسیا خانی هاوسەری مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ، مێژوو نووس و ئەدیب، کاتی خۆی لە سەردەمی پاشایەتیدا سەرۆکی رێکخراوی ئافرەتانی عێراقی بوو، هەروا

سەرەتایی و رۆشدییەی سەربازی لە سلێمانی تەواوکردووە، چووە بەغدا بۆ تەواوکردنی خوێندن و لەوێشەوە بۆ کۆلێجی سەربازی لە ئەستەمبوڵ، لە ١٩١١ بۆتە ئەفسەر لە لەشکری عوسمانیدا، لە ساڵی ١٩١٩ یەکباشی ئەرکان حەرب تۆفیق وەهبی گەڕاوەتەوە سلێمانی، لە ١٩٢١ دەچێتە بەغدا بەشدار دەبێ لە دامەزراندنی سوپای عێراقدا، لە ١٩٢٢ دەبێتە یاریدەدەری سوپای شێخ مەحمود، دەربارەی سیاسەتی ئینگلیز دڵنیا؛ ئینگلیز لەوەدەبوو حکومەت بۆ کورد دامەزرێنی، بۆیە هەوا بڕوابوون، ئینگلیز دەستی دەستی بە شێخ مەحمود دەکرد. لە ١٩٢٥ – ١٩٢٩ فەرمانەدی کۆلێجی سەربازی دەبێ لە بەغدا، دواپی بۆ خوێندنی سەربازی دەنێردرێتە بەریتانیا، لە ١٩٣٠ دەکرێتە موتەسەڕیفی سلێمانی، لە ١٩٤٤ لە وەزارەتی یەکەمی حەمدی پاچەچی دەبێتە وەزیری ئابووری، ١٩٤٨ وەزیری مەعارف، ١٩٥٠ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، لە ١٩٥٢ دەچێتە ناو حیزبەکەی سالح جەبر(حیزبی ئومەی ئیشتراکی)؛

لە ١٩٣٣ کتێبی رێزمانی کوردی داناوە، لە ١٩٣٩ [illegible] بەگ [illegible] رادیۆی کوردی لە بەغدا کراوەتەوە، لە ١٩٤٨ لە دامەزرێنەرانی کۆڕی زانیاری عێراق دەبێ، ١٩٥٦ [illegible] سەرۆکی [illegible] کوردان، [illegible] لە کەلاوێژ و دەنگی گێتی تازەو [illegible] گۆڤار و رۆژنامەکانی تردا [illegible] جگە لە کوردی هەشت زمانی تری زانیوە، لە ١٩٨٤/١/١٥ لە لەندن کۆچی دوایی دەکات لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی [illegible] دەنێژرێ.

چوار ساڵ بەر لە کۆچی خێزانی(ئاسیا ریزلی) هاوسەری کۆچی دوایی دەکات تەرمەکەی دەهێنرێتەوە بەغدا بۆ زیاتر بڕوانە (د. نووری تاڵەبانی: لە بیرەوەرییەکانم لە گەڵ زانای گەورەی [illegible]، ئاوێنە، هەفتەنامە، ژ ٥١، ١٩/٤/١٨ [illegible] ل ٦).

سەرۆکی کۆمەڵەیەکی خێرخوازیشبوو کە چاودێری ئەو خێزانە نەدارو هەژارو بێبەشانەی و هەتیوانەیان دەکردو یارمەتییان دەدان" کۆمەڵەکە ناوی (کۆمەڵەی پاراستنی منداڵ و دایکان — جمعية حماية الأمومة و الطفولة) بوو، [illegible] دروومانی کردن فێرکردن، دەستی ئەو خێزانە نەدارانەیان دەگرت بەجۆرێ کە [illegible] ببوون بە خێزانێکی دەستڕەنگینی بەرهەمهێن" مەکینەی دروومانیان بۆ دەکڕین و قوماشیان دەدانێ تا بەرگی کراس و [illegible] [illegible]

[illegible]

[illegible]



دوایین دیمانەی تەلەفزیۆنی کە لەگەڵ عەلی مەردان لەماڵەکەی خۆی لەبەغدا سازکرا

لەڕاستەوە: بێژەری ئێزگە خالیدە، ناسر حەسن، عەلی مەردان، بەهائەدین جەلال، بەختیار سیامەغەنسوری

لە حیزبی سەوری کوردستان لە بەغدا لە سەرکردایەتیەکەیدا کاری دەکرد، کە لە ١٩٧٤ دیسانەوە حکومەتی بەعس هێرشی کردەوە سەر کوردو شۆڕشەکەی ئەم کرا بە(وەزیری دەوڵەت)و تا ساڵانی ١٩٨٥ تاوا مایەوە، دوایی خانەنیشین کرا.

پیاوێکی خاکی و قسە خۆشبوو، دەستی خەڵکی دەگرت، بیرەوەریەکانی خۆی لەم دواییەدا چاپکردووە، بەشێوازێکی کوردەواریانەی بەتام و چێژ. دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەولێر بۆ لایەن دادەنیشت و هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد، دوو جار ژنی هێناوە، منالی لە پاش بەجێ نەماوە.

شاعیرێك و هونەرمەندێ

٣٧

وەك هونەرمەندێك، جوانی دەپەرستم و ئیلهامی ڕۆحم بوو، جۆرە جۆشێك و خرۆشێكی پێدەدام كە بۆ بەرهەم هێنانی دەنام، بەرهەمەكەشم ئاوازو گۆرانی بوو، دیارە كاردانەوەی هەست و شعورم پاڵنەربوو بۆ بەرجەستەكردنی ئەو جوانییە (هەر جوانیەكبێ) لە چوارچێوەیەكدا، جا دەبینین هونەرمەندی شێوەكار ئەو كاردانەوەو هەستە كە دەیبزوێنێ لە تابلۆیەكدا یا لە پەیكەرێكدا یا لە هەركارێكی شێوەكاری تردا بۆی دەری دەبڕێ.

منیش بوارەكەم هونەری مۆسیقاو گۆرانی و ئاوازبوو، بەرفراوانترین و ناسكترین بوارێك لە بوارەكانی هونەر لە لای ئادەمزاد.

كۆتایی ساڵی ١٩٧٣ و سەرەتای ١٩٧٤ بوو، بەباشی و بەوردی مێژووەكەیم بۆ ڕاگیر ناكرێ، (هێمن)ی موهابادی شاعیری ئەندامی لیژنەی فەحسی دەقی هۆنراوەی گۆرانی كوردی بوو لە ئێزگەی كوردی بەغدا.

سەر لە نیوەڕۆیەک لە کافتریاکەی دەزگەی رادیۆ و تەلەفزیۆن پێکەوە دانیشتبووین، ئەو باسێکی بۆ دەگێڕامەوە، [illegible] تا بڵێی جوانی [illegible] و لەبار وەک [illegible] گرنگی [illegible] داویەتە.

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

دواجاریش ئەو چاوپێکەوتنە بوو لە ماڵی خۆمان لە(تل محمد) نیسانی ١٩٨١ بۆ تەلەفیزیۆنی کەرکوک، لەمەدا(خالیدە) کە بێژەرێکی کوردی ئەو تەلەفیزیۆنە بوو، و (ناصر حسن)ی دەرهێنەرو(بەختیار سیامەنصوری) بەشدار بوون.

لەوەدا بە ئاشکرا هیلاکی و ماندویی لە روخسارمدا دیار بوو،(بەهادین جەلال) کە بابەتەکەی پێشکەش دەکرد، لێی پرسیم کە: دوا ئاواتت چییە؟ وتم: ببمەوە بە کوڕێکی چواردە ساڵ و گەورەکان لێم توڕەبن!.

بێ لەمانە ئەرشیفێکی باشم لە قەوان و شریت و کتێبی هونەریی تایبەت بە خۆم هەیە، شەش دەفتەر کە بەخەتی خۆم شیعرەکانم و ئەو شیعرانەی کە ئاوازم بۆ داناون تیایاندا نووسیومنەتەوە، ئەو وەسیەتەی کە لە چاوپێکەوتنەکەی شەماڵ صائب دا تۆمارمکردو بەر لەمە باسمکرد.

لەم رۆژانەدا بەدەگمەن هاتووچۆی ئێزگەم دەکرد، لێی بێزار بووم[1]، هەر لەم رۆژانەشدابوو(ساڵی ١٩٧٢) کە قانوونی خانەنشینکردنی هونەرمەندان دەرچوو، ئەمە هەلێکی چاکی رەخساوبوو کە داوای خانەنشینی خۆم بکەم،.... نەقابەی هونەرمەندان سەرپشکیان کردم بۆ خانەنشینیەکەم" لە نێوان مامۆستاییەکەم لە

---

[1] مامۆستا لە زۆر جێگەی ئەم بیرەوەریانەیدا باس لە بێ سەروبەریی و شێوازە تێکچوونی ئێزگەی کوردی دەکات، بە تایبەت دوای ١٩٥٨/٧/١٤ و بەمەلاوە، بەلام وەنەبێ بەشی عەرەبی لەو ئێزگەیە حاڵی باشتر بووبێ،(ابراهیم الزبیدی) کە کارمەندو بێژەرێکی لێهاتوو کۆنی ئەو دامەزراوە بووە، کە دەکرێتە بەڕێوەبەر دەیەوێ چاکسازیەک ئەنجامدات و دەستێک بهێنێ بە شێوازی کارکردن و کارمەنداندا،(ابو جلال — شاکر علی التکریتی) بەڕێوەبەری پێشوو پێی دەڵێ:(سمعت بانك ترید اصلاح الاذاعة، قلت: أحاول، فقال علی الفور: لن تستطیع، لقد بنیتها انا علی الرمال!!). هەروا لە جێیەکی تردا دەڵێ:(الاذاعة و التلفزیون مرتعا لاصحاب الوساطات او الذین یستندون الی قوة العشیرة او القبیلة، ثم الحزب بعد ذلك). بۆ زیاتر بڕوانە:(ابراهیم الزبیدی — دولة الاذاعة... سیرة و مشاهدات، دار الحکمة، لندن ٢٠٠٣ الطبعة الاولی، ص ٥٤، ١٠٦).

بەبانگەی نابینایان و کارەکەم لە ئێزگەی رادیۆ، چونکە بەدبووی لە هەردوو لا زۆر وزیفە پێیان خانەنشین بیم.

خۆشەویستیم بۆ هونەرەکەم پاڵی پێوەنام کە لە نەقابەی هونەرمەندانەوە خانەنشین بکرێم، بە کارێکی خێریشم زانی و بیانوویەکیشبوو بەدەستمەوە بۆ وازهێنان لە ئێزگەو دوورکەوتنەوە لەو خەم و مەراقەی بە دەست پیاوی نەشارەزاو نا ئەهل و خۆبەلێپرسراوەوە دەمچێشت، بە دەستە ئاواز و گۆرانی بێبایەخ و قاسەت نزمەوە.....

هەرچەندە خۆم راوێژکاری هونەریی وەزارەتیشبووم و خەبیری هونەریی ئێزگەشبووم لە فەحسی گۆرانییەکاندا، بەڵام کێ بە کێ بوو، کێ گوێی لە کێ دەگرت؟!!

واسیتەو پاڵپشتیی مەسئوولەکان و حیزبایەتی و بەرتیل و بەرتیلخواردن" کارێکی وایانکردبوو کە ئەو دامەزراوەی ئێزگەو تەلەفیزیۆنە ببوو خەراجخانە و ریاڵدان.

کاتێ داوای خانەنشینییەکەم خستە کاروە زۆر ئاسوودەتر و راحەتبووم و هەستم بەحەوانەوەیەکی جەستەیی و رۆحی کرد.

دوو سێ رێگا بانیشی لەو کاتە (لطیف، نسیم، ... البالدی) بوون، ... هۆنراوەیەکی ... (داوود کەریمی)[1] بوو کە هەر لە ... (قزل ...) هەڵبەستیاریی، لەبەردەستی خۆماندا پێکەوەین.

لەم ماوەیەشدا چوار چوار فۆرمیی حیزب لەبەر داهێنان و ئاسایشییەکی سایکۆلۆژی دەدەیانێ، بەڵام وەک ئەوەی ئەوەم لێ گیرا دەکەوتوو گیرام نەدەدایێ، ب... گرتنگرتنی ... خۆم دەتلێتەوە چوار چوار لە ژوور ... کە تا وەکی ... بە ...

---

[1] داوود کەریمی گۆرانیبێژێکی بەشی فارسی ئێزگەی بەغدا بوو، ... دەنگێکی ... هەموو ... لە سەرەتای حەفتاکانەوە بە هەزاران ... (... الظالمیة ...) لە ... کە ... ئەمریکا ... دوای ... رۆژ ... کوژرا.

ریتمێك وەڕسدەبووم و ناڕازیبووم لەوەی کە ئەمە چۆن کاتی خۆی واکراوە یان وابووە؟..... سەرجەم بەگشتی لە وتنی مەقامەکان رازیبووم و دڵیان خۆشدەکردم، بە تایبەت شیعری شاعیرە بەناوبانگە کوردەکان، خۆ جاری واشبوو ئاوازی تازەم بۆ دەهات بەتەنیا (هەر دەنگ) لەسەر شریتی (تێپ) تۆمارم دەکرد و ئێستەش ماون. یا کاتی وا هەبوو شیعرم بۆ دەهات و لە دەفتەرەکەدا بەو خەتە ناخۆشەم دەمنووسییەوە، دەڵێم: خەتی ناخۆش، چونکە کە لەشم دادەهێزراو تەندروستیم تێکدەچوو، دەستەکانم دەلەرزین.

لەژیانی دوورو درێژی هونەری چوار گۆرانیم رتووە لەئاوازی هونەرمەندانی دیکەی برادەر، ئەم گۆرانیانەش ئەمانەن:

١- گیانی مۆسیقا- شیعری: کەریم زانستی ـــ ئاوازی: ئەحمەد خەلیل.

٢- ئەی باڵداری سووك ـــ شیعری: گۆران ـــ ئاوازی: ئەحمەد خەلیل.

٣- بروانە ـــ شیعری: کەریم زانستی ـــ ئاوازی: سەعید شابۆ.

٤- ئەم پەرچەم و ئەگریجە ـــ شیعری: سائی ـــ ئاوازی: مەلا عەبدوڵڵا شەلە.

هەر لەم رۆژانەشدابوو کە هاوڕێ و هاو پیشەم (محەمەد قەیبانچی) لە هونەرەکەی کەناری گرت و خۆی کشاندەوە، بەم بۆنەیەوە لە هۆڵی (خولد) ئاهەنگێکی رێزلێنانی گەوردیان بۆ سازدا، خۆی لەرێگەی پەیانگەی نابینایانەوە کە هێشتا لێیان دانەبڕابووم، پەیوەندی پێوەکردم و داوەتی کردم، وتی: نەخۆشم و هیلاکبووم...... دەمەوێ کەمێ بحەوێمەوە، پێی بەدڵ حەزدەکەم لەم ئاهەنگەمدا بەشدار بیت و مەقامی (منصوری) اشم بۆ بڵێی.

لە ئاهەنگەکەدا ئامادەبووم و مەقامەکەشم بە دڵی ئەو وت و هەستمکرد فرمێسك زابووە چاوەکانی.

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] کە بە [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] و شەکەتی دەکرد

[illegible] (...) کە [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] ساڵی ١٩٨١ [illegible]

[illegible]

قوه ألا باللە)و ئیتر دەنگە دەنگ کەوتە ماڵمان..... دەنگی ژنەکەمناسی" دایکی لەتیف ژنی قادری مەکینەچی رەحمەتی بوو، لەتەك لەتیفی کوڕیدا کە ئەوکات مفەوەزی مرور بوو لە بەغدا، دایکی دەگریاو دەیلاواندەوە، هەرچی منالەکانی منیشبوون حەپەسابوون و نەیاندەزانی مەسەلە چیە، لەتیفیش نیخە نیخ تەنەکەیە ڕۆن و گوێنیە برنجی رادەکێشایە ژوورەوە.

زەینەبی خێزانم لێی پرسین: ئەوە خێرە، چ قەوماوە؟!

دایك لەتیفیش بەچاوی فرمێسکاویەوە هەردەڵێ: خۆتان خۆشبن، ئەی ئێمە چیمان لێدێ و بۆ کوێ دەچین..... ئەمەو دیسانەوە دەیدایە هاڕەی گریان، زەینەب پرسییەوە: دەیباشە چی رویداوە؟!

هەر بە هەنسکەوە وتی بەخوا ئەمڕۆ زانیومانە، دەبوو لە یەکەم ڕۆژەوە لە لاتانبووینایە، دەستی شکاوم.

زەینەب هێندەی تر پەشۆکاو پرسی: باشە چی رویداوە؟!


گورج لەتیف وتی: بەخوا لە باوکم زیاتر بوو، مامێکی خۆشەویستم بوو.

کاکەی کوڕم لەولاوە پرسی: مەبەستتان کێیەو چییە؟!

لەتیف وتی: ئەی گوایە مامە عەلیم وەفاتی نەکردووە؟

کە ئەمەم بیست لە جێگەکەی خۆم دەربەڕیم دەستم بە پێکەنین کردو چووم بۆ هۆڵەکە بۆ لایان، کە بەو حاڵەوە منیان بینی..... ئیتر بزانە تا ماوەیە ڕشاك و حەپەساو دەیانڕوانیە من و پاشان دایك و کوڕ لە یەکیان دەڕوانی..... لەتیف بەرەو رووم هات و دەستی ماچ کردم دایکیشی شانی ماچ کردم.... لەو ماڵەدا دیمەنێك پێك هات کە فرمێسك و خۆشی ئاوێتەی یەکتر بوون.

دوایی گێڕایانەوە کە بە لەتیفیان وتووە گوایە ئەوە چەند ڕۆژێکە عەلی مەردان مردووە!!



هێمن



ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی بەغدا..

لەڕاستەوە: هونەرمەندی شانۆ ئەحمەد سالار، عەلی مەردان، فەرهاد شەریف

[illegible]

هەولێر..... سلێمانی...... لەیلان

لە کۆتایی شوباتی ١٩٨٩ بڕیارمدا سەردانێکی ماڵی (کاکە)ی کەریم لە هەولێر بکەم و چاوپێشم بە منداڵەکانی بکەوێ، هەروەهاش کە براو خۆشەویستێکی دێرینم بوو، کاک (عەبدولجەببار محەممەد عەلی) ببینم و هەروا (نەجیبە)ی خێزانیشی کە یەکەم دەستگیرانم بوو و (عارف محەممەد شوانی) خاڵۆم لەپەیداش و بەدزییەوە لە (عەبدولجەببار)ی مارەکرد..... ئێستەش خەسووری کاکەی کوڕمە، بیانبینم..... دیسان بۆ سەردان و بینینی چەند دۆست و برادەر و ناسیاوێکی تر، لەوانە هونەرمەند تایەر تۆفیق و رەسوڵ گەردی.

بە پاسێکی گەورە کە (منشأە)یان پێدەوت، لەتەک کاکەی کوڕمدا بەرەو هەولێر بووینەوە، دەمەو عەسر گەیشتینە هەولێر بە بینینی کوڕەزاکانم (ئومێد، هاوڕێ، تریفەو تروسکە) چاوم رۆشنبۆوە، کاک جەببارو نەجیبە خانی هاوسەری و منداڵەکانیانم بینی، دوایی سەردانی تایەر تۆفیق و هاوسەرە بەڕێزەکەیشیم کرد، هەروا هونەرمەند رەسوڵ گەردی خۆشەویستیشم بەسەرکردەوە.

لەوە دەچوو ئەم سەردان و چاوپێکەوتنانەم بۆ دواجار بێ، وا دەهاتە پێش چاوم، نزیکەی چوار رۆژێك لەلایان مامەوە...... بە کاکەم وت کە بمگێرێتەوە بۆ ماڵەوە لە بەغدا.

لە مایسی ١٩٨١(بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر) لە سلێمانی کە محەمەد ئەمین پێنجوێنی بەڕێوەبەری بوو بە هاوکاری لەتەك نەقابەی هونەرمەندان کە جەلال عەزیز نەقیب بوو و کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی ئاهەنگێکی رێزلێنانیان لە هۆڵی رۆشنبیریی بۆ سازدام، نەمن و نە ئەو لایەنانەی ئاهەنگەکەیان رێکخستبوو نەیاندەزانی بەو شێوەیە ئاوا ژمارەیەکی زۆر لە هونەردۆستانی سلێمانی کۆدەبنەوەو ئامادەی دەبن.

بەڕاستی ئەو خەڵکە زۆرەی کە ئامادە ببوو، بۆ من بووە جێی شانازی و سەربەرزی.
کاکەی کورم لەسەر شانۆکە لەلامەوە بوو هەروا هونەرمەند ولیێم یوحەنناو ئەنوەر قەراغی کە وێنەی ئاهەنگەکەی دەگرت، نووسەری ناسراویش(مەحموود زامدارو ئازاد عەبدلواحد) کۆڕو ئاهەنگەکەیان بەڕێوە دەبرد.

لە بەغداو کەرکوکیشەوە چەند کەسێك لە هونەرمەندو هونەردۆستان هاتبوون، هونەرمەند(حسێن عەلی) یەك لەوانەبوو کە ئەو کاتە قاچێکی لە گەچدابوو..... شکابوو. فرمێسکی شادی چەند جارێ قورگی دەگرتم و قسەم بۆ نەدەهات، هیچم نەدەوت، هەتا لە چوونە دەرەوەشمدا هەنگاوێکم نەنا، خەڵکەکە خۆیان هەڵیان گرتم و بردمیان، بە زەحمەتێکی زۆر هەتا خستمیانە ئوتۆمبیلەکەی برای رۆژنامەنووس(حەمە سەعید حەمە کەریم) کە ئەوکاتە لە(هاوکاری) بوو.... فیاتێکی ئیتالی سپی پێبوو. خەڵکەکە پێشیان گرتبووم، وەك ئەمە دواجار بێ کە یەکتر ببینین، نەیاندەهێشت برۆم.

هەر لەم سەروەندەدا گەلێ لە کەسایەتییەکانی شار هاتنە لام و منیش بۆ لای زۆربیان چووم، چونکە ماوەیەکی دووربوو نەمهاتبوومە شارو نەمدیبوون... شوێنی مانەوەکەم (ئوتێل ئاشتی) بوو، بەڵام وام هەستدەکرد کە وام لەناو ماڵ و کەسی خۆمدا و دڵم پڕ بە پڕ گراوەو ئاسوودەبوو.

* * *

را هەستەکەم زۆرم نەماوە، نەخۆشی زەبقی لێ سەندووم و زۆری بۆ هێناوم، هەر لە خۆمەوە هەستێکی سەیر دەوروخولی مێشکی داوم، ئارەزووی سەردانێکی (لەیلان)ی تیا دروستکردم.

ئەگەر بۆ دواجاریشبێ هەرباشە..... لەیلانی ئازیزو لەبەر دڵم، ئەو لەیلانەی کە لێیەوە دەستم پێکردو بووە هۆی گرتنەبەری ئەو ڕێگە دوورو درێژەی هونەر..... لەیلانی خۆشەویستم.

هەرچەندە دەردو نەخۆشی تەنگیان پێهەڵچنیبووم و ماندوویان کردبووم بەڵام بە کاکەو عەبدولڕەززاقی کوڕم وت کە: دەبێ بچینە لەیلان، تا بە دواڕۆژەکانی تەمەنم لەوێ چاوم ڕووناکبێتەوەو دڵم ئەمنی بگرێتەوە.

بەیانییەکی ئەیلولی ١٩٨٩ چووینە کەرکوک. سەرم لە مەنتەقەی سرادەری گەڕەکەکەی خۆمان (بەرتەکیە) داو زیارەتی سەرقەبرانەکەیم کردو سوورەتی فاتیحەم بۆ گیانی گشت ئەو ئازیزانە نارد کە جێیان هێشتبووم... بۆ ماڵێ هەژارم کە ئێستە کەسانی لێبووردن و لێخۆشبوونە.

چووینە دوکانی (نوری فەقێ)ی خەسوم و هاوڕێی دێرینی گەڕەکەکەم، بەقسەو باسی خۆشییەکی یادەوەرییەکانی ماڵی و هەرزەییمان هێنایەوە پێش چاو بە ... هەرتیاییەکی سارەدی کۆواڵی ئەیتیە بە دەوڵی کۆتاییان بە دانیشتنەکە هێنا، و بەرەو لەیلان کەوتینە ڕێ.

هەرچەند لێی نیزیک دەبوومەوە هەستم دەکرد خوێنێکی گەرم بە دەمارەکانی جەستەمدا گوزەردەکات، بەیاد و یادەوەرییەکانم لەم هەردەو تاقارو دەوروبەرەی لەیلاندا رامدەزانی تاقی لاوێتیم بۆ گەڕاوەتەوەو سەرلەنوێ تەمەنێکی ترم بۆ نووسراوە.

هەر کە گەیشتین ناونیشانی ماڵی شێخ(عەبدولمەجید تاڵەبانی)مان پرسی، تا ئەو کاتەش ماڵەکەی هەر لەوێ بوو، کە یەکترمان دی و دەست لەملانی یەکتر بووین، فرمێسک خوڕ خوڕ لە دیدەکانمانەوە دابارێ، فرمێسکێکی گەرم... بە گەرمیی سۆزو خۆشەویستی لەیلان لە لای هەرکامان و خەڵکەکەی.

شێخ کەوتە باسی رابردوی خۆی، خاڵۆ عارفم و خزمان و خاوەنی و ناسیاوان لە خەڵکەکەی لەیلان.

بەداخەوە باری تەندروستیم هێندە باش نەبوو تا زۆر بگەڕێمەوە.... داوای رۆخسەتم کرد ئەو بێتی داگرێ کە بۆ چەند رۆژێک لە لایان بمێنمەوە، هەستام و چووینە ماڵ خاڵۆم، ئەو ماڵەی سەردەمانێک لە گۆشەیەکی لە گۆشەکانیدا بووم، دەشێوارەو دەتەماشاکرد و دەنووسیم.... دەڕوانم، لەگەڵ هەر خشتێکی لەو خشتانەیدا یادگارێکی قوتدەبوەوە، لەگەڵ هەر سیبارەتێکی ئەوانەی پەنجەرەکەی سەر ژوورەکە تریفەکی کە لەسەریان دادەنابوون.... بۆنی خۆڵەکەر گڵی ناو ماڵەکە دەبینا لە کەلەم.... شێخ ئیشارەتی بۆ ژوورو دیوەکانی ناو ماڵەکە کرد و دەشی وت:

— مەردان.... لە بیرتە ئا ئەمەی، ئا ئەوە.... ئا......

دڵ و هۆشم بەلای شێخەوە نەبوو، بەلای دەنگی خاڵۆمەوە بوو، بەلای مەعبوبەی خاڵۆ ژنم و کچ و کورەکانیەوە بوو، بەلای باوە و باعەی کارو بەرخەڵ و مێگەلەکەوە بوو کە بەیانیان زوو دەرمەدەکردن و دەمبردنە ئەو هەردەی مەشریبە دەمهاوردنەوە.

[illegible]

[illegible]

— [illegible]؟

[illegible]

— [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

کوڕان، دریغیان نەدەکرد، نیشانی باشترین پزیشکی شارەزای بەغدایان دەدام، بەتایبەت لە نەخۆشیەکانی دڵداو لە چاکترین نەخۆشخانە دەیانخستم، یەك لەوانە پزیشکی بە توانا(جعفر الكويتي)بوو کە سەرۆکاری دەکردم و دەیویست چارەسەرمکات، رووە خۆش و قسە نەرم و نیانەکانی" هەرکە دەچوومە لای ئاسودەییەکی وای دەدامێ بەجارێ باری لەشمی سووکدەکرد، زۆرجاری وا هەبوو لە ناکاو تووشی ئازار و کەوتن دەهاتم، کوڕەکان گورج دەیانگەیاندمە نەخۆشخانەی(ابن النفيس) بۆ نەخۆشیەکانی دڵ و چەند رۆژێك لەوێ دەکەوتم..... لێرەش(د. عەلی سەعید)[1] کە پزیشکێکی گەنجی خەڵکی سلێمانی بوو، بەجوانی و لێزانانە دەکەوتە چارەکردنم و بەقسە خۆشەکانی بە دەورما دەهات و متمانەی پێ دەدامەوە.

پزیشك تەنیا شارەزایی و دەرمان و چارەکردن نیە، رووی خۆش و گێڕانەوەی متمانەی نەخۆشە بە خۆی و بەستنی جۆرە پەیوەندیەکی رۆحیە لەتەك نەخۆشەکەیدا، ئەوی وانە بێ دوعای بۆ دەکەم خوای گەورە بیخاتە سەر ئەو رێبازەو لە لووتبەرزی و بوغرایی و مرومۆچی دوری خاتەوە.

گەلێ کەس لە خزم و دۆستان و ناسیاوانم، لە کاتی ئەم نەخۆشیانەمدا بەسەریاندەکردمەوە، خوا پاداشتی خێریان بداتەوە، هەرچەند ماوەی ناو هێنانی گشتیانم نیە، بەڵام هەندێکیان دەبێ ناو بهێنم، سوپاس و ستایشی خۆمیان پێشکەش بکەم" لەوانە شێخی گەورەو خۆشەویستم جەنابی شێخ عوسمانی سیراجەددینی نەقشبەندی کە پەیوەندیەکی رۆحیم پێوەی هەبوو و هەمیشە هەواڵی

---

[1] د. عەلی سەعید ئەحمەد: لە خانەوادەیەکی ناسراوی گەڕەکی مەلکەندی سلێمانییە، لە ١٩٤٦ لە دایکبووە، تا ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە،ساڵێك لە کۆلێژی پزیشکی بەیتەرە لە موصل بوو، دوایی گواستیەوە پزیشکی بەغدا، لە نەشتەرگەری و هەناودا پسپۆڕیی لە بەریتانیا وەرگرتووە، ماوەیەکی زۆر لە سلێمانی لە نەخۆشخانەی فێرکاریی بووە، راگری کۆلێژی پزیشکی سلێمانی بوو، ئێستە سەرۆکی زانکۆی سلێمانییە.

دەبرسیم و بەسەری دەکردمەوە، دوعای خێری بۆ دەکردم..... خوا بەگەورەیی خۆی پاداشتی بکاو تەمەنی درێژ کات بۆ خێرو چاکەو ڕێبازە پیرۆزەکەیان لەناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا.

بەلامەوە ئاساییە کە شێخی خۆشەویست ئاوا لە دۆستێکی خۆیان بپرسێتەوە چونکە ئەوەی زاتێکی موبارەك و خاوەن کەرامات و خاوێنن..... ئەوەی شێخ عەلادینی بیارەیە کە هەر زوو، وەك باسمکردووە، بە دیداری پاکی شەوقمەندانەی شاد بووم، دیارییە بەنرخەکانی ئیستەش وەك موفەڕك لە دڵ و چاومدا پاراستوومن.

هەروا برای بەڕێزم و کەسایەتی بەناوێی پشدەر، کاکە بابەکر پشدەری) کە ئەوکات وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی بوو، پەیتا پەیتا هەواڵی دەپرسیم و سەردانی دەکردم، ئەگەر خۆی نەهاتبایە کەسانی دەوروبەری خۆی دەناردەکانم و بەسەری دەکردمەوە..... لە خوای گەورە داوای خێرو خۆشی بۆ دەکەم.

لێرەدا لە گەردنەی ئەم تەنگێنەلیچنینی بەخۆشیانەمدا بە هەموویم و بە نیزیکبوونەوەی ئەو کۆتاییەی کە خوا وەك چارەنووسێ بە هەموانی خەلات کردووە، چ شاییێ و چ گەدا، چ منالێ و چ گەورە..... ئەم ئاخرو ئۆخرییەملا دەمەوێ شتێ لە نوێشی و شۆکاری گشت ئەم دەوروبەرانی میللەتانە باسکەم، کە ئیستە ئاوا ئاسیازەوونی و تەنگیان پێ هەلچنیوم و دەبانەوێ بخەن.

دەمەوێ باسی کەسێ لەو (ئاتۆمیتیبیە) بکەم کە ئەم دەورەی ئازارانەمی ئاویانەسەرەی، ئەو مالتێرانو، و پشت شکانەی بووبە خووشی میللەتە کەمەو..... ئەو میللەتەی لە خۆشی و ناخۆشیدا گێرانیم بۆ دەوروبەر لەتەکیا بووم لە دوای نەمانی کەی فەرماوەد هەمیشە بە سەرفەلێ بەرایی ئەم ئازارانە گرتووەدان لەسەرەوەرێخی دەبارم کرد، بەلام گوێی خەلام لێ گەر بەکەرەوە خۆم لێ دەخلافێنن.

ئەو کارەساتەی ١٩٧٥ هەروا کەمنەبوو، کە پیلان گێڕان و گەورە دەسەڵاتدارانی دنیای ئەو ڕۆژە بەسەر کوردو شۆڕشە ڕەواکەیان هێنا، ئەوان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و لە ئەنجامی ڕێکەوتنی خۆیاندا ئاوا دەستی کوردیان کرد بە زاخاو چەپۆکی ناساندنیان ماڵی بەسەر میللەتێکی مەزلومی زۆر لێکراودا، بەریشیان بۆ ناحەزان و داخ لە دلان خۆشکرد کە بکەونە تانەو تەشەر لێدان و تاوانبارکردنی سەرکردایەتیە دڵسۆزو کەم وێنەکەی ئەو شۆڕشەو سەرپێچی دەستە چەپەرەکە بەسەریاندا.

ئەگینا بارزانی سەرکردەیەکی لێزان و شارەزاو دڵسۆزو پاکبوو، خاوەن تەجروبەیەکی دەوڵەمەند بوو لە کاری مقاوەمەو شۆڕشگێڕیدا، لە دنیا مەگەر سەرکردەکانی وەک (هوشی منەو تیتۆ و گاندی و موحەمەدەدق و گیڤارا و لومومبە و قازی محەمەد) لە ئاستیدا بوون..... بەلام سەد مەخابن و مەیف، ئەو قارەمانە ڕابەرو سەرکردەی میللەتێکی وەک کورد بوو کە لە دنیادا بە بەدبەختترین و داماوترین میللەت ناسراوە، ئەگینا نە شۆڕشەکەی عەیبی هەبوو و نە ڕێبازەکەی خۆی هەڵە بوو" سەرکردەیەکی سیاسی و عەسکەری و قالبوو لە تەجروبەی ژیاندا، ئەو نەهامەتییە کارێکی بەرگیر بوو لەسەر بزوتنەوەی کۆمەڵی کوردەواریی..... بەراستی و بەبێ دوودڵی لەناخەوەو لە قوولایی دەروونەوە کاریکردە سەر باری تەندروستی و قریچەی لە گازەرای پشتەوە هەستاند.

خۆ دوای وەفاتی بارزانی نەمریش و ئەو عەزاڵە کوشندەیە، دوو جار تووشی جەڵتەی دڵ هاتم و ئیتر وامەزانی کە دنیامان لێ هاتەوە یەک و بێ سلاوی مایەوە، هەموو شتێ سەبارەت بە کورد تەواو و نائومێدی باڵی تاریکی بەسەردا کێشام و پەردەی ڕەش بەرچاوەکانی گرت.

ئەمەبوو سەرەتای کۆتایی لەمنی ناساغ و بێ چارە.



کاکە علی مردان لە ڕێگایکی دوور و درێژ بە حورمەتێکی زۆرەوە

یاتی سلاوێکی گەرم و گوڕ دەستەکانت ماچ دەکەم و بە خەتەوەر [illegible]

لە یەزدانی مەزن داوا ئەکەم

گیانی کە هیچ ڕادیوەکەم ئەکەمەوە دەنگی گۆرانی تۆ ئەبیستم وە گوێیشی

خۆشی ئەدەمێ ڕوحی ... [illegible] ... ئەدەم و ئەبمە خۆشحال

ئەمم حفظ نەکردوە گۆرانیەکانت بەڵام البتە چەنی لەبیریشە

دوو گۆرانی لە ئازادی تۆیان کرد بۆ بەحسێک زۆر خۆشحاڵ بووم

[illegible] و ... [illegible] ... بە بێت کە تەواوی خەڵک

سوودی لێ وەرئەگرن ... [illegible] ... تا ئێستا ئەو ئارەزووی خۆم

... [illegible] ... لە هەندێک لە

گۆرانیەکانت ... [illegible] ... بۆم

... [illegible] ... البتە لازم وایە ئەم هەندە گۆرانیانە ئەکەم بەسە

یا ... [illegible] ... لەگەڵ ئاوا


... [illegible] ... دوای نامەکەم ... [illegible]

لە ... [illegible] ... گەورە ئەژمێرم

... [illegible] ...

محی الدین [illegible]

نامەی مامۆستا موحیدین فەریدون پور لەسنەوە بۆ عەلی مەردان



وزارة
العمل والشؤون الاجتماعية
المكتب الخاص


Ministry
Of Labour & Social Affairs
Private Bureau

بغداد في

جەنابی مامۆستا عەلی مەردان

[illegible]

نامەی بەکر مەحمود رەسوڵ پشدەری بۆ عەلی مەردان



نامەی دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە لەئێرانەوە بۆ عەلی مەردان

گەڕانەوە بۆ لای هەق

لە شوێنی کارەکەمەوە، چوارشەممەی ۱۹۸۱/۷/۲۲ پەیوەندیم بە ماڵی خۆسانەوەکرد بۆ هەواڵێکی باوکم...... وتیان هیلاکە.

گەیشتمە لای، ڕاستیم بەڕاستی هیلاکبوو، وەك جاران لە ئۆدەکەی خۆی لە جێگەکەیدا نەبوو، داوایکردبوو لەسەر زەویەکە بکەوێ، سەرینێکی پەڕی کوردەواری کە بەدرێژایی ژیانی لێی جیوێ نەبووەوە، وا خووی پێوەگرتبوو کە دادەنیشت دەیخستە کۆشیەوەو دەستەکانی لەسەر دادەنان و خۆی دەدا بەسەریاندا...... حەزی بەو جۆرە دانیشتن و خۆ حەواندنەوەیە دەکرد. ئەو سەرینەی لەباوەشدا بوو و نیوەی سەروی لەشی دابوو بەسەریدا.

دواندم، وتی: کەمێ باشم.

لە عەسردا (حەبیبەی خاڵۆ عارف) و (خورشید)ی مێردی هاتن، ئەم حەبیبەیە دووەم کچی خاڵۆ عارفی خاڵۆی باوکم بوو کە وادەی بە باوکم دابوو بیداتێ، بەڵام مارەبیەکەی (بە سەوزی) لێوەرگرت و نەشیدایە. لە کەرکوکەوە هاتبوون بۆ هەواڵپرسیی باوکم، کەوتنە قسەکردن لەتەکیدا، بەڵام حاڵی ئەو باشنەبوو و

هەتا سەری هەڵنەدەبڕی تا بیاندوێنێ، ورتە ورتێکی لە ژێر لێوەوە لێدەهات...... گوایە وەڵامیاندەداتەوە، ئیتر پاڵکەوت.

لە ۱۹۸۱/۷/۲۳، پێنج شەممە، نێزیك بە نیوەڕۆ وەهابی برام پەیوەندی پێوەکردم و وتی: باوکمان باشنیە و بردویانەتە نەخۆشخانەی(ابن النفیس)ی تایبەت بە نەخۆشیەکانی دڵ.

کە گەیشتمە لایان، دەبینم ڕەززاق و وەهاب لە لای باوکمن، ئەویش لە سەختترین کاتەکانی ژیانیایەتی، ئۆکسجین لە لووتیداو بۆریەکیش بۆ میزکردن، وا دیاربوو گورچیلەکانیشی لاوازببون و لەوەدابوون لە کار بکەون.

عەسر دایکم و دیاری براشم هاتن، هۆشی لای خۆی نەبوو...... هاتم بەلای سەریەوە چرپاندم بە گوێیدا:

- باوە ئەوە دایکم هات.......

وەڵامی نەبوو، دووبارەم کردەوە، ئینجا وتی:

- چی لێبکەم.......

بەر لە مردنی" ئەمە دواقسەی بوو.

(د. جعفر الکویتی) هاتە لای تا بزانێ حاڵی چۆنە، بە پەنجە پێڵوەکانی هەڵدەبڕین دەیڕوانیە چاوەکانی، لەو ساتانەدا دیمەنی دکتۆرم باش نەدەهاتە بەرچاو، سەیرێکی ئێمەی کردو وتی:(خلوه یرتاح.....).

پۆلیسێك هات و وتی جەنابی بابەکر پشدەری وەزیر ناردومی تا هەواڵێکی مامۆستا بزانێ، دوای ئەم هەندێ لە دراوسێکانمان لە(تل محمد)ەوە هاتن، بەڵام ڕێگەیاننەدان بێنە ژوورەوە، هەروا خوشکەکانی تریشم.

ئێوارە داهات و هەموانم ڕەوانەکردەوەو دڵنیام کردن کە(انشاء الله) باش دەبێ و بە تەلەفۆن هەواڵیان دەدەمێ.

لە نۆی شەودا جارێکی تر دکتۆر جەعفەر ئەلکوێتی لەتەك سیستەرێکدا هاتنەوە بۆ لای، بەلاّم ئەم کەڕەتە هەتا دەستی نەبرد بۆ پێلّوەکانی چاریشی، لایکردەوە بە سیستەرەکەی وت: هەر نیو سەعاتێك جارێ سەرێکی لێ بدات.
کاتەکان قورس و گران تێدەپەڕین، لە بەرەبەیاندا لەسەر زەویەکە دانیشتم و پالّمدایە دیوارەکە، سەرم نایە سەر ئەژنۆکانم، دوایی بە دەستەکانم ئەژنۆکانم گرتنە باوەش و لە باوکم دەڕوانی. بێهۆش لەسەر چەرپایەکە راکشابوو، لە خوا دەپاڕامەوە کە بەزەیی پێدابێ و لەم ساتە وەختە نارەحەتانەیدا رەحمی خۆی پێبکات.
بەر لە نوێژی بەیانی، لێم دەڕوانی" هەناسەی توندو بەپەلە، سنگی بەرزو نزم دەبوو..... چوارو دە دەقیقە لە پڕ هەموو شت وەستا، بە پەلە هەستام، بەرەو ژووری سیستەرەکان و پێم وتن، یەکیان بەڕاکردن پێشمکەوت و چوو دوکتۆری هێنا، کە فەحسیکرد، رووی تێکردم و وتی:(انا لله وانا الیه راجعون).
لە چوارو دە دەقیقەی بەیانی رۆژی هەینی ١٩٨١/٧/٢٤ بەرامبەر ٢٢ رەمەزان باوکم کۆچی دوایی کرد.
سیستەرەکە ئۆکسجینەکەی لابرد، بۆریەکەی ژێریشی راکێشا..... منیش گورج پەیوەندیم بە مالّ کرد.
براکانم و دراوسێکان هاتن، هەتا دوای چەند سەعاتێ خزمان لە کەرکوکەوە گەیشتن. ئەو کاتانەی کە کەسێك لە دەست دەدەی، کە خۆشی دەویستیت و خۆشتدەویست، گەلێ سەختە..... کەسێك کە ناتوانم دەربارەی هیچ بلێم جگە لەوەی کە باوکبوو، بەلاّم چۆن باوکێك.
پاش ئەوەی، ئەوەی پێویستبوو بۆمان کرد، لەتەك ژمارەیەکی زۆر لە خزم و دراوسێ و خۆشەویستان، تەرمەکەیمان بەرەو کەرکوك برد، لە داقوقیش کەسانێکی زۆر لە خزم و برادەران و خەلکی کەرکوکمان پێگەیی کە بە پیر تەرمەکەوە هاتبوون،

گشتمان بەرەو ئەو شارە بووینەوە کە لێی لەدایکبوو و تیا ژیا، بردمانەوە بۆ ئەو گەڕەکەی سەردەمی منالّیی تیابردبووە سەر،(بەرتەکیە)و مزگەوتە پیرۆزەکەی کە چاوو هۆش و بیریی تیا کرایەوە..... ئیستە هێنامانەوە ناو ئەمانە گشتیان، تا نوێژی لەسەر بکەن و بۆ ئەو شوێنەی بەڕێکەن کە گشتمان بۆی دەچین.

هەرچەندە باوە خۆی وەسێتی کردبوو کە لە گردی سەیوانی سلێمانی بە خاك بسپێردرێ، بەلاّم(نووری فەقێ) وتی: لەم سەردانەی دواییمدا خۆی پێی وتووم کە لە گۆڕستانی بەرتەکیەو لە شوێنێکی بەرز بمنێژن.

ئەوکاتە بارو وەزعی سلێمانیش وانەبوو کە تەرمەکەی ببەینەوە ئەوێکانێ...... جا لە گۆڕستانەکەی پشت مزگەوتەکەی بەرتەکیە بەخاکمان سپارد.

بۆ بەجێگەیاندنی رێورەسمی پرسەکەی، ئێمە گەڕاینەوە بەغدا، براو خوشکێکیشم لە کەرکوك مانەوە تا لە پرسەکەی ئەوێدابن...... لە سلێمانیش کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردیش پرسەیان لە مزگەوتی نالّی بۆ دانا، دوای ئەوەی هەر شەوی ١٩٨١/٧/٢٤ سەعات پێنجی بەیانی هەوالّم دایە کاك ئەحمەد سەیید عەلی و ئەویش کاك عەلی توانای ئاگادارکردەوە.

خەڵکێکی زۆر، دۆست و ناسیاو و خزمان، لە دەرەوەو ناوەوەی ولاّت هاوبەشی خەممانبوون، بە هەر شێوەیە بۆیان بلوایە بەشداری پرسەو ماتەمیان کردین، خوا پاداشتی چاکە و خێریان بداتەوە..... ئەمانە بوونە مایەی تەسکینی دلّمان و ئارامیەکبوو بۆ ئێمەی خانەوادەی عەلی مەردان. دوای تێپەڕبوونی چل رۆژیش(ئەمانەتی گشتی رۆشنبیریی و لاوان) لە هەولێرو بە سەرپەرشتی پارێزگاری ئەوکات(یەحیا جاف) گەورەترین و باشترین کۆڕی چلەی ماتەمیان بۆ سازکرد" بە بەشداری زۆر لایەنی رۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەری و رۆژنامەوانی ئەو رۆژگارە، جگە لە کەسایەتیە دیارەکانی ئەو بوارانەو وتارو باسە بەپێزو بە نرخەکانیان.

لە دوای راپەڕینیش یادو یادەوەریەکانی عەلی مەردان لە لایەن دڵسۆزان و نووسەرو ڕۆژنامەڤانانەوە فەرامۆشنەکرا، ئەویش بە وتارو لێکۆڵینەوە سەنگینە بە بەهاکانیان و بەو نووسینانەی کە گشتی دەربڕی هەستێکی قووڵی دڵسۆزی و ئەمەکداری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان دەردەخەن.

هەر بۆ نموونە: لە هاوینی ١٩٩٩و بە سەرپەرشتی د. ڕۆژ نووری شاوەیس، ئیدارەی هوتێلی چوارچرا لە هەولێری پایتەخت، قەشەنگترین ئاهەنگی یادەوەری بۆ عەلی مەردان سازکرد، ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و کەسایەتی ئەدەبی و کۆمەلایەتی لە شارەکانی باشووری کوردستان و بەغداوە بانگهێشت کران و بەشدار بوون، جگە لە پیاوانی دەسەلات و سیاسی کورد......، لە چالاکیەکانی ئەو یادەوەریەدا، دانانی پەیکەرێکی عەلی مەردانبوو و کردنەوەی پیشانگەیەکی تایبەت بە پاشماوەو کەرەستەو پێویستیەکانی شەخسی هونەرمەند خۆیەوە.

لەو پیشانگەیەدا کە (خۆم ئامادەمکرد) هەرچی وێنەی فۆتۆیی عەلی مەردانەو کەرەستە شەخسیەکانی و عوودەکەی کە تامردن پاراستبووی و دەفتەری شیعرەکانی و بیرەوەریە تایبەتیەکانی جگە لە قەوانە کۆنەکانی و گرامەفۆنەکەی و ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە دەربارەی نووسیبوویان و یان چاوپێکەوتنیان لەتەکدا ئەنجامدا بوو، گشت ئەمانە خرابوونە پێش چاوی میوان و بەشداربووەکانی ئەو یادەوەریە.

لە بیرەوەریەکانی باوەمدا، ئەوەی جێی تێڕامان و دیققەتدانە، بە لامەوە ئەوە دەهێنێ کە بۆ خوێنەری هێژای ڕوون کەمەوەو لە چەند خاڵێکدا بەرجەستەیانکەم:

- ئەم یادەوەریانەی بارەی رەحمەتیم هەر بە فیترەوخورسکیەکی تەواوەوە نووسیوتی" یانی ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوەی بە بیردا نەهاتووە کە ئەمانەی ئەو دەیانڵێ

دەکەونە دوو بەرگی کتێبێکەوە چاپ دەبن و دەکەونە بەر دەست و دیـدەی خوێنـەری کورد.

بۆیە زۆر لایەنی گرنگی لە ژیاندا هەیە ئەو گوێی پێ نەداوە، زۆر گۆشـەو سووچـی رووداو هەیـە ئـەو بەلایانـدا نەچـووەو باسـی نـەکردون، کـە بـەلای منـەوە دەبـوو فەرامۆشیاننەکات، بگرە دەبوو گرنگیی و بایەخیشیان پێبدات.

- لەمەش بەولاتر، ئەو بە هیچ کلۆجێ بەلای باسکردنی کەسێکدا نەچووە کە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەژیانیـەوە بـوو و هـەتا هـاورێ و شـەریکی رێگـە دوورو درێژەکەی ژیانی بوو، سابە خۆشی و ناخۆشیەوە، بـە تـاڵی و شـیرینیەوە،.... ئـەویش دایکی خۆشەویستمان بوو،(زەینەب) ئەو دایکە میهرەبانە.

بە هیچ جۆرێ باس لە چۆنێتی هارسـەر بەسـتنەکەی و ژنهێنانەکـەی ناکـات، ئـەم ئافرەتە خزمی بوو، کێ بوو؟!

لە ژیانیدا تەنیا وشەیەکی بۆ ئەویش و ئێمەش جێهێشت کە بـەوەوە پەیوەنـداریێت" ئەویش(ئامۆزا) بوو، هەر ئەم وشەیە بوو کە لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە توورەبـوونی و لە سەرخۆییدا پێی بانگی دەکردو ناوی پێی دەهێنا، زاراوەیەکی ناسکی تزیـك بـە دڵی گشت کوردێکی ساکارو سادە، رەوان بەلاّم بەرزو پڕ مانا.

هەرگیز بە(زەینەب) ناوی دایکمانی نـەدەبرد، بـەڵکو بـەو نـاوەی کـە لـە دڵیـەوە دەردەچوو، دڵی ئینسانێك بۆ بەرامبەرەکەی، ئامۆزا.

بۆیە منیش کە کوڕی ئەو ئافرەتە دڵسۆزو میهرەبـان و خـەمخۆرەم دەمـەوێ شـتێکی دەربارە بنووسم، چەند دێرێکی بۆ بخەمە سەر یەك:

ئەوەی من بیزانم دایکم تاقانەی دایك و باوکی خۆی بووە، ئەم لە سکی دایکیدا بووە کە باوکی بەڕەحمەت چووە، دوای چەند رۆژێکیش لە دایکبـوونی دایکیشی کۆچـی دوایی کردووە. ئامۆژنی(ژنی مامەکەی) کە دایکی دوو کوڕ بـووە(صـابرو سـعید)

گرتوویەتییە خۆی و بەخێوی کردووە، ئەمەندە هەژارو کەمدەست بووە، هیچی لە مێردەکەیەوە بۆ نەماوەتەوە جگە لە ئۆدەیەکی قوری درێژکۆلەی ٢×٦م، بەبێ دەستشۆرو حەمام و جێگەیەك کە کەوچکێ شۆربای تیا لێنێ.

دانیشتوانی(بەرتەکیە)ی کەرکوکی ئەو سەردەمە گشتیان وەك یەك خێزان دەژیان و گوزەرانیان دەکرد، هاوسێیەتی و خزمایەتی و دۆستایەتی ئەو کاتە هێند پاك و توندو تۆڵبوو کە کەس هەستی بە تەنیابالّی و نارەحەتی ژیان نەدەکرد...... گشتیان خزم و کەسی یەکتر بوون، پەیوەندیەکان لە نێوانیاندا پاك و توندو بێگەردو بێ مەبەستبوو، جیا لەڕەوت و شێوازی ئەم رۆژگارەی ئێمە تێی کەوتووین.

سیلەی رەحم و خزمایەتی لە نێوانیاندا گشت کۆسپێکی رادەمالّی، لەبەرامبەر دەرگەی تەکیەی (مالّی خەلیفە) هەبوو کە پێیان دەوت(مالّی ئەفەندی)، ئەم بە پالّ مالّی(دایکی سابیر)ەوە بوو، وا رێدەکەوێ کە ژنەکەی خەلیفە خوا کوڕێکی پێ دەدا ناوی دەنێن(عەبدولقادر)..... زەینەبی کلۆلّیش ئەوکاتە تەمەنی هەر سێ چوار رۆژێك بووە، کە دایکی دەمرێ ژنەکەی خەلیفە سەرەڕای کوڕەکەی خۆی شیریش بە زەینەب دەدات" کەواتە زەینەب دەبێتە خوشکی شیریی(عەبدولقادر).

لە سالّانی دوای ١٩٦٠ ئەم عەبدولقادرە عەقیدی عەسکەری بوو، ئەم کەین و بەینەی بۆ باسکردم...... لە تەك باوەمدا زوو زوو لە لای(محەممەد شوکر خەلیفە) کە بەڕێوەبەری(قاعە الخلد) بوو لە(کرادە مریم)ی بەغدا، دەمانبینی، ناوبراو، محەممەد شوکر، پلە بە پلە لە وەزیفەکەیدا بەرز بۆوە تا کردیانە پارێزگاری حیللە(بابل)، بەر لە ١٩٩١.

(عەبدولقادر) دوای ١٩٦٣ لە سوپادا خانەنشین کرا، هەرکە دەمبینی بەگەرمی هەوالّی زەینەبی خوشکی دەپرسی، یانی دایکم، دەیوت: ئەرێ خوشکم چۆنە ئێمە پێکەوە گەورە بووین و لەیەك مەمك شیرمان دراوەتێ.

ئەوەشی دەیزانم ئەوەیە کە مامەکانی دایکم بریتین لە(ئەمین و نووری و نەجم عەلی رەزا). بەلاّم ئەوەی باوەم بۆی باس نەکردوین ئەوەیە کە چۆن دوایی دایکم بەخێوکراوەو پێگەیوەو ئەو خواستوویەتی..... خزمایەتیان چۆن چۆنی بووە؟! کەسیکیش لە خزمان ئەمە نازانن و نازانن چۆن دایکمی بینی و خواستی و مارەیکردووە؟، چونکە نێوانی تەمەنیان بیست ساڵە، باشە بۆ پێی دەوت(ئامۆزا)؟ بەلای منەوە ئەمە یەکێکە لەو گرێیانەی ناو ئەم بیرەوەریانەی باوەم کە دەبوو هیچ نەبێ بۆ ئێمەی(کوڕان و کچانی) رونکردایەتەوەو ئاوا لە موعەممادا جێی نەهێشتایە.

- هەروەك چۆن بەلای زۆر مەسائیلی تردا بەوردی و دیققەتەوە نەچووە، بە ژمارەو مێژوو و بەرواری راست و رەوان روداوەکانی نەچەسپاندووەو زەبتی نەکردوون...... کە بەلامەوە ئەمەش دەلاقەو کەلینێکی گرنگە لە نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەریدا.

بۆ نموونە مێژوو و بەرواری لە دایکبوونی خۆی، کە بە کورت و کوێری و تا رادەیەك(نا دیارو موبهەم) هێشتوویەتیەوە، لە تۆمارە دەنگیەکانی خۆیداو هەروا لە نووسینەکانیشیا" دەڵێ: ساڵی(دەی سیانزە) لە دایکبووە،...... ئەمە چ مێژوو و بەروارێکە؟! تۆ بڵێی مەبەستی لە مێژووی زاینی(میلادی) بێت یان کۆچی(هجری) کە ١٣١٠ دەکات، دیسان ئەو دەڵێ:(سیانزە)و پاشان دەڵێ:(دەی سیانزە).

بەلاّم لە تۆمارگەکانی نفوسدا، یەکیان زۆر کۆنەو دوو پەڕەیە، نووسراوە ١٩١٤، لە یەکێکی تردا نووسراوە ١٩١٠، لە سێهەمدا کە بە پێی سەرژمێری ١٩٥٧ چاککراوە بۆتە ١٩٠٤.

جا تۆ بڵێی لەو ساڵانەی ناویاندەبات، کام جۆرەیانەو کامیانە؟

- بە درێژایی ژیانی زۆر شتی بە هێند هەڵنەدەگرت و بە زۆر شت گوێی نەدەدا. تەنیا بۆ هونەرەکەی و لە پێناوی هونەرەکەیدا دەژیا" دەیویست(وەك خۆی گەلێ جار دەیوت) خزمەتێك بەو کوردە داماوە بگەیەنێ و دڵیان خۆشکات، لە دنیادا هیچی نەبوو لە خۆی زیادبێ جگە لە ژیان و حەیاتی تایبەتی و بەرهەمەکانی، دەیویست ئەوانەش بگەیەنێ بە خەڵکانی تر تا ئەوانیش بیپارێزن و شتی تری بخەنە سەر، جا تۆ بڵێی پارێزراوبێ و خرابێتە سەری؟!

نەشی دەویست بەهەمان ڕێگەی ئەودا بڕۆینەوە" دەیوت: ئازارو مەراق و خەمم زۆر لەم پێناوەدا چەشت، نامەوێ ئێوەش دووبارەیکەنەوەو بەو خەمانەوە بتلێنەوە، هەژارو کەمدەست و نەبووە...... بڕۆن، ئێوەش هەرکەس ڕێگەی خۆی بگرێ و بژی، بەلاَم بە پاکی و سەربەرزی.

- بە لای منەوە، باوکم لە پاش خۆی بۆشاییەکی گەورەو کەلێنێکی فراوانی لە نێوەندە هونەریەکەدا(گۆرانی و مەقامی کوردی) خولقاندو بۆی جێهێشتین، دەتوانم بڵێم لەو کاتەوە کە لە ئێزگە و تەلەفیزیۆنی بەغدا خۆی کشانەوە و دورەپەرێز لێیان وەستا" لە ۱۹۷۲ەوە کە دوا مەقام و بەستەی خۆی تیا تۆمارکرد...... هۆکاری ئەم پەناگیریەشی زۆرتر دەگەڕایەوە بۆ ئەو خەم و پەژارەو ناڕەحەتیەی کە لە کەسانی ناشایەستەو هەلپەرست و نەزانەوە بۆی دەهاتە پێش و دەستیان دەخستە کارەکەیەوە" ئەویش لە ئەنجامی گۆڕانی باری سیاسی وڵات و دەستێوەردانی دیاردەی حیزب و حیزبایەتی لەو بوارانەی کە ئیشی ئەوان نەبوو و وەك خۆتێهەڵقورتان ئیشەکەیان خراپ دەکرد، جا هەمیشە لەو بار و زروفانەدا کەسانی نامۆو هیچ نەزان و گەندەڵی وا خۆیان دێننە پێش کە زیان بە گشت لایەك دەگەیەنن و هەتا ڕەزای ئەو حیزب و لایەنەش لای خەڵکی تاڵ دەکەن کە گوایە ئەمان کاری بۆ دەکەن.

خۆ نسکۆکەی ١٩٧٥ کە بەسەر شۆڕش و جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمانیاندا هێناو ئەو سەوداو سەوداکاریەی زلهێزانی ئەو رۆژگارەی دنیا بە چارەنووسی میللەتەکەمانیانەوە کردو ئەو(شماتة)تەی دوچاری رابەرو سەرکردە دڵسۆزەکانی کوردیان کرد، لە کاتێکدا گەر بەراوردکرێ بەروداوەکانی ئاینەدەو داهاتووی ئەو مێژووە، پاکی و بێگەردی و مەزلوومیەتیان وەك رۆژی رووناك بەدەر دەکەوێ.....وە خاڵێکی تایبەتی تریش کە لە ١٩٧٣دا من وەك کورەگەورەی ئەو لە لایەن رژێمەوە دەستگیرکرام و کارلێکی ئەمە بۆ سەر باری تەندروستی، ئەمانە گشتی هۆکاربوون بۆ کشانەوەو تۆراندنی لە نێوەندە هونەریەکەو زاڵبوونی جۆرێ لە ئائومێدی بەسەریدا.

هەرچەندە هەتا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد هەر وەك راوێژکارێکی هونەریی لە وەزارەتی رۆشنبیری مایەوە.

- لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠ پێشنیاری چاپکردنی گۆرانی و بەرهەمەکانیان خستە بەردەستی، لە گەڵ ئەو شیعرانەی خۆی ئاوازی بۆ دانابوون، بۆ ئامادە کردنی ئەم کارەو راپەڕاندنی خوالێخۆشبوو(مەجید نەدیم)[1]ی شاعیریان دەستنیشانکرد،

---

[1] مەجید مەحموود نەدیم: لە ١٩٣٧ لە گەڕەکی صابونکەرانی سلێمانی لە دایکبووە، سەرەتایی و ناوەندی هەر لەم شارە تەواو کردووە، ماوەیە بۆتە فەرمانبەری میری و لە ١٩٧٠ دوای رێکەوتنەکەی یانزەی ئازار لە بەغدا وەك رۆژنامەنووس لە دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی دادەمەزرێ و کاردەکات.
مەجید نەدیم لە بنەماڵەیەکی ئایینیە، دایکی ئامینە خانی کچی شێخ عارف خاڵی حەپسەخانی نەقیبە، واتە دەچنەوە سەر شێخ مارفی نۆدێیی. زۆرتر شیعرەکانی لەسەر رێچکەو رێبازی کلاسی بوو، لە بوارەکانی دڵداری و نیشتمانی و پیاهەڵدانی سروشتی جوانی کوردستان، کاریگەریتی(گۆران و ع.ح.ب و هەردی)یان پێوە دیارە. دیوانێکی بەناوی(چامە دەربەدەرەکان)ەوە لە ١٩٧٥ دا چاپکردووە. لە ١٩٨٥ لە بەغدا بە رووداوی ئوتۆمبیل کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوانی سلێمانی بە خاك سپێردراوە.
(زانیاریەکان لە لایەن مامۆستا شێخ صەبری شێخ مەحموودی برایەوە......... بە سوپاسەوە).

ئەوکات ناوبراو لە دەزگەی رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا وەك رۆژنامەنووس کاری دەکرد ...... وەك ویستیان پرۆژەکەیان ئامادەکرد ، بە پوختی پێشکەش بە وەزارەت کراو بڕیاری لە چاپدانی بۆ دەرچوو و بە دوو بەرگ بە ناوی(گۆرانیەکانم)ەوە بلاوکرایەوە..... بۆ خۆیشم کاری هونەری دەرهێنان و نەخشەسازی بەرگەکەیم جێبەجێکرد ، پێشەکی بەرگی یەکەم مامۆستا د. مارف خەزنەدار بۆی نووسی، پێشەکی بەرگی دووەم خوالێخۆشبوو بورهان قانیع نووسی.

کتێبی دووەم کە شیعری شاعیرەکانی گرتۆتە خۆ، مامۆستا(مستەفا نەریمان) پێشەکی نووسیوە و کاك(زادۆق ئادەم باوید)یش سەرپەرشتیاریی چاپی کردبوو. کە ئەم کتێبی دووەمە کەوتە بازاڕەوە باوە کۆچی دوایی کردبوو و بەرەحمەت چووبوو.

هەزار رەحمەتت لێبێ باوکە دڵسۆز و مات و بێدەنگەکەمان، لە تۆش ئەی دایکی میهرەبان و خەمخۆرمان.

ئەوەی ماوە بیڵێین کە خوالێخۆشبوو عەلی مەردانی هونەرمەند لەدوای خۆی چوار کچ و چوار کوڕی جێهێشت لەگەڵ هاوسەرەکەی کە دایکی هەمووانە ، لەخوارەوە ناوەکانیان دێنین بە گوێرەی تەمەن:

١- مائیدە. ٢- ناهیدە. ٣- حسێن ــ هەر لەمنداڵییەوە کۆچی دوایی کردووە.
٤- عەبدلقادر. ٥- عەبدلوەهاب. ٦- عەبدلڕەزاق. ٧- قادریە. ٨- ماجیدە.
٩- دیار. ١٠ ــ هاوسەرەکەی زەینەب محەمەد ساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە.

عەبدولقادر عەلی مەردان

سەرچاوەکان:

- کتێبە کوردییەکان:

١. ئەکرەمی مەحموودی صالحی رەشە: شاری سلێمانی – بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ١٩٨٩ دەزگای رۆشنبیری و بلاۆکردنەوەی کوردی لە بەغدا.

٢. شاکیر فەتتاح: ئاوێنەی ژینم – پرۆژەی دەزگای ئاراس، بەرگی(١)، کۆکۆدنەوە و رێکخستنی: ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی – هەولێر ٢٠٠٣.

٣. جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکە، دەزگای رۆشنبیری و بلاۆکردنەوەی کوردی – بەشی دووەم، بەغدا ١٩٩٨.

٤. دیوانی حاجی باقی بەنگینە: کۆی عوسمان محەممەد هەورامی، چاپخانەی دیلان، سلێمانی ٢٠٠٣.

٥. عوسمان شارباژێڕی: گەوهەرێ، دەزگای رۆشنبیری و بلاۆکردنەوەی کوردی – بەغدا ١٩٨٠.

٦. د. شهرزاد قاسم: تەنبوور" گۆڕینی: ئازاد عبد الواحد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر ٢٠٠٦ (باسەکە لە گۆڤاری – المأثورات الشعبية، عدد ٨ – ١٩٨٧، دوحة – قطر) بلاۆکراوەتەوە.

٧. د. مەغدید سەپان: ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر ٢٠٠٥.

٨. محەممەد حەمە باقی: سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢.

٩. محەمەد حەمە باقی: مێژووی مۆسیقای کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢.

١٠. مستەفا سەیید ئەحمەد (نەریمان): بیرەوەریەکانی ژیانم، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی (دار الحرية للطباعة، بغداد) ١٩٩٤.

- گۆڤارو رۆژنامەکان:

١. باسەرە — هەفتەنامە، کەرکوك — ژ ١٧، ٢٠ ئابی ٢٠٠٣: د. نووری تالەبانی/ هەلوێستی لایەن و گروپە سیاسیەکانی عێراق سەبارەت بە پاشەڕۆژی کەرکوك.
٢. ئاسۆی فۆلکلۆر، گۆڤار: ژ ١٦، ٢٠٠٦ هەولێر: هەردەوێلْ کاکەیی: دەیانەوێ مەقامەکانیشمان.......
٣. نەوشەفەق، گۆڤار: ژ ٣٩ حوزەیرانی ٢٠٠٦ کەرکوك: جەلیل محەمەد شەریف: لێکۆلینەوە لە بنەمای چەند وشەیەك.
٤. رۆشنبیری نوێ، گۆڤار: ژ ١٠٦ — ١٩٨٥ بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا: عوسمان شارباژێری: کاروانی ١٧٨٤ — ١٩٨٤ی مۆسیقاو گۆرانی لە سلێمانی.
٥. رۆژی نوێ — گۆڤار: ژ ٩ ساڵی یەك ١٩٦٠ سلێمانی: غەفور رەشید: سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی.
٦. کوردستان — هەفتەنامە: ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" ژ ٤٣٥ — ئەپریل ٢٠٠٦: خراپکردنی گلکۆی حەسەن زیرەك. ژ ٤٥٧ — ٢٠ مارس ٢٠٠٧ ئاوارە جەلالی: سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، داودی دووەم.
٧. ئاوێنە: هەفتەنامە، ژ ١٥، ١٨/٤/٢٠٠٦: د. نووری تالەبانی: لە بیرەوەریەکانم لەگەڵ زانای گەورە تۆفیق وەهبی بەگ.
٨. پەیامی زانایان: گۆڤاری یەکێتی زانایانی ئاینی سلێمانی، ژ ١٠، پایزی ٢٠٠٦: د. محەمەد ئەحمەد گەزنەیی: میهرەبانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس.

٩. هاوکــاری: رۆژنامـــە، ژ ١٢٧٨، ١٩٩١/٩/٢٦، بەغـــدا، دەزگـــای رۆشـــنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: مصدق و کورد.
١٠. کوردستانی نوێ، رۆژنامە: ژ ٤٤٧٣، ٢٠٠٨/١/١٨، ل: ١١ سلێمانی
ژ: ٥٥٩، ٢٠٠٧/١١/٨ پاشکۆی ئەدەب و هونەر
ژ: ٥٤٨، ٢٠٠٧/٨/١٦ پاشکۆی ئەدەب و هونەر

- عەرەبییەکان:

١. ابراهيم الزبيدي: دولة الاذاعة..... سيرة ومشاهدات، ط ١، دار الحكمة، لنـدن ٢٠٠٣.
٢. د. احمد حسن الزيات: تأريخ الادب العربي – دار المعرفة، بيروت، ط١٠، ٢٠٠٦.
٣. حسن العلوي: عبد الكريم قاسم، مط: ستار، دار الكتاب الاسلامي ٢٠٠٥، الطبعة ١ ايران رقم.
٤. جرجيس فتح الله: يقظة الكرد(تاريخ سياسي ١٩٠٠ – ١٩٢٥)، دار اراس – اربيل ٢٠٠٢.
٥. جرجيس فتح الله: العراق في عهد قاسم، ج ٢ دار نبز للطباعة والنشر، السويد ١٩٨٩.
٦. جرجيس فتح الله: رجال ووقائع في الميزان، حوار اجرتها صحيفة خبات، دار اراس، اربيل ٢٠٠١.
٧. جمال بابان: اعلام كرد العراق – مديرية الطباعة و النشر، سليمانية ٢٠٠٦.
٨. رافائيل باتاي و ايريك براور: يهود كردستان" ت: شاخوان كركوكي و عبد الرزاق بوتاني، دار اراس، اربيل ٢٠٠٢.

ناواخن

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠١٣ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ژ	ناوی کتێب	ناوی نووسەر	بابەت	نرخ	لاپەڕە
٦٦٨	گەڵای پاییز	عەبدولقادر عەلی مەردان	بیرەوەری	٥٠٠٠	٤٠٠

ئەم کتێبە یادداشت و
بیرەوەرییەکانی ژیانم نییە،
چونکە ئەو کارە بە
دەرەنجامێک دادەنرێ کە لە
توانای من بەدەرە، بەڵام من
وەک خاوەنی ئەم رووداوانە
بەستەمم زانی هەر لەپانتایی
یادەوەرییەکانمدا
بیانهێڵمەوەو خەفەیانکەم.



چاپخانەی رۆشنبیری